ئیزاک ئاسیمۆڤ
فرانک وایت

# مێژووی شارستانییەت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

ئیزاک ئاسیمۆڤ

فرانک وایت

# مێژووی شارستانییەت

## هەنگاوی هەزارەکان

وەرگێڕ: حامید گەوهەری



ئەم کتێبە لە زمانی فارسییەوە کراوەتە کوردی و لەگەڵ
نووسراوە ئینگلیزییەکەیدا بەراورد کراوە

ناوی کتێب: مێژووی شارستانییەت
نووسینی: ئیزاک ئاسیمۆڤ + فرانک وایت
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢١٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەممەد زادە
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٩)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# پێشەکی

ڕێگای نێوان کار و ماڵەکەم پتر لە سێ کاژێرە. هەرچەندە ئەمە ڕێگایەکی دوور و ماندووکەرە بۆ کەسێکی نزیک تەمەن شەست ساڵ، بەڵام ماوەیەکی باشە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کتێب و گەڵاڵەکردنی کاری ڕۆژانە. لە سەرەتای ساڵی ۲۰۰۳دا دەستم کرد بەخوێندنەوەی کتێبی مێژووی شارستانییەت لە نووسینی ئیزاک ئاسیمۆڤ و فرانک وایت. دوای تەواوکردنی، هەستم کرد کە زانیاری پەیداکردن لەسەر بابەتەکانی سوود بەبزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەشەپێدانی باشووری کوردستان دەگەیەنێ، لەبەر ئەوە بڕیاری وەرگێڕانیم دا و ڕۆژانە دوو لاپەڕەم لەناو شەمەنەفەردا وەرگێرا و شەوانەش نووسراوەکانم بەکۆمپیوتەر تایپ کرد و سەرئەنجام لە سەرەتای پاییزدا کۆتاییم پێ هێنا.

ئیزاک ئاسیمۆڤ ساڵی ۱۹۲۰ لە ڕووسیا لە دایک بووە و لە سەرەتای لاوییەتیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ئەمریکا. دوای تەواوکردنی خوێندن لەبەشی بایوشیمی‌دا دەستی کردووە بەنووسین و لە ئاکامدا بووە بەیەکێک لە نووسەرە بەرهەم زۆرەکانی سەدەی بیستەم. کاتی مردنی لە ئاپریلی ۱۹۹۲دا، پتر لە ٤٠٠ بەرهەمی چاپکراوی لەبوارە جیاوازەکانی زانست، مێژوو، زمان، ئینجیل و چیرۆکی زانستی و خەیاڵی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە. ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە کە زۆربەی پێشبینییەکانی ئاسیمۆڤ بەهۆی هێزی دەروون و زۆریی زانیارییە زانستییەکانییەوە ڕواڵەتی واقیعییان بەخۆیانەوە گرتووە.

فرانک وایت یەکێکە لە پسپۆرە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە بواری پەیوەندییە ئاسمانییەکانەوە کە بەشێک لە نووسینەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. هاوکاریی کۆمیتەی سەرپەرشتیکردنی ئینستیتیوتی ئاسمانیی پرینستۆن لە نیوجەرسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات.

ئاسیمۆڤ لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ چۆنیەتی پەیدابوونی جیهان و گەشەکردنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات، کە بەشێکی گرنگ و سەرەتاییبیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان و بەشێوەیەکی بەرین لە مێژووی سەردەمەکان و شارستانییەتە مەزن و جیاوازەکان دەدوێت و پەنجە بۆ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ئێمە ڕادەکێشێت و بەپشتبەستن بەڕووداوە مێژووییەکانی جیهان کە لەم کتێبەدا واژۆ کراون پێشبینی و تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بەهەزارەی سێیەم لە پێنج بابەتی گرنگدا ڕادەگەیەنێت، وەک: کۆمەڵ، وزە، شەڕ، داگیرکردنی ئاسمان و زانیاری گەیاندن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر ژینگە و ژیانی نەوەکانی داهاتوومان.

ئەم کتێبەم لە زمانی فارسییەوە کردووەتە کوردی و بەیارمەتی بەڕێز شنەی ڕەمەزانی خوێندکاری زانکۆی ستۆکهۆڵم لەگەڵ نووسراوە ئینگلیزییەکە بەراوردم کردووە، کە زۆر سوپاسی زەحمەتەکانی دەکەم.

دوکتۆر لەتیف سدقیانی کتێبەکەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتەوە و بۆ ئەوەی کە خوێنەر باشتر بابەتەکانی بۆ ڕوون بێتەوە، کۆمەڵێک نەخشە و وێنەی لە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکاندا بەوەرگێڕاوەکەی زیاد کردووە. هەرچەندە هێندێک هەڵە لە وەرگێڕانەکەیدا هەیە، کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەم بۆ



کردوون و فەسڵی چوارەمی کتێبەکەشی کردووەتە دوو بەش و بەمەش کتێبەکەی لە حەوت فەسڵەوە کردووەتە هەشت فەسڵ، کە من وەک خۆی ئامادەم کردەوە.

برای بەڕێزم کاک نەوزاد وەلی ئەرکی پێداچوونەوە و بژارکردنی وەرگێڕاوەکەی لە ئەستۆ گرت. سەرەڕای سوپاس و ڕێزم لە بەڕێزیان، داوام لێ کرد بیروڕای خۆی دەربارەی کتێبەکە و کاریگەریی ئەو لە ناو خوێنەرانی کورددا بنووسێت تا بەم جۆرە پتر جێ پەنجەی لە وەرگێڕاوەکەدا ببینرێت.

**حامید گەوهەری**

ستۆکهۆڵم: ۲۰۰۳/۹/۱

# پێش خوێندنەوە

شارستانی... یان بە(کوردییە عەرەبییەکە) شارستانییەت - حەزارەت، مەدەنییەت لەسەر کێشی قەومییەت، وەتەنییەت، ئومەمییەت و... تد، ئەو زاراوەیەیە کە لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەبووە و هەیە، ئەگەر چی بەم مانایەی ئەمڕۆ بەکارنەهێنراوە و هەستی پێ نەکراوە.

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە بەنرخە و گرنگە، ئەو ڕاستییە دەرئەکەوێت کە مرۆڤ چەند گیاندارێکی سەیرە و چەند داهێنەر و دروستکەرە و لە هەمان کاتیشدا چەند وێرانکەر و کاولکەر و تێکدەرە! کارکردن... واتە کارکردنی بەرهەمدار، یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ و لە ڕاستیشدا هێڵی سنووری جیاکەرەوەیە لە نێوان مرۆڤ و تەواوی گیاندارانی ئەم زەوییەی ئێمەدا.

ئیسحاق عاسیمۆڤ و فرانک وایت، بەشێوەیەکی کورت و چڕ، وردەوردە مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆ ئەگێڕنەوە، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەیگەیەنن بەڕووداوە گرنگەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی و بەوەشەوە ناوەستن و چەند پرس و باسێک ئەوروژێنن کە نەک هەر زانایان و ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمە پێیانەوە خەریکن، بەڵکو سەدان ساڵی ئایندەش هەر ئەبێت خەریکی وەڵامدانەوە و چارەسەری ئەو پرس و باس و کێشانە بن، وەک:

ئایا مرۆڤ لە سەدان ساڵی ئایندەشدا هەر خەریکی شەڕوشۆڕ ئەبێت؟

بە کزبوون و نەمانی وزە چی بەسەر مرۆڤایەتیدا دێت؟

پاش سەدان ساڵ دانیشتووانی زەوی ئەبن بەچەند؟

ئایا خواردن و پێویستییەکان بەشی ئەو هەموو مرۆڤە ئەکەن؟

ژینگەی زەوی ئێمە، ئەگەر بەم جۆرەی ئەمڕۆ بەردەوام بێت، چی بەسەر دێت؟

بەڵێ... لە کاتێکدا کە زانایان و ڕۆشنبیرانی شارستانییەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا لە وتووێژی ئەو باسە گرنگانەدان کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی و شارستانی ئەبنەوە، لە هەمان کاتیشدا هێشتا زۆربەی گەلان سەریان تەقەی دێت لە ڕووی شارستانییەوە!

ئایا شارستانی ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەندێک لە ڕۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە و وڵاتانی دنیای سێیەم و وڵاتە ئیسلامییەکان باسی ئەکەن و (بەهۆی) دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە هەوڵی جێگیرکردن و پێگەیاندنی ئەدەن؟ ئایا شارستانی شتێکە کە بەفەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتی دروست ئەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئاسان نییە و ئەبێ خوێنەر بەوردی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە مانای ڕاستی شارستانی تێ بگات و وەڵامی هەزاران پرسیاری ئەندێشەیی لەلا گەڵاڵە ببێت!

ئەوەی دوێنێ ڕووی دا، ئەمڕۆ مێژووە و ئەوەی ئەمڕۆ ڕووئەدات مێژووە بۆ سبەینێ. ئەمە کرۆکی ئەم کتێبەیە کە خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد هێجگار پێویستی بەتێگەیشتنی هەیە، چونکە خوێندنەوەی مێژوو



گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە چۆن ئەو مێژووە هەڵئەسەنگێنرێت و سوودی لێ وەرئەگیرێت. کە چاوێک ئەخشێنین بەمێژووی شارستانییە گەورەکانی مێژوودا، میسۆپۆتامیا، دەلتای نیل، چین، هند، سۆمەر، ماد، ئاشوور، کلد، فینیقییەکان، ڕۆم، یۆنان و...تد، ئەو ڕاستییە تۆقێنەرەمان بۆ دەرئەکەوێت کە شارستانییەکانی ئەمڕۆمان بەخوێن دروست بوون.. خوێنی میلیۆنان مرۆڤ.. خوێنی باب و باپیرانمان!.

بەپیاداچوونەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و وردبوونەوە لە قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤ و سەردەمە جیاوازەکان، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە پێناسەی (شارستانی) کارێکی سەختە و ناتوانین هەر وا بەئاسانی و بەچەند وشەیەک پێناسەی بکەین.

ئایا هەموو شارستانییەک... شارستانییە؟ ئایا شارستانیی سەردەمێک بۆ سەردەمێکی‌تر ئەگونجێت؟ کامەیە پێوەری شارستانی؟ چی و کێ دروستکەری شارستانین؟

سەردەمی بابلییەکان و حامورابی و دانانی یەکەم یاساکانی مرۆڤایەتی، بەسەردەم و شارستانییەکی زێڕین و گەشەداری مرۆڤ ئەژمێررێت، بەڵام ئایا مرۆڤی ئەم سەردەمە و شارستانیی ئەمڕۆ ئەتوانێت بەرۆحی ئەو شارستانییەی ئەو سەردەمەوە هەڵبکات؟... بێگومان هەزار جار نەخێر!

کەواتە مۆتۆر و داینامیکی شارستانی وەک لەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە، (پێشکەوتن)ە، ئەگەر چی زۆر جاریش ئەو پێشکەوتنانە بەخوێن هاتوونەتە کایەوە و مرۆڤ خۆی هەستی بەوە نەکردووە کە شتێکی نوێی دروست کردووە، یان لە بوارێکی ژیاندا هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە ناوە. لە ڕاستیدا وەک دەرئەکەوێت نەوەکانی دواتر بڕیاری ئەوە ئەدەن کە کام کار و کام سەردەم باش بوون یان خراپ و کام کۆمەڵە مرۆڤ شارستانی بوون!

مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانی ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە (ئایینەکان) لە هەموو سەردەمەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا کۆسپ بوون و هەر کۆسپیش ئەبن لەبەردەمی پێشکەوتنەکانی مرۆڤدا و سیمای (شارستانییەکان) وەک خۆیان ئەهێڵنەوە.

شارستانیی ئەوروپا و ڕۆژئاوا لەبەرئەوەی کە ئایینیان لە دەوڵەت و دەسەڵات و یاساکان جیاکردووەتەوە، لە ماوەی چەند دە ساڵێکی ڕابوردوودا بوون بەپێشەنگی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لە بوارە زانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا و مافی مرۆڤ وەک تاک (ئیندیڤید) و مافەکانی ئافرەت و نەتەوەکان و کەمایەتییەکان و... تد.

لە هەمان کاتدا کە سەیری وڵاتانی خۆمان و ئەو وڵاتانە ئەکەین کە ئایین بنەما و سەرچاوەی یاسا و ڕێساکانی دەسەڵات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەوا هەزاران دیاردە ئەبینین کە لەو شارستانییانە جیامان ئەکەنەوە، تەنانەت لە هەندێک لەم وڵاتانەدا، زیاتر لە هەزار و نیوێکە مێژوو (وەستاوە) و گۆڕانکارییە هەمەجۆرەکان ئەوەندە کەم و دەگمەنن کە ئەگەر وا بڕوات، ئەوا بەهەزارە و نیوێکی‌تریش ناچنە قۆناخێکی‌ترەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە نەوتێکی خەیاڵییان هەیە کە ئەمڕۆ بەگشتی سەرچاوەی

وزەیە. ئەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان (هەرچەندە زۆر دووریش نییە)، ئەم نەوتەیان نەمێنێت و تێکنۆلۆجیای شارستانیی ئەوروپا و ڕۆژئاوایان لێ دابڕێت، چی ڕوودەدات؟ بێگومان وەسفکردنی حاڵەتێکی وا، زۆر گرانە و مەگەر بەخەو و خەیاڵ ببینرێت چۆن ئەبێت!.

وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کاتێک کە سەرچاوەکە بەزمانی دووەم و سێیەم بێت، بەڵام خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی کوردستان، باڵی کوردانەیان هەڵماڵیوە و خۆیان لەم بوارەدا ماندوو کردووە و یەکێکیش لەوان کاک حامید گەوهەرییە.

وەرگێڕانی کتێبێکی زانستییانەی هێجگار سەختی وەک ئەم کتێبە، هەرچەندە ئاسان نییە و بێ کەموکوڕیش نابێت، بەڵام خزمەتێکی هێجگار گەورەیە بەخوێنەر و ڕۆشنبیری کورد و یارمەتیدانێکە لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییەکانیاندا دەربارەی باسێکی گرنگ کە ئەمڕۆ ئێمەی کورد تا بڵێی پێویستمان پێی هەیە، ئەویش (شارستانی) و مێژووی مرۆڤایەتییە. لام وایە کە دوا دەیەی هەزارەی ڕابوردوو، گرنگترین قۆناخی گەشەی کورد بووە، بەتایبەتی لە باشووری وڵاتدا.

کورد لە ماوەی دە ساڵ لە نیمچە ئارامی و وردە شەڕ و بەیەکدادان و دوو بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی ناوچەیی، لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە هەنگاوی گرنگی ناوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییەوە کە شایانی (شارستانی) خۆیەتی و دەری خست کە زۆر دۆست و عاشقی پێشکەوتن و شارستانیی ئەم سەردەمەی دنیای دیموکراتخوازان و پێشکەوتنخوازانە.

ئەگەر چی تەنیا جارێک لە مێژووی کورددا هەڵبژاردنی گەلی کراوە لە باشووری وڵاتدا، بەڵام ئەو تەنیا جارەش ئافرەت مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەبووە. لە کاتێکدا کە ئافرەت لە (شارستانییەکانی) دەوروبەری کورددا، نەک هەر مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی نییە، تەنانەت ناسنامە (تەسکەرە)شی نادرێتێ.

لەو شارستانییانەی دەوری کورد دوو ئافرەت لە دادگادا بەشاهیدێک ئەژمێررێن، هەرچەندە لای کوردیش بەڕواڵەت تا ڕادەیەک هەر وایە، بەڵام بەپێچەوانەی تەواوی ئەو شارستانییانەوە وەزیر و دادوەری ئافرەتیش هەیە و تەنانەت وەزیرێکی ئافرەتیشی لە ئەنجومەنی حوکمی کاتیی عێراقدا داناوە.

بۆیە کتێبخانە و خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد پێویستی بەهەموو ئەو سەرچاوە و بەرهەمە گرنگانەی مرۆڤایەتی هەیە کە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێشەوە و بەرەو شارستانیی سەردەم ئەبەن.

گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە چ مێژوونوس و پسپۆڕ و چ خوێنەری ئاسایی بەڕوونی و ساکاری لێی تێ ئەگەن، چونکە بەزمانێکی ساکار و (بۆ هەمووان) نووسراوە.

**نەوزاد وەلی**



## هەنگاوی هەزارەکان

## گوێدان بەمێژوو

### پێشگوتن

ساڵی ٢٠٠٠ بەهەنگاوی بڵند نزیک دەبێتەوە. هەموو چاویان لە ڕێیەتی و ژمارەیەکیش لێی دەترسن. بڵێی ئەم ساڵە مزگێنی چوونمان بۆ سەدەیەکی نوێتر و خۆشتر پێ ڕابگەیەنێ یا بەپێچەوانەوە شاهیدی دنیایەک دەبین کە دەستەویەخەی بەرزبوونەوەی هەژاری دەبێت؟ تەنانەت پێشبینیی ئەوەش دەکەن کە ساڵێکی وا کۆتایی دنیامان بۆ بەدیاری دێنێت.

بەهەرحاڵ، ئەم ساڵە پێکهێنەری هەلێکی سەرەکییە بۆ پرسیارکردن و ئاکام وەرگرتن لە ڕابوردوو و بیرکردنەوە لە داهاتوو.

لە ڕاستیدا ساڵێکی زۆر دەگمەنە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەستپێک و کۆتایی یەک ساڵ، یەک دەیە، یەک سەدە و یەک هەزارەدا دەژین. ڕووداوێکی ئاوا نرخی ئەوەی هەیە کە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. کێ دەزانێت، ڕەنگە هەوڵدان بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو دیاردانەی کە تا ئێستا ڕوویانداوە، یارمەتیمان بدەن کە باشتر لە داهاتوو بکۆڵینەوە. ئەم کتێبە، لە ڕاستیدا ڕاگەیەنەری جۆرە توێژینەوەیەکە دەربارەی ڕابوردوو و لەو باوەڕە دایە، کە بەڵگەی پێویست بۆ کۆتاییی ئەم هەزارەیە، پتر جێگەی ئومێدن تا ترس و نائومێدی و بێگومان ئەم کتێبەش هەوڵ نادات کە ئاماژە بەهەموو ڕووداوە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی بکات، چونکە ئەمە هەوڵێکی نارێکە. بەڵکو دەربارەی بەشێک لەو ڕووداوە چارەنوسییانە دەدوێت کە لە ڕەوتی هەزارەکاندا، لە مێژووی ڕابوردووی دوور واتە هەشت هەزار ساڵ بەر لەدایکبوونی عیساوە(س) تا ئەمڕۆ ڕۆڵی دیار و سەرەکییان هەبووە.

بۆ نموونە، ژمارەی دانیشتووانی جیهان لەبەرچاو بگرین، دەزانین کە ژمارەی دانیشتووانی زەوی لەو ماوەیەدا بەرز بووەتەوە و هەموو شتێک ئەم زیادبوونە دەسەلمێنێت و ئەمەش دیاردەیەکی بەردەوامە. چ ئاکامێک لەوە وەردەگرین بۆ هەزارەی داهاتوو؟ یا مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە وزە کە تا ئەمڕۆ گەشەکردنی شارستانییەتی بەخۆیەوە گرێداوە. چۆن دەکرێ لە هەزارەی داهاتوودا بەلایەنگری کردن لە ژینگە، ئاشتی لە نێوان ئەواندا پێک بێنین؟

ڕۆڵی گرنگی تەکنیکە نوێ بەدەستهاتووەکان کە بەشێوەی بەرچاو لەم هەزارەیەدا لە گەشەکردندان جێگەی سەرنجە. ئەو دۆزراوانە چ ڕێگایەک لە هەزارەی داهاتوودا دەگرنەبەر؟

ئەوانە تەنیا بەشێکن لەو کۆمەڵە پرسیارانەی کە ئێمە دەبێ لە ڕەوتی هەزارەی داهاتوودا بەقووڵی

دەربارەیان بدوێین و ناتوانین بەشێوەیەکی دروست وەڵامیان بدەینەوە، مەگەر بەتێگەیشتن لە ڕەوتی گەشەکردن لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە. ئەگەر نەزانین لە کوێوە هاتووین، چۆن دەتوانین هیوادار بین و بزانین بۆ کوێ دەچین؟

ئایا نابێ بەر لە هەموو شتێک لە خۆمان بپرسین بۆچی ساڵی ٢٠٠٠مان بۆ دەربڕینی هیوا و مەترسییەکانمان هەڵبژاردووە؟ بۆ ئەوەی کە ژمارەی ٢٠٠٠ ژمارەیەکی تەواوە و ئێمە سەرنجی تایبەت دەدەین بەو ساڵانەی کە بەسفر تەواو دەبن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تەواوکەری یەک دەیە و دەستپێکەری دەیەی دواییین. ئێمە باس لە ساڵەکانی ٦٠ یا ٨٠ دەکەین. ئەو ساڵانەی کە دوو سفریان هەیە، بایەخی پتریان هەیە، لەبەر ئەوەی کە پێشاندەری گۆڕینی سەدەن. بەڵام بەسێ سفر، ساڵ جێگەیەکی تەواو تایبەتی دەبێت. دیارە بۆچوونی ڕوون لەم بارەیەدا بەتەواوی ڕاست نییە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لە یەکەوە دەست بەژماردن بکەین، دەیەمین ساڵ دەبێتە ژمارە دە و ئەوە یانزدەیەمین ساڵە کە سەرەتای دەیەی دوایی ڕادەگەیەنێت.

هەروەها لە ساڵی ١٠١دا دووهەمین سەدە و لە ساڵی ١٠٠١دا دووهەمین هەزارە دەست پێ دەکات. لە ڕاستیدا ساڵی ٢٠٠٠ دوا ساڵی سەدەی بیست و یەکەمە و ڕۆژی یەکەمی یانواری ٢٠٠١ پێ دەنێتە هەزارەی سێیەم. هەرچەندە جێگەی ئومێد نییە، کە ئەم ڕاستییە بیرکارییە بەمرۆڤ بسەلمێنرێت.

بەدروستی ئەمە یەکەم ڕۆژی یانواری دوو هەزارە کە گرموهوڕی چوون بۆ هەزارەی نوێ بەگوێ دەگەیەنێ. لە خۆبایی بووان دەتوانن بڵێن هێشتا ساڵێکی تر دەبێ چاوەڕوان بین، بەڵام ئەوان شانسێکی کەمیان هەیە بۆ سەلماندنی ڕای خۆیان. لەبەر ئەوە ئێمە دوای ئەم بەشە دەکەوین کە تەنانەت کەسانی تەواو زاناش ژمارەی ٢٠٠٠ بەدەستپێکی هەزارەی سێیەم دەزانن و لە بیری جەژن گرتن لە ساڵی ٢٠٠١دا نین، یا بەلایەنی زۆرەوە تەنیا فیلمێکی لێ دروست دەکەن، بەڵام لە کاتێکدا زەوی چەندان میلیار ساڵ تەمەنێتی و گەردوون (کیهان) پتر لەو، چۆن دەبێ مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی ساڵەکاندا لەسەر ژمارەیەکی بچووکی وەک ئەوە پێ دابگرێت؟

وەڵام ئەوەیە کە مرۆڤ بەویستی خۆی خاڵێکی بۆ دەستپێکردن هەڵبژاردووە و باوەڕی بەدروستبوونی مێژوویەکی تا ڕادەیەک نوێ هێناوە. ئەم باوەڕهێنانە بێگومان بەگوێرەی فەرهەنگە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە، دوو سەد ساڵ لەمەوبەر، شۆڕشی فەرانسە شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە پێکهێنەری کۆمارێکی نوێیە. بیریان لەوە دەکردەوە کە بوونەتە هۆی دەستپێکردنی سەردەمی ئازادی، برایەتی و بەرامبەری. یاسایان داڕشت و ڕایانگەیاند ساڵی ١٧٩٢ ساڵی کۆمارییە و بۆ ماوەی چواردە ساڵیش کەڵکیان لە ڕۆژژمێرەکەیان وەرگرت و ئەگەر ئەمە درێژەی هەبووایە، ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ئەوان دەبوو بەساڵی ٢٠٠٨ی کۆماری. لە بەشێک لە بەڵگە ڕەسمییەکاندا، ئەمریکاییەکان جیا لە ساڵی قبووڵکراوی هەمەلایەنە، دەگەڕانەوە سەر ساڵی سەربەخۆیی ئەمریکا واتە ساڵی ١٧٧٦ و بەپەیڕەویکردن لەم سیستەمە، ساڵی ٢٠٠٠ دەبێتە چواری یانواری ٢٢٤ی سەربەخۆیی ئەمریکا. ئیسلامییەکان ساڵەکان بەسەردەمی کۆچی محەممەد(د.خ) لە مەکەوە بۆ مەدینە دەبەستنەوە، بەحسابی



ئێمە هاوکاتە لەگەڵ ساڵی ٦٢٢ی زایینی.

هەروەها ڕۆژژمێرێکی کۆچیش هەیە کە لەودا ساڵ تەنیا ٣٥٤ ڕۆژە و موسوڵمانەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ ئەوان ساڵی ٢٠٠٠ دەبێتە ساڵی ١٤٢١.

ڕۆژژمێری یۆنانییەکانی ئاسیا لە ساڵی ٣١٢ی پ.ز.ەوە، واتە لە حکومەتی (سکولوس)ی یەکەمەوە دەست پێ دەکات. بۆ ماوەیەک کەڵک لەم ڕۆژژمێرە وەرگیرا و بەگوێرەی ئەم ڕۆژژمێرە ساڵی ٢٠٠٠ دەبێتە ساڵی ٢٣١٢. ڕۆمییەکان بەر لە قبووڵکردنی سیستەمی پایە لە سیستەمی جۆراوجۆر کەڵکیان وەردەگرت، وەک ساڵی پێکهاتنی ڕۆم، واتە ساڵی ٧٥٣ی پ.ز. ئەو ساڵە لە A.U.C (Ab urbe Con-dita) پێک دێ، کە بریتییە لە سەردەمی دامەزراندنی ڕۆم.

ئەو شێوە حسابکردنە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک لە ئەوروپا کەڵکی لێ وەرگیرا و بەگوێرەی ئەوە دەبوو هەزارەی سێیەم لە ساڵی ١٢٤٧ی پ.ز.دا دەست پێ بکات و ساڵی ٢٠٠٠ی پ.ز. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بەرامبەرە لەگەڵ ساڵی ٢٧٥٣ی A.U.C. ئێمە دەتوانین (کات) لە دەستپێکی لەدایکبوونی جیهان یا زەوییەوە حساب بکەین، بەڵام بەو حسابە بەشێوەی میلیۆن و میلیار ئاماژە بۆ ساڵەکان دەکرێت، کە ئەمەش کارێکی دژوارە. هەروەها ئێمە بەدروستی نازانین کە گەردوون بەگشتی بەزەوییەوە کەنگی و تەنانەت لە چ هەزارەیەکدا پەیدا بوون.

مرۆڤایەتی تا ئەو دواییيانە هیچ هەواڵێکی لە ڕادەی تەمەنی جیهان نەبوو و بۆ ماوەیەکی زۆر بیری لەوە دەکردەوە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر تەمەنی جیهاندا تێناپەڕێت. بۆ نموونە ڕێبەرانی ئایینیی جوولەکە (یەهود) دوای لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر کتێبی پیرۆز بەو ئاکامە گەیشتن کە جیهان ساڵی ٣٧٦٠ی پ.ز. پێک هاتووە. بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی جوولەکەکان، ساڵی ٢٠٠٠ی ئێمە دەبێتە ساڵی ٥٧٦٠ی مێژووی جیهانی جوولەکە، بەم پێیە هەزارەی سێیەم لە ساڵی ١٧٦٠ی پ.ز.وە دەستی پێ کراوە.

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەدا، قەشەیەکی سەر بە کەنیسەی ئینگلیز بەناوی (جەیمز یوشێر) پێشنیازی کرد کە ساڵی ٤٠٠٤ی پ.ز وەک مێژووی لەدایکبوونی جیهان قبووڵ بکرێت. ئەو مێژووە ماوەیەک پێشتر لە لایەن پرۆتستانەکانەوە قبووڵ کرابوو و لە زۆربەی کتێبە پیرۆزەکانی پرۆتستانەکاندا بەمێژووی لەدایکبوونی جیهان دەزانرا. بەگوێرەی بۆچوونی یوشێر، ساڵی ٦٠٠٤ دەبێتە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی.

بنەمای ژماردنی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ساڵی ١٢٨٨ A.U.C، کە زانایەک بەناوی (دنیس کوچک) بەئاکام وەرگرتن لە توێژینەوەی ناوەڕۆکی ڕێنوێنییەکانی مەسیح، ساڵی لەدایکبوونی ئەوی گەڕاندووەتەوە بۆ ٥٣٥ ساڵ بەرلە مێژووی ئاماژە بۆکراوی سەروو، کە دەبێتە ٧٥٣ A.U.C. دوای تێپەڕبوونی ٢٥٠ ساڵ، واتە ئەو کاتەی کە (شارلمان) بەشێکی زۆری ئەوروپای ڕۆژئاوای لەژێر فەرماندابوو، ڕایگەیاند قبووڵکردنی مێژووی لەدایکبوونی ڕزگارکەرەکەی بۆ مەسیحییەکی خاوەن باوەڕ گونجاوترە تا هەڵبژاردنی مێژووی دامەزراندنی ڕۆم کە پێشتر شارێکی دوور لە مەسیحییەت بووە. لەبەر

ئەوە ساڵی A.D (Anno Domi) واتە ساڵی مەسیحی جێگەی ساڵی A.U.C ٧٥٣ی گرتەوە و دوای ئەوە مێژووی دامەزراندنی ڕۆمییان کردە ساڵی ٧٥٣ پ.ز. کەڵک وەرگرتن لە مێژووی زایینی بەپەلە لە هەموو ئەوروپادا پەرەی سەند و دوای ساڵی ١٤٠٠ بەرەبەرە تۆپ و پاپۆڕەکانی ئەوروپایی بەسەر دنیادا زاڵ بوون و ئەم ڕۆژژمێرە نوێیە دنیای داگرت.

بەدبەختانە دنیس کوچک لە حسابکردنی بیرکارییدا بەهەڵە چوو. هەڵەیەکی تەواو ڕوون، چونکە کتێبی پیرۆز (ئینجیل) مێژووی ڕووداوەکانی (سەردەمی کۆن و نوێی) بەڕوونی دەستنیشان نەکردووە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی عیسا، ئەو لە سەردەمی حکومەتی (هرود)ی یەکەم لە وڵاتی (ژودە) لە فەلەستین لە دایک بووە و ئەمڕۆ ئێمە دەزانین کە ئەم کەسە لە ساڵی A.U.C. ٧٤٩دا، کۆچی دوایی کردووە. لەبەر ئەوە عیسا بەلایەنی زۆرەوە دەبێ چوار ساڵ بەرلە (ساڵی زایینی) چاوی بەژین کردبێتەوە.

ئەگەر ئێمە لەکاتی بەدنیا هاتنی عیساوە ژمارەکان دەست پێ بکەین، ساڵی ٢٠٠٠ی ئێمە لە ڕاستیدا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٢٠دایە و بەم جۆرە بێگومان مرۆڤ دەبێ پێی لە هەزارەی سێیەم نابێت. دیارە ئەو گومانە بچووکانە کێشەیەکی زۆرمان بۆ پێک ناهێنن و دەستکەوتیان ئەوەیە کە بیرخەرەوەی مامناوەنجی بوونی مێژوون. تەنانەت دەربارەی ئەو مێژووانەی کە ئێمە بایەخی تایبەتییان پێ دەدەین. ئەمڕۆ مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ساڵی ٢٠٠٠ جێگەی سەرنج و تێڕوانینی هەموو لایەکمانە.

لەو ڕێگایەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچەندە بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، زانیاریمان کەمتر و کەم ڕەنگتر دەبێت و لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە مرۆڤ فێری نوسین بووە، توانیویەتی ڕەوتی بەسەرهاتەکان لەبەر بکات و ئەوەی کە پێی دەڵێین مێژوو دەستی پێ کردووە.

ئێمە بەسەردەمی بەر لە فێربوونی نووسین دەڵێین سەردەمی (بەر لە مێژوو) و لێکۆڵینەوەی ئەو، جگە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ چاوەڕوانییەکی‌تری لێ ناکرێت. ئەو گیروگرفتانە تەنیا بەلێکۆڵینەوەی شوێنەواری شار و گوندەکان و دۆزینەوەی دەفر و گۆزە و شتی‌تری لەم بابەتانە لە ژێرخاکدا، چارەسەر دەکرێن.

بەگشتی ڕاوبۆچوونەکان لەسەر شارستانییەتی دەستنیشانکراوی ئێمە لە نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ پ.ز.ەوە دەستی پێ کردووە، هەرچەندە لەوانەیە هەست بەوە بکرێت کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین ماوەیەکی زۆر درێژە، بەڵام بۆ مێژووی ڕاستەقینەی جیهان مێژوویەکی کەمە(١). لەبەر ئەوە، ئێمە لێکۆڵینەوەی خۆمان لەو هەزارانەوە دەست پێ دەکەین، کە ٨٠٠٠ ساڵ پ.ز.ەوە دەستی پێ کردووە و هەزار ساڵ پێش کۆتاییی پێ هاتووە. چونکە ئەمە سەرەڕای درێژبوونی ماوەکەی، دیسانیش بۆ ئێمە نزیکترە لە مێژووی پەیدابوونی جیهان.

---

(١) لێرەدا وەرگێڕ لەجیاتی ئەوەی کە بنووسێت: هەرچەندە لەوانەیە هەست بەوە بکرێت کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین ماوەیەکی زۆر درێژە، بەڵام بۆ مێژووی ڕاستەقینەی جیهان مێژوویەکی کەمە. دەڵێ: یا هەروەکوو ئەمڕۆ بووەتە باو ٨٠٠٠ لە ٨٠٠٠ ساڵ دەردەکەن، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر دوورە لە ئێمە و بەر لە مێژووی شارستانییەتە – ح.





## ١- بەر لە شارستانییەت

**پەیدابوونی مرۆڤ:** پەیدابوونی مرۆڤ دیاردەیەکی تەواو نوێی جیهانییە و تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ چەندان میلیار ساڵ. ڕای هەرە ڕوونی زانایان ئەوەیە کە جیهان لە وردە ماک (مادە)ی لە ژمارنەهاتوو پێک هاتووە و بەتینی هێجگار زۆری گەرما تەقیوەتەوە. شوێنەواری ئەو تەقینەوەیە تا ئەمڕۆش هەستی پێ دەکرێت. کاتی ئەو تەقینەوەیەیان دەگەڕاندەوە بۆ نزیکەی دوو میلیار ساڵ لەمەوبەر، بەڵام لێکۆڵینەوە وردەکان، مێژووی ئەو تەقینەوەیەیان گواستەوە بۆ سەردەمێکی دوورتر. مێژوویەک کە ئەمڕۆ هەموو لایەکمان لەسەری کۆکین، پانزدە میلیار ساڵە. هەروەها دەربارەی پێکهاتنی جیهان هەموو حسابەکان بەگوێرەی میلیار دەکرێن. چ لە بواری ئەو کۆمەڵە ئەستێرانەوە کە بەکاکێشان (مجرە) دەناسرێن و دەستبەجێ دوای تەقینەوە پەیدابوون و چ دەربارەی ئەو ئەستێرانەی کە لە دڵی کاکێشانەکاندان. خۆر و ئەستێرەکانی (منظومەی خورشید) نزیکەی چوار میلیار و شەشسەد هەزار ساڵ لەمەوبەر پێک هاتوون. سەرهەڵدانی ژیان لەسەر زەوی بەپەلە و بەگشتی بەدوای پێکهاتنی ئەستێرەکانی‌تر سەری هەڵداوە.

ساڵی ١٩٥٤، زانایەکی ئەمریکایی بەناوی (ئیلسۆسترنبورگ بارگ هۆرن)، لە ناو گابەردە کۆنەکاندا شوێنەواری یەکەم باکتریا وردەکانی دۆزییەوە و بەو ئاکامە گەیشت کە سێ میلیار و نیو ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەوی ژیان کراوە. نزیکەی دوو میلیار ساڵ هیچ بوونەوەرێک جیا لە باکتریای جۆراوجۆر لەسەر زەوی نەبووە. خانە (سلول) گەشە کراوەکان نزیکەی یەک میلیار و چوار سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر پەیدابوون و ناویان «ئەکارپوت» بووە. هەموو بوونەوەرێک، تەنانەت ئێمەی مرۆڤیش لەوان دروست بووین. ئەوان سیستمێکی گەشەکراوتر و بەرزرتریان لە باکترییەکانی‌تر هەبووە.

سەرەڕای ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر ژیان بەشێوەی تەواو سەرەتایی ماوەتەوە و ئۆرگانەکان یەک خانەیی بوون، بەڵام بەرەبەرە ئەو یەک خانەییانە بەهاوکاریی باکتریای‌تر کۆیەکی بەرینتریان بۆ بەئەنجام

گەیاندنی ئەرکی تایبەت و جیاواز پێک هێناوە. یەکەم چەند خانەیییەکان دەبێ ٨٠٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر سەریان هەڵدابێت. هەموو بوونەوەرێک کە بەچاو دەبینرێن، چەند خانەیین. پێکهاتەی چەند خانەیییەکان هەنگاوێکی بنەڕەتی بوو لە ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا.

یەک خانەیییەکان و یەکەم چەند خانەیییەکان نەرم بوون و بەگشتی لە ئاو پێک هاتبوون. لەبەرئەوە بەدوای مەرگیاندا دەتوانەوە و هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجێ نەدەما. ئەمەش وای کردووە کە زانیارییەکی زۆرمان لەسەریان نەبێت. نزیکەی شەش سەد میلیۆن ساڵ لەمەوبەر، بوونەوەر ئەندامی سەخت و بەهێزی وەک سەدەف دروست کرد و بەدوای ئەودا ئێسک و دانی دەرهێنا، کە دوای مردنی گیاندار بەرەبەرە ئێسک و دانەکانیان وەک بەردیان لێ هات کە پسپۆرەکان پێیان دەڵێن حاڵەتی فۆسیل Fossilیان بەخۆوە گرتووە. فۆسیلەکان ئەو ڕاستییەیان ئاشکرا کرد کە ژیان بەرەبەرە لە سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

هێندێک لە ئۆرگانەکان لەناو دەچن و هێندێکیشیان دەگۆڕێن. بەمە دەڵێین گەشەکردنی بوونەوەر و زانایان هەوڵی ناسینی هۆی ئەم دیاردەیە یا هاندەرەکەی دەدەن. یەکەم کەس کە بەڕوونی دەربارەی گەشەکردنی نووسیوە، بوونەوەر ناسێکی ئینگلیز بووە بەناوی (چارلز ڕۆبیرت داروین) کە لە ساڵی ١٨٥٩دا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە. داروین لە ئەسڵدا گەشەکردنی بە هەڵبژاردەی سروشتی ناسیوە. بوونەوەرەکان خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی هەرێمی و تایبەتمەندییە نوێیەکان دەگونجاند و ئەمەش یارمەتی کردووە بەمان و زاوزێ کردنیان، کە بێچوویان ببێت. ئەو ژمارە بوونەوەرانەی کە کەمتر خۆیان لەگەڵ هەلومەرج ڕێکخستووە، لەو دەرەتانە بێ بەهرە بوون و بەرلە زاوزێ کردنیان مردوون. تێنەگەیشتنی ژمارەیەک لە واتای دروستی (پێویستیی مانەوەی باشتر)، کە هەوڵ درا بۆچوونەکانی داروین بێ بایەخ بکەن، لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی وەردەگرت.

لەو کاتەوە کە خانە پەیدابووە، هەست بەوە کراوە کە ئۆرگانە زیندووەکان لە کۆمای گەورەتردا بەناوی (فیلۆس یا فیلا) سەرلەنوێ خۆیان لە دابەشکردنی بچووکتردا ڕێکخەنەوە. فیلۆم کە مرۆڤ لەو پێک هاتووە، بریتییە لە بڕبڕەداران کە یەکەم نموونەیان نزیکەی ٥٥٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر پەیدابووە. لە کاتێکدا زەوی نۆ لە دەی تەمەنی ئێستای هەبووە، ژیان هێشتا دیاردەیەکی تایبەت و بەستراوە بەنێو ئاو بوو و زەوییە ڕزگار بووەکان لە ئاو بەشێوەیەکی داخهێنەر هیچ بوونەوەرێکیان لەسەر نەبووە.

٤٥٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار گیا لەسەر زەوی ڕواوە. ڕوانی گیا ڕێگای بۆ گەشەکردنی لک، پەل، ڕیشە و گەڵا کردەوە. دوای ئەوە نۆرەی جومگەدارەکان واتە یەکەم بوونەوەری سەر زەوی هات، کە بۆیان زۆر دژوار بوو، لە گیادا هێلانە بکەن.

لەو سەردەمەدا بڕبڕەدارەکان واتە ماسییەکان پتر لەوانیتر گەشەیان کردبوو. دوای ئەمە لە مێژوویەکدا کە دەبێ نزیکەی ٣٧٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر بێت، گۆڕانێکی بنەڕەتی ڕووی دا. بەشێک لە خشۆکەکان لە ئاو هاتنەدەر تا خۆیان بۆ ژیان لە دەرەوەی ئاو و لەسەر زەوی بگونجێنن. یەکەم بڕبڕەدارانی سەر زەوی



ناچار بوون بۆ دانانی هێلکە و چاودێریکردن لە بێچووەکانیان بگەڕێنەوە نێو ئاو. دوای نزیکەی ٣٠٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر هێلکەکانیان بەلایەی سەدەف داپۆشی و بەم جۆرە دەرەتانی ئەوەیان بەدەست هێنا کە لە دەرەوەی ئاو و لەسەر زەوی سەختدا بێچوو بەدنیا بێنن.

دایناسۆرەکان کە ئێمە بەبوونەوەری خشۆکیان دەناسین بۆ زاڵبوونیان بەسەر زەویدا کەڵکیان لەو گەشەکردنە وەرگرت. یەکەم شیردەر کە بەشێک لە مرۆڤیش دەگرێتەوە، نزیکەی ٢٢٠ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر پەیدا بوون. بەگشتی ئەندامیان بچووک بوو و مانەوەیان بەوەوە بەسترابووەوە کە دەستی دایناسۆرە زلەکانیان پێ نەگات. نزیکەی سەد میلیۆن ساڵ لەمەوبەر شیردەرەکان سەرلەنوێ پێیان نایە قۆناخێکی گرنگ، کە بریتی بوو لە گەشەکردنی کیسەی ئاو بۆ ڕاگرتنی مناڵ لە نێو لەشی دایکدا بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەو مناڵانەی کە بەم جۆرە لە دایک دەبوون تا ڕادەیەک خۆش ئەندام و جوان بوون و ئەمەش دەستکەوتێکی پتر بوو لە ڕەوتی گەشەکردنی شیردەردا.

نزیکەی حەفتا میلیۆن ساڵ لەمەوبەر یەکەم ئەندامی دەستەی شیردەر بەناوی (ڕەدە) پەیدا بوو، کە ئێمە سەر بەوانین. لەو قۆناخەدا هەمیشە دایناسۆرەکان حاکم بوون بەسەر زەویدا. نزیکەی شەست و پێنج میلیۆن ساڵ لەمەوبەر، لە ناکاو دایناسۆرەکان ون بوون. هۆی دروستی ونبوونیان هێشتا ڕوون نییە، بەڵام شوێنەوارە دۆزراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەناوچوونی دایناسۆرەکان بەهۆی کەوتنی گابەردێکی مەزن لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی بووە. زەبری توندی ئەو گابەردە لەسەر زەوی بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاوی دەریاکان و داپۆشینی زەوییە وشکەکان. هەروەها تۆزوخۆڵێکی هێجگار زۆری بەرز کردووەتەوە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەیهێشتووە تیشکی خۆر لە زەوی بدات، بەم حاڵەش هێندێک گیانداری بچووک بۆ نموونە شیردەرەکان لەو کارەساتە بەدوور بوون. ونبوونی دایناسۆرەکان ڕێگای بۆ گەشەکردنی دوایی شیردەر خۆش کرد.

بەشێکیان کە باڵایان کورت و مێشکیان زۆر گەورەتر لە مێشکی بوونەوەرەکانیتر بوو، توانییان خۆیان بپارێزن. ئەو گەشەکردنە دەربارەی یەکەم شیردەرەکان کە مەیموونەکانیش لە ڕیزی ئەواندا بوون، نزیکەی چل میلیۆن ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە و یەکەم (نیاندەرتاڵ) واتە مەیموونی شێوە مرۆڤ، دە میلیۆن ساڵ دوای ئەوان لە دایک بوون. پێنج میلیۆن ساڵ لەمەوبەر گەشەکردن جارێکیتریش هەنگاوی نوێی نا، کە بریتی بوو لە پەیدابوونی یەکەم شیردەری نیاندەرتاڵ کە پتر لە مەیموونەکانی ئەو سەردەمە شێوەی مرۆڤیان دەدا.

ئەو شیردەرانە کە بەتەواوی وەک مرۆڤ لەسەر دوو لاق دەڕۆیشتن، پێیان دەگوترا (ئوسترالۆپتیک). مرۆڤناس (ڕیمۆند ئارتوردارت) یەکەم کەس بوو کە ساڵی ١٩٢٤ لەم شیردەرانەی کۆڵییەوە. بۆ ماوەی نزیک بەسێ میلیۆن ساڵ نیاندەرتاڵەکان تەنیا ئوسترالۆپتیکە جۆراوجۆرەکان بوون و بەتەواوی لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئەفریقا دەژیان. نزیکەی دوو میلیۆن ساڵ لەمەوبەر، لقێکیتری نیاندەرتاڵ پەیدابوو، کە بە ڕادەیەکی زۆر لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەچوون و بەمرۆڤی ئەمڕۆیان دەناسین. ئەم جۆرە مرۆڤانە Homo بە(هۆموهابیلیس) ناسران و مرۆڤناسی ئینگلیز (لویی سی.بی. لیکی) بۆ یەکەم جار لە

شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا لە پاشماوەی ئەوانی کۆڵییەوە.

هۆموهابیلیسەکان یەکەم نیاندەرتاڵ بوون کە ئامێری بەردییان دروست کرد. بەدروستکردنی تەور و کێرد لە بەرد ڕاویان دەکرد و فێری جیاکردنەوەی ئێسک لە گۆشتی گیاندار بوون. بەرلە پەیدابوونی هۆموهابیلیس، نیاندەرتاڵەکان گیا و پاشماوەی گیانداری مردوویان دەخوارد. ئەو مردووانەی کە لە لایەن گیانداری دیکەوە دەکوژران و دوای خواردن و تێربوونیان بەشێکیان لێ بەجێ دەما.

نزیکەی ١٦٠٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ جارێکی‌تریش ژمارەیەکی نوێی نیاندەرتاڵ پەیدابوون کە ئەندامییان گەورەتر لەوانی‌تر بوو. ئەوان بە(هۆموارکتۆس) واتە (مرۆڤی لەسەر پێ) ناسران. یەکەم نیاندەرتاڵ بوون کە لە هەرێمی ئەفریقاوە خۆیان گەیاندە ئاسیا. هۆی ئەم کارەشیان ڕەنگە بۆ بەشوێنداچوونی ئاژەڵ بووبێت. هەروەها چوونە دەریای ئارام و لە بەشێک لە دوورگەکانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون. (ئۆژەن دوبوا)ی هۆڵەندی یەکەم کەس بوو کە ساڵی ١٨٩٤ لە هۆموارکتۆسەکانی کۆڵییەوە. هۆموارکتۆس بەپەلە گەشەی کرد و لە کۆتایی دوا میلیۆندا، تەنیا گیانداری نیاندەرتاڵی زیندووی سەر زەوی بوو. شەش سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر، زەوی چووە ناو یەکەم بەشی سەردەمی سەهۆڵبەندانەوە. بەرەبەرە کە تینی گەرما لەسەر زەوی کەم بووەوە، تەختە سەهۆڵە مەزنەکان لە هەرێمی باکورەوە بەرەو باشوور داکشان.

کاتێک سەهۆڵبەندانەکان لەوپەڕی خۆیاندا بوون، ئاوی دەریاکان نزیکەی سەد مەتر نیشتبوونەوە. دابەزینی ئاوی دەریاکان، ڕێگای بۆ پێوەندی لە نێوان قارەکاندا کردەوە. ڕەنگە بەم هۆیەوە بێ کە هۆموارکتۆس توانی لە ئەفریقاوە بێتە ئاسیا و دوورگەکانی ئیندۆنیزیا. سەردەمی سەهۆڵبەندان ڕێگای بۆ نیاندەرتاڵەکان و گیاندارەکانی‌تر کردەوە کە پتر هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی شوێنی ژیانیان بگونجێنن. هۆموارکتۆس بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی لە بەرامبەر سەرمادا کەڵکی لە پێستی گیاندارەکانی‌تر وەرگرت و فێربوو بەدار و قوڕ خانوو دروست بکات و لە کاتی پێویستدا کەڵک لە ئەشکەوتەکان وەربگرێت. فێری هەڵکردنی ئاگر و هێشتنەوەی بەهەڵکراوی بوو. دۆزینەوەی ئاگر واتە یەکەم شێوەی هێشتنەوەی و بەماڵکردنی وزە، نزیکەی نیو میلیۆن ساڵ لەمەوبەر بەهۆی مرۆڤەوە ئەنجامی گرت. لەو سەردەمە بەدواوە کۆنترۆڵی وزە بوو بەیەکێک لە دیاردە دەسەڵاتدارەکان بەسەر گەشەکردنی شارستانییەت و پێوەندی بەشوێنی ژیانەوە، کە تا ئەمڕۆ وەک خۆی ماوەتەوە. پەیدابوونی یەکەم نیاندەرتاڵەکان کە مێشکیان بەڕادەی مێشکی ئێمە بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

یەکەم شوێنەواری نیاندەرتاڵەکان، ساڵی ١٨٥٦ لە شیوی (نیاندەر) لە ئاڵمانیا دۆزرایەوە و ئەمەش وای کرد کە پێیان بگوترێت (نیاندەرتاڵ). کاسە سەری نیاندەرتاڵەکان زۆر بچووکتر بوو لە کاسە سەری ئێمە، ئێسکی دەوری برۆ و چاویان زەق و دانەکانیان ئەستوور و شەویلگەی سەروویان زەق و نێوچاوان و شەویلگەی خوارەوەیان قووڵ و بەرەو دواوە چووبوو. لە ئێمە بچووکتر، بەڵام قەڵەو و گۆشتنتر بوون و دەمارەکانیان بەهێزتر لە دەماری ئێمە بوو. سەرەڕای جیاوازیی کاسەی سەریان بەڕادەیەک لە ئێمە



دەچوون، کە زۆربەی زانایان، ئەوان وەک ئێمە واتە بە «هۆموساپیینس» (مرۆڤی بەتوانا لە بیرکردندا) دەزانن. نزیکەی پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤی وەک ئێمە لە دایک بوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە نیاندەرتاڵەکان نزیکەی سی هەزار ساڵ لەمەوبەر لەناو چووبوون. تەنیا نیاندەرتاڵێک کە توانی ماوەی سی هەزار ساڵ درێژە بەگەشەکردن بدات، مرۆڤی ئەمڕۆیە.

نیاندەرتاڵەکان سەرەتا لە قارەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەورووپا و چەند دوورگەیەکی نزیکی یەکتر نیشتەجێ بوون، بەڵام هێندێک بەرلە بیست هەزار ساڵ لەمەوبەر، بەکەمبوونەوە و دابەزینی ئاوی دەریاکان، لە ئاسیای باکوری ڕۆژهەڵاتەوە خۆیان گەیاندە ئەمریکای باکور و بەدوورگەکانی ئیندۆنیزیادا چوونە ئوسترالیا و لە زەوییە نوێیەکاندا درێژەیان بەپێشڕەویی خۆیان دا و گەیشتنە دوا خاڵەکانی ئەو هەرێمانە. واتە گەیشتنە (تردوفۆ) لە دوا خاڵی باشووری ئەمریکای باشوور و (تاسمانی) لەوبەری کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوسترالیا. ئەم باوکانەی ئێمە بەسەر گابەردەکاندا نیگاریان بۆ بەجێ هێشتووین. نیگارەکانیان لە ڕوانگەی هونەرییەوە هێشتا نوێن. یەکەم نیگاری ئەو سەردەمە ساڵی ١٨٧٩ لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی باکوری ئیسپانیا دۆزرایەوە. نیگارەکان بەڕادەیەک جوان بوون کە لێکۆڵەرەکانی هان دا بەشوێن ئەم جۆرە ئەشکەوتانەدا بگەڕێن کە نیگاریان لەسەرە، تا بەم جۆرە کۆنبوونی ئەوان بەکەسانی کەم باوەڕ بسەلمێنرێت. هێندێک لە نیگارەکان لێواری ئەشکەوتی (کرومانیۆن)یان لە فەرانسە داپۆشیبوو، ئەمەش وای کرد کە ناوی مرۆڤی (کرومانیۆن) لەسەر مرۆڤە سەرەتاییەکان دابنێن.

مرۆڤ بەرلە شارستانییەت کۆمەڵگایەکی پێک هێنا کە هیچ بوونەوەرێکی تێدا نەبوو. لە کاتێکدا دەزانین کە لە دنیای گیانداراندا بەشێوەی سروشتی هاوکاری دەبینرێت. بۆ نموونە، بەشێک لە مێروولەکان لە (شتە) واتە ئەو بوونەوەرە بچووکانەی کە لە وەرزی بەهاردا لەسەر گەڵای دار و گیای‌تر پەیدا دەبن، بۆ تەرکردنی شوێنی ژیانیان کەڵک وەردەگرن. بەڵام مرۆڤ یەکەم بوونەوەر بوو کە بەزانیاری و بەسوودی خۆی گیانداری ڕام کرد. سەگ یەکەم گیاندار بوو کە نزیکەی چوارده هەزار ساڵ لەمەوبەر بەهۆی مرۆڤەوە ڕام کرا. سەگەکان و تەنانەت بەشێک لەوان کە لە گورگ دەچن و لە ئەسڵدا لە بنەچەی گورگن. ئێمە نازانین کە چۆن ئەو گورگانە ڕام کراون و تەنیا دەتوانین دان بەو ڕاستییەدا بنێین. سەگ کە لە بنەچەی ئەو گیاندارانە بوو کە بەکۆمەڵ دەژیان، بەشێوەی سروشتی چوونە ژێر فەرمانی مرۆڤەوە. سەگەکان لەگەڵ خاوەنەکانیان دەچوونە ڕاو و لە دۆزینەوەی نێچیر و ڕاوکردندا یارمەتی خاوەنەکانیان دەدا و لەو ناوەدا بەشێکی بچووکیان لە نێچیرە ڕاوکراوەکە پێ دەبرا. بێگومان ئەم یەکەم دەستکەوتە، مرۆڤی هان دا کە پتر بەشوێن ئەم ئەزموونەی بکەوێت.

ڕامکردنی بزن لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوانزده هەزار ساڵ لەمەوبەر. دانیشتووانی ئەم هەرێمەی جیهان بزنیان بەخێو دەکرد و زاوزێیان پێ دەکردن. لەو ڕێگایەوە دەستیان بەشیری بزن و خۆراکی گۆشت گەیشت. گۆشت کە خۆراکی سەگەکانیش بوو، قازانجی بۆ گەدە (مەعیدە)ی مرۆڤ هەبوو، بەڵام خۆراکی بزن کە لە جۆری جیاوازی گیا پێک دەهات، بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەر

خۆراکی مرۆڤدا هێنا. دوای ڕامکردنی بزن، مرۆڤ توانی مەڕ، حوشتر، گا، مریشک و قازیش ڕام بکات. ئەوانەی ڕەوەی ئاژەڵیان هەبوو پتر دەستیان دەگەیشتە خۆراکی باشتر و کەمتر نیازیان بەچوون بۆ ڕاو پەیدا دەکرد، کە ئاکامەکەی هەمیشە سەرکەوتنی بەدواوە نەبوو. جیا لەوە، ژیانی ئاژەڵدارەکان بەئاسانی تێدەپەڕی، هەرچەندە بەبەردەوامی مەترسی ئەوەیان هەبوو کە لەگەڵ نەخۆشی، وشکە ساڵی و حەیوانی دڕندە ڕووبەڕوو بنەوە.

دەبێ باش لەبیرمان بێ کە شارستانییەت دەستکەوتێکی تا ڕادەیەک نوێیە لە پرۆسەی گەشەکردندا و خاڵی دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر. لە بەرامبەر سەردەمە درێژەکاندا کە ڕێگای بۆ گەشەکردن خۆش کردووە، تەمەنی شارستانییەت کورتە. هیواداربن ئەو دە هەزار ساڵە لە بەرامبەر داهاتوودا کە مرۆڤ چاوی تێ بڕیوە، ماوەیەکی زۆر کورت بێت. بەهەر حاڵ، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەشت هەزار ساڵ پ. ز، واتە سەر ئەو مێژووەی کە بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشانمان کردووە.








## ٢- هەزارەکانی بەرلە مێژوو: لە ٨٠٠٠ ساڵ تا ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز

### ٨٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا(س) و بەرەو کاری کشتوکاڵ

دە هەزار ساڵ بگەڕێینەوە دواوە. سەهۆڵبەندانەکان کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕەکانی زەوییان بەخۆیانەوە گرێدابوو، کۆتاییبیان پێ هات. سەهۆڵبەندانەکان پاشەکشەیان کرد و ئاو و هەوای زەوی تا ڕادەیەک وەک ئاو و هەوای ئەمرۆی لێ هات. لەناوچوونی سەهۆڵبەندانەکان ئاڵوگۆڕی گرنگیان بەدواوە بوو. هەوای ناوچە بارانی و تۆفانییەکان بەرەو باکور هەڵکشا و وشکە ساڵی پەرەی سەند. بۆ نموونە لە ئەفریقای باکور بیابانی ناسراو بەسەحرا دروست بوو. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی سەرلەنوێی ئاوی دەریاکان، ئەو باریکە ڕێیانەی کە ئاسیایان بەئەمریکای باکور و ئوسترالیاوە دەبەستەوە، جارێکیتریش چوونەوە ژێر ئاو و دانیشتووانی ئەمریکای باشوور و باکور و ئوسترالیا کە بۆ پەیوەندیکردن لە شوێنە زەقە ڕزگاربووەکان لە ئاو کەڵکیان وەردەگرت، سەرلەنوێ بۆ هەزاران ساڵ لە یەکتر جیا بوونەوە. دەوروبەری دەریای بەستووی باکور ئیتر بۆ هەمیشە بەسەهۆڵ نەبەسترا و ئەوانەی ئێمە بەInuit (ئیسکیمۆ)، (لاپۆن) و (سیبیری) نشینیان دەناسین، بەسەر بەشی باکوردا بڵاوبوونەوە.

لەو سەردەمەدا، لە نێوان هەموو ئەو هەرێمانەی کە خەڵکیان لێ دەژیا، ڕۆژهەڵاتی نزیک واتە دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست (مەدیتەرانە)، دەریای خەزەر و کەنداوی فارس لەوانیتر بەرچاوتر بوون. دانیشتووانی ئاسیای ڕۆژئاوا یا ئاسیای ناوەندی هەروەک مرۆڤی سەردەمی بەردی دەژیان و وەک ئەوان ئامێری بەردییان دروست دەکرد. بەڵام چونکە تێکنیکەکەیان پتر گەشەی کردبوو، بە(نیولیتیک) مرۆڤی سەردەمی نوێی بەردی ناسران.

لە ڕۆژهەڵاتی نزیک ڕامکردنی یەکەم گیاندار و گەشەکردنەکانی تر ئاسایشی مرۆڤیان دەستەبەر کرد و ڕێگایان بۆ ئاسایشی پتری مرۆڤ خۆش کرد و ئەمەش ژمارەی دانیشتووانی بەرز کردەوە. لەبەر ئەوە، هێندێک جار ئەو قۆناخە بەسەردەمی شۆڕشی نیولیتیک ناو دەبەن کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم

بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان. ئەو پەیوەندییە چارەنووسییەی نێوان گەشەکردنی تێکنیک و ئاسایش و زیادبوونی کۆمەڵ، دیاردەیەکی بەردەوام و نەپساوەیە، کە لە هەزارەکانی دواییشدا دەبینرێت.

**ژمارەی دانیشتووانی زەوی دەگاتە چوار ملیۆن**: ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە هەشت هەزار ساڵ پ.زدا دەبێ چوار میلیۆن کەس بووبێ. پێنجسەد هەزاریان واتە یەک لە هەشتی ئەو ژمارەیە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک ژیاون. نازانین بۆچی دانیشتووانی ئەو هەرێمە لە ڕیزی یەکەمی پێشکەوتندا بوون. گەشەکردنیان ڕەنگە بەهۆی زۆربوونی گیاندار و ئاسان ڕامکردنیان لەو هەرێمەدا بووبێت. بەرەبەرە دەبینین کە هەرێمەکانی دیکەش ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە گەشەپێدانی شارستانییەتدا، بەڵام هیچ کامیان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیانتوانیوە لەم بوارەدا پێشەنگ بن. بەهەرحاڵ، زۆربوونی کۆمەڵ بەهۆی شۆڕشی سەردەمی بەردی ڕێگای بۆ گەشەکردن خۆش کرد. هەروەها لە هەر قۆناخێکدا کە ژمارەیەکی زیاتری خەڵک لە دەوری یەکتر کۆببنەوە، دەرەتانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە یەکێک لەوان پلان یا بیرێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراوی لێ ببینرێت. هەروەها هەرچەندە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مەزنتر و بەرینتر بێ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر و ویستی پەیداکردنی ڕێگاچارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرینتر دەبێت. ئەوە بەو واتەیە نییە کە زۆربوونی کۆمەڵ هەمیشە باش و بەقازانج بووە. دەستکەوتەکانی ئەم بۆچوونە کاتێک زەق دەبنەوە کە شوێنی پێویست بۆ جێنشینکردنی هەموو لایەک هەبێ.

هەرکە لە ناوچەیەکدا جێگە بۆ ژیانی کۆمەڵێکی پتر نەبێ، کێشەکان بەرەبەرە جێگەی دەستکەوتەکان دەگرنەوە. بەپاشەکشەکـــردنی سەهۆڵبەندانەکان و خۆشبوونی ئاو و هەوا، گیا و دانەوێڵەی خۆڕسک دەشت و مەزراکانیان داپۆشی و ئەمەش وای کرد کە گۆڕانی مەزن ڕوو بدات کە مرۆڤ لە دوای دۆزینەوەی ئاگرەوە نەیبینیبوو. ئەو ئاڵوگۆڕە، چاندن و کەڵک وەرگرتن لە چەشنی جیاوازی ڕووەک بوو. نزیکەی هەشت هەزار ساڵ بەرلە زایین، دانیشتووانی باکوری عێراق (باشووری کوردستان– ح) فێری چاندنی گەنم و جۆ بوون. ئەوان گەنمیان دەچاند، بەگوێرەی پێویست ئاویان دەدا و گیاکەڵەکانیان بژار دەکرد و ئاژەڵەکانیان لە زەوییە چانراوەکان دوور دەکردەوە. دوای پێگەیشتنی گەنم، دەیاندووری و هێندێکیان بۆ چاندنی ساڵی داهاتوو ڕادەگرت و ئەوی تریان دەخوارد. هەروەها فێربوون گەنم بکەن بەئارد و بۆ ماوەیەکی زۆرتر هەڵی بگرن و سەرئەنجام لە ئارد نانی ساف و ڕەق دروست بکەن. نانەکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕادەگرت و کەڵکی لێ وەردەگیرا.

**دۆزینەوەی کشتوکاڵ**: بەچاندنی دانەوێڵە، کار لەسەر زەوی دەستی پێ کرد. گەشەکردنی کشتوکاڵ بەدوای ڕامکردنی ئاژەڵدا بەواتای زیادبوونی خۆراک بوو. بەڵام کشتوکاڵ گەشەکردنێکی مەزنتر بوو لە ڕاگرتنی ئاژەڵ. ئاژەڵ گیای دەخوارد و دەیکردە گۆشت و بەڕادەیەکی زۆر وزەی ناو گیای لەناو دەبرد، لە کاتێکدا مرۆڤ بەخواردنی ڕاستەوخۆی گیا دەیتوانی بەڕادەیەکی زیاتر لە خواردنی گۆشت، وزە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەو بەشە زەوییەی کە بۆ چاندن تەرخان دەکرا، دەیتوانی بەرهەمی پتر بەبار بێنێ، تا ئەو بەشە



زەوییەی کە بۆ ڕاگرتنی ئاژەڵ دادەنرا. کێڵان و چاندنی زەوی ڕووی لە هەرشوێنێک دەکرد، زیادبوونی کۆمەڵێکی چاوەڕوان نەکراوی بەدواوە بوو. دیارە کاری کشتوکاڵ هێندێک زیانیشی هەبوو. کارکردن لەسەر زەوی، کارێکی دژوار بوو، ئەو خۆشی و ڕابواردنەی نەبوو کە مرۆڤ لە ڕاوکردن و تەنانەت ئاژەڵداریدا دەیبینی. جوتیارەکان لەو سەردەمەدا ناچار بوون پتر خۆیان ماندوو بکەن و بێگومان بەخەم و پەژارەوە گوێیان بۆ داستانە هەست بزوێنەکانی سەردەمی ڕاوکردن و ئاژەڵداریی باوانیان ڕادەگرت یا بەتاسەوە دەیانڕوانییە دراوسێ ئاژەڵدارەکانیان. هەستیان بەکاری قورس و تاقەتبڕی خۆیان دەکرد و هەرچەندە یارمەتییان لە ئاژەڵەکانیان بۆ کاری کشتوکاڵ وەردەگرت، بەڵام دیسان کارکردن لەسەر زەوییان بۆ دژوار بوو. لەبەر ئەوە، بێگومان یەکەم گوندنشینەکان، سەردەمەکانی ڕابوردوویان بە(سەردەمی زێڕین) ناودەبرد، کە ئەوکاتە پیاوەکان ڕاویان دەکرد و میوەی دارەکانیان دەچنی و لەوپەڕی ئازادیدا دەژیان. ئەمەش ئەو پرسیارە زەق دەکاتەوە کە بۆچی مرۆڤ دەستی لەو ژیانە خۆشە هەڵگرت و بۆ بەدەستهێنانی نانی ڕۆژانەی، خۆی تووشی زەحمەت و ڕژانی ئارەقی نێوچاوانی کرد. شیکردنەوەی هەرە ڕوون و ئاشکرا لەم بوارەدا، ئاماژەی کتێبی پیرۆزە بۆ بەهەشتی زەوی و گوناحە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، کە خودا مرۆڤی بەو تاوانانە لە بەهەشتی سەر زەوی بێبەری کردووە و ناچاری کردووە لەسەر زەوی کار بکات. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ بەئاواتی ژیانی خۆش و ئازادییەکانی ڕابوردوو بوو، نەیتوانی بگەڕێتەوە دواوە.

ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە کشتوکاڵیان لێ دەکرا، بەپەلە بەرز دەبووەوە، بەجۆرێک، کە لە ناوچەکانی‌تر هەست بەو زیادبوونە نەدەکرا. گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕاوکردن و بەخێو کردنی ئاژەڵ دەیتوانی خەڵک بەشێوەیەکی سامهێنەر توشی برسیەتی بکات. چاندن سەرەڕای کەموکوڕییەکانی، تەنیا ڕێگای تێرکردنی سگی خەڵک بوو. بەهۆی ئەم بەرزبوونەوە گومان هەڵنەگرەوە، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە زەوی بەکەڵکی چاندن دەهات، کاری کشتوکاڵ دەست پێ کرا. بەمەش مرۆڤ پێی نایە سەردەمی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ و بەرەبەرە سەردەمی ڕاوکردنی لەبیر کرد. ئەم قۆناخەی گەشەکردن بەزەقی لە کتێبی پیرۆز ئینجیلدا ئاماژەی بۆ کراوە، کە یەکێک لە کوڕەکانی (ئادەم و حەوا) بەناوی (هابیل) کە شوان بووە، بەدەست (قابیل)ی برای کە جوتیار بووە، کوژراوە. کشتوکاڵ گۆڕانێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا پێک هێنا. مرۆڤ بوونەوەرێکی گەڕۆک بووە و لە زەوییە پان و بەرینەکاندا بەشوێن دۆزینەوەی ڕوەکی خواردن و خۆراکی‌تردا گەڕاوە. ئاژەڵدارانیش بەنۆرەی خۆیان بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگەی باشتر، بەبەردەوامی لە کۆچکردندا بوون و لە ڕەشماڵدا ژیاون. ڕاوچییەکان و ئاژەڵدارەکان هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێگەیەک نەدەمانەوە، چونکە بەمانەوەی زۆر لە جێگەیەک کۆتایی بەلەوەڕ و ڕاوەکەیان هاتووە. ناچار بوون بەشوێن سەرچاوەی نوێی ژیاندا بگەڕێن و کاتێک گەڕاونەتەوە جێگەی پێشوویان کە نێچیرە بچووکەکان گەورە و گیایەکان سەرلەنوێ ڕواونەتەوە. هەروەها خێڵنشینەکان کەڵکیان لە کەلوپەلێک وەرگرتووە کە بەکەڵکی گواستنەوە هاتووە و لە کاتی کۆچکردندا کەلوپەلە زیادەکەیان بەجێ هێشتووە و بۆ ئەمەش ماڵی کاتییان هەبووە. یەکەم خانووی تا ڕادەیەک بەدەوام لەو جێگایانە دروست کراون، کە

کاری کشتوکاڵییان لێ کراوە و تا کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان لێی بوون. دانیشتووانی کاتی و نیوە کاتی نەیانتوانیوە کاری کشتوکاڵ بکەن و نەدەکرا زەوی چێنراوی بژارکراو بگوێزنەوە. وەرزێرەکان بەپێچەوانەی باوکەکانیان بەناچاری ژیانی نیشتەجێیان هەڵبژارد. واتای خاوەنداری لەو ڕۆژەوە گرنگایەتی بەرچاوی پەیدا کرد. کشتوکاڵ گۆڕانێکی مەزنی دیکەشی پێک هێنا. ئاژەڵدارە خێڵنشینەکان بێگومان لەسەر زەوی و لەوەڕگاکانیان تووشی شەڕ و پێکدادان دەبوون، بەڵام ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە زۆر جار خوێنی زۆری تێدا نەڕژاوە. لایەنی لاواز بەچاکی زانیوە کە شوێنەکەی بۆ لایەنی بەهێز بەجێ هێڵێ و بچێت لە جێگەیەکی تر بەختی خۆی تاقی کاتەوە و ژیانی خۆی و ئاژەڵەکانی بەقوربانی لەوەڕگەیەک نەکردووە، کە ماوەیەکی لێ بووە و پێویست بووە دوای ماوەیەکی تر بەجێی بێڵێ. سەرهەڵدانی دیاردەی کشتوکاڵ بەتەواوی ئەو شێوازەی گۆڕی. جوتیار ئازووقە و دانەوێڵەی وەرزی زستانی کۆکردووتەوە. ئەم کارە، لە لایەک خێڵنشینەکانی بەتەماح کردووە و لە لایەکی ترەوە کاتێک هێرشیان بۆ کراوە، نەیانتوانیوە زەوی و بەرهەمەکانیان لەگەڵ خۆیان بار بکەن و ئەگەر زەوییەکەیان لێ زەوت بکرایە، جگە لە مردن بەهۆی برسییەتی یا فرۆشتنی خۆیان بەشێوەی کۆیلە ڕێگایەکی تریان نەبووە، لەبەر ئەوە تا مردن بەرگرییان لە خۆیان و بەرهەمەکانیان کردووە.

**دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربازی:** کشتوکاڵ بۆ کۆمەڵە جیاوازەکان ئاسایشی پتری ژیانی پێک هێنا، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕ تێکەڵاوی ژیانی مرۆڤ بوو، بەچەشنێک کە تا ئێستاش یەخەی بەرنەداوە. بۆ ئەوەی کە جوتیارەکان پارێزگاری لە خۆیان و لە بەرهەمەکانیان بکەن، لە گروپی بچووکدا خۆیان ڕێکخستووە. مەزرا دووردەستەکان پارێزگارییان لێ نەکراوە و دوژمن پتر زیانی پێ گەیاندوون. ئەو کۆمەڵە بچووکانە بەیانییان چوونەتە سەر کێڵگەکانیان و ئێواران یا لە کاتی مەترسیدا گەڕاونەتەوە گوندەکانیان و هەموو پێکەوە بەرگرییان لە خۆیان و بەرهەمەکانیان کردووە.

شێوەیەکی تری سەرکەوتنی جوتیاران بەسەر دوژمندا دروستکردنی گوند لەسەر بەرزاییەکان بووە. بەم جۆرە، توانییان گوندەکانیان لە دەستدرێژی بپارێزن، کاتی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندەکانیان، لەسەر بەرزاییەکەوە بەرد و ئاگر و تیریان بەسەردا باراندووە و دوژمن توانای وەڵامدانەوەی بۆ دژوار بووە. دروستکردنی گوند لەسەر بەرزاییەکان پێویستی بەگەنجینە هەبوو بۆ ڕاگرتنی ئاو و عەمباری ڕاگرتنی ئازووقە. ڕێگاچارەی هەرە باش بۆ بەرگریکردن لە گوندەکان، دروستکردنی دیوار بەدەوری گوندەکاندابوو.

**پەیدابوونی شار:** گەشەکردنی کشتوکاڵ بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر گەشەکردنی گوند و دروستبوونی شار. لە شاردا هەر کەس زەوی کەمتر و ئازادیی هاتوچۆی بەرتەسکتر بووە. ڕێکخراوێک پێویست بوو کە ئازووقە دابەش بکات و پیسایی و پاشەڕۆکان کۆبکاتەوە و ئەرکی بەرگریکردنی هاوبەش لە ئەستۆ بگرێت. لەبەر ئەوە مرۆڤ بۆ دابینکردنی ئاسایش و پارێزگاریکردن لە خۆی، چاوی لە بەشێک لە ئازادییەکانی پۆشی. شار لە ناوەندی زەوی جوتیاراندا، کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی پێک هێنا



کە دواتر بەناوی دەوڵەت - شار ناسرا[1].

شارێکی خاوەن بەرگری و ئاوەدان پتر لە پێویستییەکانی بەرهەمی هەبووە، لەبەر ئەوە ژمارەیەک لە خەڵکی شار توانیویانە لە بری کار لەسەر زەویوزار، کاریتر بکەن. بەم جۆرە، پیشە و پیشەساز پەیدابووە. پیشەسازەکان ئامێر و کەرەسەیان دروست کردووە و بەرگیان دووریوە. سەرباز، بازرگان و ڕێبەریش پەیدا بوون کە لە بەرامبەر خزمەتکردن بەجوتیاران، لە لایەن ئەوانەوە ژیانیان دابین کراوە.

بەم جۆرە کۆمەڵگا دابەش کراوە بەسەر چینی جۆراوجۆردا و سەرئەنجام بەم شێوەیە پێک هاتووە کە ئەمڕۆ دەیبینین. لە قۆناخی دابەشکردنی ئەرکەکاندا، خەڵک کاری بۆخۆی کردووە و بەپەلە پلەی ژیانی بەرز بووەتەوە. لەبەر ئەوە دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە نزیکەی ٨- ٩ هەزار ساڵ بەرلە زاییندا[2] جووڵەیەک بووە بەرەو شارنشینی، کە تا ئێستا بەشێوەیەکی شێلگیر و سەرسوڕهێنەر لە هەموو جیهاندا بەردەوامە و درێژەی هەیە.

**هۆشیاریی شارستانییەت:** بەگەشەکردنی شارەکان، شارستانییەت بەو شێوەیەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین لە دایک بوو و بەدوای ئەودا شارستانییەتە مەزنەکان لە دەوری ناوەندە مەزنەکانی شار پێک هاتن. شارنشینی بەواتای لاتین بەدانیشتووانی شار دەڵێن و شارستانییەت هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەژیانی شارنشینەکانەوە هەیە. شارستانییەت ناسێنەری کۆمەڵ و تایبەتمەندییەکانی چاندنی زەوی و ژیانی کۆمەڵایەتییە. لەو سەردەمەدا شارستانییەت لە هەموو جێگەیەک گەشەی نەکردبوو، سەرەتا لە کۆمەڵی جیاواز و دوور لە یەکتر لە ڕۆژهەڵاتی نزیک سەری هەڵدا. هەشت هەزار ساڵ پ.ز. شارستانییەت هێشتا وەک دیاردەیەکی هەڵپەسێراوی گۆشەگیر بوو. لە باکوری عێراق (باشووری کوردستان–ح) و لە شوێنێک بەناوی (چەرمۆ) شوێنەواری شارێکی کۆن دۆزرایەوە، کە نزیکەی هەشت هەزار ساڵ پ.ز دروست کرابوو. چەرمۆ زەوییەکی هێندێک بەرزە. شوێنەوارناسێکی ئەمریکی بەناوی (ڕۆبیرت. جی. بردوود) لە ساڵی ١٩٤٨دا لەم شوێنەی کۆڵییەوە.

بردوود شوێنەواری بناخەی ژمارەیەک خانووی دۆزیەوە کە دیواری ناسکی قوڕینی و ژووری بچووکیان هەبوو. لەوە دەچێ کە دانیشتووانی چەرمۆ لە نێوان سەد تا سێسەد کەس بووبن. شارێکیتر کە ڕەنگە مێژووی دروستکردنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی سەرەتای کشتوکاڵ، شاری (ژریکۆ) لە نزیک (ژۆردان)ە، کە بەنووسینی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) دیوارەکانی بەهۆی دەنگی شەیپووری جوولەکە کۆچەرەکانەوە ڕووخاوە کە لە لایەن جێنشینی حەزرەتی موساوە سەرۆکایەتی دەکران. بەگشتی، سەردەمی نێوان ٩–٨ هەزار ساڵ پ.ز سەردەمێکە کە گۆڕانی قووڵ لە ژیانی مرۆڤدا پێک هاتووە. لەو سەردەمەدا کۆچەرەکان نیشتەجێ بوون.

---

(١) ئەوکاتە هەر شارەی خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووە و شارەکان بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە – ح.

(٢) لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا بە هەڵە سەدەی هەشتەمی بەر لە زانیین نووسراوە – ح.

ئەو گۆڕانەی کە بەهۆی دۆزینەوەی کاری کشتوکاڵەوە ڕووی داوە، ئەمڕۆ بۆ ئێمە ڕواڵەتێکی زۆر ساکار و ئاساییە، بەڵام ئەگەر کاری کشتوکاڵ نەدۆزرایەتەوە، دۆزینەوەکانی تر لە هەزارەکانی دواییدا بەئەنجام نەدەگەیشتن.

**٧٠٠٠ ساڵ پ.ز - مرۆڤایەتی پەرە بەتواناکانی خۆی دەدات:** مرۆڤ سەرەتا لەو ناوچانەدا کاری کشتوکاڵیان دەکرد، کە بارانی لێ دەباری، بۆ نموونە لە بنار و داوێنی تەپۆڵکەکاندا. لە ڕاستیدا بنار و داوێنی چیاکان زۆر لە گۆڕاندان و دەکرێ لە شێی ئەم ناوچانە پتر کەڵک وەربگیرێت. بەکۆتاییهاتنی سەردەمی سەهۆڵبەندان، ڕۆژهەڵاتی نزیک پتر بەرەو وشکایی چوو و کەمتر بارانی لێ دەباری. لەبەر ئەوە کێڵگەکانی نزیک بەڕووبارەکان جوتیارانی پتر دڵنیا کرد تا زەوییە دێمەکان. یەکەم جار جوتیارانی باکوری عێراق (باشووری کوردستان–ح) لە نزیک ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات کەڵکیان لە ئاوی ئەو دوو ڕووبارە وەرگرت بۆ کێڵگەکانیان. لە هەرێمی فەلەستینیش لە ڕووباری نیل بۆ کێڵگەکانی نزیکی ڕووبار کەڵک وەرگیرا. نزیکەی حەوت هەزار ساڵ پ.ز کشتوکاڵ لە نێوان ئەو سێ ڕووبارانەدا شێوازێکی بەرچاوی بەخۆیەوە گرت و ئەمەش یارمەتی بەگەشەکردنی شارستانی دا لە هەرێمێکی بەرفراوانتردا. یەکەم ناوچەی ئەو هەرێمە، ناوچەی نێوان دیجلە و فوڕات بوو کە یۆنانییەکان میسۆپۆتامیایان پێ دەگوت و ناوچەکەی‌تر، زەوییەکانی دەوروبەری ڕووباری نیل بوو، کە یۆنانییەکان ناویان نا میسر. ئەم ناوە هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە.

**دەستپێکردنی ئاودێری:** هەرچەندە ئاوی ڕووبارەکان سەرچاوەیەکی دڵنیاکەرن لە بەرامبەر ئاوی باراندا، بەڵام ئاوی باران بەبێ دەستێوەردانی جوتیار هەموو شوێنێکی کێڵگەکان ئاودەدات. ڕووبارەکان تەنیا لەکاتی هەستانی سێڵاودا، زەوییان پێ ئاو نادرێت. جوتیارە کۆنەکان بۆ ئەوەی کە لەو گرفتە ڕزگاریان بێت، بیریان لە هەڵبەستنی کەناڵی ئاو کردەوە. بەو جۆگەلە ئاوانەدا لە ڕووبارەکانەوە ئاویان بۆ کێڵگەکانیان دەبڕی و پاراویان دەکردن، بەڵام جۆگەی ئاویش پێویستی بەچاودێری و ڕاگرتنی بەردەوام هەبوو. دەبووایە لە خاوێنکردنەوەیان خافڵ نەبن و نەهێڵن قوڕ و لیتە لە نێویاندا کۆببێتەوە و پێش بەچوونی ئاو بۆ کێڵگەکانیان بگرێت. هەروەها پێویست بوو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی زیادەی ڕووبارەکان ژمارەیەک گۆل هەڵبەستن. جارێکی دیکەش کاری دژوار دەستی پێ کردەوە، کە بەڕواڵەت پارەدان بوو بۆ ڕاگرتنی ئازووقەکانیان. جگە لەوە، ئاودێری کارێکی بەکۆمەڵ بوو، کە پێویستی بەڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بەردەوام هەبوو. گەشەکردنی تێکنیکی ئاودێری ئاهەنگی هاوکارییەکانی لە پرۆسەی هەوڵدانەکانی مرۆڤ لە شارەکاندا دەستەبەر کرد. یەکەم ناوچەی نیشتەجێ بوون لە نزیک ڕووبارەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەوت هەزار ساڵ پ.ز. ئەو شارانەی کە لە نزیک ڕووبارەکان دروست کران، ماوەیەک نەیانتوانی خۆ بگەیەننە ئەو شارانەی کە پێشتر لەوان دروست کرابوون.

لەو سەردەمەدا، بێگومان (ژریکۆ) شاری هەرە گەورەی جیهان بوو، کە پانتایی دەگەیشتە نزیکەی



چوار هێکتار و نزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد دانیشتووی هەبوو. تەنانەت لەو سەردەمە سەرەتاییەشدا، کە شارستانییەت تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، دەبووایە لە ڕەوتی گەشەکردندا خۆی سەقامگیر بکات. شارستانییەت ناسێنەری هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بوو بۆ داسەپاندنی داخوازەکانی خۆی بەسەر سروشتدا، نەک قبووڵکردنی ڕیتم و ئاهەنگی سروشت بەسەر خۆیدا و ئەم هەوڵدانەش بەنۆرەی خۆی گیروگرفتی نوێی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنا. ئاودێری کە بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی بەرین تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، ڕێگای بۆ مرۆڤ کردەوە کە لەو ناوچانەشدا نیشتەجێ بێت کە ئاو و هەوایان باش نەبووە. دۆزینەوە تێکنیکییەکان کە بەدوای ئاودێریدا ئەنجامیان گرت، مرۆڤیان بەدەسەڵات گەیاند.

**٦٠٠٠ ساڵ پ.ز - گەشەکردنی تێکنیک:** نزیکەی شەش هەزار ساڵە کە کاری کشتوکاڵ لە ڕۆژئاوا و باکوری میسۆپۆتامیاوە ڕەگاژۆی کردووەتە ئاسیای بچووک و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕێگای بۆ گۆڕان و دۆزینەوەکان خۆش کردووە. ئەمە ئەو ساتە مێژووییەیە کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا برنجیان چاند، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ برنج یەکێکە لە لایەنە سەرەکییەکانی خۆراکی ئەم ناوچەیە.

شارە نوێیەکان هەوڵی پێشبڕکێیان لەگەڵ شارە کۆنەکان دا. شارێک لە ناوچەی (ساتال هۆیوک) لە ناوەندی باشووری ئاسیای بچووک دامەزرا کە لە شەش هەزار ساڵ پ.زدا شاری هەرە مەزنی جیهان بوو. شوێنەواری ئەم شارە، ساڵی **١٩٦١** لە لایەن شوێنەوارناسی ئینگلیز (جەیمز میلارت) دۆزرایەوە کە پانتایی دوانزدە هێکتار بوو.

**دەستپێکردنی سێرامیک** (Ceramic): لە ناو دۆزراوەکانی ساتال هۆیوکدا شوێنەوارێکی گرنگی‌تری سەردەمی بەرلە مێژوو بەرچاو کەوت، کە بریتی بوو لە دۆزینەوەی دەفر و گۆزە و دیزەی گڵی سوورکراوە. دۆزینەوەی سواڵەت کارتێکەریی تایبەتی هەبوو لە ناو دۆزراوەکاندا، چونکە بەئاسانی دروست دەکران و هەر ئەمەش وای کردبوو کە ژمارەیەکی زۆریان لێ دروست بکرێت. هەروەها بەپێچەوانەی شتی‌تری باو، سواڵەت پتر خۆی ڕادەگرت و دەمایەوە. سواڵەت جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دۆزی ئەو گیاندارانە نەبوو کە فۆسیلیان لێ دەمایەوە. لە کاتێکدا گیاندارەکانی بەر لەوان کە لەشیان نەرم و پێستی سەختیان نەبوو بەتەواوی لەناودەچوون. سێرامیک شاهیدی ڕاستەوخۆی ئەو ڕاستییەیە کە لە سەردەمەکانی بەر لە پەیدابوونی نووسیندا هەبووە.

دۆزینەوەی سێرامیک نیازی مرۆڤە ساماندارەکانی بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی پێویستییەکانیان دەستەبەر کرد. سەرەتا مرۆڤ تەنیا لە دەفری سروشتی واتە پەنجە و بازووی خۆی کەڵکی وەردەگرت، بەڵام پەنجە و بازووی مرۆڤ چوارچێوەیەکی بەرتەسکی هەبوو. کەڵک وەرگرتن لە کەوڵ و پێستی گیاندارانیش ئاسان نەبوو، چونکە ئەوانیش وشک و قورس بوون. لە کوولەکەش کەڵک وەردەگیرا، بەڵام کوولەکە لە هەموو جێگەیەک نەدەڕوا. مرۆڤ فێری دروستکردن و چنینی سەبەت (سەوەتە) بوو بەفۆڕم و ئەندازەی جیاواز لە گیا و ڕیشاڵ و توێڵکی دار. بەڵام سەبەتە تەنیا بۆ گواستنەوەی شتی سەخت و

وشک دەبوو، کە لە کون و کەلێنی چنراوەکانەوە دەرنەچن. لەبەر ئەوە نەیاندەتوانی لە سەبەت بۆ گواستنەوەی ئارد، ڕۆنی زەیتوون و بەتایبەتی ئاو کەڵک وەربگرن. بڕیاریان دا نێو سەبەتەکانیان بەقوڕی گڵی سوور (ڕۆس) سواخ بدەن. سەبەتە سواخکراوەکانیان لەبەر تیشکی خۆردا وشک دەکردەوە و کەڵکیان لێ وەردەگرتن، بەڵام دوای ماوەیەک گڵە سوورە وشکەکە هەڵدەوەری. کەسێک لەوان بەو ئاکامە گەیشت کە لە جیاتی سواخکردنی سەبەتە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە گڵی سوور، دەفر و کەلوپەلی پێویست دروست بکات و دوای وشک کردنەوەیان لەبەر تیشکی خۆردا کەڵکیان لێ وەرگرێت و بەم جۆرە دەفر و کەلوپەل بەقوڕی خاو بەدەست هات.

چونکە تیشکی خۆر نەیدەتوانی یارمەتی مانەوە و خۆڕاگریی کەلوپەلە دروستکراوەکان بدات، بیریان لە ڕێگاچارەیەکی تر کردەوە، کە ئەویش دانانی گڵی سوور بوو لە ناو ئاگردا. بەم جۆرە دەفر و گۆزەی سوورکراوە پەیدا بوو. ئەمە یەکەم تێکنیک بوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە ئاگر بەدەست دەهات. تا ئەوکاتە تەنیا بۆ ڕووناکی، گەرمکردن و برژاندنی گۆشت کەڵکیان لە ئاگر وەردەگرت. لە شەش هەزار ساڵ پ.ز.ەوە، دروستکردنی کاسە و گۆزەی سێرامیکی پەیدا بوو.

کەلوپەلی سێرامیکی تەنیا بۆ ڕاگرتن و گواستنەوەی شلەمەنی کەڵکی لێ وەرنەگیرا، بەڵکو بۆ لێنانی چێشتیش کەڵکیان لێ وەردەگرت و بەم جۆرە سێرامیک ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە خۆراکی ڕۆژانەی خەڵکدا پێک هێنا. دروستکردنی سەبەتە بەردەوام بوو و ڕۆژێک لە ڕۆژان بەو بیرە گەیشتن کە بەتاڵی (هەودا) باریکتر و بە هەمان شێوە خۆڕاگری بەگیای کەتان سەبەتە دروست بکەن. شەش هەزار ساڵ پ.ز، بێگومان کەتان یەکەم گیا بوو کە بەدوور لە مەبەستی خواردن چانرا و بەڕستنی ڕیشاڵی کەتان پەت و تاڵی باریکیان دروست کرد. نابێت ئەوە لە بیر بکرێت کە وشەی پەت یان تاڵ باریک بەهۆی باریکی و شێوەی ئەو ڕیشاڵانەوە ناونراوە.

**چنینی قوماش**: کشتوکاڵ لە ڕۆخی ڕووبارەکاندا پتر لە پێشوو برەوی پەیدا کرد و ڕووبار بوو بەیەکێک لە دیاردە سەرەکییەکان لە ڕەوتی تێکەڵاویی مرۆڤدا. یەکێک لە لایەنەکانی کەڵک وەرگرتن لە کەتان، چنینی تۆڕی ماسیگرتن بوو بۆ ڕاوکردنی ماسی لەو ڕووبارانەدا، کە ماسییان هەبوو. بەرەبەرە تۆڕەکان بەتاڵی باریک چنران و سەرئەنجام بەتاڵی کەتان فێری تێکنیکی قوماش چنین بوون. پەیدابوونی قوماشی کەتان و دواتریش لۆکە و خوری گۆڕانیان بەسەر داپۆشینی لەشی مرۆڤدا هێنا. نەرمی و سووکبوونی قوماش و دوورینی بەرگ بۆ داپۆشینی لەش تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

ڕووبار دەیتوانی هۆیەکیش بێت بۆ دامەزراندنی پەیوەندیکردن. ئاوی ڕووبار وەک زەوی بەرزی و نزمی نییە، بەڵام پێویست بوو شتێک بدۆزرێتەوە کە لەسەر ئاو بمێنێ و نوقم نەبێت. مرۆڤ زۆر زوو توانی جۆرە دارێک بۆ ئەم مەبەستە بدۆزێتەوە. شەش هەزار ساڵ پ.ز توانییان بەبەستنی چەند لکە دار لە یەکتر (کەڵەک) دروست بکەن. ئەم کەڵەکانە بەبەردەوامی ڕاوکەرەکانیان لەسەر ئاو ڕادەگرت و ئەوانیش ئاسانتر لە ڕاوکەرەکانی ڕۆخی ڕووبارەکان ماسییان دەگرت. ماوەیەک لەجیاتی سەوڵ بۆ ئاژووتنی



کەڵەک لە پەنجە و بازووی خۆیان کەڵکیان وەرگرت. کۆنترۆڵی ئاو دیاردەیەکی نوێ بوو، بۆ ئەوەی مرۆڤ پەرە بەهێز و توانای خۆی بدات. ماوەی ڕێگای هاتوچۆکان بەشێوەیەکی هەستپێکراو کورت بووەوە و گرفتی ڕاگواستن بەڕادەیەکی زۆر چارە کرا. بەلەمەوانی لە ڕووباردا، سەرلەنوێ ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لێک نزیک کردەوە کە بە دەیان کیلۆمەتر لە یەکتر دوور بوون و پەیوەندیی بەردەوامی لە نێوانیاندا پێک هێنایەوە و تەنانەت ڕێگای بۆ کردنەوە کە لە کێڵگەی تریش بۆ چاندن کەڵک وەرگرن. ئەمانە لەگەڵ ڕامکردنی ئاژەڵ هەنگاوەکانی گەشەکردنیان توند کرد و یارمەتییان دا بەئاسایشی مرۆڤ. تەنانەت گای کێوی کە لە ڕاستیدا لە بنەچەی گا و چێڵی ئەمڕۆن ڕام کران. مرۆڤ بەڕامکردنی ئاژەڵ دەستی گەیشتە گۆشت، کەوڵ، شیر، ماست، ڕۆن و... تد. بەهۆی گەشەکردنی مرۆڤ، باوانمان توانییان بەتەواوی کەڵک لە سروشت و بوونەوەر وەرگرن و بەنزیکبوونەوەی پێنج هەزار ساڵ پ. ز، توانیمان ببین بەشاهیدی لەدایکبوونی چوارچێوەی کۆمەڵگای مۆدێرن لە داهاتوودا.

**٥٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا، دەسەڵاتدارییەتی شارەکان**: بەدەستپێکردنی هەزارەی پێنجەمی پ.ز تەمەنی شارستانییەت لە شیوەکانی دیجلە و فوڕاتدا گەیشتە سێ هەزار ساڵ. بەگەشەکردنی تێکنیک، کە بەشێوەیەکی هەستپێکراو پلەی ژیانی مرۆڤی بەرز کردەوە، شارستانییەت لە شوێنەکانیتری جیهاندا لە گەشەکردندا بوو.

**هاتنی سۆمەرەکان بۆ نێوان دیجلە و فوڕات**: لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک مرۆڤی نوێ، واتە سۆمەرەکان هاتنە میسۆپۆتامیا. نازانین لە چ جێگایەکەوە هاتن و ئەمەش سەرەڕای هۆ جیاوازەکانی، هۆیەکی دەگەڕایەوە سەر شێوەی قسەکردنیان، کە زمانیان لە ڕیشەی هیچ کام لەو زمانانە نەدەچوو کە بۆ ئێمە ناسراو بێت. سۆمەرەکان زۆر بەهۆش و تێگەیشتوو بوون و ئەزموونی باوانیان پاراستبوو و گەشەیان پێ دابوو. سۆمەرەکان سەرچاوەی ئەسڵیی یەکەم شارستانییەتی مەزن بوون.

**دەوڵەت - شار شکڵی سەرەکیی ڕێکخستنی سیاسی**: لە سەرەتای پێنج هەزار ساڵ پ.ز.دا، سۆمەرەکان لە بەشی خوارووی ڕووباری فوڕاتدا دەوڵەت- شاریان دامەزراند و لەو بەشانەی کە دەستیان پێ ڕادەگەیشت، گەشەیان بەکاری ئاودێری دا. شاری هەرە مەزن لەو سەردەمدا، شارەکانی سۆمەر بوون. هەروەها لە بابەت چارەسەرکردنی گرفتی کەشتیرانیدا خۆمان بەقەرزداری سۆمەرەکان دەزانین. هەموو دەزانین کە ئاژوتنی کەڵەک لە ڕەوتی ئاودا ئاسانترە تا بەپێچەوانەی. لەوە دەچێ کە سۆمەرەکان یەکەم کەس بووبن کە چارۆکەی بەلەمیان لە قوماشی ئەستوور و بەهێز بۆ ڕاگرتنی تەوژمی با لەسەر بەلەمەکانیان هەڵواسیبێت و بەم جۆرە توانییان بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەوە کەڵەک بئاژۆن. ئەو کاتە، میسۆپۆتامیای خواروو ناوی سۆمەری بەخۆیەوە گرت. هەرچەندە لە کتێبی پیرۆزدا (سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێی) پێی دەگوترێت و وڵاتی (شینەئا) و ئەفسانەی ناسراوی قەڵای بابلیان گەڕاندووەتەوە سەر ئەو وڵاتە و دانیشتووانی لە ژمارە نەهاتوویان بەدانیشتووانی باخی عەدەن یا بەهەشتی سەر زەوی ناوبرد.




**پیاوی ئایینیی شار و ڕێبەرانی دەوڵەت شار:** لە بۆچوونی سیاسیشدا قەرزداری سۆمەرەکانین: بەرەبەرە کە دەوڵەت- شار گرنگایەتی پەیداکرد، ڕێبەرانی هەستیان کرد کە بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کۆمەڵ پێویستیان بەدەسەڵاتێکی گومان هەڵنەگر هەیە. ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسییان بەسەرچاوەیەکی گومان هەڵنەگری وەک خوداوە بەستەوە. ڕێبەر لە بەرگی پیاوی ئایینیدا خۆی ناساند و توانی لەو ڕێگایەوە لە نێوان خەڵک و خوداکاندا نێوبژیکەر بێ و بەم جۆرە گەشەیان بەوڵاتەکەیان دەدا و سەقامگیری و سەرکەوتنی خۆیان و حکومەتەکەیان مسۆگەر دەکرد. دوای ئەوە، حاکم کۆڕی ڕۆحانییەت (ڕیش سپی گوند و دیوەخان)ی پێک هێنا، کە لە ناو حکومەتدا ڕۆڵی دیوانسالارییان لە ئەستۆ بوو. هەروەها سۆمەرەکان پەرستگایان دروست کرد. پەرستگاکان بوون بەشوێنی کۆبوونەوەی پیاوی ئایینی و ڕوحانییەت و گەنجینەی ئەرشیڤ و دۆسیەکانی حکومەت و ڕاگرتنی گەنم و دانەوێڵەی شار و حکومەت. ئایین شکڵی ڕێکخستنی بەخۆیەوە گرت و بوو بەیەکێک لە بنەماکانی بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵات کە تا ئێستاش بەم جۆرەیە. لەو سەردەمەدا بوو کە کشتوکاڵ لە ڕۆخی ڕووبارەکان و ڕێکخراوە ئایینییەکان لە پەنای یەکتر لە درێژەی ڕووباری نیلدا گەشەیان سەند. میسر و سۆمەر لە بواری جوگرافیاییەوە بەڕادەیەک لە یەکتر نزیک بوون کە جەماوەری ئەو دوو هەرێمە بتوانن هاموشۆی یەکتر بکەن و ئەمەش وای کرد کە پەیوەندییەکانی بازرگانی پێ بگرێت و ئاگادارییەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن. بێگومان ئەم دوو وڵاتە زۆریان سود لە بۆچوونەکانی یەکتر وەرگرت، بەڵام گەشەکردن لە بەشەکانی تری جیهانیش بەردەوام بوو. بۆ نموونە ڕامکردنی (لاماو ئاڵپاگا)، (ئامۆزا کورتە باڵاکانی حوشتری ئاسیایی و ئەفریقایی) لە باکوری چیای (ئاند) لە ئەمریکای باشوور ئەنجامی گرت. جوتیارەکانی مەکسیک فێری چاندنی لۆکە و (ئاڤکات) Avocat بوون کە (جۆرێک میوەیە و لە هەرمێ) دەچێت، هاوکات چاندنی دارخورما لە



باشووری ئاسیا دەستی پێ کرد. لە دەشتەکانی باکوری دەریای ڕەش ئەسپ ڕام کران و ئەمەش گۆڕانێکی زۆری لە بواری گواستنەوە و گەیاندندا پێک هێنا و بەڕادەی بەلەمەوانی لە ڕووبارەکاندا گرنگ بوو.

**دانیشتووانی زەوی ٥،٠٠٠،٠٠٠ کەس:** لەو هەزار ساڵەدا، دەوڵەت- شار کە بەهۆی پیاوانی ئایینییەوە بەڕێوە دەچوو، وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی خۆی زەق دەکردەوە و تێکنیکی نوێ ڕێگای بۆ گەشەکردن و جووڵەی پتری مرۆڤ خۆش کرد.

**٤٠٠٠ ساڵ پ.ز - لە سەردەمی بەردەوە بۆ سەردەمی ئاسن:** بەحسابی (جەیمز یوشێر)، جیهان دەبێ چوار هەزار ساڵ پ.ز پەیدا بووبێت. لێکۆڵینەوەکانی دوایی سەلماندیان کە ئەم مێژووە جێگەی باوەڕ نییە و لەگەڵ مێژووی دروستبوونی جیهان یەک ناگرێتەوە، چونکە لە چوار هەزار ساڵ پ.ز.دا، مێژووی شارستانییەت کە زۆر دواتر لەو مێژووە تۆمار کراوە، چوار هەزار ساڵ تەمەنی هەبووە.

**دامەزرانی ئوور:** شاری سۆمەر (ئوور) بەدروستی چوار هەزار ساڵ پ.ز لە شوێنی یەکگرتنەوەی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات لەگەڵ کەنداوی فارس دامەزراوە. لەو سەردەمەدا، دیجلە و فوڕات بەشێوەی جیاواز دەڕژانە نێو کەنداو. لە ماوەی شەش هەزار ساڵی دواییدا ئاوی دەریا بەهۆی ڕۆچوونی دەریا نزیکەی ٢٥٠ کیلۆمەتر بەرەو دواوە کشایەوە. ئێستاش شوێنەواری شاری ئوور لە کەناری دەریا لەو جێگایەی کە دیجلە و فوڕات یەک دەگرنەوە و ماوەی هەشتا کیلۆمەتری دوایی تا کەنداوی فارس دەپێون، بەرچاو دەکەوێت.

بۆ ماوەیەکی زۆر ئوور گرنگترین شار و ڕەنگە مەزنترین شاری جیهان بووبێت. زانیاریی ئێمە بەتایبەتی دەربارەی ئوور و بەگشتی دەربارەی سۆمەر دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی (چارلز لیۆناردولی ١٨٨٠-١٩٦٠) کە لە ساڵی ١٩٢٠دا نووسیونی.

لە سەرەتای ئەو هەزارەیەدا کە ئێمە دەربارەی دەدوێین، دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی نزیک زانیارییان لە شێوەی دروستکردنی شەراب بەهۆی ترێی ترشاو و بیرە بەهۆی جۆوە هەبووە. سەرکەوتنی مرۆڤ لە دروستکردنی ئەلکهول و خواردنەوەیدا، کە سڕبوونی بەدواوەیە، تا ئەمڕۆش بەرچاوە و بەبەردەوامی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. کارتێکەریی ئەم خواردنەوەیە بۆ دروستکەرانی شاراوە بووە و نەیانزانیوە کە ئەلکهول دەتوانێت بوونەوەری وردی بەچاو نەبینراو بکوژێت. کەڵک وەرگرتن لە شەراب و بیرە مەترسی کەمتری هەبووە لە ئاو بۆ پێشگیری کردن لە تەشەنەی نەخۆشییە گیرۆیەکان کە بەبەردەوامی لە بەرامبەر پیسایی گیاندار و مرۆڤدا سەریان هەڵدەدا، بەڵام جیاوازیی ئەو هەزارەیە لەگەڵ هەزارەکانی ڕابوردوو لە دۆزینەوەی شەراب و بیرەدا نییە، بەڵکو لەوە دایە کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر تێکنیکی دروستکردنی ئامێردا هاتووە. تا ئسێرامیک دروست دەکرد.

لەبەر ئەوەیە کە هێندێک جار بەسەردەمەکانی بەر لە چوار هەزار ساڵ پ.ز دەڵێین سەردەمی بەرد. ئەم



گوتنە شەستساڵ پ.ز لە لایەن شاعیرێکی ڕۆمییەوە بەناوی (لوکرۆس ٩٥-٥٥ پ.ز) بڵاوکرایەوە و بەهۆی شوێنەوارناسی دانمارکی (کریستیان جۆرجسۆن تامسۆن ١٧٨٨-١٨٦٥)، لە ساڵی ١٨٣٤دا جێی گرت. ئامێرە دروستکراوەکان لە بەرد زۆریان خزمەت کرد، بەڵام کەموکوڕیشیان هەبوو. بێگومان مرۆڤی ئەو سەردەمە هەموو هەلێکی دەقۆستەوە بۆ ئەوەی دەستی بەئامێری باشتر بگات. ئەمەش وای لێ کرد کە هەستی بەرەو تاشە بەردی ڕوونتر و سەختتر ببزوێت کە لە بەرامبەر زەبر لێداندا خۆیان ڕادەگرت و نەدەشکان، بەڵکو خوار دەبوونەوە. ئەم بەردانە کە ناوی ئاسنیان لێ نرا، سروشتێکی تایبەتییان هەبوو. دەیان جۆرە ئاسنمان هەیە کە زۆربەیان شتیتریان تێکەڵاوە. لەو نێوەدا، مس و زێڕ و زیو بێ خەوشن و شتیتریان تێکەڵاو نییە و لەوانی تریش کەمترن.

وشەی ئاسن لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە و واتای بەشوێنداچوون و کۆڵین و هەڵکەندن دەدات. لە سەرەتادا لە کلۆی وردە ئاسن بۆ جوانی و هەڵواسین بەخۆیانەوە کەڵکیان وەردەگرت و شکڵی جۆراوجۆریان لێ دروست دەکرد. بۆ کەڵک وەرگرتن لە بوارەکانی تردا پێویست بوو ژمارەیەکی زیاتر بدۆزنەوە و ئەمەش یارمەتی مرۆڤی دا کە بەشوێن بەردە تێکەڵاوەکانی کانزاکاندا بگەڕێت. ئەو ئاسنەی کە پتر خوازیاری هەبوو، مسی تێکەڵاو لەگەڵ (کاربۆنات) Carbonatی ئاوی ڕەنگ بوو کە کاربۆن و (ئۆکسیژێن) Oxygenی تێکەڵە. دۆزینەوەی ماکی (مادە) تێکەڵاو لەگەڵ ئاسن، بێگومان دەستکەوتێکی بەهەڵکەوت بوو کە مرۆڤ دەستی پێی گەیشتووە. لەسەر بەردێک کە ماکی مسی تێکەڵاو بووە، ئاگریان کردووەتەوە. بەهۆی گەرمای ئاگرەکە، کاربۆنی تێکەڵاوی دارە سووتاوەکان تێکەڵی ئۆکسیژێن بوون و لە ئاکامدا بەدوای دەرچوونی گازی کاربۆن، مس بەجێ ماوە. کەسانی نزیکی ئاگرەکە کە مرۆڤی تێگەیشتوو بوون، لە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا وردە مسی بچووک دەبینن، کە پێشتر بۆیان ئاشنا نەبووە. ئەو کەسە وردبینانە بیریان لە دۆزینەوەکەیان کردووەتەوە و لەو پەیوەندییەدا بەشوێن دۆزینەوەی مسی کانزاکاندا گەڕاون.





**دۆزینەوە و تواندنەوەی ئاسن:** دوای ئەوە، ئاگر کردەوەیەکی گرنگیتری لێ بینرا. بەهۆی ئاگرەوە، نزیکەی چوار هەزار ساڵ پ.ز، تواندنەوەی ئاسن دەستی پێ کرد و ئەمەش ڕێگای بۆ مرۆڤ کردەوە کە لە دەستکەوتەکانی شارستانییەت کەڵک وەربگرێت و مەرگی سەردەمی بەردی مۆربکات. ئەم هونەرەش وەک گشت تێکنیکە نوێیەکانیتر کە شوێنی دۆزینەوەیان بێگومان ڕۆژهەڵاتی نزیکە، گەشەی سەند و ڕووی کردە ناوچەکانیتر، بەڵام نەیتوانی لە دەریاکان بپەڕێتەوە. تواندنەوەی ئاسن بۆ ئەمریکا و ئوستralیا بەنەناسراوی مایەوە و سەرئەنجام دانیشتووانی ئەو هەرێمانە بۆ خۆیان نەیانتوانی ئەو تێکنیکە بدۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شارستانییەت درێژەی بەگەشەکردن دا و لە شاریتریش دەوڵەت دامەزران. چوار هەزار ساڵ پ.ز لە نزیک ڕووباری (سەند) لە پاکستانی ئەمڕۆ دەوڵەت - شار دامەزرا و شوێنەوار ناسێکی ئینگلیز بەناوی (جان هۆمبرت مارشال، ١٨٧٦-١٩٥٨)، لە ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢دا شوێنەواری ئەو شارە دێرینەی دۆزییەوە.

**دانیشتووانی زەوی دەگاتە حەوت میلیۆن:** بەدەستپێکردنی هەزارەی چوارەمی پ.ز ڕۆڵی مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بەرچاو بوو. چوار هەزار ساڵ فێری ئەوەی دەکرد، کە مرۆڤایەتی بنەماکانی بەهێزی شارستانییەت لەسەر زەوی دابڕێژێت.

**٣- دەستپێکردنی مێژوو: لە ٣٠٠٠ ساڵ تا ١٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا**

**٣٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا- شۆڕشی نووسین:** چەند گۆڕانکارییەکی گەورە لە سەدەکانی نێوان چوار هەزار تا سێ هەزار ساڵ پ.ز.دا ڕوویان دا. تواندنەوەی ئاسن جیهانی بەرەو سەردەمی برۆنز پاڵ پێ وەنا و کەڵک وەرگرتن لە چەرخ (تایە)ی کردە باو، بەڵام سەرەڕای گرنگایەتی ئەم دووانە، نووسین پلەیەکی باڵای بەدەست هێنا. چونکە لە ڕێگای نووسینەوە دەتوانین لە ڕابوردوو ئاگادار بین.

سەرەتا باس لە بڕۆنز دەکەین. پەیدابوونی بڕۆنز بەپەیدابوونی مس دەست پێ دەکات. کاتێک مرۆڤ فێری جیاکردنەوەی مس لە بەردی کانزاکان بوو، بەڕادەیەکی زۆر مسی دەست کەوت، بەڵام مس بۆ دروستکردنی ئامێر، ماتریالێکی باش نەبوو. جگە لەوە، چەقۆی بەردییش بەزوویی کول نەدەبوو، بەڵام تیژکردنەوەشی زۆر دژوار بوو و بەئاسانی تیژ نەدەکرایەوە. چەقۆی مسی بەلێدانی چەند زەبر دەگەڕایەوە سەر حاڵەتی پێشووی، بەڵام خۆی ڕانەدەگرت و زوو کول دەبووەوە و دەبووایە بەبەردەوامی خەریکی تیژکردنەوەی بن. دوایی مرۆڤ تێگەیشت کە هەموو مسەکان بەم جۆرە نین. هێندێکیان پتر خۆیان ڕادەگرن و بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەوانە تێکەڵاوێکن لە مس و قەڵایی بەڕادیەکی دیار، کە ناویان نا بڕۆنز. چەقۆی دروستکراو لە بڕۆنز بۆ ماوەیەکی زیاتر خۆی ڕادەگرێت و زوو کول نابێت و بەئاسانیش دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی پێشووی.

**سەرەتای سەردەمی بڕۆنز:** لە ۳۰۰۰ ساڵ پ.زدا، سۆمەرەکان و دراوسێیەکانیان بەشێوەیەکی بەرین کەڵکیان لە بڕۆنز وەرگرت. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئاسیای ڕۆژئاوا پێی نابووە ناو سەردەمی بڕۆنزەوە.

ئێمە لە بوارێکی دیکەشەوە قەرزداری سۆمەرەکانین. ئەو گەلە زۆر لێهاتووە، چەرخیان دروست کرد کە دۆزینەوەیەکی چارەنووسییانە بوو. یەکەم بەش و ڕەنگە یەکەم کەڵک وەرگرتن لەم ئامێرە، لە کاری دروستکردنی کەلوپەلی سێرامیکی بوو. پێشتر و بەرلەوەی کە کەڵک وەرگرتن لە چەرخ بدۆزرێتەوە، خەڵک بەدەست پێویستییەکانی خۆیان دروست دەکرد و ئەمەش بەشێوەیەک بوو کە کەلوپەلە دروستکراوەکان لە گڵی سوور خوار و خێچ دەبوون. ئەم چەرخە بریتی بوو لە تەختە بەردێکی پان (بەچەشنی بەرداش)، کە ناوەندی بەردەکەیان هێندێک دەکۆڵی و لەسەر تەوەرەیەک دایان دەنا. گڵە سوورەکەیان دەکردە قوڕ و دەیانخستە سەر چەرخەکە و بەتوندی دەیانسووڕاند. لەو حاڵەتەدا پەنجەی دەستیان دەخستە سەر قوڕەکە و زۆر بەئاسانی قوڕەکەیان ساف دەکرد و شێوەی جۆراوجۆر و دەفر، گۆزە و دیزەی گڵی و کەرەسەی پێویستیان لێ دروست دەکرد.

**کەڵک وەرگرتن لە چەرخ بۆ ڕاگواستن و گەیاندن:** بەدۆزینەوەی چەرخ مرۆڤ تێگەیشت کە دەتوانێت بەدانانی چوار چەرخ، ڕەوڕەوە (عەرابانە) دروست بکات. بەم مەبەستە دوو چەرخیان لە پێشەوە و دوو چەرخیشیان لە دواوە بەدوو سەرەدار بەقایشی چەرم لە تەوەری چەرخەکان بەست و کاتێک چەرخەکان دەسووڕان، ڕەوڕەوەکەش دەجووڵایەوە.

ڕەوڕەوە بۆ گواستنەوە و گەیاندنی کەلوپەلی قورس زۆر یارمەتی دەدان و تەنانەت زۆر لە باگردێنیش باشتر بوو کە پێشتر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان، دەیانخستە ژێریان و بەسووڕاندنی باگردێنەکە دەیانگواستنەوە، بەڵام چونکە زەوی نارێک و پڕ لە قوڵکە بوو، بەو ئاکامە گەیشتن کە ڕێگای ڕەوڕەوەکان ساف بکەن. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە گژوگیا و بەردیان لەسەر ڕێگای هاتوچۆی خۆیان پاک



کردەوە و بەم جۆرە ڕێگایان بۆ هاتوچۆی ڕەوڕەوەکان خۆش کرا و دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ دروستکردنی جادە لەو سەردەمدا.

لە ۳۰۰۰ ساڵ پ.ز.ەوە ڕەوڕەوە و جادە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئاسیای ڕۆژئاوادا پەرەیان سەند. گەشتکردن بەڕووبارەکاندا ئاسانتر بوو، بەڵام ئاوی ڕووبارەکان هەموو کاتێک لەگەڵ جێگەی گەشتەکان یەکی نەدەگرتەوە و هەموو کاتێکیش با نەدەهات کە بتوانن لە چارۆکەی کەشتی بۆ ئاژووتنی کەڵەک بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاو کەڵک وەرگرن. سۆمەرەکان لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ.ز.دا فێربوون لە سەوڵ بۆ ئاژووتنی کەڵەک بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاو کەڵک وەرگرن. هەروەها سۆمەرەکان فێری دروستکردنی گاسنی زۆر سەرەتایی بوون بۆ کێڵانی زەوی. بەکەڵک وەرگرتن لە گاسن و گیاندار توانییان زەوییەکانیان بکێڵن. پێشتر بۆ چاندن، جێگەی تۆوەکەیان دەکۆڵی و (بە شێوەی نەمام چاندنی ئەمڕۆ- ح) تۆوەکانیان دەخستە زەوییەوە. بەکێڵانی زەوی، هەوا تێکەڵی شوێنە کێڵراوەکان دەبوو و گەنم و دانەوێڵە چێنراوەکانیان زووتر و باشتر سەوز دەبوون. سۆمەرەکان بەدۆزینەوەی ئەم تێکنیکە بەشدارییەکی بەنرخیان کرد لە گەشەپێدانی شارستانییەتدا و لە ڕەوتی گەشەکردندا دەستیان گەیشتە قۆناخێکی گرنگتر.

بۆ نموونە بڕیاریان دا بەرهەمە فرۆشراوەکان و بەرهەمەکانی‌تر و زەکاتە کۆکراوەکانیان لە سندووقی گشتیدا ناونووس بکەن. چونکە پاشەکەوتەکانیان بەبەردەوامی زیادی دەکرد، لەبەر کردنی ڕادە سندووقەکانیان بۆ دژوار بوو. لەبەر ئەوە بەشوێن دیاردەیەکدا گەڕان کە بتوانن ژمارەی پاشەکەوتەکانیان بەچاو ببینن. ڕێگای ئاسان ئەوە بوو کە بەنیشانەدانان بەو ئامانجە بگەن. بۆ نموونە، وێنەی سەبەتەی میوەکانیان کێشا. بەم جۆرە بەگوێرەی سیستمێکی نوێ نیشانەیان لەسەر سەبەتەی بەرهەمەکان دانا و لە ڕووی ئەم نیشانانەوە ژمارەی بەرهەمی دانیشتووان دەزانرا. جیا لەوە نیشانەیەکیان بۆ ژمارەی دوانزدە و شەست دانا، کە ئێمە تا ئێستاش لە ژمارەی دوانزدە بۆ زانینی هێندێک کەلوپەل و لەوانە بۆ گا و لە ژمارەی شەست بۆ دابەشکردنی یەک کاژێر بەشەست خولەک و یەک خولەک بەشەست چرکە کەڵک وەردەگرین.

**نووسین لە لایەن سۆمەرەکانەوە دەدۆزرێتەوە:** سۆمەرەکان نیشانەکانیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی میوە و کەرەسە، مرۆڤ، دەغڵ و دان و...تد ڕێکخست. لە سێ هەزار ساڵ پ.زدا سیستمێکی تەواو نوێیان هەبوو بۆ ناونووسکردنی کەلوپەل و پێویستییەکانیان. ئەمە یەکەم سیستمی نووسین بوو لە جیهاندا. لە پەیکان واتە سەرەدارێکی نووک تیژ بۆ نیشانەکردن لەسەر لەوحەی قوڕی گڵی سوور کەڵکیان وەرگرت. دوای نووسین لەسەر ئەو لەوحانە، لە کوورەی ئاگردا سوور دەکردنەوە و بەو جۆرە دوای سوور بوونەوە، لەوحەکانیان دەپاراست. بەشێک لەو نیشانانە سێ سووچیان هەبوو و بەشێکی دیکەیان هێندێک درێژتر بوون کە دواتر ناوی خەتی بزمارییان لێ نرا. نیشانەکان ناسێنەری شکڵ و فۆرمی کەرەسەکان بوون. ئەم شێوە نووسینە بەتێپەڕبوونی زەمان سادە کرانەوە و هەر نیشانەیەکیان بۆ ناسینەوەی وشەیەک دانا. بۆ

ئەم مەبەستە دەبووایە سەدان هەزار نیشانەیان هەبێ و بۆ خوێندنەوە و نووسینیان مرۆڤ دەبووایە هەموویان لەبەر بکات. بەهۆی ئاڵۆزبوونی ئەو سیستمەوە، ژمارەیەکی کەم خوێندەوار هەبوو. ئەوانەی توانای خوێندن و نووسینیان هەبوو، وەک میرزا کەڵکیان لێ وەردەگیرا و زۆریش جێگەی ڕێزی خەڵک بوون. نووسین دیاردەیەکی چارەنووسی بوو لە ناساندنی باری ژیان و گەشەکردنی کۆمەڵگادا. بیروبۆچوون و ڕووداوە یادداشتکراوەکان دەمانەوە. نووسین زامنی گواستنەوەی ئەزموونی نەوەیەک بۆ نەوەی دوایی و گواستنەوەی بەپەلەی زانست بوو. بەم جۆرە ڕۆڵی زۆر بەرچاوی هەبوو لە گەشەپێدانی بەپەلەی کۆمەڵگادا. جگە لەوە لە ڕێگای نووسینەوە بەشێک لە شوێنەوارە دێرینەکان و مێژووی ڕووداوەکان بەناو و شوێن دەمانەوە. کۆمەڵگایەک کە خاوەنی نووسین بێت لە مێژوودا دەمێنێتەوە و ئەو کۆمەڵەش کە توانای نووسینی نەبێ بەچەشنی کۆمەڵگای بەرلە مێژوو دەناسرێت. لەبەر ئەوەیە کە مێژووی بەسەرهاتی مرۆڤایەتی لە سێ هەزار ساڵ پ.ز.ەوە بەهاتنی سۆمەرەکان دەستی پێ کردووە. پێنج هەزار ساڵەکەی پێش هاتنی ئەوان لە دەرەوەی مێژوودا تۆمار کراوە و پێنج هەزار ساڵی دوایی واتە لە سێ هەزار ساڵ پ.ز.ەوە شارستانییەت بەمێژوو بەستراوەتەوە. سۆمەرەکان هەلومەرجێکی تایبەتییان هەبوو لە نێوان دیجلە و فوڕاتدا. میسرییەکانیش ڕووباری نیلیان لە دەستدا بوو. ڕووبارەکان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ئاو بوون بۆ زەوییە باران نەگرتووەکان، کە بەدوای کۆتاییهاتنی سەردەمی سەهۆڵبەنداندا بەوشکی مابوونەوە. ئاوی ئەم ڕووبارانە هەموو ساڵێ بەرز دەبووەوە و بەشێوەیەکی سروشتی کێڵگەکانی نزیک خۆیان ئاودێر دەکرد. نیل ڕووبارێکی هێمنە و بەلەمڕانی تێدا ئاسان بوو. هەروەها ڕووباری نیل بەبەردەوامی بەرەو باکور دەچێت، لە کاتێکدا بای توند و بەتەوژمی ناوچەکە ڕووی لە باشوورە. ئەمەش وای کردبوو کە بەلەمەکان بتوانن بۆ چوون بۆ باکور لە ڕەوتی ئاو کەڵک وەرگرن و بۆ باشووریش لە چارۆکە هەڵواسراوی لەسەر کەڵەک. میسرییەکان دارستانیان نەبوو، بەڵام قامیش (کە پاپیرۆسی پێ دەگوترا) بەفراوانی لەبەر دەستیاندا بوو. میسرییەکان فێربوون لە قامیش بەلەمی بچووک دروست بکەن بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان. بەگوێرەی نووسینی کتێبی پیرۆز، حەزرەتی موسا دوای لەدایکبوونی، خراوەتە نێو سەبەتەیەکی دروستکراو لە قامیشی چنراو بەئاوی نیلیان داداوە. هاتوچۆ لە نێوان شارەکانی نزیک ڕووباری نیل بەئاودا ئاسان بوو. بەهۆی پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان دانیشتووانی ئەو هەرێمەدا، کە خاوەنی زمان، فەرهەنگ و بۆچوونی هاوبەش بوون لەسەر جیهان، بازرگانیی هاوبەش لە نێوانیاندا پەرەی بەباری ژیانیان دا. جیا لەوە، ئەم هەرێمە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاو هەرێمەکانیتردا ئاشتی و ئارامی تێدا بەرپا بوو.

دەوڵەت- شارەکانی ناوچەی (دەلتا) سێ سووچی باکوری نیل ناوی میسری خواروو و دەوڵەت – شارەکانی ناوچەی سێ سووچی باشووری نیل، ناوی میسری سەروویان لێ نرا، یەکێتی لە نێوان شار و دەوڵەتەکانیاندا باش و جێی پەسەند بوو، بەڵام کاری ئاودێری کە پێویستی بەهاوکاری دانیشتووان هەبوو بۆ سەرخستنی پلانەکانیان باش نەبوو و قازانجی گشتی شارەکان لەوەدا بوو کە هەر شارەی بەرهەمێک بچێنێ و دوای کەڵک لێ وەرگرتن، بەرهەمە زیادەکەی لەگەڵ بەرهەمی تری شارەکانی دیکە



بگۆڕێتەوە. هێزێکی هاوبەش دەیتوانی بەجۆرێک هاوئاهەنگی لە کاری بازرگانیدا پێک بهێنێت، بەڵام ئەم ویستە بەهۆی خۆبەزلزانینی دەسەڵاتخوازانی هێندێک لە دەوڵەت- شارەکان یا هەستی بەخیلی ئەوان لە بەرامبەر کۆمەڵی ساماندارادا خۆی نەدەگرت و هەڵدەوەشایەوە. کاتێک فەرهەنگی شارە جیاوازەکان لە یەکتر نزیک دەبوونەوە، ویستی یەکگرتن، سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، بەتایبەتی کاتێک ئەو ویستە لە لایەن ڕێبەرێکی شێلگیر و هۆشمەندترەوە ئاڕاستە دەکرا.

ئەرکی فیدراڵیکردنی کۆمەڵگا نزیکەی سێ هەزار ساڵ پ.ز لە میسر لە لایەن کەسێکەوە بەئەنجام گەیشت کە ناوی (نارمر) (بە یۆنانی مینیس) بوو. نارمر یەکەم کەسایەتی ڕاستەقینە بوو کە مێژوو ناوی تۆمار کردووە. ئەو کە حاکمی هەموو میسر بوو، پایتەختەکەی لە (مەمفیس)، ناوەندی هەردوو میسری سەروو و خواروو دانا و نەیهێشت ئەم دوو هەرێمە گرنگە بەسەر یەکتردا زاڵ بن. نارمر یەکەم زنجیرەی حوکمڕانی لە میسر دامەزراند و ئەندامانی بنەماڵەکەی جێنشین و درێژەدەری حکومەتەکەی بوون. یەکێک لە خوداکانی میسر بەناوی (مانەتۆن)، دووسەد و پەنجا ساڵ پ.ز، داستانێکی دەربارەی مێژووی میسر نووسیوە و تێیدا ئاماژەی بەسی (٣٠) زنجیرە حکومەت کردووە. مرۆڤ تا ئەمڕۆش لە جیهاندا کەڵک لەو سیستمە حوکمڕانییە وەردەگرێت. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ نارمر دەناسین، لەبەر ئەوەیە کە میسرییەکان لە سەردەمی ئەودا یا هێندێک دواتر فێری تێکنیکی نووسین بوون لە سۆمەرەکانەوە، بەڵام بەپێچەوانەی مامۆستاکانیان کەڵکیان لە پەیکان بۆ نووسین لەسەر تابلۆی بچووک وەرگرت. پیتی نووسینەکانیان کە (هیرۆگلیف) (بە زمانی یۆنانی، هەڵکەندنی پیرۆز)ی ناو بوو زۆر جوان بوون و دواتر بەنووسینی بزماری لەسەر بەردەکانی پەرستگای میسر دەناسران. بەم جۆرە هەرێمێکی‌تری جیهان خۆی تێکەڵی مێژوو کرد.

**میسری یەکگرتوو یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنێت:** هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ڕێکخراوە سیاسییەکانی یەکەم شارستانییەتەکان ئاڵوگۆڕییان بەسەردا دێت. کاتێک چەند دەوڵەت- شار خاوەن زمان و فەرهەنگی هاوبەش دەکەوتنە دەست فەرمانڕەوایەک، دەوڵەتی نەتەوەییان پێک دەهێنا. میسر یەکەم نەتەوەیە لە مێژوودا کە دوای تێپەڕبوونی پێنج هەزار ساڵ هێشتا ماوە و کەس ناتوانێ گومان لە تەمەنی بکات. جگە لە میسر و سۆمەر لە هەرێمەکانی‌تریشدا سەرەڕای نەبوونی نووسین، گەشەکردن بەردەوام بوو. ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی سۆمەر کە پایتەختەکەی شووش بوو، پێوەندی لەگەڵ شارستانییەتی سۆمەر هەبوو. دیسان بەماوەیەکی زۆرتر لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا، شارەکانی نزیک ڕووباری سەند خەریکی گەشەپێدانی ژێرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بوون. لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ.زدا، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست (مێدیتیرانە) دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە دایک بوون.

ئەو ناوچەیە، لە کتێبی پیرۆزدا بە(کەنعان) ناسێنراوە و یۆنانییەکان پێی دەڵێن (فینیقییە) و شاری (ژریکۆ هەزاران ساڵ لە خاکی کەنعاندا بوو). کەنعانەکان و فینیقییەکان ئەڵقەی پەیوەندیی بازرگانی نێوان سۆمەر و میسر بوون.

لە ئاسیای بچووکدا هەرچەندە (ساتال هویوک) لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین شاری جیهان بوو. دەوڵەتی‌تریش پەیدا دەبوون، بەڵام هیچ کامیان لە بواری گەشەکردندا نەدەگەیشتنە سۆمەر و میسر. لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک، شاری (تروا) دروست بوو، کە دەبێ وەک گەورەترین شار، شانازی بەخۆیەوە بکات. سەرئەنجام لە سەرەتای ٣٠٠٠ی پ.زدا، نۆرە بەئەوروپا گەیشت و لە دوورگەی (کریت) دەوڵەت – شار پەیدابوو. وڵاتی چینی باکوریش لە ڕۆخی ڕووباری (هۆانک) (کە بۆ ماوەیەکی زۆر جوگرافیاناسان بەڕووباری زەردیان ناو دەبرد) دەوڵەت – شار دامەزرا. لە کاتێکدا کە سۆمەر و میسر وەک ناوەندێک ڕووناکی خستە سەر ئاسیای ڕۆژئاوا و هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاست، چینیش ناوەندێکی‌تری شارستانییەت بوو و ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ڕووناک کردەوە.

**دانیشتووانی زەوی دەگەنە ١٤،٠٠٠،٠٠٠ کەس:** تا ئێرە ژمارەی دانیشتووانی زەوی بەئارامی گەشەی کردبوو و لە چوار میلیۆن کەسەوە لە چوار هەزار ساڵ پ.ز گەیشتبووە پێنج میلیۆن کەس لە سێ هەزار ساڵی پ.ز دا.

بەهۆی دۆزینەوەی کاری تواندنەوەی ئاسن، ڕاگواستن و گەیاندن بەچەرخ، سەوڵ و گەمێ و گاسن، ژمارەی دانیشتووانی زەوی بەپەلە بەرز ببووەوە و گەیشتە چواردە میلیۆن کەس. بەشی هەرە زۆری ئەم زیادبوونە دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و زەمینەی گەشەکردنی نوێی لە هەزارەی دوایییدا خۆش کردبوو.

**٢٠٠٠ ساڵ پ.ز زۆربوونی ناوەندەکانی شارستانییەت:** لە هەزارەی نێوان ساڵی ٣٠٠٠ و ٢٠٠٠ی پ.زدا، بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی ڕواڵەتێکی نوێی بەخۆیەوە گرت. شارستانییەت کە پێشتر لە ناوچەکانی دوور لە یەکتر دامەزرابوون، دوای ئەوە لە گەلێک شوێنی‌تردا سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد.

بەشێک لە ناوەندەکانی شارستانییەت وەک خۆیان مانەوە و بەشێکی‌تریان بەسەرهەڵدانی کۆمەڵگای نوێ لەناوچوون. میسر دوای ڕێکخستنی خۆی لە شێوازی نەتەوەییدا، شارستانییەتی هەرە پێشکەوتووی هەرێم بوو لە سەدەکانی دواییدا. سەرەتا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی ڕووباری نیل نزیکەی یەک میلیۆن بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ی پ.زدا ئەو ژمارەیە گەیشتە نزیکەی دوو میلیۆن و نیو. هۆی ئەم زیادبوونە دەکرێ لەوەدا ببینین کە لێهاتوویی میسرییەکان لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، کەڵک وەرگرتنیان لە بەرزبوونەوەی ساڵانەی ئاوی ڕووباری نیل و پاشەکەوتکردنی بەرهەمەکانیان و فرۆشتنیان بەنرخی زۆر گران بەوڵاتانی تر.

نووسینی کتێبی پیرۆز دەربارەی یاقوب و کوڕەکانی لە بەشی دووەم (خالق)، ڕاگەیەنەری برسییەتی خەڵکی وڵاتی کەنعانە کە بۆ پێشگیریکردن لە مردن، چوونەتە وڵاتی میسر بۆ کڕینی گەنم. گرنگ بوونی لافاوی زۆر، میسرییەکانی ناچار کرد کە گۆڕان بەسەر ڕۆژژمێرەکەیاندا بێنن. سۆمەرەکان بەهۆی ڕۆژژمێری مانگییەوە، مانگەکانیان لە یەکەم ڕۆژی مانگەوە تا یەکەم ڕۆژی مانگی نوێ حساب دەکرد.





بۆ ئەمەش دەبووایە هێندێک پتر لە دوانزدە مانگیان هەبێت کە بتوانرێ گەڕانی ساڵانەی وەرزەکان بەدەست بێنن. بەم جۆرە یەک ساڵ دوانزدە مانگ بوو و هەر چەند ساڵێکیش مانگی سیانزدەشیان دەخستە سەر و ئەمەش بەگوێرەی ئەو سیستەمە زۆر ئاڵۆزە، سەرەتای ساڵەکانی هێندێک لەگەڵ گەڕانی وەرزەکان کەم و زیادی دەکرد.

جوتیارەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستییان بەڕۆژژمێرێکی دروست هەبوو کە بتوانن لە کاتی خۆیدا زەوییەکانیان بچێنن و بەرهەمەکانیان هەڵگرنەوە. زۆربەی شارستانییەتە کۆنەکانی وەک یەهود و یۆنان لە کاری چاندن و کۆکردنەوەی بەرهەمدا، کەڵکیان لە ڕۆژژمێری سۆمەرەکان وەردەگرت و تا ئێستاش ساڵی ئایینی جولەکەکان بەگوێرەی ڕۆژژمێری سۆمەرەکان حساب دەکرێت. میسرییەکان کە ژیان و مانەوەیان بەبەرزبوونەوەی ڕووباری نیلەوە بەسترابووەوە، تێگەیشتن کە ئاوی ڕووباری نیل بەشێوەی مامناوەندی هەر سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژەی جارێک بەرز دەبێتەوە. بەتێڕوانینی ئەم دیاردەیە ناوی ساڵیان لەسەر ئەو ماوەیە دانا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی گەڕان و دەور لێدانی مانگ، ساڵیان دابەش کرد بەسەر دوانزدە مانگی سی ڕۆژە و پێنج ڕۆژ، ئەم پێنج ڕۆژەیان بەهیچ کام لە مانگەکانەوە نەبەستەوە، واتە ساڵ کرا بەدوانزدە مانگی سی ڕۆژە و پێنج ڕۆژ.

ئەو ڕۆژژمێرە هەتاوییە، نزیکەی ساڵی ٢٨٠٠پ.ز دانرا و بەهێندێک ئاڵوگۆڕەوە تا ئێستاش کەڵکی لێ وەردەگیرێت. گەشەکردنی میسر ڕێگای کردەوە کە بەشێک لە داهاتی دانیشتووان بۆ کاروباری چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە خەرج بکرێت.

زۆر کاری گەورە بۆ پێشاندانی مەزنایەتی میسر و خۆشحاڵیی سوڵتان و میسرییەکان ئەنجامی گرت. ئەمانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیانییەکان و سەرنجی نەوەکانی داهاتوو بوو. پاشاکانی میسر کۆشکی ئەفسانەییان بۆخۆیان دروست دەکرد و ناوی فیرعەونیان لەسەر دانان، کە ( بەزمانی عەرەبی مانای

خودا دەدات و پاشاکانی ئەو سەردەمەی میسر خۆیان بەخودا دادەنا – ح.) لە زمانی یۆنانیشدا ناوێکی بەم جۆرە هەیە بەواتەی (خانوی گەورە). هەروەها لە چوارچێوەی پێشبینیی مەرگی خۆیاندا، گۆڕستانێکی زۆر مەزن و بەهەیبەتیشیان بۆخۆیان دروست کرد. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی (دیجۆزر)دا، یەکەم گۆڕستانی فیرعەونی زنجیرەی سێیەم، لە ساڵانی ٢٦٥٠ی پ.زدا، چوارچێوەیەکی زۆر مەزنی بەخۆیەوە گرت. دیجۆزر لە (ساکارا) گۆڕستانێکی بەبەرد دروست کرد، کە شەش قاتی هەبوو و هەر قاتەی بەنیسبەت قاتی ژێرەوە، بەرەو دواوە کشابووەوە. ئەم شوێنەوارە مێژووییە هێشتا ماوە و کۆنترین بینای جیهانە.

**ئەهرامی گەورەی خئوپس**: جێنشینەکانی دیجۆزریش گۆڕستانێکی گەورەیان بۆخۆیان دروست کرد، کە شکڵی هەرەم و پایەی چوار سووچ و سەری سافیان هەبوو. ئەم بینا مەزنە کە (خئوپس) لە بنەماڵەی چوارەم، لە دەوروبەری ٢٥٣٠ی پ.زدا فەرمانی دروستکردنی دا، هەرەمی گەورەی میسری بەوپەڕی مەزنایەتی گەیاند. ئەهرامی میسر ١٤٧ مەتر درێژ و لایەنەکانی دەرەوەی ٢٢٧ مەتر و پایەکانی لەسەر چوار هێکتار زەوی دووجا دروست کراوە و ٢٣٠٠ بەردی تێدا بەکارهێنراوە، کە قورسایی مامناوەندیی بەردەکان دوو تەن و نیون. دوای تەواوبوونی قەوارەی ئەهرامی میسر، ئیتر سەردەمی دروستکردنی بینای گەورە کۆتایی پێ هات و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا میسر بەرەو لاوازی هەنگاوی نا، کە هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ کێشە ناوخۆیەکانی: لە هەموو ئەو شوێنانەی کە بەگزادەکان (ئەریستۆکرات) حاکمی پارێزگاکان بوون، هەستی پشتگوێ خستنی فەرمانی ناوەندی بەرز دەبووەوە. ئەگەر پاشا لە ناوەند لاواز بووایە، بەگزادەکان بەسەلیقەی خۆیان و بەبێ گوێدان بەفەرمانی پاشاکان وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. ئەم شێوە حوکمکردنە، بەرەبەرە دەسەڵاتی پاشاکانی لاواز کرد و ڕێگای لەناوچوونیانی خۆش کرد. سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بەگزادەکان و لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی بەسەردەمی دەرەبەگایەتی دەناسرێت، کە لە وشەی ئاڵمانی (موڵک و مالیک) وەرگیراوە. لە ڕاستیدا، بەگزادەکان خاوەنی زەوییەکان بوون و ئەمەش هێزی پێوە بەخشین. بەگوێرەی مێژوو نەتەوەکانی یەکدەست و خاوەن ناوەندی بەهێز لە بواری ئابووری و سەربازیدا، هێز و دەسەڵاتیان لەو نەتەوانە پترە کە بەشێوازی دەرەبەگایەتی بەڕێوە دەچن، چونکە سیستمی دەرەبەگایەتی بەبەردەوامی لە شەڕ و کێشەی ناوخۆیی ڕێبەرانی دایە.

٢٢٠٠ ساڵ پ.ز میسر بۆ ماوەی دوو سەدە بەگوێرەی سیستمی دەرەبەگایەتی بەڕێوە چوو. سەرئەنجام سەرکردەیەک بەناوی (مێنتۆ هۆیتپ)ی دووەم، لە زنجیرەی یانزدەیەمی حوکمڕانی میسر توانی وڵات کۆنترۆڵ بکات و لە ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز.دا تاج و تەختی مێنتۆ بەکوڕەکەی واتە مێنتۆ هۆیتپی سێیەم گەیشت و بەهاتنی ئەو میسر سەرلەنوێ توانا و هێزی پەیدا کردەوە. گەشەکردنی سۆمەرەکان بەشێوەیەکی تر بوو. سەرەتا هەردوو وڵات لە پەنای یەکتردا گەشەیان کرد. سۆمەرەکان بەیەک میلیۆن و دووسەد هەزار کەسەوە بەرهەمێکی زۆری خواردنیان هەبوو. شارە سەرەکییەکانی (ئوروک) وەک شاری (مەمفیس)ی میسر بوون. سۆمەرەکان پەرستگایەکی مەزنیان هەبوو کە (زیگورات)یان پێ دەگوت و لە



خشت دروستیان کردبوو. هەرچەندە زیگوراتی سۆمەر لە ئەهرامی میسر بچووکتر بوو، بەڵام کارتێکەریی ئەو بەپلیکانەکانی دەرەوەی کە خوداکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی قوربانیکردن و پێشوازیکردنی دەچوونە سەریان، زۆر سەرنجڕاکێش بوو. بەگوێرەی نووسینی کتێبی پیرۆز، قەڵای بابل کە پەرستگایەکی زۆر بەرز و تایبەت بوو، دەکرێ وەک خەوی (یاقوب) تەماشای بکرێت، کە لە نێوان زەوی و ئاسماندا لەگەڵ ژمارەیەک پەری بەسەریدا هاتوچۆیان کردووە، لەوە دەچێت مەبەست لەم باڵەخانەیە بێت.

**تۆفانی نوح لە میسۆپۆتامیا**: لەو سەردەمەدا بوو کە کارەساتێکی مەزن، کە بەیەکەم کارەساتی سروشتیی جیهان ناسراوە، شارستانییەتی تووشی مەترسی لە ناوچوون کرد. ئەمە دوا کارەسات نەبوو، بەڵکو نزیکەی ٢٨٠٠ ساڵ پ.ز هەر دوو ڕووباری دیجلە و فوڕات بەرز بوونەوە. جارجار ئاوی ڕووبار بەرزدەبێتەوە و دانیشتووانی نزیک ڕووبارەکان دەبێ ئەم ڕاستییە بزانن، بەڵام ئەم جارە بەرزبوونەوەی ئەم دوو ڕووبارە تایبەت بوو. لێکۆڵینەوە لەسەر لیتە بەجێماوەکانی ئەم لافاوە لە لایەن (لیۆناردۆلی)یەوە دەری خست کە تۆفانی نوح لە وڵاتی سۆمەرەکاندا، هەشت مەتر بەرزایی بووە و هەزاران سۆمەری خنکاندووە و زیانێکی قەرەبوو نەکراوی بەسامانیان گەیاندووە. بێگومان سۆمەر ماوەیەکی زۆری پێویست بوو کە زیانەکانی لافاوی نوح قەرەبوو بکاتەوە. میسر کەڵکی لەو هەلە وەرگرت بۆ گەشەپێدانی خۆی و پێشبڕکێ لەگەڵ سۆمەر.

ئەو سۆمەرانەی کە لەو کارەساتە ڕزگاریان ببوو، بەهۆی کەمیی زانیارییانەوە لەسەر جوگرافیای وڵاتەکەیان، لایان وابوو کە هەموو دنیا کەوتووەتە ژێر ئاو و ئەوە کارەساتێکی گشتی جیهان بووە. دەربارەی ئەو تۆفانە گەلێک شتی زیادە و نادروست گوتراوە. ئەوەی ئێمە پتر بەڕاستی دەزانین، داستانی کەشتی نوحە کە لە کتێبی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە. دوای تۆفان، شارەکانی سۆمەر هەوڵی بووژانەوەیان دا، بەڵام قوڕ و لیتەی بەجێماوی لافاو هێڵی سنووری شارەکانی شێواندبوو و هەر شارەی دەیویست خاکی خۆی بەرینتر بکاتەوە. ئەمەش بەبەردەوامی لە نێوان شارەکانی سۆمەردا شەڕی هەڵگیرساندووە، بەبێ ئەوەی کە هیچ کامیان توانای زاڵبوونیان بەسەر ئەوی‌تردا هەبێت. سۆمەر تەنانەت توانای دابینکردنی ئاشتی لە نێوان شارەکانیدا نەبوو. لە کاتێکدا میسر چەند سەدە پێشتر بەو ئاواتە گەیشتبوو. دیارە میسر ئەو بەختەی هەبوو کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بەهۆی بیابان (سەحرا)وە و لە باکور بەهۆی دەریا و لە باشووریشەوە بەهۆی دارستانی چڕی ناوچە گەرمەکان پاوان کرابوو. ئەم بارودۆخە یەکێتی فەرهەنگی نەتەوەی میسری بەهێز کرد و وڵاتی لە بەرامبەر دەستدرێژیی بێگانەدا دەپاراست. بەپێچەوانەشەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سۆمەر بۆ پەلاماری هۆزە کۆچەرەکان کراوە بوو.

**هاتنی ئەکەدەکان بۆ میسۆپۆتامیا**: ماوەیەک بەرلە تۆفان، کۆچەرە پەلامارەدەرەکان ڕوویان کردبووە میسۆپۆتامیا و لەسەر سنوورەکانی باکوری سۆمەر نیشتەجێ ببوون. ئەمانە (ئەکەد)ەکان بوون کە لە ڕۆژئاوای نیوەدوورگەی عەرەبستانەوە هاتبوون، زمانیان بەتەواوی لەگەڵ زمانی سۆمەرەکان جیاواز بوو و

دەگەڕایەوە بۆ گروپێک کە ئێمە بەسامی دەزانین. ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن بەوتەی کتێبی پیرۆز، لە بنەچەی سام کوڕە گەورەکەی نوحن. ئەکەد لە هێندێک فەرهەنگی سۆمەر، بەتایبەتی لە نووسینی ئەوان کەڵکی وەرگرت، بەڵام چونکە بەبنەچەی خۆی دەزانی لە تێکەڵاوی و پەیوەندیی ژن و مێردایەتی لەگەڵ سۆمەرەکان خۆی پاراست. ئەکەد کە لە شوێنێ‌ترەوە هاتبوو و لە وڵاتی سۆمەردا بێگانە بوو، باش ئاگای لە شەڕ و پێکدادانی نێوان شارەکانی سۆمەر و بەرەو کزی چوونی ئەوان هەبوو.

**سەرگۆن یەکەم ئیمپراتۆری دامەزراند**: سەرئەنجام نزیکەی ٢٣٤٠ ساڵ پ.ز ڕێبەرێکی بەهێزی ئەکەد بەناوی (سەرگۆن) سوپای سۆمەری شکاند و هەموو وڵاتی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە. هەروەها ئیلامی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای داگیرکرد. سەرگۆن لە هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاست و ناوچەکانی ڕۆژئاوادا بەرەو دەریای خەزەر لە باکور و بەکەنداوی فارس لە باشووردا چووە پێشەوە و هەموو وڵاتانی ئاسیای ڕۆژئاوای داگیرکرد. سەرکەوتنەکانی سەرگۆن بێگومان دەگەڕایەوە بۆ زانیاری لە تاکتیکی شەڕکردندا. شەڕکەرەکانی سەرگۆن بەپێچەوانەی شەڕکەرەکانی سۆمەر کە بەنێزەی دەستی شەڕیان دەکرد، کەڵکیان لە تیروکەوان وەردەگرت. بەکەڵک وەرگرتن لە تیروکەوان ڕێگایان بەدوژمن نەدەدا کە لێیان نزیک ببنەوە. سەرگۆن یەکەم سەرکەوتووی مەزنە لە مێژوودا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە سەرۆکایەتی کردنی جەماوەرێکدا کە زمان و کلتوری جیاوازیان هەبوو. بەلێکدانەوەی میسرییەکان دانیشتووانی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن زمان و کلتوری جیاوازن، یەکێتی هەمەلایەنیان نییە و بەئیمپراتۆری دەناسرێن. لەبەرئەوە سەرگۆن یەکەم دامەزرێنەری ئیمپراتۆری و یەکەم ئیمپریالیزم بوو.

ئیمپراتۆرییەتی ئەکەد بەڕێبەرایەتی یەکەم جێنشینی سەرگۆن درێژەی بەژیان دا و بەهۆی (نارامسین) نەوەی سەرگۆن لە ٢٢٨١-٢٢٥٤ی پ.زدا بەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی گەیشت. بەڵام ئیمپراتۆرییەکان بەگوێرەی سروشتی خۆیان سەقامگیر نین و بەبەردەوامی ناسینەری دەسەڵاتی گروپێکی بچووکن بەسەر گروپی مەزنی لێک جیاوازدا. لەم بارەیەوە دەکرێ ئەکەد بەنموونە بێنینەوە. لەبەر ئەوە، گروپە ستەم لێکراوەکان هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی حاکم پووچەڵ بکەنەوە و ئەویش بۆ مانەوەی خۆی بەبەردەوامی بەشێک لە هێزەکانی بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی جووڵانەوەکان تەرخان دەکات. جگە لەوەش، خێڵنشینە کۆچەرەکانیش لەسەر سنووری ئیمپراتۆرییەکان بەبێ پسانەوە هەوڵی کۆکردنەوەی دەستکەوت لەو وڵاتانەدا دەدەن. بەشێوەی سروشتی ڕێکخراوی باش و تەکنۆلۆژیای ئیمپراتۆرەکان ڕێگای نزیکبوونەوەی هێرشکەران نادات، بەڵام هێندێک جار نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆرەکان واز لە جووڵانەوە دێنن و دوای تاڵانکەران دەکەون: ئیمپراتۆر کە لە ناوەوە و دەرەوە هێرشی کرایە سەر، دەشکێت و پەرش و بڵاوەبێتەوە.

ئەکەد تووشی ئەو چارەنووسە بوو. نزیکەی ٢١٨٠ ساڵ پ.ز واتە کەمتر لە چل ساڵ دوای مردنی نارامسین، شارەکانی سۆمەر لە ستەمی ئەکەدەکان ڕزگاریان بوو و ئازادیی خۆیان بەدەست خستەوە. لە






سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.زدا، ئەکەد وەک بیرەوەرییەکی کۆن مابووەوە و تەنیا شاری (ئوور)ی بەدەستەوە مابوو. بەوتەی عیبرییەکان، حەزرەتی ئیبراهیم دامەزرێنەری نەتەوەی ئیسرائیل لە شاری ئوور لە دایک بووە و لە دەوروبەری دوو هەزار ساڵ پ.زدا، ئەو شارەی بەرەو ڕۆژئاوا بەجێ هێشتووە و لە شاری کەنعان نیشتەجێ بووە. لەو سەردەمەدا کە میسر و سۆمەر بەدوو زلهێزی سەردەم دەناسران، شارستانییەت لە جێگەی‌تریش پەرەی سەندبوو، کە دەتوانین شاری کرێت بەنموونە بهێنینەوە.

تایبەتمەندیی شارستانییەتی کرێت ئەوە بوو کە لە دوورگەیەکدا پێک هات نەک لەسەر زەوی پان و بەرینی قارەکاندا و پتر لە میسر و سۆمەر گرنگی بەپەیوەندییەکانی خۆی بەڕێگای دەریاوە دەدا. میسر و سۆمەر لە ئاوی ڕووبار و دەریا بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی کەلوپەل کەڵکیان وەردەگرت. هەروەک دەزانین، ئاوی ڕووبارەکان ئارامن و لێوارەکانیان نزیکە و مرۆڤ لە ڕووباردا ون نابێت. دەریای سپی ناوەڕاست کە لە میسر نزیکە و کەنداوی فارس لە سۆمەر، جیاوازییان هەیە لەگەڵ ڕووبار. لەسەر ئاوی پان و بەرینی دەریاکاندا، ونکردنی کەنارەکانی دەریا دیاردەیەکی ئاساییە و ئەگەر مرۆڤ لە کەنارەکاندا نیشانەی نەبێ، مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە نەتوانێت بگاتە شوێنی مەبەست. لە لایەکی‌ترەوە مەترسی تۆفانی دەریا لە بەرزبوونەوەی ڕووبارەکان پترە و ئەگەر کەسێک بکەوێتە ئاوی دەریاوە دژوارە خۆی بۆ ڕزگار بکرێت، بەڵام هاتوچۆ بەدەریادا هێندێک جار پێویست بوو. بۆ نموونە میسرییەکان کە دارستانیان نەبوو، بۆ هێنانی داری زۆر ئەستوور و قورسی (سەدر) لە کەنعانەوە ڕێگای ئاوییان بۆ باشتر و ئاسانتر بوو تا زەوی. بەڵام کەشتییەکانی میسر نەیاندەتوانی بچنە قووڵایی دەریاکانەوە و بەکەنار دەریادا دەڕۆیشتن و نەیاندەهێشت هێڵی کەناری دەریایان لێ ون بێت و بەم جۆرە ڕێگای نێوان میسر و کەنعانیان دەپێوا. کرێت لە دوورگە و ناوەڕاستی دەریای سپی ناوەڕاست (مێدیتیرانە)

هەڵکەوتبوو، بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵ میسر ناچار بوو کەشتی گەورە دروست بکات، کە بتوانێت ماوەی دوو هەزار میلی نێوان کرێت و کەنارەکانی ئەفریقا ببڕێت و بگاتە میسر. کرێت بەهۆی پێوەندی لەگەڵ میسر گەشەی سەند و بەناوی (مینوان)ەوە ناسرا، کە لە (مینوس) ناوی یەکێک لە پاشا ئەفسانەییەکانی یۆنان وەرگیراوە.

دوای ئەمە شارستانییەتی کرێت ڕووی کردە دوورگەی دەریای ئیجە (ئەژە) چونکە میسر و سۆمەر کەشتی گەورەیان نەبوو، لە هێرش و پەلاماردانیان بۆ سەر شارەکان بێ باک بوون. هەروەها لەبەر ئەوەی کە لە یەک نەتەوەی خاوەن زمان و کلتوری یەکگرتوو پێک هاتبوو، دەوڵەتێکی ئاشتیخوازی پێک هێنا و بۆ بەرگریکردن لە خۆی پێویستی بەکێشانی دیوار بەدەوری شارەکانیدا نەبوو. بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا گەشەی بەکرێت دا و بەم جۆرە، لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.زدا، کرێت بوو بەیەکەم ئیمپراتۆریی دەریاکان و کەشتییەک بۆی زۆر گرنگتر بوو لە سوپایەک.

**شارستانییەتی سەند بەوپەڕی گەشەی خۆی دەگات**: ساڵی دووهەزاری پ.ز شارستانییەت سەندیشی گرتەوە. دوو شار لە ناوچەکانی (ژودارۆ) لە سەندی خوارو و (هاراپا) لە نزیک سەرچاوەی ڕووبار دۆزرانەوە. ئەم دوو شارە چەند پارچە زەوی و خانووی لە خشت دروستکراویان لەناو قەڵایەک لەسەر بەرزاییەکدا هەبوو. زەوییەکانی دەرەوەی قەڵا جۆگەلەی ئاویان بۆ ڕاکێشرابوو. دانیشتووانی ئەو دوو شارە بەهۆی دووربوونیان لە سۆمەر و میسرەوە پەیوەندییان بەوانەوە نەبوو.

نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز قەومێکی نوێ بەناوی (هیتی) لە ئاسیای بچووک نیشتەجێ بوو، کە زمان و شێوەی قسەکردنیان لە سامییەکانی ئەکەد و عەرەبە مۆدێرنەکان نەدەچوو. زمانی ئەو قەومە بێگومان لە ڕیزی ئەو زمانانەدا بوو کە ئێمە بەزمانی هیند و ئەوروپاییان دەناسین. ئەمانە ڕیشەی ئەم زمانەن کە ئەمڕۆ لە هیندستان و ئێران و بەگشتی لە هەموو ئەوروپادا قسەی پێ دەکرێت. هیتییەکان یەکەم قەومی هیند و ئەوروپایی زمان بوون کە لە مێژوودا جێیان گرت. بەرەبەرە کە لە سەردەمی عیسا نزیک دەبینەوە، پتر چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەسەر زەوی دەبین. ناوچەکان پتر ئاوەدان دەبنەوە و دەوڵەت - شار دادەمەزرێن و یەکەم ئیمپراتۆرەکان سەر بەرزدەکەنەوە. ئەهرامی میسر کە پێشتر دروست کرابوون و شاهیدی هێزی فیرعەونەکانی کۆن و تۆفانی نوح بوون، مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە کە سروشت بۆ هەمیشە تاکە هێزی سەردەستە.

**دانیشتووانی زەوی دەگاتە ٢٧,٠٠٠,٠٠٠**: بەڵام ڕەنگە خاڵی بەرچاو، پەرەسەندنی دۆزینەوەکان و داهێنانەکانی مرۆڤایەتی بێت، کە بەدوای ساڵی ٣٠٠٠ی پ.زدا، سەرلەنوێ ژمارەی دانیشتووانی زەوی دوو ئەوەندە کرد. لە ساڵی ٢٠٠٠ پ.زدا، ژمارەی دانیشتووانی زەوی بێگومان بیست و حەوت میلیۆن بوو.



**١٠٠٠ ساڵ پ.ز: گەشەکردنەکان توندتر هەنگاو دەنێن**: هەزارەی پێش زایین شاهیدی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەهەنگاوی توندتر بوو. دۆزینەوە سەرەکییەکانی وەک ڕەوڕەوە، ئاسن، پارە و ئەلف و بێی نووسین لە پەنای یەکتردا پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی گۆڕی. ئیمپراتۆرییەکان پێک هاتن و هەڵوەشانەوە، ژمارەی دانیشتووانی جیهان بەرز بووەوە و زانست بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەشەی کرد. لە هەموو دنیادا مرۆڤ بەشوێن نەزانراوەکان و بەدەستهێنانی دەرەتان و ڕێگای نوێدا بوو.

لە ڕەوتی ئەو سەردەمەدا، ویستی دابینکردنی ئاسایش، مرۆڤایەتی هۆشیار کردەوە و ڕای دانیشتووانی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی ڕادیکاڵتر ڕاکێشا. دژی دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی نەبوون، بەڵام لەسەر ڕادەی دەسەڵاتی سوڵتان کۆک نەبوون و دەیانویست ڕادەی دەسەڵاتی سوڵتان دەستنیشان بکرێت. کۆمەڵگا خاوەن هێزەکان ئاسایشی وڵاتی خۆیان لە دامەزراندنی ئیمپراتۆری و داگیرکردنی وڵاتی دراوسێکاندا دەبینی، بەڵام لە ئەنجامدا ئاکامی پێچەوانەیان وەرگرت. هەروەک ئەمڕۆش دەبینین کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێندێک جار لە دەرەتانەکانی تێکنیکیی خۆی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی سەربازیی کەڵک وەردەگرێت و چارەسەرکردنی گرفتی ژیانی هاووڵاتییانیان لەبیر دەکات. ئەم بۆچوونە جیاوازانە چۆن و بەچ شێوەیەک لە وڵاتە جیاوازەکاندا سەریان هەڵدا؟ لە میسرەوە دەست پێ بکەین. سەردەمی درێژخایەنی ئاشتی لەو وڵاتەدا کاتێک کۆتایی پێ هات کە پەلاماردەرەکانی هیند و ئەوروپایی لە ئاسیای ناوەندییەوە هاتن و فێر ببوون لە ئەسپەکانیان کە تازە ڕام کرابوون، گاری ببەستنەوە و سوار و کەوان هاوێژی بۆ دابنێن و ئەمەش بەواتەی پەیدابوونی گاری جەنگی بوو. یەکەم گاریی جەنگییەکان لایەکیان ساف و سووک بوون و دە کەسیان هەڵدەگرت. دروستکردنی ئەم گارییانە شۆڕشێکی نوێ و ڕاستەقینە بوو لە زەمینەی هونەری جەنگدا.

باراندنی تیر لەسەر گارییەوە بەسەر شەڕکەری پیادەی ناوچە پێشکەوتووەکاندا ناچاری پاشەکشە و خۆبەدەستەوەدانیانی دەکرد و تەسلیم بوون، کونکون بوونی لەش و مردنی بەدواوە بوو. سوارە شەڕکەرەکان هەموو ئەو ناوچانەیان داگیر دەکرد، کە پەلاماریان دەدان. لە نزیکی ١٧٢٠ی پ.زدا، ئەو پەلاماردەرانە لە نیوەدوورگەی سینا تێپەڕین و خۆیان گەیاندە میسر. مەودای درێژی ماندووکەر بۆ پیاوانی پیادە، بەزوویی بەسواری گاری کۆتایی پێ هات و ئەمەش کۆتاییهاتنی شکۆی میسر بوو.

**گارییە جەنگییەکان هێرش دەکەنە سەر میسر**: هیکسۆسەکان بەهۆی گارییە جەنگییەکانیانەوە هیچ بەربەرەکانییەکیان لە بەرامبەر خۆیاندا نەبینی. میسر کە هیچ چەشنە چەکێکی بۆ بەرگریکردن لە خۆی نەبوو، شکاندیان و میسری باکوریان داگیرکرد و خۆیان لەگەڵ فەرهەنگی ئەواندا گونجاند. بەشێک لە کەنعانەکان لەو کاتەدا کەڵکیان لە هەل وەرگرت و خۆیان خزاندە ناو میسرەوە و لەوێ بەباشی لە لایەن هیکسۆسەکانەوە پێشوازییان لێ کرا. لە کتێبی پیرۆزدا لە پێوەندی لەگەڵ داستانی یوسف و براکانیدا ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە. لە بەشی سەرووتر لە نزیک شیوی نیل لە تەبەس، میسرییەکان سەربەخۆیی خۆیان پاراست و گاریی جەنگییان بۆخۆیان دروست کرد. ساڵی ١٥٧٠ی پ.ز میسرییەکان

بەسەرۆکایەتی سوڵتان (ئەهموزیس) لە زنجیرەی هەژدەیەم، هیکسۆسەکانی کە نزیکەی سەدە و نیوێک حوکمیان کرد، لە میسر ڕاونا و لە بیابانی سینا و کەنعان پاشەکشەیان پێ کردن و لە بیابان وەک لەمپەری ئەمنیەت دژی هێرشی نوێی ئەوان کەڵکیان وەرگرت. دوای ئەمە، میسر دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵێکدا سەپاند کە میسری نەبوون و بەم جۆرە ئیمپراتۆریی پێک هێنا. وڵاتی میسر لە نیلی سەروو تا نزیک فوڕاتی گرتەوە و (توت مۆزیس)ی سێیەم کە لە ١٥٠٤-١٤٥٠ی پ.ز حوکمی کرد، ئیمپراتۆریی میسری بەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی گەیاند و ژمارەی دانیشتووانی میسر گەیشتە نزیک سێ میلیۆن. دەوڵەتی (ئامینۆفیس)ی چوارەم لە ١٣٧٩-١٣٦٢ی پ.ز بایەخێکی زۆری هەبوو، چونکە تا ئەو سەردەمە پاشاکانی میسر شەرعیەتی دەسەڵاتداریی خۆیان لە پەیوەندیی بەخوداکانەوە وەردەگرت. ئەمەش وای کردبوو کە سنووری دەسەڵاتی شا بەڕادەی دەسەڵاتی ئەو خودایە بێت کە شا خۆی سەر بەو دەزانێ. ئامینۆفیس دابێکی نوێی بۆ خودایەکی تەنیا دانا، کە ئەویش خۆر بوو. واتە خۆری لە سەرووی هەموو خوداکانی میسر دانا.

**دەستپێکردنی دەوڵەتی ئەخناتون لە میسر**: ئەخناتون بەیەکەم یەکتاپەرست ناسرا. لەبەر ئەوە کە باوەڕی بەخودای خۆر هێنا، ناوی خۆی کردە (ئەخناتون) بەواتەی خزمەتکاری خۆر و ناوی پایتەختەکەی لە نێوان (مەمفیس و تەبەس)کرد بەئەخناتون بەواتەی شوێنی دەسەڵاتدارییەتی خۆر. ئەخناتون کەوتە بەر ڕەخنەی کۆمەڵی پیاوانی ئایینی و دانیشتووانی خوارووی وڵات کە لایەنگری خوداکانی‌تر بوون و پەیڕەوی داب و نەریتی کۆنیان دەکرد. ئەم کێشەیە بەرگریکردنی لە سنوورەکان لاواز کرد و ئەخناتون نەیتوانی لەبەرامبەر هۆزە بێگانەکاندا خۆی ڕابگرێت و لە ئاکامدا ئیمپراتۆریی میسر لەناوچوو. بەدوای ئەم پاشایەدا، پاشاکانی زنجیرەی نۆزدەیەم بەدەسەڵات گەیشتن. گرنگترینیان (ڕەمسیس)ی دووەم بوو کە لە ساڵی ١٣٠٤-١٢٣٧ پ.زدا حوکمی کرد و بەشێکی بەرفراوانی ئاسیای خستە ژێرفەرمانی خۆی و ساڵی ١٢٩٨ پ.ز بەرەنگاری هیتییەکان بووەوە. ئەو شەڕە هەردوو لای بەتەواوی لاواز کرد. بەپێی کتێبی پیرۆز، لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەمسیسدا عیبرییەکان کرانە کۆیلە و موسا لە کۆشکی ڕەمسیسدا گەورە بوو، بەڵام ئەم نووسینەی کتێبی پیرۆز لە هیچ کتێبێکی‌تردا ئاماژەی بۆ نەکراوە.

دەبێ ئەوە بزانین کە هەوڵدانی بەزەبر و زەنگ بۆ ڕاگرتنی ئیمپراتۆری، زۆر جار ڕێگا بۆ ڕووخاندنی ئیمپراتۆر خۆش دەکات و هەروەها شەڕەکان لایەنی سەرکەوتووش لاواز دەکەن و بەبەردەوامی ژمارەیەک شەڕکەری باش دەکوژرێن و شکاوەکانیش لە هەل دەگەڕێن بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ و تۆڵەسەندنەوە و ڕاگرتنیان لە ژێردەستیدا پێویستی بەتوانایەکی هێجگار زۆرە و ئەمەش لە ڕاستیدا دژوارە و ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات کە هێندێک جار بەئاماژەکردنێک هەموو بنەماکانی حکوومەت لەناو بچێت. ئەمە دروست چارەنووسی ئیمپراتۆریی میسر بوو بەدوای لەشکر کێشانی ڕەمسیسی دووەمدا.

کۆچی عیبرییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتداریی (ڕاینپتا) جێنشینە لاوازەکەیدا بەسەرۆکایەتی موسا بوو، بەڵام دیسانیش بۆ سەلماندنی ئەم نووسینەی کتێبی پیرۆز هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە.



ڕەمسیسی سێیەم لە زنجیرەی بیستەم، ساڵی ١١٨٨- ١١٥٦پ.ز سەرۆکی میسر بوو، بەناچاری بەدژی پەلامارەدەرانی‌تر کە میسر ناوی (خەڵکی دەریا)ی لێ نابوون، شەڕی کرد. میسر ئەوانی لە وڵاتی خۆی دوور کردەوە، بەڵام ئەم شەڕە بەتەواوی میسری لاواز کرد. بەگەیشتنی ساڵی ١٠٠٠ی پ.ز میسر کە لە دوو شەڕدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، بۆ ماوەی سێ سەدە ئیمپراتۆریی هەرە مەزنی جیهان بوو و لە سەردەمی زنجیرەی حوکمڕانیی بیست و یەکەمدا وەک وڵاتێکی پلە دووەمی لێ هات.

لە ماوەی هەشت سەدەی هەزارەی دووەمدا، سۆمەر کە هێشتا لەژێر باری سەخت و کارتێکەریی تۆفانی نووحدا پشتی چەمابووەوە، بەبێ پسانەوە بەرەو هەڵوەشان دەچوو. نوێی هاتووەکان کۆنترۆڵی میسۆپۆتامیایان بەدەستەوە گرت و کلتووری سۆمەرەکانیان پاراست و گەشەیان پێدا. هۆزێک بەناوی (ئاموریت) کە بەزمانی سامی قسەیان دەکرد، لە دەورووبەری ساڵی ١٨٠٠ پ.ز شاری (ئەکەدمی باب- ئیلوم) بەزمانی ئەکەدمی (دەرگای خودا)ی داگیر کرد و پایتەختی خۆی لێ دامەزراند. ئەم شارە کە مزگێنی هێنەری داهاتوویەکی مەزن بوو، بابلی ئیسرائیلییەکان و بابیلۆنی یۆنانییەکان بوو. بەهۆی ئەم شارەوە هەموو ناوچەکانی خوارووی فوڕات ناوی بابلیان لەسەر خۆیان دانا و دوای ئەوە ناوی سۆمەر لە مێژوودا ون بوو.

**دەوڵەتی حامورابی یەکەم حوکمی یاسایی دەنوسێت**: حامورابی پاشای بابل لە ١٧٢٨- ١٦٨٦ی پ ز، هەموو بابلی خستە ژێرفەرمانی خۆیەوە. بەگشتی بەهۆی تابلۆیەکی بەردینەوە دەناسرێت کە تا ئەمڕۆش ماوە. لەسەر تابلۆ بەردەکە کۆمەڵێک یاسا هەڵکەنراوە، نووسینی ئەو کۆمەڵە یاسایە لەسەر ئەم تابلۆیە پێشکەوتنێکی گرنگ بوو لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. لە سەرەتادا، کۆمەڵ بەگوێرەی داب و نەریتی کۆن بەڕێوە دەچوو، بەڵام بیر و زەینی مرۆڤ هەرگیز ئەوەندەی توانا نییە و تەنانەت مرۆڤی ساویلکەش دەتوانێت گومان بکات لە ڕاستیی دەوڵەتەکان و لەوە بەگومان بێت کە دەسەڵاتداران بەقازانجی خۆیان چەمک و دیاردە جیاوازەکان شی دەکەنەوە. کۆمەڵە یاسا نووسراوەکان پێویستیی خۆیان دادەسەپاند و یاساکانی حامورابی بەیەکێک لە کۆنترینیان دەناسین.

بەهەر حاڵ، ئەوە یەکەم کۆمەڵە یاسایە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەئێمە گەیشتووە. لە میسۆپۆتامیای سەروو ئاموریتەکان وڵاتێکی نوێیان پێک هێنا و بەناوی پایتەختی خۆیانەوە واتە (ئەکەدمی) ئاشوور. یۆنانییەکان لەوەوە وشەی ئاشوریان وەرگرت کە بۆ ئەوان واتەی هەموو ناوچەکانی سەرووی دیجلە و فوڕات دەبەخشێ. حامورابی دەستی بەسەر ئاشووردا گرت، بەڵام لە دەورووبەری ١٥٣٠ پ.زدا، تەواوی میسۆپۆتامیا کەوتە دەست هۆزێک کە لە گاری جەنگی بۆ شەڕ کەڵکی وەرگرت و مێژوونووسانی دوایی ئەو هۆزە بە(کاسیت) ناو دەبەن. هەموو هۆزە پەلامار دەرەکان دوای داگیرکردنی وڵاتێک، خۆیان لەگەڵ فەرهەنگی ئەو وڵاتە دەگونجاند، هەرچەندە هەمیشە بەم جۆرەش نەبوو، شارستانییەتی قەومە پێشکەوتووەکان لەژێر دەستی هۆزە سەرکەوتووە بێ فەرهەنگەکاندا لەناو دەچوو و پیشە و هونەر و ئەدەبیاتی وڵاتەکەیان بەرەو دواوە و سەردەمی نەزانی دەگەڕایەوە. ئەوە بوو چارەنووسی میسۆپۆتامیا لە دوو سەدەی دوای شکانی حامورابی لە لایەن کاسیتەکانەوە. ئاشوور یەکەم وڵات بوو کە سەرلەنوێ

هەستایەوە سەرپێ و توانی جارجارە وڵاتێک داگیر بکات.

بەسەرۆکایەتی (توکولتی- نینورتا)ی یەکەم لە ١٢٨٠-١٢٤٥ پ.ز سوپای ئاشوور بەئەنقەست، کۆمەڵێک بێ بەزەیی لە خۆی پێشاندا و ویستی ورەی دوژمن دابەزێنێ و بەبێ خۆتێگلاندن لە شەڕ، بەسەریاندا زاڵ بێت. (باقگلات- فالازار)ی یەکەمی ئاشوور کۆنترۆڵی هەموو میسۆپۆتامیای کرد، بەڵام بەدوای مەرگیدا، هۆزەکانی ئەرمەن و کلدان، ئیمپراتۆریی ئاشووریان لەناوبرد و گشت دانیشتووانی ناوچەکەیان کردە کۆیلەی خۆیان. دوایی نۆرەی (هوریت)ەکان هات کە لە ڕۆژئاوای ئاشوور لە باشوور لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک نیشتەجێ بوون و لەوێ دەوڵەتی (میتانی)یان دامەزراند. هێندێک پتر بەرەو ڕۆژئاوا، باقی ئاسیای بچووک بەشێک بوو لە وڵاتی بەهێز و دەسەڵاتی هیتییەکان، کە یەکەم فەرمانڕەوای خاوەن دەسەڵاتیان (لابارناس)ی یەکەم لە (١٣٨٠-١٦٥٠پ.ز) حوکمی کرد[(١)].

هیتییەکان بەسەرۆکایەتی (سوپیلولیوما) (١٣٨٠-١٣٤٦پ.ز)، میتانیان داگیر کرد. دوای ئەوە، تەنیا ئیمپراتۆریی هیتیی مابوو کە دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەرەو باشوور واتە ئەو ناوچەیە بەرفراوان بکاتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە بەسووریای دەناسین، بەڵام لەوێ میسر بەسەرۆکایەتی ڕەمسیسی دووەم، پێشیان پێ گیرا و هەرچەندە ئازایانە لە بەرامبەر میسرییەکاندا شەڕیان کرد، بەڵام سەرنەکەوتن. دوای ئەوە پەلاماردەرە نوێیە پێگەیشتووەکان، کە میسرییەکان پێیان دەگوتن خەڵکی دەریا، ئاسیای بچووک و میسریان تاڵان کرد و بەرلە ساڵی ١٢٠٠ پ.ز وڵاتی هیتییەکان لەژێر زەبری ئەواندا لە دەسەڵات کەوت.

**سەردەمی ئاسن لە لایەن هیتییەکانەوە دەست پێ دەکات**: بەرلەوەی کە هیتییەکان لە مێژوو بسڕێنەوە، پێشکەوتنی بەرچاویان لە کەڵک وەرگرتن لە ئاسن بەدەست هێنا. بۆ ماوەی پانزدە سەدە مرۆڤ بەچەکی دروستکراو لە برۆنز شەڕی دەکرد، هەرچەندە ماتریالێکی سەخت و خۆڕاگرتری دەناسی. لە ڕاستیدا ماتریالێکی بۆری نزیک بەڕەنگی ئاوی هەبوو، کە بەتینی ئاگر و کوتانی، لێواری تیژ و شکڵی گاسن، شمشێر، خەنجەر و نێزەی سەخت و زۆر خۆڕاگرتر لە برۆنزی بەخۆیەوە دەگرت. ئەو ماتریالە لە کلۆی بچووکدا دەدۆزرایەوە و لە ڕاستیدا تێکەڵاوێک بوو لە بەرد و ئاسن و نیکل.

بێگومان ئاسن دەیتوانی وەک مس و قەڵایی دوای جیابوونەوە لە بەردی کانزاکان شێوازی پێ بدرێت، بەڵام ئەمە پێویستی بەتینی زۆری ئاگر هەبوو، بۆ ئەمەش تینی ئاگری خەڵووز باشتر بوو لە تینی ئاگری دار. لە لایەکی ترەوە ئاسنی شێوە پێدراو بەبێ تێکەڵکردنی نیکل بەڕادەی پێویست دژوار نەبوو و بۆ ئەوەی ببێتە پۆڵا پێویستی بەتێکەڵکردنی کاربۆن بەڕادەی پێویست هەبوو.

تێکنیکی تواندنەوەی ئاسن و تێکەڵکردنی کاربۆن لە ئاسنەواڵەدا نزیکەی ساڵی ١٣٠٠ پ.ز لە

(١) ئەو مێژووانەی کە لە کەوانەدان ماوەی حوکم کردن و ئەوانەش کە کەوانەیان نییە، تەمەنی فەرمانڕەواکان پێشان دەدات.



بناری چیاکانی قەفقاز لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک پەیدابوو. لەو سەردەمدا ئەم ناوچەیە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریی هیتییەکان، کە فەرمانڕەواکانیان هەوڵیان دەدا تەنیا بۆ خۆیان لەو دەستکەوتە نوێیە کە بایەخی سەربازیی زۆر گرنگی هەبوو، کەڵک وەربگرن. بەم جۆرە سەردەمی ئاسن دەستی پێ کرد و دوای نەمانی ئیمپراتۆریی هیتیی، نەتەوەکانیتریش لە ساڵانی ١٢٠٠پ.زدا توانییان ڕێگای تواندنەوەی ئاسن بدۆزنەوە.

**گەمارۆدانی شاری تروا**: بەکۆنترۆڵکردنی تەنگەی ئاوی دەردەنێل و بسفۆر لە بەشی هەرە باکوری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوکدا، شارەکانی یۆنانیی دەریای ئیجە دەرەتانی وەرگرتنی گەنم و دانەوێڵەیان لە وڵاتە خاوەن بەرهەمەکانی باکوری دەریای ڕەش پەیدا کرد و شاری تروا گەشەی کرد و ئاوەدان بووەوە. یۆنانییەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە بەکۆنترۆڵکردنی تەنگەکان دەتوانن خەرجی دابینکردنی ئازووقە کەم بکەنەوە. لەبەر ئەوە شاری تروایان گەمارۆدا و سەرئەنجام لە ساڵانی ١٢٠٠ پ.زدا وێرانیان کرد. ڕووداوی گەمارۆی تروا نەدەکرا بۆ هەمیشە لە یادی خەڵکدا بمێنێت، بەڵام دوای چەند سەدە، (هۆمیرۆس) شاعیری یۆنانی لە کتێبی ڕۆمانیی (ئەلیادە و ئۆدیسە)دا ئاماژەی بۆ کرد و ڕووداوەکەی بۆ سەدەکانی دوایی زەق کردەوە. بۆ هۆمیرۆس هەڵگیرسانی شەڕی تروا لەسەر مەسەلەی ئابووری نەبوو. ئەو سیمای جوانی (منەلاس) ژنی پاشای یۆنان کە هێلینی ناو بوو بەهۆکاری سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕ دەزانی. هێلین بەڕادەیەک جوان بووە کە هۆمیرۆس لە بەرامبەریدا دەڵێت: (سیمایەک کە توانای جوڵاندنی هەزار کەشتی هەیە.) بەلەناوچوونی هیتییەکان لە میتانی و تروا ئاسیای بچووک بەبێ خاوەن مایەوە. هۆزێکی نوێ بەناوی (فری ژیین) کەڵکی لەو هەلە وەرگرت بۆ دروستکردنی وڵاتێکی نوێ و فری ژیینەکان لە هەزارەی دوایی پ.زدا بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوون کە یۆنانییە هەژارەکان کەوتنە ژێر کارگەریی ئەوانەوە. بەم جۆرە یادی پاشایەکی فری ژیین دەکەنەوە و دەڵێن دەستی لە هەر شتێک بدایە، دەیکردە زێڕ. لەو قۆناغەدا، کرێت لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو و دەریای ئیجەی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە. نزیکەی ١٦٠٠ پ.ز هۆزێکی باکور هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتەی کە ئێمە ئەمڕۆ بەیۆنانی دەناسین و یۆنانییەکان لەو وڵاتەدا پەیدابوون و ناوی وڵاتەکەیان نابوو (هلاد) و بەخۆیان دەگوت هلین کە ناوێکی یۆنانییە و لە زمانی ڕۆمی وەرگیراوە. (مەیسەن) شاری گرنگی یۆنان بوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی نیوەدوورگەی (پلۆپۆنس) کە باشووری یۆنانی پێک دەهێنا. کرێتی خاوەن دەسەڵات، یۆنانییەکانی مەیسەنی خستبووە ژێر فەرمانی خۆی و ئەمە بنەمای ئەفسانەکانی زۆر ناسراوی یۆنانییەکانە کە ئاماژە بۆ وەرگرتنی باجی ساڵانەی بەدیل گیراوەکان دەکات، کە کرێت هەموو ساڵێک لە (ئەتینا)ی وەرگرتووە. سەرئەنجام پاڵەوانێکی (مێسەنی) بەناوی (تەزە ئەتینای) کۆتاییی بەو پەیمانە هێنا. بەهەر حاڵ، کرێتیش دەبووایە وەک سۆمەر کارەساتێکی سروشتیی لە ناکاو پێش بەگەشەکردنی بگرێت. دوورگەی تروا لە سەد کیلۆمەتر لە باکوری کرێت، ناوەندی شارستانییەتی گەشەکردووی (مینوێن) بوو، بەڵام لە بێبەختیی خۆیان، چیایەکی گڕکان لەژێر دوورگەکەدا بوو، بەبێ ئەوەی کە هیچ نیشانەیەکی لێ ببینرێت و کەس توانای هەبێت بیرلە جوڵەی بکاتەوە.

**گڕکانی تروا لەناوچوونی شارستانییەتی کرێت:** نزیکەی ساڵی ١٥٠٠ پ.ز ئەو گڕکانە بەدەنگێکی زۆر بەرز زاری کردەوە و هەڵقوڵی. ئەمە بەتەوژمترین کارەساتی گڕکان بوو، کە لە مێژوودا تۆمار کراوە. گڕکان، بارانی خۆڵەمێشیی بەسەر کرێتدا باراند و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاو کەنارەکانی دەریا وێران بوون. ئاو کەنارەکانی یۆنانی ڕامالّی و ئەفسانەی تۆفان دروست بوو. لە تروا، تەنیا زنجیرەیەک لە دوورگە بچوکەکان نقوم نەببوون و لەوە دەچوو کە ئاو دوورگەکەی هەڵ لووشیبێت. دوور نییە کە ئەم کارەساتە سەرچاوەی ئەفسانەی یۆنانیی وڵاتی ئاتلانتیکی پێک هێنا بێت. شارستانییەتی مینوس بەهۆی ئەم کارەساتەوە لەناوچوو. نزیکەی ساڵی ١٣٠٠پ.ز مەیسەنەکان کرێت و شوێنەکانی تری یۆنانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام داگیرکردنی تروا دوا سەرکەوتنیان بوو و شەپۆلی هێرشەکان کە میسر و ئیمپراتۆریی هیتیی ڕووخاند بوو، ژمارەیەک هۆزی نوێی کە ئەوانیش بەزمانی یۆنانی قسەیان دەکرد، بەرەو یۆنان شۆڕ کردەوە. هێرشکەران کە ناویان (دورین) بوو، کاتی ڕووخانی هیتییەکان چەکی ئاسنیان بەدەست هێنابوو.

مەیسەنەکان کە تەنیا شارەزای بڕۆنز بوون، نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن و دوینەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی پلۆپۆنس و شاری کۆنی مەیسەنی سپارتیان داگیر کرد کە بەوڵاتی ئەفسانەیی هێلێن دەناسرا و جوانیی ئەو هێلێنە ببوو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی تروا. ئەو قەومە هەروەها شاری (ئارگۆس) کە شاری پاڵەوانێکی‌تری هۆمیرۆس بوو، کرێتی داگیر کرد.

مەیسەن جارێکی‌تریش خۆی بەدەرکراوی بینیەوە، بەڵام ژمارەیەک یۆنانی بەر لە دوورینەکان کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵات و بەتایبەت لە ئەتینا خۆیان پاراست و یۆنانییەکانی تر بەرەو دەریا ڕایان کرد و لە دوورگەکانی دەریای ئیجە و کەنارەکانی ئاسیای بچووک نیشتەجێ بوون. لەوکاتەدا بەشی ناوەندیی ئەو ناوچەیە ناوی (ئیوان)ی لێ نرابوو.

**یۆنان و میسۆپۆتامیا لە تاریکیدا:** ساڵی ١٠٠٠ پ.ز شارستانییەتی کرێت و مەیسەن لە ناوچوو بوون و یۆنان لە ناوچەکانی دیجلە و فوراتدا هەستی بەگەڕانەوە بۆ کۆیلەیەتی کرد. کەنعانییەکانیش لە بەرامبەر ئەو پەلامارە پەیتا پەیتایانەدا ئاساییشیان نەبوو. سەرەتا کەوتنە ژێردەست (هیکسۆس)ەکان و دوایی ئیمپراتۆریی میسر دەستی بەسەردا گرتن. خەڵکی دەریا بەزەبرلێدان لە میسر، لە ساڵانی ١٢٠٠ پ.زدا، لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستی سەر بەکەنعاندا دابەزین و چەند شاریان لە سنووری کەنعان دروست کرد و وڵاتی (فیلستین)یان دامەزراند. لەو فیلستینانە کە بەزمانی بنەماڵەی هیند و ئەوروپایی قسەیان دەکرد، وشەی یۆنانیی فەلەستین پێک هات کە بەپێی کتێبی پیرۆز دوژمنی عیبرییەکان بوون و لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری کەنعانیان دابوو و ببوون بەخاوەنی دوابەشەکانی وڵات. کەنعانییەکان کە ئامادە نەبوون سەر بۆ دوژمن شۆڕ بکەن، بەرەو کەناری باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی خۆیان واتە شارەکانی (تیر)، (سیدون) و (بیبلۆس) پاشەکشەیان پێ کرا. ئەوانە پتر بەناوی فینیق دەناسێن کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە. فینیقییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێکی تا ئەو ڕادە



بچووکە ڕێگایەکیان بێجگە لە پیشەی بازرگانی نەبوو. پیشەی بازرگانی ناچاری کردن گەشە بەکاری کەشتیرانی لە دەریا دوورکەوتووەکاندا بدەن و لەم بوارەدا تەنانەت لە دانیشتووانی کرێتیش پتر چوونە پێشەوە. بەدرێژایی ڕۆژ و بەگوێرەی سووڕانی خۆر لە ئاسماندا، کە لە ڕۆژهەڵات بەرز دەبێتەوە و لە ڕۆژئاوادا ئاوا دەنیشتەوە و کاتی نیوەڕۆ باشووری پێشان دەدا، کەشتییان دەئاژوت و بەم جۆرە دەیانتوانی وەک چۆن لە زەوی دەمانەوە لە دەریاشدا بمێننەوە، بەڵام گرفتی کەشتیرانی لە شەودا چارەسەر نەکرابوو. بێگومان فینیقییەکان یەکەم کەس بوون کە گرووپی حەوت ئەستێرەیان، کە لە ورچێکی گەورە دەچێت و بەبەردەوامی لە باکوری ئاسماندا دەبینرێت، بناسن. لەبەر ئەوە، ئەگەر کەشتییەکیان لە باسکی ڕاستی ورچە گەورەکەدا دەبینی، تێدەگەیشتن کە بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و کاتێکیش ورچە گەورەکە لە باسکی چەپی بووایە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچوو. لە سەرەتای دوا هەزارەی پ.زدا، فینیقییەکان بەیارمەتی ئەو سیستمە بەهەموو بەشەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا هاتوچۆیان دەکرد و بوون بەگەورەترین بازرگانی ئەوکاتەی جیهان. مامەڵەو پێویستییەکان ڕێگای دۆزینەوەیەکی‌تری بۆ فینیقییەکان خۆشکرد، کە ئەویش دۆزینەوەی پیتی نووسین بوو. فینیقییەکان کە لە هاتوچۆ کردن بۆ بابل، پیتی گۆشەدار و لە سۆمەر نووسینی بزماری و لە میسرییەکانیش نووسینی ئاڵۆزی وێنەیی (هیرۆگلیف) فێر ببوون، بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەگەر نووسینی دراوسێ مەزنەکانیان بەپیت بنووسنەوە، کاری حساباتی بازرگانیی خۆیان ئاسان دەکەنەوە. لەبەر ئەوە بەشوێن چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئاسانی نووسیندا گەڕان.

**فینیقییەکان پیتی نووسینیان دۆزیەوە:** لە زەمینەی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئاساندا بۆ نووسین، لە ١٤٠٠ ساڵ پ.ز وە، هێندێک هەوڵ درابوو، بەڵام بەتەواویی سەرکەوتن بەدەست نەهاتبوو. نزیکەی هەزار ساڵ پ.ز فینیقییەکان توانییان ئەلف و بێی نووسین بدۆزنەوە کە هەر پیتەی واتەی پیتێکی بێدەنگی دەدا و بەم شێوەیە دەرەتانی نووسینی ئاسان بۆ هەموو زمانەکان ڕەخسا. سیستمەکانی نووسین بەشێوەی سەربەخۆ لە ناوچە و سەردەمە جیاوازەکاندا سەری هەڵدا بوو بۆ نمونە لە سۆمەر، لە چین و لە باشووری مەکسیک، بەڵام پیتی نووسین تەنیا جارێک دۆزرایەوە و ئەویش لە پیتە دۆزراوەکانی فینیقییەکانەوە سەرچاوەی وەردەگرت. کاتێک جولەکەکان لە ساڵی ١٢٠٠ پ.زدا، هێرشیان کردە سەر کەنعان و دەستیان بەسەر شاری ژریکۆدا گرت، ئەم شارە تەمەنی شەش هەزار ساڵی بوو. بەپێی کتێبی پیرۆز، لە کۆتایی ئەم شەڕەدا، دیوارەکانی شار بەدەنگی شەیپوری پەلاماردەران ڕووخان، بەڵام دەنگۆ داکەوت کە شاریان وێران کردووە، بەچەشنێک کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر نەخشە نەما و بەمەش توانییان لە بەرامبەر فەلەستینییەکانی نیشتەجێ لە کەنارەکاندا هێندێک سەرکەوتن بەدەست بێنن.

فەلەستینییەکان سەرلەنوێ بوژانەوە و دەسەڵاتدارییەتی خۆیان بەچەکی ئاسن سەلماند تا ئەوەی کە نەیارانیشیان لە ساڵی هەزارەی پ.زدا، چەکی ئاسنییان دروست کرد. داود سەرۆکی هۆزی (ژودا) لە باشووری وڵات بەزوویی توانای خۆی بەجولەکەکان سەلماند و جێی (شائول)ی گرتەوە و بەجۆرێک

فەلەستینییەکانی شکاند، کە ئیتر دەنگیان لێ بەرز نەبووەوە. داود ئیمپراتۆریی عیبری دامەزراند، کە میسر لە باشوورەوە تا سەرووی فورات لە باکوری گرتەوە.

بەڵام جولەکەکان کە لەوکاتەدا ژمارەیان لە سێسەد هەزار تێنەدەپەڕی، توانای پاراستنی تەنانەت ئیمپراتۆرییەکی بەڕادەی جەستەی خۆیان نەبوو. سەرکەوتنی داود بەگشتی دەگەڕایەوە بۆ ئەو قەیرانەی کە میسۆپۆتامیا و ئاسیای بچووکی لەخۆی گرتبوو، لەگەڵ لاوازیی میسر لەو سەردەمەدا. هەرکە یەکێک لەو ناوچانە هێندێک هێزی گرتەوە، ئیمپراتۆریی داود ڕووخا، بەڵام شانازیی سەردەمی داود سەرەڕای کورتیی ماوەکەی، کارتێکەری هەمیشەیی لەسەر مێشک و دەروونی هۆزی (ژودا) دانا، کە دوایی بەناوی جولەکە ناسرا و ئەمەش ئاکامێکی گرنگی بۆ دانیشتووانی جیهان بەدواوە بوو.

**ئارییەکان پەلاماری هیند دەدەن:** ئەو گرووپانەی کە پێشتر بەکاری جەنگی گەلێک شوێنی جیهانیان وێران کردبوو، لەساڵی ١٥٠٠ پ.زدا هێرشیان کردە سەر هیند و کۆتاییان بەشارستانییەتی (سەند) هێنا. شارستانییەتی سەند نزیکەی یەک میلیۆن دانیشتووی هەبوو. پەلاماردەران خۆیان بەئاریایی دەزانی و ناوی خۆیان لە وشەی (نەجیب) وەرگرتبوو و بەزمانی سانسکریت کە لە ڕیشەی هیند و ئەوروپاییانە، قسەیان دەکرد. لە ساڵی ١٠٠٠ پ.زدا، ئەم هۆزە هیند و ئەوروپاییانە لە درێژەی ڕووباری (گانگ) نیشتەجێ بوون و هەوڵیاندا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم نیوە قارەیەدا بەرفراوان بکەنەوە. وەک هەرێمەکانی‌تری جیهان، هیند لە ناکاو پێ دەنێتە سەردەمی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانەوە.

**چین پێ دەنێتە سەردەمی برۆنزەوە:** نزیکەی ساڵی ١٥٠٠ پ.ز چین لە کاتێکدا پێی نایە سەردەمی برۆنزەوە کە وڵاتەکە لە لایەن بنەماڵەی شانگەوە، واتە یەکەم بنەماڵەی دەسەڵاتداریەتی چین کە لە مێژوودا تۆمارکراوە، سەرۆکایەتی دەکرا. چین هەروەک سۆمەر و میسر سیستمێکی ئاڵۆزی نووسینی هەبوو. چینەکان هەرگیز پیتی نووسینیان وەرنەگرت و شێوازی نووسینەکەیان تا ئێستاش هەزاران وێنە و نیشانەی لە جیاتی چەند دانە دە پیتێک هەیە. بەرلە دەستپێکردنی هەزارەی پ.ز بنەماڵەی (زهۆ) جێگەی بنەماڵەی شانگی گـــرتەوە و گرنگییەکی پتری‌دا بەبنەماڵەی بەگزادەکان و چین بۆ چەندان سەدە لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا مایەوە و بەگشتی لە دەرەوەی سنووری گۆڕانکارییەکانی جیهاندا کە کارتێکەرییان هەبوو لەسەر هەرێمە جیاوازەکانی جیهان ڕاگیرا. دوای ئەوە چین خۆی لە چوارچێوەیەکدا هێشتەوە، کە تا ئەمڕۆش لە بواری ژمارەی دانیشتووانەوە بێهاوتایە.

**ژمارەی دانیشتووانی چین دەگاتە ٥،٠٠٠،٠٠٠:** لەو قۆناغەدا ژمارەی دانیشتووانی چین پترلە پێنج میلیۆن بوو، واتە پتر لە هەر یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەگشتی لە هەر پێنج کەس لە جیهاندا، یەکێکیان چینی بوون و ئەم ڕێژەیە تا ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە. لە کۆتایی دووەمین هەزارەی پ.زدا دانیشتووانی ئاسیای بچووک کە لە بەرامبەر (فریژین)ەکاندا ڕایان دەکرد، گەیشتنە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئیتالیا، دواتر خۆیان بە(ئۆترۆسک) ناساند و یەکەم شارستانییەتی سەلمێنراویان لە ئیتالیا



دامەزراند. زمانیان هەرگیز نەناسرا و ئێمە زۆر کەمتر لە جێنشینە ڕۆمییەکان شارەزای ئەوانین. شارستانییەتی‌تریش لە قارەی ئەمریکا پەیدا بوو و (ئولملک)ەکان لەوێ شارێکیان دروست کرد. لە هەموو جیهاندا خەڵک بەشوێن نەزانراوەکاندا دەگەڕا، ئەمەش ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر جیهاندا کردەوە. لە دەریای ئارامەوە هۆزەکانی ئاسیای باشوور و ڕۆژهەڵات خۆیان گەیاندە دوورگە نزیکەکان. ئەوانەی کە دواتر بە(پۆلی) دەناسرێن، توانییان دانیشتووانی دوورگە هەرە دوورکەوتووەکان داگیر بکەن و دانیشتووانی ئەو جێیانە بکەنە کۆیلەی خۆیان. پۆلییەکان بەپاپۆڕی بچووک کە مەترسیی شکانیان لێدەکرا، هەزاران میلیان بڕی و بەتێکنۆلۆژیای خۆیان کارێکی وایان کرد کە لەبەرچاوی هەموو جیهاندا دیار بوو.

بەم جۆرە دە سەدەی نێوان ٢٠٠٠ تا ١٠٠٠ ساڵ پ.ز پێشاندەری سەردەمێکی گرنگ بوو لە ژیانی مرڤایەتیدا و مرۆڤ لەو ماوەیەدا زۆر بەپەلە گەشەی کرد. ئەم هەزارەیە بەهێرشی گارییە جەنگییەکان کە بەزەییان بەهیچ نەتەوە و ئیمپراتۆرێکدا نەهات، دەستی پێ کرد. شارستانییەتە پێشکەوتووەکان لەناوچوون و شارستانییەتی نوێ لەسەر وڵاتە وێران بووەکاندا بیناکران. ئاپینی یەکتاپەرستی دۆزرایەوە، یاسا نوسرا، پارە و چەکی ئاسن دروست کرا. ئەم دەستکەوت و پێگەیشتنانە هەنگاوی گەشەکردنیان زۆر توند کرد.

## ٤- بەرەو گۆڕانی سەردەم

**١٠٠٠ ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسا:** دوا هەزارەی پ.ز سەردەمێکی هەرە باش بوو بۆ پێکهاتنی ئیمپراتۆرییەکان. ئەم سەردەمە شاهیدی بەرزبوونەوەی ڕۆم بوو کە دەبووایە پێشڕەوی یەکێک لە ئیمپراتۆرییە بەشکۆکان بێت کە جیهان هەرگیز بەخۆیەوە نەیبینیبوو. بەڵام بەرلە ڕۆم، قەوم و ڕێبەری‌تریش، لەوانە وەک ئەسکەندەری مەزن هەبوون کە دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتانی جیهاندا بەرفراوان بکەنەوە. تێکنیکە گەشەکراوەکان کەوتنە دەست ئەم خۆبەزلزانانەوە و هانیدان کە بۆ سەرۆکایەتیکردنی دنیا هەوڵ بدەن، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە لەم هەزارەیەدا لە ئاتن دیموکراسیی دامەزرا کە نموونەی ڕوونی ڕێکخراوێکی سیاسییە و تا ئەمڕۆش گرنگایەتی خۆی وەک هێمایەک پاراستووە.

هەروەها ئەو سەردەمە بەسەردەمی بیرکردنەوەی قووڵی فەلسەفی و ئاپینیی دەژمێررێت. دەربارەی فەلسەفە دیسان دەبێت لەم سەردەمە بدوێین، کە لە سەرووی هەمووان بیر و ئەندێشەی ئەفلاتون و ئەرەستۆ جێگایان دیارە و ڕۆشنایی دەبەخشن بەدیمەنی ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیان. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش شاهیدی سەرهەڵدانی ئاپینی نوێ، واتە ئاپینی زەردەشت و سەلماندنی هەمیشەیی و بەرز نرخاندن و دان پیادانانی (یەهوە) خودای جولەکەکان و سەرئەنجام کۆتایی سەردەمی پ.ز هات و مێژووە کۆنەکان ناوی (بەرلە عیسایان) بەخۆیانەوە گرت. سەرەڕای تەواوی زانیارییەکان دەربارەی کەسایەتی عیسا، جێگای هیچ چەشنە گومانێک نییە کە لە دایکبوونی عیسا خاڵی وەرچەرخانی مێژووە.

**ئاسیای ڕۆژئاوا جارێکیتریش سەر بەرز دەکاتەوە:** ئەو تاریکییەی کە باڵی بەسەر میسۆپۆتامیادا کێشابوو، بەرەبەرە ڕووناک بووەوە و ئاشوور لە ڕووخانی لەناکاو ڕزگاری بوو. دوای نۆسەد ساڵ، ئاشوور دوا پێشکەوتنەکانی خۆی خستە خزمەت شەڕ و هێمنایەتیی ئەفسانەییی خۆی لە داگیرکردنی وڵاتی نوێدا بینییەوە. فێری کەڵک وەرگرتن لە ئاسن بوو و بۆ یەکەم جار هەموو ئامێری سوپاکەی وەک نێزە، شمشێر و مەتاڵ لە ئاسن دروست کرد. لە لایەکی ترەوە ئاشوورەکان فێری سواریی بوون و گرنگیی کاری جەنگییان کە بەڕادەی سوارەی شەڕکەر توند و چالاک نەبوو، کەم کردەوە.

بەسەرۆکایەتی (لگلات- فالازار)ی سێیەم کە لە ٧٤٥- ٧٣٧ پ.ز حوکمی کرد، ئاشوورەکان تا دەریای سپی ناوەڕاست چوونە پێشەوە و وڵاتی سووریەیان داگیرکرد. جێنشینەکانی واتە (سالمانازر)ی پێنجەم (٧٣٦-٧٢٢پ.ز) و سەرگۆنی دووەم (٧٢٢-٧٠٥)، ئیسرائیلیان تێکشکاند و بڵاوەیان بەدانیشتووانی کرد. لە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی داود، تەنیا هۆزی (ژودە) توانی هێندێک سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. لە ٧٠١ پ.زدا ژودەش لە لایەن (سن ناشریب)ەوە (٧٠٥-٦٨١پ.ز) پەلامار درا. ئۆرشەلیم خۆی بۆ ڕاگیرا، بەڵام ژودە ناچارکرا باج بەئاشوورەکان بدات. سەرۆکی دوایی ئاشوور (ئاسار هادون) (٦٨٠-٦٥٩پ.ز) میسری داگیر کرد. ئاشوورەکان لە ساڵی ٦٧٠ی پ.زدا بەسامترین ئیمپراتۆرییان لە ئاسیای ڕۆژئاوادا دامەزراند. پایتەختی ئاشوور، شاری نەینەوا لە لایەن سن ناشریبەوە بینا کرا و پلەی یەکەم شاری جیهانی بەخۆیەوە گرت. جێنشینی (ئاسار هادون) واتە (ئاشور بانیپاڵ) پتر هەوڵی جوانی و گەشەکردنی دا و گەورەترین کتێبخانەی ئەو سەردەمەی بۆ دروست کرد کە پتر لە دووهەزار لەوحەی گڵی تێدا کۆکرابووەوە، بەڵام دوو سەدە شەڕی بێ وچان، ئاشووری لاواز کردبوو. هەروەها ئاشوور دراوسێی تێکدەری هەبوو کە نەچوونە ژێر فەرمانیەوە. لە نێوان ئەواندا، دەکرێ ئاماژە بۆ مادەکان بکەین کە لە ڕۆژهەڵات و ئێرانی ئەمڕۆ نیشتەجێ بوون. لەناوخۆی وڵاتیشدا کلدانەکانی بابل بەبێ پسانەوە لە ڕاپەڕیندا بوون و ئەمە سەرەڕای شکستە پەیتا پەیتاکانیان، پانزدە ساڵ دوای مەرگی ئاشوور بانیپاڵ، کلدانەکان لەگەڵ مادەکان یەکیان گرت و پەلاماری نەینەوایاندا و لە ساڵی ٦١٢ی پ.زدا وێرانیان کرد. ئیمپراتۆریی ئاشوور دوای ئەمە بەپەلە و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵوەشا و دوای دە ساڵ تەنیا وەک بیرەوەرییەک مایەوە. کلدانەکان جێی ئاشووریان لە میسۆپۆتامیادا گرتەوە و دەستیان بەسەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا گرت، بەڵام ڕێگایان بەمیسردا کە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا خۆی ببووژێنێتەوە. کاتێک (ژودە) هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕشیدا، فەرمانڕەوای کلد (نەبوود خوزنەسر)ی دووەم (٦٣٠-٥٦٢پ.ز) ئۆرشەلیمی داگیرکرد و پەرستگاکەی ڕووخاند و بەم جۆرە چرای ئەم بنەماڵەیەی کە لە بنەچەی داود بوون کوژاندەوە.

**دەستپێکردنی حوکمی نەبوود خوزنەسر لە کلد:** لە سەردەمی حوکمی نەبوود خوزنەسردا، ئیمپراتۆریی کلد بەوپەڕی گەشەکردنی خۆی گەیشت و بابل وەک گەورەترین شاری جیهانی لێ هات. خوزنەسر بینای پەرستگای نیوە تەواوی کە ماوەیەکی زۆر لە دەست ئاشوورەکاندا بوو، تەواو کرد و بەو جۆرە داستانی



کتێبی پیرۆز دەربارەی قەڵای بابل پێک هات. ئەم پەرستگایە بەنەوەد مەتر بەرزاییەوە، بەرزترین پەرستگا بوو. هەروەها نەبوود خوزنەسر کۆشکێکی جوانی چەند قاتی بەشێوازی پەرستگا دروست کرد و لە هەیوانەکانیدا باخچەیەکی هەڵواسراوی هەبوو کە بەیەکێک لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیای کۆن ناسرا. خوزنەسر سەرۆکایەتی پترلە دوو میلیۆن کەسی دەکرد، کەچی دوای مەرگی، بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆرییەکەی بێ هێز مایەوە و دراوسێکانی لەژێر فەرمانی دەرچوون و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و گەشەیان بەوڵاتی خۆیاندا. لە ئاسیای بچووکدا وڵاتی هاوسنووری، (فری ژی) لە لایەن هۆزەکانی (سیمەر)ەوە کە لە دەشتەکانی ئۆکراینیاوە هاتبوون، وێران کرابوو و لە جیاتی ئەو، وڵاتی (لیدی) کە پایتەختەکەی (سارد) بوو، لە ئاسیای بچووکدا پێک هات. لیدییەکان شاری یۆنانییەکانی کەناری دەریای ئیجەیان داگیر کرد، بەڵام بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەیان بەخەڵکی خودی شارەکە سپارد. ئێمە لە بواری چارەسەرکردنی گرفتی ئابوورییەوە قەرزداری لیدییەکانین. بەشێک ئاسنەواڵەی وەک زێڕ و زیو، پێشتر بەشێوەیەکی بەرین بۆ کڕینی ئازووقە و پێویستییەکانی تر کەڵکیان لێ وەردەگیرا، چونکە ئەوانە بەڕادەیەکی کەم دەست دەکەوتن و نرخیان بەرزتر بوو، بەرلە مامەڵە، قورساییان ڕوون دەکرایەوە، هەرچەندە بەبەردەوامی مەترسی ئەوەیان لێ دەکرا، کە دەستکاری بکرێن و ئاسنی کەم بایەخیان تێکەڵ بکەن.

**لیدییەکان پارە دەدۆزنەوە:** ڕێگاچارەی لیدییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، کەڵک وەرگرتن لە ئەڵقەی زێڕ و زیو، یان تێکەڵاوێک لە هەردووکیان بوو کە قورساییان دیار بێت. بەم شێوەیە پارە پەیدابوو کە وێنەی فەرمانڕەوا یا وێنەیەکیتریان لەسەر بوو کە نرخ و پاک بوونیانی دەسەلماند. بەهاتنی دراو بۆ بازاڕ، بازرگانی پتر دەسەڵاتی بەدەست هێنا و بوو بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی پتری لیدی.



(کرزوس) فەرمانڕەوای لیدی لە ساڵانی ٥٦٠-٥٤٦ پ.زدا، بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوو کە یۆنانییەکان ناوی (دەوڵەمەندی وەک کرزوسیان) کردە باو و ئەم ناوە تا ئێستاش بۆ دەوڵەمەندە گەورەکان بەکار دێت. چونکە مامەڵە کردن بەدراو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئاسان بووەوە، لەو سەردەمەی جیهاندا بەپەلە جێی گرت. ئەمڕۆ کەڵک وەرگرتنی ئێمە لە پارە دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام پێویست بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک ئەم شێوازە بدۆزێتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی لیدی و کلددا، ئیمپراتۆریی ماد لە ئێران و ئەفگانستانی ئەمڕۆدا بوو. ئەم ئیمپراتۆرییە لە بابەت بڵاوبوونەوەی ناوەکەی قەرزداری شەڕێکە کە ئەنجامی نەگرت: کاتێک سوپای ماد و سوپای لیدی لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستابوون، خۆر بەتەواوی گیرا و وڵاتی تاریک کـــرد. هەردوو لایان ئەم دیاردەیەیان بەنیشانەی نەیاریی خۆیان و هەڕەشەی خوداکان زانی و لەبەر ئەوە ڕێگەی ئاشتییان گرتەبەر.

**یەکەم ڕووداوی مێژوویی کە مێژووەکەی بەتەواوی تۆمار کراوە:** مێژووی ئەم خۆرگیرانەیان حساب کردووە و گەڕاندوویانەتەوە بۆ ٥٨٥/٥/٢٨ پ.ز و بەم جۆرە شەڕی هەڵنەگیرساوی نێوان ئیمپراتۆریی ماد و لیدی بەیەکەم ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتی ناسراوە کە توانیومانە تەنانەت ڕۆژ و مانگەکەی بدۆزینەوە. مادەکان لەوەش پتر ڕۆڵی خۆیان لە مێژوودا تۆمار کردووە. زەردەشت (٦٢٨-٥٥١ پ.ز) ئایینێکی ئاشتیخوازی ڕاگەیاند کە یۆنانییەکان (زورواستر)یان پێ دەگوت. زەردەشت لە کاتێکدا ئەم ئایینە نوێیەی ڕاگەیاند کە جیهان دابەشکرابوو بەسەر دوو هێزی هاوسەنگدا: لە لایەک (ئاهۆرامەزدا) کە نیشانەی چاکە و ڕووناکییەکان بوو و لە لایەکەی‌تر (ئەهریمەن) کە واتای بەدییەکان و تاریکییەکانی دەدا. زەردەشت ڕای وابوو کە هیچ کام لەوانە کە بەبەردەوامی شەڕی یەکتر دەکەن، ناتوانن لایەنەکەی‌تر بشکێنن، بەڵام بەشداریکردنی مرۆڤ بە قازانجی هەر یەکێکیان، دەتوانێت هاوسەنگیی کێشەکە بگۆڕێت. ئەم بۆچوونەی زەردەشت کە ناوی هێز و (ئاسترۆیزم یا موزدایزم)ی لێنرا، لە هەموو ئیمپراتۆریی ماد و ئەو دەوڵەتانەی کە جێی ئەویان گرتەوە، ڕەواجی پەیدا کرد و نیشانەکانی لە چەند ئایینی نوێدا بەتایبەت لە ئایینی مەسیحیدا بەرچاو دەکەوێ.

**کورش ئیمپراتۆریەتی نوێی ئێران پێک دێنێ:** ئەو هێزەی کە دەبووایە کۆتایی بەژیانی ئیمپراتۆریی ماد بهێنێت، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی مادەکان و لە ناوچەیەکدا پێی گرت کە یۆنانییەکان (پارس)یان پێ دەگوت. پیاوێکی لێهاتوو بەناوی کورش سەرۆکایەتی پارسەکانی لە ئەستۆ گرت و لە ساڵی ٥٥٨ پ.زدا دژی ئیمپراتۆری ماد ڕاپەڕی و ساڵی ٥٥٠ پ.ز پایتەختی مادەکانی داگیرکرد و ئیمپراتۆرییەکی نوێی دامەزراند. بەهاتنی کورش، پارس وەک هەموو ئیمپراتۆرییەکانی‌تر هەوڵی بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا. ساڵی ٥٤٦ی پ.ز لیدی و ساڵی ٦٣٩ پ.ز کلدی داگیر کرد و ساڵی ٥٢٩ پ.ز لە کاتی هێرش کردنی بۆ سەر ئاسیای ناوەندی کۆچی دوایی کرد. (کمبوجیە)ی کوڕی جێگەی گرتەوە و



توانی میسر داگیر بکات و دوای کمبوجیە، پیاوێکی لێهاتوو[1] بەناوی داریوش (٥٥٠-٤٨٦ پ.ز) سەرۆکایەتی ئیمپراتۆریی پارسی کرد. باکوری ڕۆژئاوای هیندستان و شاری (تراس)ی لە ئەوروپا لە وڵاتی یۆنان خستە ژێردەستی خۆیەوە. ئیمپراتۆریی پارس بەسەرۆکایەتی داریوش لە ساڵی ٥٠٠ پ.زدا بەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی گەیشت. لە بواری خاکەوە، ئێران لە هەموو ئیمپراتۆرییەکانی پێشووی لە ئاسیای ڕۆژئاوا مەزنتر بوو، ڕووبەری خاکەکەی گەیشتە ڕادەی خاکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی سیانزدە میلیۆن بوو. کۆمەڵێک ناکامی کە بەشێوەی سروشتی لە بۆسەی ئیمپراتۆرەکاندایە، لە کاتێکدا یەخەی ئێرانییەکانی گرت کە بڕیاریاندا بوو بەهەر نرخێک بێت دوژمنی ئازا و خاوەن هەڵوێستی خۆیان، واتە شاری ئاتن لە یۆنان داگیر بکەن.

یۆنانییەکان هەرچەندە بەژمارە لە ئێرانییەکان کەمتر بوون، بەڵام چونکە لە لایەک خۆیان باش ڕێک خستبوو و لە لایەکی‌ترەوە دەیانزانی لە دیاردەیەک بەرگری دەکەن کە سیستمی سیاسی خۆیانە و دەوڵەت لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارە، داریوشیان لە یەکەم هێرشیدا بۆ سەر ئاتن شکاند.

کوڕی داریوش (خەشایار) (٥١٩- ٤٦٥پ.ز) جێگەی باوکی گرتەوە، بەڵام ئەویش تووشی چارەنووسی باوکی بوو. دوای ئەمە، یۆنانییەکان دەستی باڵایان هەبوو و ئیمپراتۆریی ئێران ڕووی لە کزی کرد. ئەسکەندەری سێیەم لە مەقدۆنیا، ناوچەیەک کە دانیشتووانی بەزمانی یۆنانی قسەیان دەکرد و لە باکووری شارە گەورەکانی یۆنانی ناوەندی هەڵکەوتبوو، زەنگی مەرگی دەسەڵاتداریەتی ئێرانی لێدا. ژیانی ئەسکەندەر کورت بوو، بەڵام هەر ئەوەندەش بەس بوو بۆ لەناوبردنی هێزە ئێرانییەکان. لە نێوان ٣٣٤ و ٣٢٤ی پ.زدا ئەسکەندەر لە هێرشێکی سەرکەوتوودا بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئێران کە نازناوی مەزنی پێ بەخشی، کۆتایی بەئیمپراتۆریی ئێران هێنا و بەکۆکردنەوەی ئێران و یۆنان لە یەک ئیمپراتۆریدا، ژمارەی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکەی گەیاندە بیست میلیۆن، بەڵام مەرگی لە ناکاوی ئەسکەندەر هەڵوەشانی بەپەلەی ئیمپراتۆرییەکەی بەدواوە بوو. هۆی هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی، بەیەکەوە نەســازان و شــەڕی دەسەڵات لەنێوان کاربەدەستە نزیکەکانیدا بوو.

**سەردەمی سلوکییەکان:** بەشێکی گرنگی دەستکەوتەکانی ئەسکەندەر لە ئاسیادا بۆ سلوکی یەکەم (٣٥٦-

(١) داریوش پاشایەکی بێبەزە و دیکتاتۆر بووە. ئیمپراتۆرییەتی ئێران لە سەردەمی ئەودا تووشی قەیرانێکی سامناک بووە و ئەم قەیرانە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتی داگرتووە و سێ ڕاپەڕین بەناوی (پرادا)، (فرورتیش) و (پارتی) لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی داریوشدا ڕوویداوە. داریوش زۆر بێڕەحمانە ڕاپەڕینەکانی لە خوێن گەوزاندووە و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێ هەزار کەسی لە ڕێبەران و ڕاپەڕیوەکان لە سێدارە داوە. داریوش لەسەر بەردە بزمارییەکانی بێستوندا دەربارەی فرورتیش سەرۆکی مادەکاندا دەڵێ: بەزنجیرکراوی هێنایانە لام. من بەدەستی خۆم گوێیەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا لەسەر پێ ڕایانگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا چاویان لێبوو. دوای ئەوە بەفەرمانی من لە ئەگباتانە (هەمەدان) بەسەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا- ح.

٢٨١پ.ز) مایەوە. لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی ڕۆژژمێرە جۆراوجۆرەکاندا لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بەسلوکی کرد. ئیمپراتۆرییەکی دامەزراند کە بەسەرەتای سەردەمی زێڕینی سلوکی ناسرا. فەرمانڕەوایانی دوای ئەو لە دەستپێکدا بیری داگیرکردنی یۆنان لە سەری دان و بەشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەیان لەبیرکرد. ئەم شێوە تێڕوانینە ڕێگای بۆ دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر فەرمان خۆشکرد، کە بۆ ئازادیی خۆیان تێکۆشان و ئەمە بەتایبەت دەربارەی پارتەکان کە لە هەرێمێکی دوور و لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریدا بوون، خۆی زەق کردەوە و سەرئەنجام لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٨ی پ.زدا سەربەخۆیییان بەدەستهێنا. سلوکییەکان بۆ ماوەی سەدەیەک خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەسەر پارتەکان، بەڵام لە نزیکەی ساڵی ١٤٠ پ.زدا سەرۆکی پارتەکان، (میترایەدات-میترادات)ی یەکەم هەموو میسۆپۆتامیای داگیر کرد و خستیە ژێرفەرمانی خۆیەوە.

پارتەکان ئیمپراتۆریی ئێرانیان ڕێکخستەوە و سەرلەنوێ هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتیان کە پێشتر لەژێر فەرمانی داریوشدا بوون، خستەوە دەست خۆیان. بەرەبەرە کە سلوکییەکان ڕوویان لە کزی کرد، پارتەکان هێزیان گرتەوە و لە بەرامبەر ڕۆمییەکاندا ڕاوەستان. ئەمە کاتێک ڕوویدا کە ڕۆمییەکان پاشماوەی ئیمپراتۆریی سلوکییەکانیان خستە دەست خۆیان.

ساڵی ٥٣ پ.ز هێزەکانی پارت بەتوندی (مارکۆس لیسینۆس کراسۆس) (١١٥-٥٣پ.ز) فەرمانڕەوایی ڕۆمیان شکاند و ساڵی ٤٠ پ.ز دەریای سپی ناوەڕاستیان داگیرکرد و بۆ ماوەیەک ژودەیان بەدەستەوە گرت. بەدەست پێکرانی ساڵی یەکەمی مەسیحیی، ئاسیای ڕۆژئاوا شاهیدی بەدەسەڵات گەیشتنی ئاشوورەکان، کلدانەکان، لیدییەکان و پارسەکانی پێشووی ئێران بوو و دوای ئەمە، ئاسیای ڕۆژئاوا بوو بەگۆڕەپانی شەڕی نێوان ڕۆمییەکان و پارتەکان. ئێران لە زەمینەیەکدا خۆشبەختتر لە خەڵکانی تر و تەنانەت لەوانی کۆنتر لە خۆیان بوون، سەرەڕای شکستەکانیان، بەو هێزەی کە مابوویان، خۆیان ڕاگرت و بۆ دەسەڵاتی زیاتر بەربەرەکانییان کرد.

**ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی خۆی تێ دەکۆشێت**: لە سەردەمی حوکمی سلێماندا لە (٩٦٢-٦٢٢ پ.ز)، لە ئیسرائیل، ئاڵوگۆڕەکان بەشێوەیەکی تر بوون: سلێمان کوڕ و جێنشینی داود، بیری بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی بەلاوەنا و بەپێچەوانەی پاشاکانی تری ئەو سەردەمەوە ڕێگای ژیانی ئاشتیی لەگەڵ دراوسێکانی هەڵبژارد و زیاتر خۆی بەلای خێرخوازیدا شکاندەوە تا خۆتێگلاندن لە شەڕ و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ئەنجامی شەڕدا. سلێمان پەرستگای (یەهوە)، خودای ئیسرائیلەکانی دروست کرد. ئەم پەرستگایە لە سەردەمی خۆیدا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ داب و نەریتی کۆنی یەهودی هەبوو و پەیکەری هیچ خودایەکیان لێ دانەنابوو. دوای مردنی سلێمان، وڵاتەکەی لێک بڵاوبووەوە و ئیمپراتۆریی داود پترلە هەشتا ساڵ دەوامی نەکرد. هێزەکانی باکور کە بەدژواری ملیان بۆ سەرۆکایەتی ژودە کەچ کردبوو، لێی جیابوونەوە و وڵاتی ئیسرائیلیان پێک هێنا، کە دواتر سامرەیان کردە پایتەختی خۆیان.



وڵاتی ژودە کە بچووکتر بوو لەگەڵ ئۆرشەلیمی پایتەختی بەسەرۆکایەتی جێنشینی داود بەردەوام بوو. جیابوونەوە، هەردوو وڵاتی لاواز کرد و لە بەرامبەر هێرشی دراوسێکاندا تووشی گیروگرفتی مەزنی کردن. لە هەردوو وڵاتدا هەستی چەند خوداپەرستی سەری هەڵدابوو، بێ بەزەییانە هێرش دەکرایە سەر بنەما قەومییەکان و ناوەندی گرێدراو بە(یەهوە) خودای تەنیا. ژمارەیەک لە پەیامبەرانی یەهوە وەک (ئامۆس) و (ئەشعیا) بڵاوکەرەوەی بەئەمەکی بۆچوونی یەکتاپەرستی بوون و بۆچوونەکانیان لەو کتێبانەدا پارێزراون کە بەشێکن لە کتێبی پیرۆز (تەورات). کاتێک ئاشوورەکان ساڵی ٧٢٢ پ.ز ئیسرائیلیان داگیرکرد، بەگزادەکان خستیانە سەر وڵاتانی ژێر فەرمانی ئاشوور. ئەم دیاردەیە لە سەدەکانی دواییدا بوو بەسەرچاوەی زۆربەی ئەفسانەکانی دە هۆزی ونبووی ئیسرائیل، بەڵام وادیار بوو کە ئەم هۆزانە لە ڕاستیدا تێکەڵاوی دانیشتووانی ناوچەکە بووبن. ژودە بەسەرۆکایەتی (ژۆزیاس) (٦٤٠-٦٠٩پ.ز) وەک ناوچەیەکی سەر بەئاشوور مایەوە و یەهوەپەرستی بەتەواویی تێیدا جێی گرت و ئەم سەرکەوتنە بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو و دوای دۆزینەوەی کتێبێکی کۆنی یاسا لە پەرستگادا کە دەیانگوت موسا نووسیویەتی کە ڕەنگە کتێبی (دوترونۆم) سەر بەبەشی پێوەلکاوی کتێبی تەورات بێت، بە هەر حاڵ ژوزیاس لە شەڕدا کوژرا.

**وێران بوونی پەرستگای ئۆرشەلیم**: ئۆرشەلیم ساڵی ٥٨٦ پ.ز لە لایەن نەبود خوزنەسری پاشای کلدوە داگیرکرا و پەرستگاکەی ڕووخێنرا و کەسایەتییە جولەکەکان سەرلەنوێ دوورخرانەوە. بەڵام دوورخراوەکان بەپێچەوانەی ئەوانەی پێشووتریان ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان پاراست و بەهۆی هەڵسوکەوتی تا ڕادەیەک باشی دەسەڵاتدارانی کلدوە، هێندێک تامی سەرکەوتنیان چێشت.

لە دوورخراوەییدا، بەهاندانی (دانیال) پێغەمبەر، یەهوەییزم بۆ هەمیشە جێگەی گرت و نووسینی ڕووداوە مێژووییەکان و پێشینەی ئایینیی عیبرییەکان لە کتێبێکدا کە ئەمڕۆ بەئینجیلی دەناسێن کۆکرایەوە. کتێبی پیرۆز ئاماژەی بۆ جیهان، تۆفانی نوح و قەڵای بابل و دەسەڵاتی زانستی و فەرهەنگی کلد کردووە. جولەکەکان چونکە شاری ئوریان بەوڵاتی ئیبراهیم دەناسی، داوای میراتی سۆمەرە کۆنەکانیان کرد. ئەم مەسەلەیە بۆ ڕۆمییەکانیش ڕوویدا، کە هۆزێکی نوێ بەناوی (ئینە) لە شاری (تروا) دەیانویست خۆیان بەیۆنانییەکانەوە بلکێنن. دوای ئەوەی کە کورش کلدی داگیرکرد، ئیزنی بەجولەکەکان دا کە بەویستی خۆیان بگەڕێنەوە ژودە. لە ساڵی ٥١٥ پ.زدا سەرلەنوێ پەرستگایەکی بچووکی لە ئۆرشەلیم دروست کرد و جولەکەکان لە ژێردەستی ئێرانییەکاندا بەدڵ و گیان وڵاتی خۆیان دامەزراندەوە. کاربەدەستێکی ئێرانی بەناوی (نەهیمیا) کە جولەکە بوو، ساڵی ٤٣٨ پ.ز دیوارەکانی ئۆرشەلیمی نوێ کردەوە و نووسەرێکیش بەناوی (ئیدراس)، ئەرکی نوێکردنەوەی ئایینی یەهودی بەگوێرەی لێکدانەوەکانی نوێ لە کتێبی پیرۆزدا لە ئەستۆ گرت. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، پێغەمبەرێکی نەناسراو بەناوی (ئەشعیا)ی دووەم بۆ بەجیهانیکردنی یەهوە هەوڵیدا و ڕایگەیاند تەنیا خودایەک هەیە کە ئەویش خودای تاک و بێ هاوتای جولەکەکانە کە هەمیشە هەبووە و دەمێنێت. لە سەردەمی ئەم

پێغەمبەرەوە یەکتاپەرستی بەشێوەی ڕاستەقینە لە نێوان جولەکەکاندا جێی گرت و لەوێوە پەلی هاویشتە ناو مەسیحی و موسوڵمانەکانەوە. ژودە بەبێ دژواری لەژێر فەرمانی ئێرانییەکاندا ژیا و بەرەبەرە بەشێک لە ئەفسانەکانی زەردەشتی لە خۆیدا کۆکردەوە. دوای ئەوە هەرچەندە یەهودییەکان بەتەواویی باوەڕیان بەخودای یەکتا وەک تەنیا خاوەنی جیهان هەبوو، بوونی دیاردەیەکی بەدیشیان بەناوی شەیتان قبووڵ کرد، کە هەرگیز توانای بەچۆکداهێنانی خودای نەبووە، بەڵام لە بەرامبەردا توانیویەتی بەسەر مرۆڤدا زاڵ ببێت و هێزی شەیتانی زۆر جێگەی مەترسی بووە. بەم جۆرەی بۆچوونی دوولایەنەی ئایینی زەردەشت دەربارەی چاکە و خراپە تەشەنەی کردە ناو ئایینی جولەکەکانەوە و لەوێشەوە ڕێگای بۆ ناو ئایینی مەسیحییەت کردەوە.

**وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بەزمانی یۆنانی:** دوای مەرگی ئەسکەندەری مەزن، ژودە جارێکی تریش گەڕایەوە سەر میسر کە (بەتلیمۆس)ی یەکەم (٣٦٥-٢٨٣پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرد. لەو سەردەمەدا ژمارەیەک جولەکە چوونە میسر و لە ئەسکەندەریەی پایتەختی میسر نیشتەجێ بوون. بەتلیمۆسی دووەم (٣٠٨- ٢٤٦پ.ز) فەرمانی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی بەزمانی یۆنانی دا و دەڵێن حەفتا زانا کتێبی پیرۆزیان وەرگێڕاوەتەوە و ناوەکەشی لە زمانی فەرەنسی (سپتانت) وەرگیراوە کە واتەی حەفتا دەدات.

لە ساڵی ٢٥٠ پ.زەوە هەموو ئەوانەی کە زمانی یۆنانییان دەزانی و توانای خوێندنەوەیان هەبوو، توانییان کتێبی پیرۆز بخوێننەوە. مەبەست لەو کەسانەیە کە دەستیان گەیشتبووە فەرهەنگی پێشکەوتووی سەردەمی خۆیان. ئەمە هەنگاوێکی سەرەکی بوو لە زەمینەی گۆڕانی یەهودییەتدا بەرەو بەجیهانی بوون، کە کۆمەڵێک لە ئایینەکانی تر باوەڕیان پێی هێنابوو، بەڵام ئەم قۆناخە کراوەیە بەردەوام نەبوو. ساڵی ١٩٨ پ.ز ژودە لە بەتلیمۆسەکانی میسرەوە کەوتە دەست سلوکییەکانی سووریا کە کەمتر نەرم و نیان بوون. (ئانتیکۆس)ی چوارەم (٢١٥-١٦٤پ.ز) گوشارێکی زۆری خستە سەر جولەکەکان و ویستی چاو لە بۆچوونەکانیان بپۆشن و فەرهەنگی یۆنانی قبووڵ بکەن. یەهودییەکان بەسەرۆکایەتی (ژوداس ماک شابە) و براکانی لە ساڵی ١٦٨ پ.زدا ڕاپەڕین. سلوکییەکان زۆر لەوە لاوازتر بوون کە ڕاپەڕینی جولەکەکان تێک بشکێنن و ئەوان بەڕێبەرایەتی (ژان هیرکان)ی یەکەم و (ئەلکساندر ژانە) لە ساڵی ١٥١ پ.زدا سەربەخۆییان بەدەست هێنا. ژوداس ماک شابە، بەهۆی کێشە لە ناو بنەماڵەکەیدا، کە لە ئەنجامدا شەڕی ناوخۆیی لێ پێک هات، لە دەسەڵات کەوت و ساڵی ٦٣ پ.ز سەرۆکی ڕۆم (کنۆس پۆپمیۆس یا پمپی) (١٠٦- ٤٨ پ.ز) جێگەی ماک شابەی گرتەوە و هەرێمێکی ڕۆمیی پێک هێنا و (هرود)ی (٧٣-٤ پ.ز)ی کردە شای ژودە.

هرود بۆ ڕاکێشانی ڕای جولەکەکان، داب و نەریتیانی قبووڵکرد و سەرلەنوێ پەرستگای بۆ دروست کردنەوە، بەڵام چونکە ئەو ڕۆمی و خەڵکی (ئیدۆمۆن) بوو، ڕێبەرە چاوچنۆکە جولەکەکان دوژمنایەتییان کرد.



زۆربەی جولەکەکان بیرەوەری شۆڕشی ماک شابە و پێشبینیی پەیامبەرەکانی خۆیان لەبیر بوو، کەسێکیان دەویست کە خۆی بۆ خودا تەرخان بکات و جڵەویان بۆ سەرهەڵدانێکی سەرکەوتوو دژ بەڕۆم بگرێتە دەست. چاوەڕوانی ڕێبەرێکیان دەکرد کە لەژێر چەپۆکی بێگانەدا ڕزگاریان بکات.

**لە دایکبوونی مەسیح (مێژووی ماناوندەیی)**: بەم جۆرە، لەسەرەتای سەردەمی ئێمەدا، یەهودییەکان چاوەڕوانی ڕزگارکەرێک بوون کە ژیانیان بگۆڕێت. لەو کاتەی مێژوودا بوو کە بەنووسینی ئینجیل، مناڵێک لە (بەیتوللەحم) چاوی بەژین کردەوە کە پێناسەی بنەماڵەی داود یا کوڕی خودای هەبوو بەناوی یۆنانیی عیسا.



**فینیقییەکان لەوپەڕی دەسەڵات و فەوتاندا**: شارەکانی فینیقیی کە لە لایەن ئاشوورەکانەوە داگیر کرابوون، توانییان لە بەرامبەر کلدانەکاندا خۆیان ڕابگرن، بەڵام سەرئەنجام کەوتنە دەست ئێران. سەرەڕای ئەو مەترسییە، فینیقییەکان لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا درێژەیان بەکاروباری بازرگانی و

دۆزینەوەکانیان دا. تەنانەت وادیارە بەرلە ساڵی ٩٠٠ پ.ز و دوای بەجێهێشتنی (چیای تاریق- جبل تاریق) گەیشتبنە دوورگەی ئەتڵەس و کاتێک کانزاکانی قەڵایی لە ئاسیای رۆژئاوادا لە تەواوبووندا بوون واتە یەکەم کانزا کە تەواوبوو، فینیقییەکان بۆ دۆزینەوەی کانزای نوێ، تا دوابەشی (کورنۆیل) لە دواخاڵی باشووری رۆژهەڵاتی ئینگلیز چووبن. فینیقییەکان بۆ ئەوەی کە تەنیا بۆ خۆیان کەڵک لەو کانزایانە وەربگرن، شوێنەکانیان بەنهێنی دەهێشتەوە و نەیاندەهێشت هیچ کەس بەو ناوچانە بزانێت، بەچەشنێک کە هێشتا بەتەواوی ئەم شوێنە دیار نییە. هەروەها لە چەند بەشی دەریای سپی ناوەراستدا، واتە لە قوبروس، لە کەنارەکانی ئەفریقای باکور، سیسیل و ئیسپانیادا بەشوێن کانزای قەڵاییدا گەران. گرنگترین کۆڵۆنیی ئەوان (قەرتاج- کارتاژ) لە نزیک (تونس)ی ئەمرۆ بوو. بەگوێرەی ئەفسانەکان، ساڵی ٨١٤ پ.ز سەرەتا ئاشوورەکان و دوایی ئێرانییەکان کۆتاییان بەدەسەڵاتی سیاسی فینیقییەکان هێنا. قەرتاج کە تا رادەیەک لە دەسەڵاتی بێگانە دووربوو، توانی پەرە بەدەسەڵاتی خۆی بدات.

ساڵی ٦٥٠ پ.ز قەرتاج کەشتی هەبوو و بەکاری بازرگانی لە دەریادا سوپایەکی لە بەکرێگرتەکان پێک هێنا. شار کۆنترۆڵی هەموو فینیقییە کۆڵۆنییەکانی بەدەست گرت و خۆی وەک تەنیا هێزی سەرەکی دەریای سپی ناوەراستی رۆژئاوا سەلماند. فینیقییەکان کە بنەمای کەشتیرانیی ئیمپراتۆریی ئێرانیان دارشتبوو لە ساڵانی ٥٠٠ی پ.زدا یەکەم سەفەری دەریایی خۆیان بەدەوری ئەفریقادا ئەنجامدا کە سێ ساڵی خایاند. بەڵام ئەسکەندەری مەزن لە شەرێکدا بەدژی ئێرانییەکان شاری تروای گەمارۆدا و بەتەواوی ویرانی کرد. فینیقییەکان دوای ئەم نەهاتییە، ئیتر بەردەوام نەبوون و تەنیا قەرتاج مایەوە. قەرتاج بەدرێژایی چەند سەدە لە سیسیل دژی یۆنانییەکان شەری کرد، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن. قەرتاج دەبووایە لە بەرامبەر دوژمنی نوێ و بێ بەزەییدا رابوەستێ. لە ساڵی ٢٦٤ی پ.زدا رۆم کە هەموو ئیتالیای خستبووە دەست خۆی، جێگەی یۆنانییەکانی گرتەوە. یەکەم شەری (پونیک) کە بیست و سێ ساڵی خایاند، شکستی قەرتاجی مسۆگەر کرد و ناچار بوو سیسیل بداتە دەست رۆمییەکان. سەرەرای ئەم شکستانە، قەرتاجەکان درێژەیان دا بەبەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە ئیسپانیادا، کە رۆمییەکان پێشیان پێ گرت.

(ئاینبال- هانیبال)، یەکێک لە فەرمانرەوا لێهاتووەکانی مێژوو بووە کە لە ئیسپانیا سەرۆکایەتی هێزەکانی قەرتاجی دەکرد. توانای شکاندنی رۆمییەکانی لە هەر شوێن و بارودۆخێکدا هەبوو. ساڵی ٢١٨ی پ.ز ئاینبال بەزەویدا هێرشی کردە سەر ئیتالیا، لە کاتێکدا دوژمن لە دەریادا چاوەروانی دەکرد. ئاینبال لە (گۆل)ی باکور تێپەری و لەگەڵ شەرکەرەکانی بەژمارەیەک فیلەوە خۆی گەیاندە سەر بەرزاییەکانی (ئالپ). لەو شەرەدا کە دووەم شەری پونیک بوو، ئاینبال سێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دوا سەرکەوتنی لە (کان- کانسی ئێستای فەرەنسا) و لە ساڵی ٢١٥ی پ.زدا بوو کە گەورەترین کارەساتی بۆ رۆمییەکان دروست کرد، بەڵام رۆمییەکان خۆیان نەدۆراند و درێژەیان بەشەردا. رێبەرانی قەرتاج بەداخەوە مامەڵەیان لەسەر ئاینبال کرد. زۆربەیان دژ بەخۆبەزلزانیی سەرۆکەکەیان و لووتبەرزیی راوەستان و ئەویان پتر بەمەترسی زانی تا هێرشی دوژمنە رۆمییەکەیان.



ئاینبال سەرەرای لێهاتوویی نەیدەتوانی بەبێ گەیاندن و دابەشکردنی ئازووقە بەرێکوپێکی لەناو شەرکەرەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لەبەر ئەوە لە ٢٠١ پ.زدا رۆمییەکان ئاینبالیان شکاند و قەرتاجیان ناچار بەقبوولکردنی ئاشتییەکی ماڵوێرانکەر کرد، بەڵام شار هێشتا بەشێک لە سەرچاوەکانی مابوو. قەرتاج بەبێ دەستکەوت لە کۆڵۆنییەکانی دەرەوەی تووشی تەنگوچەڵەمە بوو، سەرلەنوێ بەیارمەتی دراوسێکانی و رۆمییەکان خۆی رێکخستەوە، بەڵام رۆم لە ترسی سەربەرز کردنەوەی دووبارەی نەیارەکەی، ساڵی ١٤٩ پ.ز بۆ سێیەم جار بێ بەزەییانە شەرێ بەسەر پونیکدا سەپاند. دوای شەرێکی خۆبەختکەرانە کە سێ ساڵی خایاند، قەرتاجەکان شکان و لە ساڵی ١٤٦ پ.زدا شار لەگەڵ زەوی تەخت کرا. بەم جۆرە لە کۆتاییی دوا هەزارەی پ.زدا، فینیقییەکان کە رۆڵی گرنگیان لە کەنعان، تیر و قەرتاجدا گێرابوو، شوێنەواریان نەما و وەک ئەوانیتری پێش خۆیان واتە سۆمەرەکان و شارستانییەکانیتر، فینیقییەکانیش زۆر دەستکەوتیان بۆ مرۆڤ بەدیاری هێنا، بەڵام نەیانتوانی یارمەتی مانەوەی خۆیان بدەن.

**دیموکراسی لە یۆنان سەرهەڵدەداتەوە:** لە سەرەتای مێژوودا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ رێبەرایەتی کردنی خۆی پاشای هەبوو. ئەگەر پاشاکان دەسەڵاتیان بووایە خاکی دراوسێکانیان داگیر دەکرد و ئیمپراتۆرییان دادەمەزراند. سەرەتا خۆیان بەخودا دادەنا و بەگەشەکردنی هونەری شەر بۆ داسەپاندنی دەسەڵات، لەسەر هێزی خۆیان حساب دەکرد، بەڵام دۆزراوەکان تەنیا قازانجی ئابوورییان نەبوو. لە دوا هەزارەی پ.زدا گەشەکردن زەمینەی رێکخستنی سیاسیشی گرتەوە کە گرنگترینیان گەرایەوە بۆ یۆنان. کاتێک یۆنان سەردەمی کۆیلەتی بەجێهێشت کە هێرشی دورییەکان پێکهێنەری بوو، وڵات لە دەوڵەتی شارە جیاوازەکان پێک هاتبوو و ئەوەی کە ئێمە ئەمرۆ پێی دەڵێین یۆنان، لە کەنارەکانی بەشی ئاسیای دەریای ئیجە هەڵکەوتبوو. ئەم وڵاتە بەهۆی زنجیرە چیاکانەوە دابەشکراوە و هەر شارەی بەسەر شوێنێکی بچووکدا حوکمی دەکرد.

لەبەر ئەوە پێکهاتەی جوگرافیایی پێشی دەگرت لە کۆکردنەوەی شارەکان لە کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی وەک وڵاتی میسر یا ئیمپراتۆرییەکانیتر و شارەکانی یۆنانی کۆن بەکردەوە نەیانتوانی یەک بگرنەوە و ئیمپراتۆرییەکان بەردەوام نەدەبوون. یۆنانییەکان مەزنترین بایەخیان بەئازادیی دەدا و شەرە پەیتاپەیتاکان شارە جیاوازەکانی لە بەرامبەر یەکتردا رادەگرت. یۆنانییەکان سوارەی پرچەکی (هۆپلیت)یان هەبوو کە لە دەستەی بچووک پێک هاتبوون.

شەرکەرە پیادەکان پشتی یەکتریان دەگرت و ئەمەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو لە زەمینەی کەڵک وەرگرتن لە تاک لە شەری تروادا. لە قۆناخێکدا هۆپلیتەکان هاوتایان نەبوو و دوای ئەمە دراوسێکانی یۆنانیش کە بەشێوازی نەتەوە و لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریدا خۆیان رێکخست، لە یۆنانییەکانەوە فێری شەر بوون و توانییان لە بەرامبەر یۆنانییەکاندا راوەستن. نەبوونی یەکێتی لەنێوان یۆنانییەکاندا هەمیشەیی نەبوو. زمانی هاوبەشیان هەبوو، لە دروشمەکانی هۆمێرۆسدا هاوبەش بوون، پێکەوە

بەشداریی یارییەکانی ئۆلومپیایان دەکرد و لە ماوەی یارییەکاندا ئاگربەسیان ڕادەگەیاند. لەو ناوەدا یارییە وەرزشییەکان کە دەڵێن یەکەم جار لە ساڵی ٧٧٦ی پ.زدا دەستی پێ کردووە، بێگومان هۆی هەرە بەهێزیان بووە. دوای ڕزگاربوونی یۆنان لە کۆیلەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ٧٠٠ی پ.زدا گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن. مەترسی زیاد بوونی دانیشتووان لە هەرێمەکانی تریشدا بەرچاو دەکەوت و ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەری پێکهێنانی کۆڵۆنی بوو و یۆنانییەکان بۆ بەدەستخستنی کۆڵۆنی وڵاتی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان لە کەنارەکانی دەریای ڕەش، سیسیل لە باشووری ئیتالیا و ئەفریقای باکور کرد. بەڵام ئەم بەرفراوان بوونەوەیە بەهۆی نەبوونی دەرەتانی پێویست و دژایەتی قەرتاجەکان و هێزەکانی تری ئاسیا ڕاوەستێنرا. نزیکەی نیو ملیۆن یۆنانی لە کۆڵۆنییەکاندا نیشتەجێ کرابوون، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی یۆنان بەبەردەوامی لە بەرزبوونەوە و زیادبووندا بوو.

شارەکانی سپارت و ئاتن دوو شاری سەرەکیی ئەوکاتەی یۆنان، ڕێگاچارەی جیاوازیان بۆ گرفتی زیادبوونی دەسەڵاتی خۆیان هەڵبژارد. لە باشوور سپارت شەڕێکی درێژخایەنی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەڵگیرساند و (پلۆنۆس)ی داگیر کرد و هەموو ئەوانەی کە سپارت نەبوون کردنی بەکۆیلە. سپارت خۆی گەیاندە ڕادەی یەکەم هێز، بەڵام نرخێکی زۆر گرانی بۆ دا.

بۆ پێشگیریکردن لە ڕاپەڕینی کۆیلەکان کە بەژمارە پتر لە سپارتەکان بوون، سپارت دیسیپلینی سەربازیی دامەزراند و ئەمەش وایکرد کە سپارتەکان ببن بەباشترین سەربازەکانی یۆنان، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە هەموو دەستکەوتەکانی فەرهەنگی دووری خستنەوە. بەداخەوە مۆدێلی سپارت کە






پێکهێنەری ناسەقامگیریی وڵات بوو، دواتر لە لایەن ئەم کۆمەڵگایانەوە کە خاوەنی کێشەی بەو جۆرە بوون، دووپات کرایەوە.

ئاتن کە لە بەشی ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی یۆنان هەڵکەوتووە، ڕێگایەکی تری هەڵبژارد. ئاتنییەکان هەموو نیوە دوورگەکانی (تیک)یان کۆ کردەوە و لە بواری گرنگایەتیدا ئەوانیان بەشاری دووەمی یۆنانیان قبووڵ کرد، بەڵام سەرکەوتنیان قەرزداری دەستکەوتەکانی بازرگانی بوو نەک شەڕ و پێکدادان.

بازرگانی یارمەتی بەئاتن دا کە ژیانی کۆمەڵگایەک دابین بکات کە بەبەردەوامی لە زیاد بووندا بوو. جگە لەوە، لە لەشکرکێشییەکانیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای ڕەش، لەگەڵ فەرهەنگی جیاوازدا ڕووبەڕوو بووەوە و بەشێک لەو فەرهەنگانەی وەردەگرت. لەو ڕێگایەوە دەرەتانی دامەزراندنی کۆمەڵگای بەرزتری پەیداکرد. بەپێچەوانەی شارستانییەتەکانی تری ئەو سەردەمەوە، شارەکانی یۆنان وازیان لە سیستمی پاشایەتی هێنابوو. سپارت دوو شای هەبوو کە پتر بەڕێبەری سەربازی دەناسران تا ڕێبەری سیاسی. بەلاوەنانی ڕژێمی پاشایەتی، دەستبەجێ گەشەکردنی ڕاستەقینەی بەدواوە نەبوو، دەوڵەت کەوتە دەست گرووپێکی بەگزادە (ئەرستۆکرات) و خۆی لە چوارچێوەی گرووپێکی بچووک و پاوانکراودا دیتەوە. زۆربەی خەڵک کە خۆیان بێبەش دەبینی باوەڕیان بەسیاسییەکان هێنا، کە دەیانتوانی بەرگری لە ماف و قازانجی ئەوان بکەن. ئەم دووانە واتە ڕێبەرانی سەربازی و بەگزادەکان، سیستمێکی ئەوەندە سەرەڕۆیان دامەزراند کە بەکردەوە پاشای بێ تاج و تەخت بوون و هێندێکیان بەڕادەیەک کەڵکی نابەجێیان لە دەسەڵات وەرگرت کە وشەی (سەرەڕۆ) بەواتەی (خاوەن و خۆ بەخاوەن زانین)، لە دواڕۆژدا بوو بەهێمای بێ بەزەیی و سەرەڕۆیی دەوڵەتە گەندەڵەکان.
هەموو سەرەڕۆکانی ئەوکاتە بەشێوەیەک نەبوون کە ئەمڕۆ ئێمە مەبەستمانە. چ ڕژێمەکان و چ بێگانەکان کە وڵاتێکیان کۆڵۆنی کردبوو، ڕێگر نەبوون لەسەر ڕێگای گەشەکردنی بەپەلەی فەرهەنگ و ئەمەش ئەمڕۆ بۆ ئێمە سەرسوڕهێنەرە و بە(بلیمەتیی یۆنان) ناویان دەبەین. تەنانەت شارەکانی (ئەیۆن) لە کەنارەکانی ئاسیای ڕۆژئاوادا وەک (ئەفزە) و (میلت- ملتی) کە لەژێر فەرمانی لیدی یا ئێراندا بوون، ژمارەیەکیان زانا لێ پەیدابوو کە بنەمای فەلسەفەی ڕۆژئاوایان داڕشت. ئەم زانایانە، کە لەسەر پێکهاتەی جیهانیان دەکۆڵییەوە، بەشوێن دۆزینەوەی یاسای حاکم بەسەر ئەم دیاردەیەدا دەگەڕان تا بەیارمەتی وەرگرتن لە بۆچوونی بەرزی سروشت. ئەم مەسەلەیە جیاوازیی بنەڕەتیی هەبوو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە لە ڕابوردوودا، ڕووداوەکانی جیهانیان بەدەستێوەردانی یەک یا چەند خوداوە دەبەستەوە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبوو پتر لە هەزار ساڵ چاوەڕوانی بێت تا شۆڕشێکی زانستی بەکردەوە ببینێت، بەڵام یەکەم بنەماکانی ئەم شۆڕشە بەرلە زایین لە وڵاتە شاخاوییەکەی یۆناندا ڕیشەی داکوتابوو.

**لە دایکبوونی تالیس ملتی (میلت) یەکەم فەیلەسوفی سروشتناس:** مێژوو لە نێوان فەیلەسوفەکانی سروشتناسدا، تالیس ملتی (٦٤٥-٥٤٧ پ.ز) بەیەکەم فەیلەسوف دەناسێت. هەروەها یەکەم زانا بووە کە ناوی ماوەتەوە. لە چوارچێوەی بۆچوونەکانیدا، یۆنان بۆ ماوەی هەزار ساڵ پلەی یەکەم پێشکەوتنی

زانست و بیرکاری بەدەست بوو. ئەم هەوڵدانە بەهۆی ڕاپەڕینی شارەکانی ئەیون دژی ئێران و شکانیان لە شەڕدا، کۆتاییی پێ هات، بەڵام هەروەک پێشتر گوتمان، بۆچوونەکان پایەدارن و جێگە دەگۆڕن. لەبەر ئەوە فەلسەفە سەرلەنوێ لە ئاتن لە دایک بوو و لەوێش گەشەی سەند.

**لە دایکبوونی سۆڵۆن، یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی دیموکراسی:** ئاتن بەکەڵک وەرگرتن لە هەڵسووڕانی کەسانی خاوەن بیر لە زۆر بواری جیاوازدا، جڵەوی دۆزینەوەکانی بەدەست گرت. بۆ نمونە هەوڵیدا کە سیستمێکی عادیلانەی ئابووری بۆ دانیشتووانی دامەزرێنێ. سۆڵۆن (٦٣٠- ٥٦٠ پ.ز) ڕادەی زەوی خاوەن مولکەکانی دەستنیشان کرد و ڕێگای بۆ چینی هەژاری وڵات کردەوە کە بەشێوەیەکی بەرینتر بیروڕای خۆیان لەسەر دەوڵەت دەربڕن. هەروەها بۆ پەرەپێدانی بازرگانی، گۆڕانی لە پارەدا پێک هێنا و سەرئەنجام بەبێ ئەوەی کە بەسەرەڕۆ (خاوەن) بناسرێت، ئەم کارانەی کرد و بەو هەنگاوانەی پاڵی بەئاتنەوە نا کە بەرەو سیستمێکی نوێی سیاسی بەناوی دیموکراسی یا حوکمی گەلی بچێت. دیموکراسی بەشێوەی ئاشکرا حەقانیەتی سیاسی لە بەرامبەر حەقانیەتی ڕژێمی پاشایەتیدا زەق کردەوە. پاشاکان دەیانگوت بەهۆی پێوەندی تایبەتییان بەخوداکانەوە دەسەڵاتیان پێ دراوە. ڕێبەرە دیموکراتەکانیش لە ئاتن وەک ئەمڕۆ، ڕایاندەگەیاند، لە لایەن جەماوەرەوە هەڵبژێراون بۆ ڕێبەرایەتی کردنی گەل. ئەم سیستمە سیاسییە کە زۆربەی ئاتنییەکان لایەنگری بوون، ئاکامی زۆر بەسوودی هەبوو.

بەهۆی ئازادیی بیروبۆچوون، شار توانی بەشێوەیەک گەشە بەفەلسەفە، بیرکاری، زانست و ئەدەبیات بدات کە جیهانی ڕۆژئاوا تا ئەمڕۆش کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بەڵام تەنیا دیموکراتەکان لە ئاتن نەدەژیان، بەڵکو پارێزەرە توندڕەوەکانیش هەبوون کە دژی چاکسازییەکانی سۆڵۆن هەوڵیان دەدا و بارودۆخەکەیان بەجۆرێک ئاڵۆز کرد بوو، کە دانیشتووانی ئاتن بەئاواتی گەڕانەوە بۆ ڕژێمە سەرەڕۆکان بوون. ئەو خۆ بە(خاوەن) زانە، کە بەبێ پسانەوە لە ساڵی ٥٦٧-٥٢١ پ.زدا سەرۆکایەتی ئاتنی کرد، ڕێبەرێکی زۆر وشک و سەرەڕۆ نەبوو. دژی چاکسازییەکانی سۆڵۆن نەوەستا و تەنانەت پارێزگاریشی لێکردن و پشتی جوتیارانی گرت و ئاشتیی سەقامگیرکرد و گەشەی بەپیشە و بازرگانی داو جەماوەری هاندەدا کە کار بکەن. لە بابەت بڵاوبوونەوەی دروشمەکانی هۆمیرۆسیش قەرزداری ئەوین کە تا ئێستاش کەڵکیان لێ وەردەگرین. بەو حاڵەش دوای مردنی، دانیشتووانی ئاتن کوڕەکەیان دوورخستەوە و سەرلەنوێ حوکمی دیموکراسییان دامەزراندەوە. بەڵام ئەم دیموکراسییە وەک یەکەم سیستمی دامەزراوی جیهانی شارستانییەت، چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. بۆ نمونە، تەنیا کەسانێکی بەهاووڵاتی دەناسی کە دوو پشتیان ئاتنی بووبێت و سنووری بۆ مافی بێگانە دانابوو و کۆیلە لە ژمارنەهاتووەکانی ئاتن هیچ مافێکی شارستانییان نەبوو. هەروەها ئاتن کۆمەڵێک گرفتی دەرەکیشی هەبوو. بەهۆی یارمەتیدانی (ئەیوان)ەکان لە ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەیاندا دژی ئێران، لە ساڵی ٤٩٩ پ.زدا لە لایەن ئێرانەوە هەڕەشەی لێ کرا و لە ساڵی ٤٩٠ پ.زدا داریوش هێرشی کردە سەر دەریای ئیجە و ویستی خۆی بگەیەنێتە (ئەوریاتیک) و ئاتن داگیر بکات و ئەمەش سەرەتای شەڕەکانی ئێران بوو.



**یۆنانییەکان، ئێرانییەکان لە ماراتۆن دەشکێنن:** لەو هەلومەرجەدا، ئاتن داوای یارمەتی لە سپارت کرد، بەڵام سپارتە تێبینییکەرەکان هەوڵیاندا لە سیاسەتدا زوو سنگ پێش نەخەن. بەم جۆرە ئاتن لە نزیک (ماراتۆن) واتە چل و دوو کیلۆمەتر نزیک شار خۆی لە بەرامبەر ئێراندا بەتەنیا دییەوە. هوپلیتە چالاکەکان هەرچەندە بەژمارە کەمتر بوون لە ئێرانییەکان، بەڵام توانییان دوژمن بشکێنن. تەتەرێک هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بەئاتن گەیاند و لەوکاتەوە پێشبڕکێی ڕاکردن بەناوی ڕاکردنی ماراتۆن، هەر بەمەودای نێوان ماراتۆن و ئاتن پێک هات. خەشایاری کوڕی داریوش، بەشوێن پلانی باوکی کەوت و ساڵی ٤٧٩ پ.ز هەموو هێزەکانی خۆی بۆ لێدانی یۆنانییەکان کۆکردەوە و سەرەڕای لەخۆبوردوویی سێ سەد سپارت کە لە تەنگەی (ترمۆپیل) لە باکوری یۆنان بۆ ماوەیەک پێشیان بەئێرانییەکان گرت، خەشایار بەتێکشکاندنی ئەم سێ سەد کەسە، خۆی گەیاندە ئاتن و سووتاندی. تەمەنی سەرکەوتنی ئێرانییەکان کورت بوو. دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ئەم شەڕەدا، ئاتن بەسەرۆکایەتی (تمیستۆکل) (٥٢٤-٤٦٠ پ.ز) هێزێکی دەریایی بەتوانای پێک هێنا. جەماوەری شارەکانی لە دوورگە نزیکەکان کۆکردەوە و کەشتییە جەنگییەکانی ئاتن بەیارمەتی شارەکانی تری یۆنان لە سێپتەمبەری ٤٨٠ پ.زدا، یەکەکانی دەریاییی ئێرانیان لە شەڕی (سەلامین)دا لەناو برد. دوایی چارەنوسی شەڕەکە کەوتە دەست یۆنانییەکان و لە پێناوی ئازادکردنی شارەکانی کەناری دەریای ئیجەدا، کە بەدەست ئێرانییەکانەوە بوون، درێژەیان بەشەڕدا و ئازادیان کردن و کردیانن بەبەشێک لە وڵاتی ئیمپراتۆریی. بەدوای ئەمەدا، ژمارەیەک قەڵایان لە دەوری ئاتن و کەناری (پیرە) دروست کرد و ئەو دوو ناوچەیەیان بەهۆی دیوارێکی درێژەوە بەیەکترەوە بەستەوە.

**حوکمی دۆڵت پریکلس لە ئاتن:** لە ساڵی ٤٦٠ پ. زدا، ئاتن لە لایەن بەگزادەیەکی ئازادیخواز بەناوی (دۆڵت پریکلس) (٥٢٩-٤٩٥ پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرا و لە سەردەمی ئەودا ئەدەبیات، هونەر و فەلسەفە پێی نایە قۆناخێکی زێڕینی ژیانەوە و ئاتن و شارەکانیتر بەوپەڕی توانای خۆیان گەیشتن و ژمارەی دانیشتووانی یۆنان گەیشتە سێ میلیۆن و ئاتن بەتەنیایی پەنجا هەزار دانیشتوو و سەدان هەزار کۆیلەی هەبوو، بەڵام ئەم بەختەوەرییەی ئاتن لە بەرامبەر دووبەرەکی شارەکانیتری یۆناندا خۆی ڕانەگرت.

سپارت کە لە زەمینەی شکاندنی ئێراندا یارمەتی ئاتنی دابوو، لە بەرامبەر پەرەسەندنی هێزی ئاتندا هەستی بەمەترسی دەکرد. سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوانیاندا دەگەڕایەوە بۆ لاوازیی بەردەوامی سپارتەکان لە بڕیارداندا، بەتایبەت بەدوای بوومەلەرزەیەکدا کە ساڵی ٤٦٤ پ.ز بەشێکی زۆری لە شار وێران کرد. کۆیلەکان بەکەڵک وەرگرتن لەم ڕووداوە، ڕاپەڕین و پانزدە ساڵی پێچوو تا سپارتەکان توانییان وێرانییەکانی ئەو کارەساتە سروشتییە چارەسەر بکەن و لەو ماوەیەشدا بوو کە ئاتن قەڵا و دیوارەکانی بەرگریی دروست کردەوە.

**هەڵگیرسانی شەڕی پلۆپۆنس**: لە ڕاستیدا ئاتن لە بەرامبەر شارەکانی تردا کەڵکی نابەجێی لە دەسەڵاتی خۆی وەردەگرت. زوڵمی لێ دەکردن و داهات و دەستکەوتە هاوبەشەکانی پتر لە چاکسازیی خۆی خەرج دەکرد. بەم جۆرە بوو کە (پانتۆیۆن) ڕەنگە وەک جوانترین خانووبەرە لە هەموو سەردەمەکاندا دروست کرا. شارەکانی یۆنان ڕوویان لە سپارت دەکرد و ساڵی ٤٣١ پ.ز سپارت داخی خۆی بەئاتن ڕشت و ئەمە سەرەتای شەڕی پلۆپۆنس بوو. سپارتەکان پەلاماری ئاتنیان دا و دانیشتووانی لە پشت دیوارەکانی شارەوە بەرگرییان لە خۆیان کرد. زۆریی ژمارەی دانیشتووانی ئاتن و کەمیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون کردەوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لەوانە (پریکلس)ی لەناوبرد و دەسەڵاتی کز کردەوە. شەڕ بیست و حەوت ساڵی خایاند و هەردوولا بەهۆی ئەم شەڕەوە لاواز بوون.

لەو شەڕەدا، ئێران لە بەرامبەر بەدەستهێنانی سەرلەنوێی شارەکانی یۆنان لە ئاسیای بچووکدا، یارمەتی سپارتەکانی دا. بەڵام ئەم یارمەتییە نەیتوانی ئاتن بشکێنێ و تا ئەوکاتەی کە ئاتن یەکەی شەرکەری دەریایی هەبوو، بەچۆکداهێنانی دژواربوو، بەڵام سپارت فەرماندەیەکی لێهاتووی دەریایی هەبوو بەناوی (لیساندر)، کە ساڵی ٤٠٤ پ.ز یەکەکانی دەریاییی ئاتنی لە (ئەگۆس پۆتامس) کە ماوەیەکی کەمی لەگەڵ ناوچە کۆنەکەی تروا هەبوو، لەناوبرد. ئاتن بەناچار خۆی بەدەستەوەدا، دیوارەکانی بەرگریی ڕووخاند و حوکمی دەربەگایەتی دامەزراندەوە و دەسەڵاتی سپارتی قبووڵ کرد. بەڵام سپارت پتر لە ئاتن گوشاری دەخستە سەر دانیشتووان و هێزی لێ بڕین. ئاتنییەکان بەکەڵک وەرگرتن لە ناڕازیی گشتی کە لە هەموو وڵاتدا سەری هەڵدابوو لە ساڵی ٣٩٣ پ.زدا کۆتایی بەسپارت هێنا و سەرلەنوێ دیوارەکانی شاری دروستک ردەوە و حوکمی دیموکراتیی خۆی دامەزراندەوە.

**لە دایکبوونی ئەفلاتون و ئەرەستۆ**: بێگومان شاری ئاتن هەرگیز بەدەسەڵاتی پێشووی نەگەیشتەوە، بەڵام سەرەڕای شەڕ و گرفتی زۆری، وەک ناوەندێکی فەرهەنگی مایەوە و ئەفلاتون (٤٢٨-٣٤٨ پ.ز) و ئەرەستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) دوو فەیلەسوفی هەرە مەزنی مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەشی جیهان کرد.

**دەستپێکردنی سەرکەوتنەکانی ئەسکەندەر**: ئەفلاتون ئاکادێمیایەکی دامەزراند، کە لە ڕاستیدا باوکی زانکۆکانی ئێمەیە و بۆ سوکرات مامۆستای ئەم ئاکادێمیایە، زنجیرە باس و گفتوگۆیەکی فەلسەفیی تەرخان کرد کە چوارچێوەی کارەکانی پێک دێنێ. سەرەڕای پێشکەشکردنی بەرهەمە فەرهەنگییە بەرچاوەکانی ئاتن و شارەکانی تری یۆنان بەجیهان، لێکداپچڕانی پەیتا پەیتا، ئەم وڵاتەی لە پشوو خست و ڕێگای سەرکەوتنەکانی لێ گرت.

سپارت بۆ ماوەیەک (تب)ی خستە ژێردەستی خۆی، بەڵام تب بەسەرۆکایەتی (پیلۆپیداس) کە ساڵی ٣٦٤ی پ.ز کۆچی دوایی کرد و (ئێپامی نۆنداس) (٤١٠-٣٦٢پ.ز) سەرلەنوێ خۆی گرتەوە. ئێپامی سیستمێکی قووڵ و ئاڵۆزی دامەزراند و هێلیتەکانی لە گرووپی بچووکی گۆپاڵ بەدەست



(چۆماخدار)دا ڕێکخست، کە توانای چوونیان بۆ ناو دەستە و گرووپە نەیارەکاندا هەبوو. ساڵی ٣٧١پ.ز چۆماخدارەکانی تب لەگەڵ سپارتەکان لە (کولتر) شەڕیان لێ پەیدابوو و سپارتەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر کردەوەی ناماقووڵی تبەکاندا تاکتیکی جەنگی خۆیان بگۆڕن و لە ئاکامدا بەتوندی شکان و تەنیا مەرگی (ئێپامینن داس) لە شەڕێکی دیکەدا نەیهێشت تب، سپارت داگیر بکات. شکانی سپارت کۆتاییی بەشەڕە ناوخۆییەکان نەهێنا، بەڵام ڕێگای بۆ خۆش کرد. فیلیپ لە تب بەدیل گیرابوو و ئاگای لە کردەوەی چۆماخدارەکان هەبوو.

فیلیپ سەرلەنوێ سوپای ماکەدۆنیا (مەقدۆنییە)ی ڕێک خستەوە و زەمینەیەکی بۆ چۆماخدارەکانی تب ڕەخساند. سوپاکەی زۆر باش ڕاهێنا و سوارەی شەرکەر و سەپانهاوێژ (قۆچەقانهاوێژ) و ئامێر و کەرەسەی جەنگیی بۆ گەمارۆدان ئامادەکرد. بەهۆی دۆزینەوەی کانزای زێڕ لە ماکەدۆنیا، سیاسییەکانی دژ بەخۆی کڕی و بەکۆکردنەوەی هێزێکی زۆر، سوپای پێکهاتووی ئاتن و تبەکانی لە (کرونە) تێک شکاند و بەم سەرکەوتنە هەموو یۆنانی خستە ژێردەستی خۆی. فیلیپ بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئێران، بەڵام ساڵی ٣٣٦ پ.ز کوژرا و پلانە مەزنەکەی بۆ کوڕەکەی واتە ئەسکەندەر بەجێهێشت، کە تەنیا بیست و یەک ساڵ تەمەنی بوو. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر ئێراندا کرد، بەڵام ئەسکەندەری لاو دەبووایە سەرەتا دژی یۆنانییەکان بەربەرەکانێ بکات. چونکە بەمردنی فیلیپ، وڵاتانی ژێردەستی، دژی جێنشینەکەی واتە ئەسکەندەر ڕاپەڕیبوون، بەڵام ئەسکەندەر بەهۆشیاریی سەربازیی خۆی لەو زەمینەیەدا یەک بەدوای یەکدا نەیارەکانی شکاند.

**مەرگی ئەسکەندەری مەزن**: ئەسکەندەر بەداگیرکردنی ئێران هەموو شارستانییەتەکانی جیهانی جگە لە قەرتاج و کۆڵۆنییەکانی یۆنان، سیسیل و ئیتالیای خستە ژێرفەرمانی خۆی. ئەسکەندەر بەدرێژاییی ژیانی هەرگیز لە هیچ شەڕێکدا نەشکا و مرۆڤ بەدژواری دەتوانێ ڕەوتی گەشەسەندنی جیهان لە بوون و مانەوەی پتری ئەودا نەبینێت. ئەسکەندەر ساڵی ٣٢٣ پ.ز لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا لە دوای خواردنەوەی مەی کۆچی دوایی کرد. هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی ئەسکەندەر کارتێکەریی باشی هەبوو لە زەمینەی گەشەکردنی زمان و فەرهەنگی یۆنان، بەتایبەتی لە هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا. دوای مەرگی ئەسکەندەر یەکێک لە فەرماندەکانی بەناوی (ئانیتگۆن) یا ئانیتگۆنیە سەرۆکایەتی ماکەدۆنیا و هەموو یۆنانی گرتەدەست و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سلوکییەکان دەسەڵاتی بەشێکی گەورەی ئاسیا و بتلمیسۆس و میسریان خستە دەست خۆیان.

هەموو ئەو دەوڵەتانە وڵاتێکیان پێک هێنا کە پێی دەگوترا وڵاتی یۆنانییەکان. لەوکاتەدا گرووپێکی کارامە لە یۆنان و ماکەدۆنیاوە بەشوێن بەدەستهێنانی سامان کەوتن لە وڵاتە نوێیەکاندا، بەڵام ئەم کۆچکردنە بوو بەهۆی دابەزاندنی ژمارەی دانیشتووان و وڵاتی بەرەو نەمان برد. یۆنانییەکانی نیشتەجێ لە وڵات و تەنانەت کۆچەرەکانیش بەقوڵیی درێژەیان بەچالاکییە فەرهەنگییەکانیان دا و بۆ چەندان سەدە زانست و زانستی بیرکارییان لە دەست خۆیاندا ڕاگرت، بەڵام سەرئەنجام دەستکەوتەکانیان بەرەو کزیی

چوو و فەرهەنگیان بۆ دواوە گەڕایەوە.

ئایا نابێ بەو ئاکامە بگەین کە شارستانییەتەکان هەر بەم جۆرەی ئێمە ئاگاداری پێکهاتن و گەشەکردنیانین، بەهۆی زیادەڕۆییان لە زەمینەی گەشەکردندا، بۆخۆیان دەبنە هۆی لەناوچوونی خۆیان؟ بەداخەوە ئەو وڵاتە نوێیانەی ببوون بەیۆنانی، داب و نەریتی دوژمنانەیان لە دەوڵەتە کۆنەکانیانەوە بۆ مابووەوە. شەڕی بێ پسانەوەی ناوخۆیی، لاوازی کردن و بەشێکی زۆری وڵاتانی ژێردەستی سلوکییەکان لە لایەن پارتەکانەوە داگیرکرا و بەشەکەی تریش کەوتە دەست ڕۆم. لە دوا سەدەی پ.زدا لە هەموو وڵاتە یۆنانی بووەکاندا تەنیا میسری (بەتلیمۆس) مابووەوە. میسر بەبێ ئەوەی کە هی فیرعەونەکان بێت، پلەیەکی زۆر باشی بەدەست هێنابوو. لە ڕووباری نیل وەک هەمیشە خاوەن بەرهەمی زۆر بوو و میسرییە خۆڕاگرەکان توانییان لەژێر باری چەوساوەیی حکومەتەکاندا فەرهەنگی خۆیان بپارێزن. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئاشوورەکان و داگیرکەرانی ئێراندا، بیست و شەشەمین بنەماڵەی حکومڕانانی میسر دەسەڵاتی وڵاتی بەدەست بوو و بۆ ماوەی سەدە و نیوێک لەبەر ڕۆشنایی داب و نەریتی نەتەوایەتیدا گەشەی بەهونەر و ئەدەبیاتی وڵات دا.

لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریی ئێراندا، میسر بۆ ماوەی پەنجا ساڵ ئازاد بوو، بەڵام سەرلەنوێ لە ساڵی ٣٤٣ پ.زدا بۆ هەمیشە داگیرکرا. میسر زۆرباش پێشوازی لە ئەسکەندەر کرد و ئەویش بێگومان میراتێکی باشی بۆ بەجێهێشت، کە بێگومان خۆڕاگرترینیان شاری ئەسکەندەریە بوو، کە لە سێ سوچی (دەلتای) ڕووباری نیلدا دروست کراوە. دوای ئەمە، میسر بەخەیاڵی ڕاحەتەوە چووە ژێر فەرمانی بەتلیمۆسەکانەوە. سێ کەسی یەکەمیان شازادەی ڕادیکاڵ و لێهاتوو بوون و وڵات بۆ ماوەی سەدەیەک کۆمەڵێک سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لە ماوەی نۆ سەد ساڵی ڕابوردوودا بۆی نەناسراو بوو. ئەسکەندەریە نمونەی نیگارێکی پێشتر کێشراوی شارە مەزن و مۆدێرنەکانی ئەمڕۆیە. هەرچەندە ئەم شارە لە میسردا هەڵکەوتووە، بەڵام هەرگیز میسری نەبوو و فەرهەنگی هەمەجۆرەی جیاوازی تێدا بەرچاو دەکەوت. بەتلیمۆسەکان شاریان ڕازاندەوە و موزە یا پەرستگای (موزس)ەکانیان لێ دروست کرد کە پەیامهێنەری هونەرمەندان و زانایانە. ئەم موزەیە لە سەرەتاوە تایبەتمەندیی زانکۆکانی ئەمڕۆی هەبوو و زۆر بەپەلە ئەسکەندەریەی گەیاندە پلەی مەزنترین ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی. بەتلیمۆسەکان کتێبخانەیەکیشیان دروست کرد، کە لەوە دەچێت مەزنترین کتێبخانەی جیهان بووبێت.

ئەو کتێبخانەیە سەردەمێک چەند هەزار نووسراوی وێنەیی پاپیرۆسی لێ کۆکرابووەوە کە بەداخەوە سووتان و بەم جۆرە ڕێگای لە ئێمە گرت کە بەسەرچاوەیەکی بێ هاوتای زانستیی ڕابوردوو بزانین. ئەسکەندەریە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرزی و نزمیدا بوو. لە پەنای یۆنانییەکاندا، میسرییەکان و جولەکەکان و خەڵکی‌تریش دەژیان. هەروەها بەهۆی چرای دەریایی بەبەرزایی نزیکەی سەد و سی مەتر کە لە کەناری دەریادا بۆی دانرابوو، ناووبانگی دەرکردبوو. بەدرێژایی شەو گڕ لە چراکانیدا هەبوو تا کەشتییەکان ڕێنوێنی لێ وەرگرن. چرای دەریایی ئەسکەندەریە وەک باخچە هەڵواسراوەکەی بابل یەکێک بوو لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیای کۆن، میسری بەتلیمۆسەکان لە ساڵی ٢٣٠ پ.زدا



بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت و نزیکەی چوار ملیۆن دانیشتووی هەبوو و بەبەهێزترین و سەرکەوتووترین نەتەوەی جیهانی ڕۆژئاوا دەژمێررا، بەڵام لە ساڵی ٢٢١ پ.زدا کە بەتلیمۆسی سێیەم کۆچی دوایی کرد، وڵات بەهۆی فەرمانڕەوا لێ نەهاتووەکانیەوە، بەرەو نەمان هەنگاوی نا. میسر کە سەربەخۆیی سیاسی خۆی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ڕۆم دەپاراست، ساڵی ٣٠ پ.ز کەوتە ژێردەستی ڕۆم. یۆنانیش کە بۆ ماوەی سەدە و نیوێک ئاڵاهەڵگری بیری پێشکەوتن خوازیی بوو و بۆ ماوەی سەدەیەک فەرهەنگەکەی باڵی بەسەر جیهانی پێشکەوتوودا کێشا و وەک هەرێمێکی ڕۆمی لێ هات. یۆنان لە دڵی ڕابوردووی پڕ لە شانازیی مێژووی مرۆڤایەتیدا، درێژەی بەژیان دەدا و لە کاتێکدا خۆر لە ڕۆم هەڵدەهات، یۆنان وەک میسر و شارستانە گەورەکانی ڕابوردوودا بەرەو تاریکی پاشەکشەیان دەکرد.

**لە ژێر حوکمی ڕۆمدا**: ئەگەر لە نێوان ئەو دوو فەرهەنگەدا، فەرهەنگی یۆنان نوێتر و ڕۆشنبیرانەتر بوو، لە بەرامبەردا ڕۆمییەکان لە زەمینەی ئەزموونی سیاسیدا پوختەتر و بەئەزموونتر بوون. لە دەوڵەتی پاشایەتییەوە بەرەو کۆماریی گەشەیان کرد و لە دوای گومانێکی زۆرەوە لە ئیمپراتۆرییەوە ڕژێمی سیاسی شیاوی ژیانیان پێک هێنا. بەڵام ڕۆمییەکان سەرئەنجام بەهۆی گرفتی کۆنیان لەنێوان شارستانییەت و هۆزە یاخییەکاندا ناکام مانەوە و ڕووخانی ڕۆم تا ئەمڕۆش بەزیانێکی قورس بۆ جیهان دەژمێررێت.

**دامەزرانی ڕۆم**: دەڵێن ڕۆم ساڵی ٧٥٣ پ.ز دروست کراوە و بۆ ماوەی چەند سەدە لە لایەن پاشاکانەوە بەڕێوەچووە و لەژێر کارتێکەریی فەرهەنگی (ئوتروسک)ەکاندا بووە. ئوتروسکەکان لە ناوچەکانی باکور ژیاون و ساڵی ٥٣٥ پ.ز بەهاوکاری قەرتاجەکان هێزی دەریایی یۆنانییان لە شەڕی (ئالالیا) لە ئاوەکانی دەورووبەری (کرۆس) شکاند و ئەم شەڕە یەکەم شەڕی دەریایی بوو، کۆتایی بەدەستدرێژییەکانی یۆنان لە دەریای سپی ناوەڕاستدا هێنا. بەدوای ئەوەدا، شارستانییەتی ئوتروسک لەبەر پەلاماری هۆزەکانی (سلت- گلوا)وە کە لە باکوری چیاکانی ئالپەوە هێرشیان بۆ دەکرد، خۆی ڕانەگرت و لە ناوچوو. ڕۆم ساڵی ٥٠٩ پ.ز لەو هەلە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەژێر ستەمی ئوتروسک و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی کەڵکی وەرگرت.

**ڕۆمییەکان ڕژێمی پاشایەتی وتروسک دەڕوخێنن**: ڕۆم ڕژێمی کۆماریی هەبوو. سەرەتا لە لایەن بەگزادەکان و دوو کۆنسوڵەوە، کە ساڵانە هەڵدەبژێران، بەڕێوە دەچوو. ڕۆمییەکان ڕایان وابوو کە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو کەسدا باشتر لەوەیە کە یەکێک دەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ. ئەرکی کۆنسوڵەکان سەرۆکایەتی کردنی سوپا بوو، لە کاتێکدا دەزگاکانی حکومەت لە دەست سەنا واتە کۆڕی پیراندا بوو کە لە بەگزادەکانی (پاتریسین) پێک هاتبوو. خەڵکی ئاسایی پلیپ دژی بەگزادەکان بوون و بەربەرەکانیی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا هەر ئەو گرنگایەتییەی هەبوو، کە لە یۆنانی پێشوودا بەرچاو دەکەوت. ڕۆمییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم گرفتە پەنایان بۆ ڕێگای سیاسی برد. لە هەلومەرجێکی ئاوادا،

شارەکانی یۆنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، تووشی شەڕی ناوخۆیی بوون و دۆخەکەیان بەرەو سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت پاڵ پێوەدەنا. ڕۆمییەکان هێندێک چاکسازییان پێک هێنا و پلیپەکانیان بەشدارکرد لە ئیدارەکردنی وڵاتدا و بەم جۆرە پێشیان بەڕاپەڕینیان گرت، چونکە ڕۆمییەکان خوازیاری بەڕێوەچوونی یاسا بوون، ساڵی ٤٥٠ پ.ز بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ یاسایەکی نوێیان نووسی، کە یارمەتی زۆری کۆمەڵگای دا و وەک ڕێنوێنێک لە سەردەمەکانی دواییشدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

هەروەها ڕۆم ڕێبەرایەتی کۆمەڵێکی یەکگرتووی (لاتین)یشی لە ئەستۆ گرت کە شارەکانی باشووری ڕووباری (تیبەر)ی لە دەوری یەکتر کۆدەکردەوە، تا کارتێکەریی گرووپی پێکهاتووی ئوروسکەکانی باکور پووچەڵ بکاتەوە. لەو ناوەدا گۆلەکان لە دڵی ئیتالیادا درێژەیان بەپەلاماردانەکانیان دەدا و تەنانەت لە ساڵی ٣٩٠ پ.زدا بۆ ماوەیەک ڕۆمیان داگیر کرد. داگیرکردنی ڕۆم لەمپەری خستە سەر ڕێگای گەشەکردنی و شوێنەوارێکی قووڵ و خراپی لەسەر ورەی دانیشتووان دانا، بەجۆرێک کە چل ساڵی خایاند تا ڕۆم توانی بەسەر شوێنەوارە خراپەکانیدا زاڵ بێ.

یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕۆم دەگەڕایەوە بۆ هێزی کارامەی سوپاکەی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی گرووپی چۆماخدار و کەڵک لێ وەرگرتنیان لە شوێنە ئاستەم و ناهەموارەکاندا بۆ بەرگریکردن و زەبرلێدان لە دوژمن. ڕۆم بەیارمەتی سوپا و دەزگاکانی حکومەتیی کە ڕێگایان پێ درابوو لە کاتی پێویستدا بڕیار بدەن، لە بەرامبەر شارەکانی ئیتالیای ناوەندیدا گەلێک سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. ساڵی ٢٩٠ پ.ز ڕۆم هەموو بەشەکانی ناوەندیی نیوەدوورگەی خستە دەست خۆی.

هونەری سیاسی ڕۆم لەزەمینەی بەڕێوەبردنی کاروباری دوژمنە شکاوەکانیشیدا ڕوون بوو. ڕۆم بەشێوەی ئاسایی ڕێگای بەدوژمنە شکاوەکانی دەدا کە ڕێبەری خۆیان هەبێت و داب و نەریتی خۆیان بەڕێوەبەرن و دەیزانی چۆن بە دابینکردنی بەشێک لە داواکانیان پێش بەڕاپەڕینی دوژمنانی بگرێ.

بەگشتیی شارەکان دەیانزانی کە لەژێر ڕێبەرایەتی ڕۆمدا باشتر دەتوانن بژین تا بەشێوەی سەربەخۆ. یەکێک لە دەستکەوتە مەزنەکەیان بەدیهاتنی ئاشتی لە لایەن ڕۆمییەکانەوە بوو، لە کاتێکدا ئازادیی بەگشتیی بۆ شارەکانیتر زۆرجار درێژەدان بەشەڕ و پێکدادان بوو. هەرکە ڕۆم پەنجەی بۆ ئیتالیای ناوەندیی درێژ کرد، شارەکانی یۆنانی باشوور خۆیان لە بەرامبەر هەڕەشەی ڕۆمییەکاندا بینیەوە. ئەو وڵاتانەی کە پێشتر ببوون بەیۆنانی و یۆنانییەکانی ئیتالیا و نزیکترینیان (ئێپیر) کە بەدروستی لە ڕووبەڕووی چەکمەی ئیتالیا هەڵکەوتبوو، داوای یارمەتییان کرد. وڵاتی ئێپیر لە لایەن سەردارێکەوە بەناوی (پیرۆس) (٣١٩-٢٧٢پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرا. پیرۆس ساڵی ٢٨٠ پ.ز لە ئیتالیای باشوور لەگەڵ چۆماخدارەکانی ماکەدۆنیا چەند فیلی جەنگییان هێنا، بەڵام ڕۆمییەکان توانییان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن و پیرۆس بەچۆکدابێنن.

**ڕۆم قەرتاج وێران دەکات:** دوای ئەوە، شەڕی (پونیک) هەڵگیرسا، کە ڕۆمییەکان دژی قەرتاجەکان و بەتایبەتی دژی (هاینبال)ەکان شەڕیان کرد. دوای وەلانانی قەرتاج، ڕۆمییەکان بەرەبەرە دەسەڵاتی



وڵاتانی یۆنانیی بوویان خستە دەست خۆیان و سەرئەنجام ڕۆم بەجۆرێک زەق بووەوە کە دوژمنەکانی بەچاکیان زانی بەبێ خۆ لە شەڕ گلاندن، دەسەڵاتداریەتی ڕۆم قبووڵ بکەن.

بۆ نمونە، (ئاتال)ی سێیەم، فەرمانڕەوای وڵاتی یۆنانیی بووی (پرگام) کە ساڵی ١٣٣ی پ.ز بەبێ جێنشین مرد، بەچاکی زانی کە تاج و تەختی خۆی بەڕۆم بسپێرێ. دەیزانی کە سەرئەنجام ڕۆمییەکان وڵاتەکەی لە دەست دەردێنن. لەبەر ئەوە بەئاواتەوە بوو کە ئەم کارە بەبێ خوێنڕێژیی بەئەنجام بگات.

**ڕۆم یەکەم دەسەڵاتداری دەریای سپی ناوەڕاست:** ساڵی ١٣٠ پ.ز ڕۆم تەنیا دەسەڵاتداری زاڵ بەسەر هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا بوو. دەربارەی سەرکەوتنەکانی کۆماری ڕۆم ئاماژە بۆ گەلێک هۆکار کرا و لەوەدەچێ کە ئەم پێشکەوتنەی چەند هۆکاری دیکەشی هەبێت. هەروەک پێشتر بینیمان، نوێ هێنەرانی سەربازی و ستراتیژی گەشە بەکۆمەڵگا دەدەن، بەڵام ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر ڕایبگرن. لەبەر ئەوە، ئەگەر مەسەلە کەم بایەخدان بەسوپای ڕۆم نەبێ، سەرکەوتنی درێژخایەنی ڕۆم قەرزداری هێندێک دیاردەی تریشە. سەرەتا پێویستە ڕۆڵی هێڵی پەیوەندییەکان لەبەرچاو بگیرێت. ڕۆم گەلێک جادەی ڕێک و بەرین و تەواو فەرشکراوی بەبەردی هەبوو، کە هێزەکانی دەیانتوانی بەپەلە بەو جادانەدا خۆیان بەشوێنە پێویستەکان بگەیەنن. هەروەها جادەکان یارمەتی کاری بازرگانی، هاتوچۆی تایبەتی و پەیوەندیاندا. تێگەیشتوویی ڕۆمییەکانیش لە یاسا و کاری دادوەریدا گرنگ بوو. زۆر بەوردی یاسایان نووسی و ئەمەش بەتایبەتی لە لایەن ڕۆمی و نا ڕۆمییەکانەوە لەبەر چاو دەگیرا.

هەڵسوکەوتی دادگاکانی ڕۆم بۆ پێڕاگەیشتن بەهەڵەکارییەکان بەگوێرەی یاسای ڕۆمی بوو، کە ڕۆشنایی دەبەخشی بەدادوەری ئەوروپا و هەموو وڵاتانی جیهان. گرنگیی پێدان بەیاسا، چونکە زامنی ژیانی خەڵک بوو، پارێزگاری لە بەرژەوەندی زۆربە دەکرد، ئارامیی ڕۆمی دەستەبەر دەکرد، بەڵام کەسانی بێ بەشیش هەبوون و شەڕەکان ژمارەیەکی زۆر کۆیلەیان لە ڕۆمدا کۆ کردبووەوە. کۆیلەکان بەکێڵانی زەوی سامانداره مەزنەکان دەرەتانی زۆریان بۆ ڕەخساند بوون و ئەمەش جیاوازیی نێوان سەرمایەدار و جوتیارە هەژارەکانی قووڵتر کردبوو. ساڵی ١٣٥ پ.ز چونکە سیسیل پتر توند و تیژی دەنواند لەگەڵ کۆیلەکان، بۆ یەکەم جار کۆیلەکان ڕاپەڕین، هەرچەندە ڕۆم توانی ڕاپەڕینەکەیان تێک بشکێنێ، بەڵام زیانێکی مەزنیان بەچینی دارا گەیاند. دوای ئەمە کۆیلەکان چیتر ڕانەپەڕین. یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕایەوە بۆ گۆڕانی هەڵوێست و کردەوەی ڕۆمییەکان. تێگەیشتن کە بەقازانجیانە نەرمتر لەگەڵ کۆیلەکان بجوڵێنەوە. لە لایەکیترەوە بەتەواوی هەست بەکەمی دوژمن و شەڕ بۆ گرتنی دیل و کۆیلە دەکرا. هەروەها ئیمپراتۆریی ڕۆم لە کێشەی کۆمەڵایەتی بێبەری نەبوو. بەشێک لە سیاسییە ئازادیخوازەکان هەوڵی چاکسازیی کۆمەڵایەتییان دەدا بەڕێگای کەم کردنەوەی زەوی خاوەن موڵکەکانەوە تا زەویدارە بچووکەکان لە برسیەتی ڕزگار بکەن. خەباتگێڕە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە: (گراک)ەکان، کە دوو برا بوون بەناوەی (تیبریۆس سیمپرۆنیۆس گراشۆن) (١٦٣-١٣٣ پ.ز) و (کایۆس سیمپرۆنیۆس گراشۆن) (١٥٣-١٢١ پ.ز)، کە لە لایەن لایەنگرانی دژ بەچاکسازییەوە

کوژران. ئەم ڕووداوە پێشی بەدەستدرێژییەکانی ڕۆم بەتایبەتی بۆ سەر ئەفریقای باکوری نەگرت، بەڵام لە ساڵی ١١٣ پ.زدا لە لایەن هۆزەکانی بەشی باکورەوە، کە لە وڵاتی گۆل تێپەڕیبوون زۆر بەجیدی هەڕەشەی لێکرا. ڕۆمییەکان هەرگیز تاڵانکارییەکانی گۆلیان لەبیرنەکردبوو، لەبەر ئەوە دەستیان بۆ (کایۆس ماریۆس) (١٥٧-٨٦پ.ز) درێژ کرد، کە بەشێکی زۆر و پان و بەرینی ئەفریقای خستبووە دەست خۆی. ماریۆس سوپایەکی لە هەژار و بێ بەشان پێک هێنا و لە درێژەی دوو شەڕدا، پەلاماردەرانی تێ کشکاند. ڕۆم ڕزگاری ببوو، بەڵام ماریۆس دابێکی مەترسی هێنەری دارِشت کە ساڵانێک قورسایی خستە سەر ڕۆم. لەڕاستیدا ئەو سوپایەی بۆ ئەوە دامەزراندبوو کە لە خزمەت خۆیدا بێت نەک لە خزمەت ڕۆمدا.

فەرمانڕەواکانی دیکەش لاسایی ئەویان کردەوە و ئەوەش بۆ ماوەی نیو سەدە شەڕی ناوخۆیی بەدواوە بوو کە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. لە کاتێکدا ماریۆس لایەنگریی لە ماف و بەرژەوەندی هەژاران دەکرد، (لوسدۆس کرنلیۆس سیلا) (١٣٨-٧٨ پ.ز) لایەنگری سەرمایەداران بوو. لە ساڵی ٨٢ پ.زدا، سیلا سەرکەوت و سەرلەنوێ کۆڕی سەنای دامەزراندەوە، بەڵام بەدوای مەرگیدا، ڕێبەرانی نوێ سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆییان هەڵگیرساندەوە و لە نێوانیاندا، (کاریۆس جۆلیۆس) یا (جۆلیوس سیزار)(١٠٠-٤٤ پ.ز)، پتر لێوەشاوەیی پێشان دا. لە ساڵانی کۆتایی سەدەی زاییینیدا، ڕۆم هێزی چاوەڕوان نەکراوی خۆی سەلماند. چونکە ئەوە شەڕەکانی ناوخۆیی نەبوون کە پێشیان بەپاوانخوازییەکانی دەگرت، بەڵکو هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ ڕاپەڕینی کۆیلەکان و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی (پۆن) و ئەرمەنستان بەکەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە، ئازادی خۆیان بەدەست هێنایەوە. پۆن ساڵی ٨٨ی پ.ز هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ڕۆمییەکان و لە ئاسیای بچووک دەرکرد، بەڵام ڕۆمییەکان بەکۆکردنەوەی هێز بەسەرۆکایەتی (پمپەی) گەڕانەوە جێی خۆیان و ئەرمەنستانیان کردە هەرێمێک لە دەست خۆیاندا.

دوای ئەوە، سووریا و (ژودە)یان داگیر کرد. سەرئەنجام پمپەی بەکۆمەڵێک دەستکەوتەوە لەگەڵ سیزار کە دەسەڵاتدارێکی فێڵ بازی زۆر بەهێز و وتەبێژێکی بەتوانا بوو و هەروەها لەگەڵ (کراسۆس) پیاوی هەرە دەوڵەمەندی ڕۆم یەکی گرت. ئەمە یەکەم (تریبیۆم ویرا) (بە زمانی لاتین- گروپی سێ پیاو) و یەکەم هەڵوێستی سیاسی ڕۆمییەکان بوو کە بۆ جارێکی تریش ئاشتی گەڕاندەوە ڕۆم. هەریەکێک لەو سێ کەسانە هەرێمێکیان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد. سیزار (گۆلی سەر بەڕۆم واتە ئیتالیای باکور و باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە)، کراسۆس سووریا و پمپەیی ئیسپانیای هەڵبژارد، بەڵام پمپەی لە ناو ئیتالیاوە بەڕێوەبەرایەتی ئیسپانیای لە ئەستۆ گرت تا هەرچی زیاتر لە دەسەڵاتی ناوەندی نزیک بێت. هێرشەکانی کراسۆس ناکام مایەوە. هێرشی کردە سەر پارتەکان، بەڵام لە شەڕی (کرخە) لە ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریی پارتدا شکستی خوارد و کوژرا.

سیزار کە پێشتر بەشداری شەڕی نەکردبوو، لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا لێوەشاوەیی سەربازیی خۆی پێشاندا و لەدوای حەوت ساڵ شەڕ و پێکدادانداا، هەموو گۆلی داگیرکرد و خستیە سەر وڵاتی ڕۆم و لە



ساڵی ٥٤ پ.زدا لە کەنارەکانی (برتانی) (بریتانیای مەزنی ئەمڕۆ) دابەزی. سیزار وەک ئەسکەندەری مەزن هەرگیز لە شەڕدا نەشکا. پمپەی کە بەخیلایەتی بەسەرکەوتنەکانی سیزار دەبرد، دژی ئەو لەگەڵ سەنا و توندڕەوەکان یەکی گرت. کاتێک سیزار لە ساڵی ٤٩ پ.زدا خەریکی گەڕانەوە بوو بۆ ڕۆم، پێیان ڕاگەیاند کە بەتەنیا و بەبێ لەشکرەکەی بگەڕێتەوە. سیزار لە جیاتی ئەوەی کە بەبێ چەک خۆی لە بەرامبەر دوژمندا ببینێت، ڕێگای شەڕی هەڵبژارد و لەشکرەکەی بە(ڕۆبیکۆن)دا، سنووری نێوان گۆل و ئیتالیادا لەگەڵ خۆی برد. لەوکاتەوە (تێپەڕین لە ڕۆبیکۆن) بەواتەی خراپکردنی پردی پشتەوە، ناکۆکە لەگەڵ پاشەکشەکردندا.

پمپەی توانای ئەوەی نەبوو کە لە بەرامبەر سیزار و لەشکرە پڕچەکەکەیدا ڕاوەستێت و بەچاکی زانی کە گیانی خۆی بپارێزێت. لەبەر ئەوە، ڕایکردە یۆنان و بەدوای ئەویشدا زۆربەی سەناتۆرەکان و ژمارەیەک لە توندڕەوەکان ڕایان کرد و چوونە یۆنان. سیزار ساڵی ٤٨ی پ.ز بەشوێن پمپەیدا چوو و لە (فارسال) لە سنووری باشوور بەرەنگاری بوو. پمپەی ڕایکردە میسر و چونکە میسر لەژێر دەستی ڕۆمدا نەبوو، هیوادار بووە لەوێ خۆی بپارێزێت، بەڵام میسرییەکان کە لە هێز و دەسەڵاتی سیزار بەئاگابوون، نەیانویست ببنە هۆی توڕەبوونی و هەرکە پمپەی پێی گەیشتە میسر، کوشتیان. سیزار چووە میسر و لەوێ لەگەڵ شابانووی لاو و ڕەزا شیرین (کلیۆپاترا) (٦٩پ.ز- ٣٠پ.ز) ئاشنا بوو. سێ مانگ لای شابانو مایەوە و لەوێوە چووە ئاسیای بچووک تا بۆ هەمیشە داگیری بکات، کە زۆر بەئاسانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سیزار لە سێ وشەدا ئاماژە بۆ گرتنی ئاسیای بچووک دەکات و دەڵێت: هاتم، دیتم، داگیرم کرد. بەم جۆرە سیزار لە ساڵی ٤٤ پ.زدا لە پلەی تەنیا حاکمێکدا گەڕایەوە ڕۆم. لەوێ کۆمەڵێک چاکسازیی بەئەنجام گەیاند. ژمارەی سەناتۆرەکانی زیاد کرد و سەرلەنوێ زەوی دابەش کردەوە و هەلومەرجی بۆ بەهاووڵاتی بوونی ڕۆم خۆش کرد و ڕۆژژمێرێکی بۆ ڕۆم ئامادە کرد کە لەگەڵ ڕۆژژمێری میسر جیاوازیی هەبوو و بەگشتیی بەهێندێک جیاوازییەوە، هەر ئەم ڕۆژژمێرەیە کە ئەمڕۆ ئێمە کەڵکی لێوەردەگرین.

**کوژرانی جۆلیوس سیزار:** ژمارەیەک لە توندڕەوەکان، کە لە ڕابوردوودا (کراکۆس)یان کوشتبوو، سەرەڕای ئاگاداربوونیان لە هێز و دەسەڵاتی سیزار، لە بەرامبەریدا پاشەکشەیان نەکرد. بەگوێرەی مێژوو، ڕۆژی پانزدەی مارسی ٤٤ پ.ز (پانزدەی مارس بەپێی ڕۆژژمێری ڕۆم)، کاتێک سیزار خەریکی چوون بۆ سەنا بوو، پێشبینی کەرێک لێی نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت: لە ڕۆژی پانزدەی مارسدا ئاگات لە خۆت بێ. ئەگەر ئەو پێشبینییە جێگەی باوەڕ نەبێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە سیزار لەو ڕۆژەدا لە لایەن گرووپێکی پیلان گێڕەوە بەسەرۆکایەتی (مارکۆس جۆنیۆس برۆتۆس) لە ساڵی ٤٤ پ.زدا کوژرا. پیلان گێڕان پێشبینی ڕووداوەکانی دواییان نەکردبوو.

خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەری سیزار لەلای خەڵکەوە، دۆڕانی پیلان گێڕانی بەدواوە بوو. لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی سیزاردا یەکێک لە جێگرەکانی بەناوی (مارک ئانتوان) بەشدارانی دژی برۆتۆس و هاوکارەکانی هاندا و پیلان گێڕەکانی ناچار کرد، کە بۆ ڕزگارکردنی گیانیان لە ڕۆم ڕابکەن. دوای

ڕاکردنیان، یەکێک لە برازاکانی سیزار بەناوی (کایۆس ئۆکتاویانۆس یا ئۆکتاو) (٦٣-١٤پ.ز) کە تەنیا ١٩ساڵ تەمەنی بوو، هاتە ڕۆم و لەگەڵ مارک ئانتوان و ژنەراڵ (مارکۆس ئەملیۆس لپیدۆس یا لیپید) یەکی گرت، بۆ ئەوەی دووهەم گرووپێکی سێ کەسی پێک بێنن. هەرکە گرووپەکەیان پێک هێنا، بەشوێن پیلان گێڕەکاندا چوونە یۆنان و لە شەڕی فیلیپ لە ماکەدۆنیەی ڕۆژهەڵات شکاندیانن و برۆتۆس و کامیۆس خۆیان کوشت. گرووپی سێ کەسیی، دوای ئەمە ئیمپراتۆرییان دابەشکرد. ئۆکتاو ڕۆژئاوای دەستکەوت و ڕۆمیشی بەدەست هێنا، کە ناوەندی بڕیاردان بوو. ئانتوان بوو بەخاوەنی ڕۆژهەڵات و سەرچاوە ئاوەدان کراوەکانی ئیمپراتۆریی و لیپید کە لەوان دەسەڵاتی کەمتر بوو، بەئەفریقا ڕازی بوو. لیپید تا سیسیل دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کردەوە، بەڵام ئۆکتاو بەدیلی گرت و تا ئەفریقا چووە پێشەوە و بەم جۆرە بوو بەتەنیا حاکمی ڕۆژئاوا. ئیتر نۆرەی ئانتوان بوو کە کلیۆپاترا ببینێ و بەچەشنی سیزار عاشقی بێت. ئانتوان بەدوای شکانی لە لایەن پارتەکانەوە لە ساڵی ٣٦ پ.زدا، خۆی لە شەڕ و سیاسەت کێشایەوە و لە ئەسکەندەریە نیشتەجێ بوو، بەو هیوایە کە لەلای شابانووی میسردا ژیانێکی خۆش بەرێتەسەر، بەڵام ئۆکتاو ڕای گشتیی خەڵـــکی دژی ئانتوان بەرزکردەوە و بەکۆیلـــەی ژێردەستی فەرمانڕەوایانی بێگانە ناساندی کە دەیەوێت نیوەی ئیمپراتۆریی ڕۆمیان بداتێ. هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئۆکتاو و ئانتواندا جێی گومان نەبوو. ڕۆژی دووی سێپتەمبەری ساڵی ٣١ پ.ز لە (ئاکتیوم) لە کەناری ڕۆژئاوای دەریای یۆنان، لە نێوانیاندا شەڕ هەڵگیرسا، کە بەگەورەترین شەڕی دەریایی سەردەمەکانی کۆن دەناسرا. هێزی دەریایی ئۆکتاو بەسەرۆکایەتی سەردارێکی لێهاتوو بەناوی (ئاگریپا) سەرکەوت و ئانتوان و کلیۆپاترا ڕایان کردە میسر و چونکە ئۆکتاو بەشوێنیانەوە بوو، ئەوان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێنا. بەم جۆرە شەڕی ناوخۆیی ئاکامێکی خەم هێنەری بەدواوە بوو و لە ڕەوتی خۆیدا کۆتایی بەحوکمی کۆماریش هێنا. دوای ئەو شەڕە، ئۆکتاو بوو بەخاوەنی ڕۆم و میسری لە دەست یۆنانییەکان دەرهێنا و کۆتایی بەژیانی دوا ڕژێمی پاشایەتی یۆنان هێنا.

**ئەوگوست (ئۆکتاو) ئیمپراتۆری ڕۆم**: ئۆکتاو بەبێ ئەوەی کە شێوەی کۆمار بگۆڕێت، بەجۆرێک ناوەرۆکەکەی گۆڕی و خۆی بوو بەخاوەن و کۆنترۆڵکەری هەموو بەرپرسایەتییە گرنگەکان. ڕۆژی سێی یانواری ساڵی ٢٧ پ.ز ئۆکتاو ناوی ئەوگوستی کە تا ئەوکاتە تایبەت بوو بەخوداکانەوە لەسەر خۆی دانا و هەروەها وەک ئیمپراتۆر واتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیش مایەوە.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زاییندا، شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەرەجەبەندی کرا و شارەکانی ڕۆژئاوای فورات لە ژێردەستی ڕۆمدا لە ئاشتیدا دەژیان. ئیمپراتۆریی ڕۆم بێگومان ئارامترین ئیمپراتۆری لە ڕۆژئاوادا بوو و ژمارەی دانیشتووانی دەگەیشتە نزیک چل میلیۆن، واتە دوو هێندەی ژمارەی کۆلۆنییەکانی ئەسکەندەری مەزن. لەوە دەچوو کە هەموو شتێک بەسەرۆکایەتی دەوڵەتی ئەوگوست بەباشیی بەرێوەدەچێ، بەڵام ڕۆمییەکان زوو تێگەیشتن کە چاوپۆشین لە ڕژێمی کۆماریی، هەر بەو ڕادەیەی کە قازانجی پێگەیاندن، هەرئەوەندەش زیانی بۆیان هەبووە. نیوەی هەزارەی یەکەمی زایینی کۆتایی پێ نەهاتبوو، کە ئیمپراتۆریی ڕۆم لەناو چوو.



**هیند دەبێتە ناوەندێکی لاهوتیی (مەعنەوی)**: هیند کە لە بەرامبەر ئەسکەندەری مەزندا خۆی زەق کردبووەوە، ڕۆڵی خۆی بەشێوازی لانکی ئایینە جیاوازەکان دەبردە پێشەوە. هیند نموونەیەکی دەگمەن و تەنیا بوو لە بایەخە لاهوتییە ڕێکوپێک کراوەکانی سیستمی چینایەتی (کاست)دا کە لەو کاتەدا شکڵی دەگرت و بیری هیندییەکانی بڵاو دەکردەوە.

دانیشتووانی هیند لە چەند چینی جیاواز، بەگوێرەی بنەچە، ژنهێنان و کار دابەش ببوو. بەڕای هیندییەکان ئەگەر کەسێک لە چینێک لە دایک دەبوو، هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەر تاقیکردنەوەی شێوەیەک لە ژیان و پێشکەوتنی لاهوتیی. ئەم سیستمە بەکردەوە جێگای هەمیشەیی و نەگۆڕی بۆ تاک دیاری دەکرد و زامنی ئارامی و بەرگری کردن لە گەشەکردنی بوو. دەرەتانی ئاڵوگۆڕی چینایەتی لە هینددا نەبوو و کۆمەڵ ناچار دەکرا بەبەردەوامیی بەرەو دواوە بکشێتەوە و هەر ئەمەش تا ئێستا پێشی بەگەشەکردنی هیندستان گرتووە. بەهەرحاڵ هیند تەنیا پسپۆری ئایینی پێشکەش بەکۆمەڵگای جیهانی نەکردووە، بەڵکو لە ساڵی ٨٠٠ پ.زدا بیرکاری هیندی یەکەم کەسایەتی بوو کە هێمایەکی بۆ ژمارەی سفری دۆزییەوە و خستیە ناو زانستی بیرکارییەوە. ئەمە گەشەکردنێکی سەرسوڕهێنەر بوو لە زەمینەی پێگەیشتندا.

بەم جۆرە دەرەتانی ئەوە پەیدابوو کە مرۆڤ بتوانێت ژمارەی ٢٣ و ٢٠٣ و ٢٣٠ی بەئاسانیی لە یەکتر جیابکاتەوە. ئیتر هیچ کەس پێویستی بەدانانی نیشانەی جۆراوجۆر بۆ دەیەکان و سەدەکان نەبوو. بایەخی ژمارەکان بەدوای ئەوەدا، لە ناسینی جێگاکاندا بوو و ئەمەش ژمارەدانانی بەبەرفراوانیی ئاسان کرد، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە ژمارەی سفر بەپەلە پەرەی نەسەند، چونکە حساباتی ڕابوردوو کە بەیارمەتی لە سیستمە دژوارەکان ئەنجامیان دەگرت، هێشتا بەکار دەهێنران.

**لە دایکبوونی تاگۆتاما (بودا)**: لە نیوەی یەکەمی دوا هەزارەی پ.زدا، ژمارەیەک ئایینی جیاواز لە وڵاتی پان و بەرینی هینددا لە دایک بوون، بەڵام هیچ کامیان گرنگایەتی بودیزم (ئاینی بودا)یان نەبوو. بودیزم لە لایەن (سیدهار تاگۆتاما) (٥٦٣ پ.ز- ٤٨٣پ.ز) ناسراو بەبودا، بەواتەی (بەخۆهاتنەوە- هۆشیار بوونەوە)، لە باکوری هیند دامەزرا، بەڵام لە چوارچێوەی سرواتی خوداییدا (وەحی الهی) جێی نەگرت. بودیزم هەوڵی پاکیی و گەڕانی دەدا بەشوێن ڕاستییەکانی ژیاندا، کە تا ئەوکاتەی دەرون توانـــای لەناوبردنی دەرد و ئازار پەیدا نەکات، لەناوبردنی (ڕەوتی دەروون بەڕێبازی جۆراوجۆر و لە سەردەمەکانی بەردەوامدا) بەدی نایەت. بودیزم لە هەموو ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا پەرەی سەند، بەڵام لەناو خۆی هیندستاندا بەگشتیی ون بوو. هیند بەهۆی بودیزمەوە قووڵترین دەسەڵاتی فەلسەفیی لە جیهاندا هێشتەوە.

**یەکێتی هیند**: ساڵی ٣٢٢ پ.ز (شاندرا گوپتا)، ڕێبەری هیند، یەکێتی هیندی پێک هێنا. لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەودا بوو کە بۆ یەکەم جار بەشە گرنگەکانی نیوە دوورگەی هیند یەکیان گرت.



شاندرا گوپتا، ساڵی ٣٠٥ پ.ز پاشەکشەی بەلەشکری سلوکوسی یەکەمی کرد. سلوکییەکان دەیانویست درێژە بەرێگای ئەسکەندەر بدەن و کۆنترۆڵی هیندستان بکەن. بنەماڵەی شاندرا لە سەردەمی (ئاسۆکا)دا کە ساڵی ٢٦٥ پ.ز دەسەڵاتی بەدەست گرت، لەوپەڕی توانای خۆیدا بوو. ئەو فەرمانڕەوایە، هەموو هیندستانی جیا لە دواخاڵەکانی باکور خستە ژێردەست خۆی. توانای گرتنی ئەم ناوچەیەشی هەبوو، بەڵام شێوەی حوکم کردنی سلێمانی پێ باشتربوو لە شێوە حوکم کردنی سیزار و نەیویست لە دەستپێکی حکومەتەکەیدا خوێن بڕێژێ و چاوی لە شەڕ پۆشی و خەریکی چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵکی خۆی بوو. لە سەردەمی ئەودا، ژمارەی دانیشتووانی هیند گەیشتە نزیکەی سی (٣٠) میلیۆن، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی سەر بەیۆنانی ئەوکات. لێرەشدا سەرکەوتنی وڵات بەکەسایەتی پاشاوە بەسترابووەوە و مەرگی ئاسۆکا لە ٢٣٦ی پ.زدا ئیمپراتۆریی لەرزۆک کرد. لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زاییندا، هیندستان جارێکیتریش پارچە پارچە بوو، جگە لە بواری لاهوتییەتدا هیچ توانایەکی نەما.

**چین ڕێگای تایبەت بەخۆی دەگرێتەبەر**: تا نیوەی یەکەمی هەزارەی پ.ز چین وەک هەرێمێکی بچووکی دەرەبەگایەتی مابووەوە، بەڵام نزیکەی ساڵی ٦٠٠ پ.ز پێی نایە سەردەمی ئاسنەوە.

**سەرهەڵدانی تاوۆیزم لە چین**: یەکێک لە گەشەکردنە گرنگەکانی چین لەو سەردەمەدا، سەرهەڵدانی بۆچوونی ڕەوشتیی بوو، کە دامەزراندنەکەی دەگەڕێننەوە بۆ (لائۆتسە)، نزیکەی ساڵی ٥٦٥ی پ.زدا.



بۆچوونی لاوۆتسە کە بەتاوۆیزم ناسراوە، قبووڵ نەکردنی دیاردەی ڕواڵەتی، ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن و ڕێوڕەسمی ئایینی بوو، فەلسەفەی (تاوۆ) لەسەر ڕێبازی ژیانی دروست پێی دادەگرت. دەسەڵاتی تاوۆیزم بەگشتیی لە کارتێکەریی ئەو بوو لەسەر سیستەمە ئایینیەکانیتر، کە پێکهاتەی ڕوونتریان هەیە. بۆ نمونە، تاوۆیزم ڕاگەیەنەری بەرەوپێش چوونی گرنگ لە بودیزمدا گومان کردنە.

نزیکەی ساڵی ٥٠٠پ.ز (کونگ-فۆ- تزو) یا کۆنفۆشیوس (٥٥١- ٤٧٩ پ.ز) پێشنیازی سیستمێکی کرد کە لەسەر بنەمای پێویستییەکانی بەرزی ڕەوشتیی ڕاوەستابێت کە ئەمە بەتەواویی جیاوازیی هەبوو لەگەڵ بیری تاوۆیزم. لایەنەکانی ڕەوشتیی کۆنفۆشیوس، بەشێوەی ڕەسمیی، تەواوی کۆمەڵگا و سیستمی دەوڵەتی چینی لە خۆیدا کۆکردەوە. ساڵی ٢٢١ پ.ز چین یەکی گرت و حکومەتی بنەماڵەی (کن)ی دامەزراند. یەکەم ئیمپراتۆری چین بەناوی (شی هۆانگدی) (٢٥٩-٢١٠ پ.ز) توانی بەسەر کۆمەڵگایەکی نزیک سی میلیۆن کەسیدا حوکم بکات. شی هۆانگدی دەیویست پاشماوەی درێژخایەنی سیستمی دەرەبەگایەتی لەناوببات و لە سفرەوە دەست پێ بکات. لەبەر ئەوە، فەرمانی دا، جگە لە کتێبە زانستییەکان و ئەو کتێبانەی کە لە دەست زانایانی ڕەسمیدا بوون، کتێبە کۆنەکان لەناوببەن. ئاواتی ئەو بۆ ئازادکردنی چین لە تەنگژە و گوشاری ڕابوردوودا جێگەی سوپاس و پێزانینە، بەڵام جۆری بەڕێوەبردنەکەی هەژاریی نەوەکانی داهاتووی لە ئاگاداربوون لەسەر نەوەکانی ڕابوردوو بەدواوە بوو. بۆ پێشگیری کردن لە هێرشی کۆچەران، شی هۆانگدی دیوارێکی مەزنی لە سەرەتای گۆل واتە لە سنوورەکانی باکوری وڵاتەوە کێشا کە ئەمڕۆ بەشوورەی مەزنی چین دەیناسین. ئەم شورەیە پتر بۆ ئەوە بوو کە ڕێگا بەئەسپی کۆچەران بگرێ تا سوارەکان. چونکە چینیەکان ڕایان وابوو، کە کۆچەرەکان بەبێ ئەسپ مەترسیی کەمتریان هەیە. دەسەڵاتداریەتی زنجیرەی (کن) کورت بوو و ساڵی ٢٠٢ پ.ز جێگەی خۆی دا بە(هان)ەکان و ئەوانیش توانییان یەکێتی چین بپارێزن. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (وودی) لە بنەماڵەی هان لە ١١٠ ساڵ پ.زدا، چینیەکان بەشێک لە خاکی باشووری (یانگز)یان خستە دەست خۆیان، کە ئەمڕۆ نیوەی باشووری وڵاتی چینە. لە ١٠٨ پ.زدا چین توانی کۆریا داگیربکات و فەرهەنگی چین لە کۆریادا برەوی پەیداکرد و بەچەشنی فەرهەنگی یۆنانییەکان کە بەگشتیی هەموو دنیای ڕۆژئاوای لەخۆ گرت. چین بەبێ ئەوەی کە پەیوەندیی بەجیهانی ڕۆژئاواوە هەبێت، هەوڵی گەشەکردنی خۆی دا، تا ئەوەی کە دۆزەرەوەیەکی چینیی بەناوی (زانگ کیان) (کۆچی دوایی ٨٤ پ.ز) چوو بۆ وڵاتی (خوارەزم) لە ئەفگانستانی ئەمڕۆدا تا لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە دژی هۆنەکان یارمەتی وەرگرێ. ئەمە یەکەم پەیوەندیی ناسراوی چین بوو لەگەڵ ڕۆژئاوا، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەدواوە بوو و تەماحی خستەبەر دانیشتووانی ڕۆژئاوا بۆ بەدەستهێنانی ئاوریشم و بەرهەمە جوانەکانی وڵاتی چین. بەم جۆرە لە سەرەتای دەستپێکردنی هەزارەی زاییندا، ئیمپراتۆریی چین بوونی خۆی سەلماند و لە بواری ڕووبەری خاک و زۆریی بەرهەمەوە کەمتر لە ئیمپراتۆریی ڕۆم نەبوو، بەڵام دانیشتووانی ئەم دوو وڵاتە، بەکردەوە شتێکیان دەربارەی یەکتر نەدەزانی.

**جیهان گەشە دەکات، سەد و حەفتا میلیۆن کەس لەسەر گۆی زەوی**: ژمارەی دانیشتووانی جیهان کە لە ساڵی ۱۰۰۰پ.زدا نزیکەی پەنجا میلیۆن کەس بوو، لە ساڵی یەکەمی زاییندا پتر لە سێ هێندە بوو واتە گەیشتە پتر لە سەدو حەفتا میلیۆن.

لەو ژمارەیە، چل میلیۆن لە ئیمپراتۆریی ڕۆمدا دەژیان، سی میلیۆن لە چین و سی میلیۆن لە هیندستان، پێنج میلیۆن لە وڵاتی پارت و شەست و پێنج میلیۆن کەسیش لە هەرێمە جیاوازەکانی تری جیهاندا. لە ماوەی چەند هەزارەدا مرۆڤایەتی توانی چەندان سیستمی نوێی سیاسی بدۆزێتەوە. لەو ناوەدا دەکرێ ئاماژە بۆ دیموکراسی، کۆماریی و ئیمپراتۆریی بکەین. لەوە دەچێ دیموکراسی تەنیا لە یۆناندا مایەوە. ڕۆمییەکان سیستمی کۆماریی خۆیان بۆ ڕژێمی ئیمپراتۆریی بەجێهێشت. لە سەرەتای هەزارەی زایینیدا، ئیمپراتۆریی جێی دەوڵەتی- شارەکانی گرتەوە و بەباشترین ڕێگاچارەی کۆمەڵگا ناوبانگی دەرکرد، بەڵام ئیمپراتۆریی داهاتوویەکی باوەڕپێکراوی نەبوو. سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی بەکۆمەڵە دۆزینەوەیەکی وەک نووسین و جادە بەسترابووەوە و هەلی بۆ حاکمەکان دەڕەخساند کە وڵاتانی بەرینتر کۆنترۆڵ بکەن. شارستانییەت لە هەموو جێگایەک لە گەشەکردندا بوو، بەڵام جێگە گرنگەکان دوور لە یەکتر بوون. هێمنایەتی ڕێژەیی ناوچەکان، بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی بەدواوە بوو، کە ئەوەش بوو بەهۆی بەشوێنداچوونی نەدۆزراوەکان و ڕوانگە و بۆچوونی نوێدا، چونکە پێویست بوو مرۆڤ ڕێگای دۆزینەوەی خۆراک بۆ وەچەکانیان پەیدا بکەن. دانیشتووانی ئیمپراتۆرییە گەورەکانی ئەو سەردەمە دەبووایە بەبەردەوامیی ڕەخنە لە ئیمپراتۆرەکان بگرن و ئەمەش دەربارەی ڕۆمییەکان پتر بەرچاو دەکەوت، چونکە ناوی هەمیشەییان لەسەر شارەکەیان دانابوو، بەڵام گۆڕانکاریی مەزن لە دەستپێکی هەزارەی دواییدا بوونی خۆی ڕادەگەیاند.

## ٥- هەزارەی یەکەم بەو جۆرەی کە تێپەڕی

**لە ساڵی عیساوە تا ساڵی ۱۰۰۰ی دوای ئەو**: بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانی ڕابوردوو، هیچ کەس سەرنجی بەدابەشکردنی زەمان لە چوارچێوەی هەزار ساڵدا نەدابوو. هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەبووایە چەند سەدە تێپەڕێ تا ژماردنی ساڵەکان لە سەرەتای لە دایکبوونی عیساوە دەست پێ بکات. هەروەها پێویست بوو هەزارەمین ساڵی لە دایکبوونی عیسا نزیک بێتەوە، تا مرۆڤ بیرلە ژماردنی هەزارەکان بکاتەوە. بەتایبەتی بەهۆی کتێبی پیرۆز، دۆزەر Apocalypse (وشەی یۆنانی بەواتەی دۆزەر یا ئیلهام) بوو، کە مرۆڤ هەزارەی یەکەمی زایینی بەگرنگ بگرێ. چونکە بەشێک لە کتێبی پیرۆز ئاماژە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەنی جیهان لە هەزار ساڵ دوای زاییندا دەکات. ئێمە لێرە لە چۆنیەتی یەکەم هەزارە لە نێوان هەزارەکاندا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، بەو شێوەیە دەدوێین کە مرۆڤی سەردەم هەستیان پێ کردووە. لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زایینیدا، بەشێکی گەورەی جیهان پەیڕەویان لە یاساکانی ڕۆم دەکرد و کاتێک ئەم هەزارەیە کۆتایی پێ هات. ڕۆم وەک پێشوو درێژەی بەڕۆڵی زەق و بەرچاوی خۆی



دەدا لە شێوازی ئیمپراتۆریدا کە بایەخە مەعنەوییەکانی پتر پاڵپشتی بوون تا هێزی مادی. لە هەموو جێگایەک گۆڕانی مەزن بەئەنجام دەگەیشت کە ڕاگەینەری دەستپێکی هەزارەی ئەمڕۆی ئێمە و سەردەمی نوێ بوو.

**ڕووخانی کۆماری ڕۆم**: کۆماری ڕۆم لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەدەوڵەتێکی پاوان خواز ناسرا و چوونیشی بۆ سیستمی ئیمپراتۆریی بەئامانجی ئاسانکاریی و ڕێگاخۆشکردنی سەرلەنوێی پاوان خوازیی بوو. سەرەڕای زەبری وەستێنەری پارتەکان لە ڕۆم لە (کرخە)، شەڕ لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتدا درێژەی هەبوو. ئیمپراتۆری ڕۆم ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێردەستی خۆی دایە دەست دانیشتووانی ئەم ناوچانە. گرفتی سنوورەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم بریتی بوون: لە دەریا لوشی ئەتلەسیی لە ڕۆژئاوا، بیابان (بەشێک لە مەراکیشی ئەمڕۆ) لە باشوور، ئیمپراتۆری پارت لە ڕۆژهەڵات و ڕووبارەکانی ڕاین و دانوب لە باکور. ئیمپراتۆریی ڕۆم بەگشتیی لە سنووری باکوردا درێژەی بەخۆبەزلزانییەکانی دەدا و لەشکرەکانی لە ڕووباری ڕاینەوە تا ئاڵپ چوونە پێش و دەیانویست هۆزەکانی جەرمان بخەنە دەست خۆیان.

**شکانی ڕۆمییەکان لە توتوبۆرگ پێشڕەویی ئیمپراتۆریی ڕاگرت**: پلانی ڕۆمییەکان بۆ داگیرکردنی جەرمان سەرنەکەوت. لە ساڵی ۹ زدا سێ لەشکری ڕۆم لە شەڕی (توتوبۆرگ) کەوتنە بۆسەوە و لەناوچوون و پلانی ئەوگوست تێک چوو و هێزەکانی بۆ پشت ڕووباری ڕاین پاشەکشەیان کرد. ئیمپراتۆریی دوای ئەم شکستەی، سیاسەتی بەرگری کەرانەی سەربازیی گرتەبەر. بەو حاڵەش ڕۆم بەردەوام بوو لە داگیرکرنەکانیدا و لە هێندێک بواردا دەکرێ ئاماژە بۆ سەرکەوتنی زۆر مەزنی بکەین. لە ساڵی ٤٣ زدا سوپای ڕۆم بەسەرۆکایەتی (کلود) (٥٤-١٠ پ.ز)، ناوچەی باکوری دوورگەی (برتانی) داگیر کرد (ئەم دوورگەیە لە دواییدا بەبریتانیای مەزن ناسرا) و کردی بەهەرێمێکی سەر بەڕۆم. دوای پەنجا ساڵ، (تراژان) (١١٧- ٥٣ پ.ز) هێرشی بردە سەر (داسی) (ڕۆمانیای ئەمڕۆ) لە باکوری ڕووباری دانوب و داگیری کرد. لە نێوان ساڵانی ١١٧ و ١١٣ی پ.زدا تراژان، پارتەکانی شکاند و میسۆپۆتامیای خستە سەر ئیمپراتۆریەکەی. بەم جۆرە، سوپای ڕۆم دەستی گەیشتە کەنداوی فارس و ئەمەش ڕووبەری خاکی ئیمپراتۆری ڕۆمی بەوپەڕی مەزنایەتی خۆی گەیاند و ژمارەی دانیشتووانی لەو کاتەدا نزیکەی پەنجا میلیۆن کەس بوو. جێنشینی تراژان کە (ئادرین)ی (١٣٨-٧٦ پ.ز) ناو بوو، وڵاتی پارتەکانی بەجێهێشت و دیوارێکی لە بەشی هەرە باریکی دوورگەی برتانی دروست کرد. مەبەستی لە دروستکردنی ئەم دیوارە، ئەوە بوو کە پێشان بدات کۆتایی بەدەستدرێژییەکانی ئیمپراتۆریی لەو ناوچەیەدا هێناوە و هێرشی (پیکیت)ەکان بۆ سەر وڵاتەکەی پوچەڵ بکاتەوە، کە دانیشتووی وڵاتێک بوون ئەمڕۆ بە(سکۆتلاند) دەناسرێت. بەم جۆرە ئیمپراتۆریی ڕۆم بەوازهێنان لە پەلاماردانی وڵاتانی تر بۆ ماوەی دوو سەدە لە هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا ئاشتیی دەستەبەرکرد، بەجۆرێک کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا تا ئەو کاتە هەرگیز ئاشتییەکی ئاوا درێژخایەنی بەخۆیەوە نەبینی بوو. ئەم ئاشتییە بەکۆمەڵێک دیاردەوە بەسترابووەوە و کۆتایی هاتنیشی بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداوەوە بوو.

گوشاری بەربەرەکان وەک ڕابوردوو بەبەردەوامی هەڕەشەی لە ئیمپراتۆریی دەکرد و ببوو بەهۆی بەفیڕۆچوون و لەناوبردنی دەرەتانی ئیمپراتۆری. جگە لەوە، هەروەک پێشتر لە ئاتن ڕوویدابوو، سەرهەڵدانی نەخۆشییەک زیانی بەگەشەکردنی ژمارەی دانیشتووان گەیاند و تەنانەت ژمارەی دانیشتووانی دابەزاند. هەروەها ڕژێمی ئیمپراتۆری دیاردەیەکی ناسەقامگیر بوو، چونکە لە بواری بەدەست گرتنی حکومەت و هەڵوەشاندنیەوە بڕیارە ناڕاستەکانی ئیمپراتۆریی، یاسایەکی ورد و ڕوون نەبوو.

لەو ناوەدا تەکانی بەدیهاتوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئایینی مەسیحییەت نابێ بەگرنگ نەگرین. چونکە ئەم ئایینە نوێیە، بۆ فەرهەنگی ڕۆمییەکان بێگانە و بەتەواوی شۆڕشگێڕانە و دژ بەدەسەڵاتی هاوسەنگیی پاشا لەگەڵ دەسەڵاتی خودا لە لایەن لایەنگرانییەوە بوو. هۆزەکانی بەربەر کە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی هەزارەی ئاماژە بۆکراودا، گرفتێکی چارەسەر نەکراوبوون بۆ ڕۆمییەکان. جول سیزار توانیبووی پەلاماری گۆل بدات و بەربەرەکان بۆ دواوە بکێشێتەوە، بەڵام جێنشینەکانی بۆیان گرنگ نەبوو کە ئەوان لە دەرەوەی سنووری ئیمپراتۆریدا بهێڵنەوە. هۆزەکانی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی وڵات پتر درێژەیان بەدوژمنکارییەکانیان دەدا. ئەم هۆزانە لەژێر گوشاری هۆزەکانی ئاسیای ناوەندیدا بوون کە کۆچیان کردبوو بۆ ئەم ناوچەیە.

لە ئاسیای ناوەندیدا، ژمارەی ڕەوەندی بیابان گەڕ، تا ئەوکاتەی کە بەڕادەی پێویست لەوەڕگەیان بۆ ئاژەڵەکانیان هەبوو لە پەرەسەندندا بوون و هەر کە لەوەڕگەکان کەم دەبوونەوە، بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگەی نوێ و دابینکردنی ژیانیان کۆچیان دەکرد. کۆچەرەکانی ئاسیا هێندێک جار تا ئەورووپاش دەهاتن و لەسەر ڕێگای خۆیان هۆزەکانیان لەسەر ماڵ و لەوەڕگەکانیان دەردەکرد. بەم جۆرە بوو کە هەرێمەکانی شارستانییەتی دەریای سپی ناوەڕاست بەهۆی (سیمر)ەکان، (ئیکیت)ەکان (گلوا)کان و هۆزەکانی‌ترەوە تالان کران. دوایی نۆرەی هۆزی جەرمان هات کە بەهەرێمی سکاندیناڤیا بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات ڕۆخی ڕاین و دانوب بڵاوبینەوە. لە ساڵی ١٦٦ و لە سەردەمی حوکمی (مارک ئورل) (١٢١-١٨٠)، هۆزی جەرمانی (مارکومان) لە دانوبی سەروو تێپەڕی و بۆ ماوەی پانزدە ساڵ دژی ڕۆمییەکان شەڕیان کرد. ئەم شەڕە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی بەربەرەکان بوو کە هەرچەند ماوەیەک دووپات دەبووەوە و ڕۆم ناچار بوو کات و نرخێکی زۆر تەرخان بکات بۆ کۆنترۆڵ کردنیان.

لە ماوەی هێرشی مارکوماندا، بەهۆی ئەو سەربازانەوە کە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا شەڕیان دەکرد، نەخۆشیی تاعون تەشەنەی کردە ناو ئیمپراتۆریی ڕۆم. ئەم نەخۆشییە ترسناکە بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی دانیشتووان و بەرهەمەکانی ڕۆمی دابەزاند کە ئیمپراتۆریی هەرگیز نەیتوانی بەتەواوی قەرەبوویان بکاتەوە. جگە لەوە، چونکە سیستمێکی وردی گواستنەوەی دەسەڵات نەبوو، سوپا وەک هێزی سەرەکیی ئیمپراتۆری، بەویستی خۆی ئیمپراتۆرەکانی دەگۆڕی. لە ساڵی ٦٨دا کە (نرون)(٣٧-٦٨) کۆچی دوایی کرد، فەرماندە جیاوازەکانی سوپا یەک بەدوای یەکدا بوونە خاوەن تاج و تەخت و ئەم ڕەوتە درێژەی هەبوو تا هاتنی (وسپازین) (٩-٧٩) کە ئەویش فەرماندەیەکی سوپا بوو و توانی



کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریی بەدەست بگرێ و هێمنایەتی بگەڕێنێتەوە وڵات. قەیرانی نوێ بەدوای (مارک ئورل)دا ڕوویدا و فەرماندەکانی سوپا بۆ ماوەی سەدەیەک بەدڵی خۆیان ئیمپراتۆریان دەگۆڕی. نەبوونی سیستمێکی ڕوون بۆ کۆکردنەوەی باج، ئابووری ئیمپراتۆریی لە پێ خستبوو و سەرئەنجام خەڵک باوەڕیان بەدەوڵەت و دەزگاکانی نەما. چارەسەرکردنی ئەم گرفتە سەرەکییانە گۆڕانی بنەڕەتیی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا پێویست بوو.

هێندێک لە ئیمپراتۆرەکان ڕوویان لە چاکسازی کرد تا بەم ڕێگایەدا پێش بەهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی بگرن، بەڵام سەرنەکەوتن. بۆ نموونە، (دیوکلەتین) (٢٤٥-٣٠٥) بۆ ئاسانکاریی لە سیستمی بەڕێوەبەرایەتیدا، ئیمپراتۆریی دابەشکرد بەسەر چوار هەرێمدا. هەروەها وازی لە بیری سیستمە کۆنەکانی کۆماری خوازیی هێنا و سیستمی ئیمپراتۆریی وەک ڕژێمێکی نەگۆڕی پاشایەتی لێ کرد. بەڵام هەوڵەکانی پتر ئیمپراتۆریی لاواز کرد و ڕێبەرانی چوار هەرێمە ئاماژە بۆکراوەکان پێکەوە هەڵیان نەکرد و شەڕیان لەناودا هەڵگیرسا.

**کۆنستانتینی یەکەم دەبێتە ئیمپراتۆری ڕۆم و ئیمپراتۆریی ڕۆم دەکاتە مەسیحی:** کۆنستانتینی یەکەم (٢٨٨-٣٣٧)، کە ساڵی ٣٠٦ بوو بەئیمپراتۆری ڕۆم، (بیزانس)ی کردە پایتەختی خۆی و ناوی کۆنستانتینۆپلی (قوستەنتەنیە- ستەمبول) لەسەر دانا. ڕەنگە ئەمە سەرەتای گەورەترین گۆڕانی چارەنووسیی ئیمپراتۆری بووبێت کە لە کەنارەکانی (بسفۆر) ڕوویداوە. پایتەختی نوێ هەلومەرجێکی باشی هەبوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری گەلێک سامان و فەرهەنگی بەقازانجی خۆی کۆکردەوە و بۆ بەشی ڕۆژئاوا بوو بەمایەی بێ بەشی. لەو سەردەمەدا هۆزەکانی جەرمان پتر مەترسییان لێدەکرا و کاتێک هونەکانی ئاسیای ناوەندیی بەرەو ڕۆژئاوا چوون، (گێت)ە ڕاوکەرە دەرکراوەکان لە وڵاتی خۆیان، لە هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیاندابوون لە ناو ئیمپراتۆرییەکەدا.

ساڵی ٣٧٦ز هۆزەکانی (ویزیگێت) لە دانوب تێپەڕین و خۆیان گەیاندە نیوەدوورگەی باڵکان. هەڵسوکەوتیان پتر لە پەناهێنەر دەچوو تا هێرشکەر، بەڵام ڕاپەڕین بەهۆی زوڵمێکەوە کە لە لایەن ڕێبەرانی ڕۆمەوە لێیان کرابوو. ڕۆژی ٩ی ئەوگوستی ٣٧٨ز شەڕی (ئاندرینوپۆل) سەری هەڵدا. گێتەکان لە بابەت سەرکەوتنی خۆیان لەو شەڕەدا، قەرزداری ڕکێفی ئەسپەکانیان بوون کە لە ئاسیای ناوەندیدا ڕام کرابوون. سوارەکان بەکەڵک وەرگرتن لە ڕکێفی ئەسپەکانیان قیت و بەهێز خۆیان لەسەر پشتی ئەسپەکانیان ڕادەگرت و کاتی هێرش بۆ سەر دوژمن بەپشتی ئەسپەکانیانەوە دەنووسان و بەدوای ئەوەدا کە نێزەکانیان لە دوژمن دەدا، قیت دەبوونەوە و سەرلەنوێ خۆیان بۆ پەلاماری نوێ ئامادە دەکرد و بەهەموو هێزەوە دوژمنیان پەلامار دەدا. سوارە شەڕکەرەکانی گێت، لەشکری ڕۆمیان شکاند و بەم جۆرە سوپای ڕۆم دوای حەوت سەدە تامی تاڵی شکستی چێشت و بەدوای ئەوەدا سوارەی شەڕکەر بوو بەسوڵتانی شەڕەکان. ڕۆمییەکان سەرەڕای ئەم شکستەیان سەرلەنوێ خۆیان گرتەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (تیۆدۆس)ی یەکەمدا (٣٤٦-٣٩٥) بۆ دواجار یەکێتی خۆی بەدەستهێنایەوە و دوای




ئەوە ڕۆم لە نێوان دوو کوڕی تیۆدۆسدا بەشکرا. (ئارکادیۆس)(٣٧٢-٤٠٨) سەرۆکایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریی بەدەست گرت کە پایتەختەکەی قوستەنتەنیە بوو و (هۆنوریۆس)(٣٨٤-٤٢٣) بوو بەخاوەنی بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریی کە سەرەتا شاری میلان و دواتر شاری ڕاون پایتەختی بوو.

ئەو دوو برایە کە زۆر بێکارە و کار لە دەستنەهاتوو بوون، توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نەبوو، سوپای ڕۆمیان ناچارکرد کە لە جیاتی ئەوان لە فەرماندەکان و تەنانەت سەربازانی سوپا بۆ سەرۆکایەتی وڵات کەڵک وەرگرێت.

**تاڵانکردنی ڕۆم لە لایەن ویزیگێتەکانەوە:** ئیمپراتۆریی ڕۆم تەنیا وەک وێنەیەک لە ڕابوردووی شکۆداریی مابوو. لە ساڵی ٤٠٦دا هۆزەکانی جەرمان هێرشیان کردە سەر گۆل و یەکەکانی ڕۆم نەیانتوانی پاشەکشەیان پێ بکەن. ڕۆمییەکان ساڵی ٤٠٧ بریتانییان بەجێهێشت و ساڵی ٤١٠ شاری ڕۆم لە لایەن ویزیگێتەکانی ئالاریکەوە (٣٧٠-٤١٠) تاڵان کرا. ئەم ڕووداوە، بەدروستی دوای هەشت سەد ساڵ بەسەر تالانی ڕۆم لە لایەن گلواکاندا ڕوویدا. ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوا هەڵوەشا و ویزیگێتەکان لە باشوری ڕۆژئاوای گۆل لە ئیسپانیا وڵاتێکیان بۆ خۆیان دامەزراند. هۆزێکی‌تر بەناوی (واندال)، هەرێمی ئەفریقای باکوری داگیر کرد و هونەکانیش هەنگاوێکی بەم جۆرەیان نا و سوڵتانەکەیان (ئاتیلا) (٤٠٣-٤٥٣) ئیمپراتۆرییەکی بڵاوی یەک نەگرتووی دامەزراند کە لە دەریای خەزەرەوە تا دەریای ئەتلەس درێژەی هەبوو.

**شکانی ئاتیلا:** لە یونی ٤٥١دا سوپای ڕۆم و گێت بەسەرۆکایەتی (ئێس) لە ناوەندی گۆل، لە نێوان



(تروی) و (شالن سور- مارن) ئاتیلایان شکاند و ناوبراو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا کۆچی دوایی کرد و ئیمپراتۆرییەکەشی بەردەوام نەبوو. هەرچەندە هونەکان لەناوچوون، بەڵام زیانێکی قەرەبوو نەکراویان گەیاند.

**ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا، ئەوروپا پێ دەنێتە سەدەکانی ناوەندی:** ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا بەتوندیی بەرەو هەڵوەشان دەچوو. لە ساڵی ٤٧٦دا دوا ئیمپراتۆری ڕۆم (ڕۆمۆلۆس ئەوگوستۆلۆس) کە پایتەختەکەی لە ئیتالیا بوو، لە حوکم کەوت و جێنشینی بۆ دیاریی نەکرا. ئەم ڕووداوە بۆ مێژوو بەواتەی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریی ڕۆمە. دیارە ئەمە بۆچوونێکی ساکارانە بوو، چونکە ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا لەناوچوو بوو، بەڵام ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات وەک پێشوو بەهێز و تواناوە بەردەوام بوو. سەرەڕای ئەوەش، ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییە ئەنجام گرتووەکان دەستپێکی سەردەمێکی دژواریان ڕادەگەیاند و بەبیری خەڵکیان دەهێنایەوە، کە گەشەکردنی شارستانییەت هەمیشە دەتوانێت بەپێچەوانە بسوڕێتەوە.

**لەناوچوونی شارستانییەت:** هۆزی جەرمان لە هەموو ئەوروپادا جێ پێی خۆی بەهێز کردبوو. ئیتالیا لە ساڵی ٤٩٨دا لە لایەن ئۆستروگێتەکانی سوڵتان (تیۆدۆریک) (٤٥٤-٥٢٦) داگیر کرا. (ئەنگل)ەکان، (ساکسۆن)ەکان و (ژووت)ەکان هێرشیان کردە سەر دوورگەی برتانی.

ساڵی ٤٨١ نۆرەی گۆل هات کە بکەوێتە کۆنترۆڵی هۆزێکی نوێی جەرمان بەناوی (فرانک) بەسەرۆکایەتی (کلۆدین) (٤٦٦-٥١١). لە ساڵی ٥٠٠ بەکردەوە شوێنەوارێک لە ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژئاوا نەمابوو. دۆخی سیاسی بەتەواوی گۆڕابوو. هەرێمەکانی ژێردەستی بەربەرەکان کە پاشماوەی چینی خاوەووی ڕۆمییەکانی نیشتەجێ بوون، لە لایەن بەگزادەکانی پێگەیشتووی جەرمانەوە بەڕێوە دەچوو. لە ڕوانگەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، دەبوایە شتی وا ڕوو بدات کە کۆمەڵ لە دەست ئیمپراتۆر ڕزگار بکات و کۆمەڵگایەکی نوێ و خۆڕاگر دابمەزرێت، بەڵام نرخی دراو بۆ ئەو گۆڕانە لەناوچوونی زانستی یۆنان و مەزنترین دەستکەوتی ڕێکخستنی لاتین واتە دەستکەوتە یاساییەکانی بەدواوە بوو. ئەم بارودۆخە لەو ڕووداوە دەچوو کە پێشتر بۆ سۆمەرەکان ڕوویدابوو. بەلەناوچوونی شارەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بوونی جادەکان، ڕۆژئاوای ئەوروپا پێی نایە سەردەمی ستەمکارییەوە (سەدەکانی ناوەندی). بەڕای ڕۆژئاواییەکان ئەم ستەمکارییە هەموو جیهانی گرتبووەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی ناڕاست بوو. ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵات و زۆربەی وڵاتانی ئاسیا ئاوەدان و چوارچێوەی بەرزی شارستانییان ڕاگرتبوو. هەروەها ئەوە شارستانییەتی ڕۆژهەڵات بوو، لە دەبوو بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا بگەڕێتەوە و دیسان ڕۆژهەڵات بوو کە پارێزگاریی کە میراتە زانستیی و فەرهەنگییەکانی یۆنان کردبوو و لەوێ بوو کە تیشکی زانست بەسەدان ساڵ خۆی ڕاگرتبوو، لە کاتێکدا ڕۆژئاوا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ لە گوماندا بوو. زۆربەی هۆزەکانی جەرمان بەزوویی لەناوچوون. (واندال)ەکانی ئەفریقای باکور، ساڵی ٥٣٤ لە لایەن ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵاتەوە خاشەبڕ کران و ئوستروگێتەکانییش ساڵی ٥٤٤ توشی ئەم چارەنوسە بوون. هۆزێکی‌تری جەرمان بەناوی (لمباد) ئەم

هەلەی قۆستەوە و ئیتالیای خستە دەست خۆی و نەیهێشت ڕۆم سەرلەنوێ دەسەڵات پەیدا بکاتەوە. ویژیگێتەکانی ئیسپانیا لەوە دەترسان کە لە لایەن هۆزێکەوە پەلامار بدرێن کە لە هەرێمی (مۆریتان)ی لە باکوری ئەفریقاوە هاتبوون و بەمۆر دەناسران. مۆرەکان لە ماوەی سەدەکانی ناوەندیدا مەترسی مەزنی ئەوروپاییەکان بوون. تەنیا وڵاتی گەشەکراوی جەرمان، وڵاتی فرانکەکان بوو، کە بەداخەوە فرانکەکان لە نێوان پەلاماردەرانی تری ڕۆمدا کەمتر گەشەیان کردبوو و دەسەڵاتدارییەتی فرانک شارستانییەتی بەرەو دواوە کشاندەوە.

سەرەڕای ئەوەش، ئەوان ناوی خۆیان لەسەر گۆل دانا، کە ئەمڕۆ ئێمە بەوڵاتی فەرانسەی دەناسین. فرانکەکان بیری دابەشکردنی وڵاتیان لە نێوان منالەکانیاندا هەبوو. لەبەرئەوە پارچەپارچە کردنی وڵات و شەڕی براکوژیی نەپساوە، دیاردەیەکی باو بوو لە ناویاندا و ئەمەش بەتوندیی یارمەتی بەزیادبوونی کۆیلەیەتی دەکرد، بەڵام ویستی پەیداکردنی زانیاریی و بەخۆهاتنەوە لە هێندێک شوێندا بەرچاو کەوت. بۆ نمونە لە سەردەمی حوکمی (مروونژین)ەکاندا، کە ناوی خۆیان لە یەکێک لە نەوەکانی (کلۆدیس) بەناوی (مرووە) وەرگرتبوو، چەند کەسێکیان هەوڵی کۆتایی پێهێنانی ستەمکارانی دەوروبەریاندا، بەڵام ئەوانیش بەرەو نەمان چوون و دوا پاشاکەیان لە بنەماڵەی (داگۆبر) (٦٠٥-٦٣٢) سەرۆکی هەموو فرانکەکان بوو.

**شارل مارتل عەرەبەکانی لە پواتیە شکاند:** دوای مردنی داگۆبر، بنەماڵـــــەی کارلێنەهاتوو، تەنیا دەسەڵاتێکی ڕواڵەتیان مابوو و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەست وەزیرەکان و بەڕێوەبەرانی کۆشکەکاندا بوو. شارل مارتل (٦٨٨-٧٤١) لەو ناوەدا لە هەموویان بەدەسەڵاتر بوو. دژی عەرەبەکان یا (سارازن)ەکان کە ئیسپانیایان داگیر کردبوو و بەهەڕەشە بۆ ئەوروپا دەژمێران، ڕاوەستا و سوارە شەڕکەرەکانی پڕچەک کرد و ئەسپی بەهێزی بۆ دابینکردن کە بتوانن سوارەی زرێپۆش هەڵگرن. ئەم گروپە سەرتاپا زرێپۆشانە کە عەرەبەکان نەیانتوانی لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن، شارل مارتلیان لە (پواتیە) سەرخست. پەلاماردەران بەرەو بنارەکانی (پیرینە) پاشەکشەیان کرد و شارل هەلی بۆ ڕەخسا کە شوێنە خراپ بووەکان نوێ بکاتەوە. کوڕی شارل بەناوی (پەپەن لوبرۆڤ) (٧١٤-٧٤٨) دوای مەرگی باوکی، ئەرکی وەزیری کۆشکی پاشای لەئەستۆ گرت، بەڵام لە ساڵی ٧٥١دا، دوا (پروونژین)ەکانی لە حکومەت خست و جێی ئەوانی گــــرتەوە و حوکمی بنەماڵەی کارولنژینیی دامەزراند. لە سەردەمی حوکمی کوڕەکەیدا لە ساڵی ٧٦٨ کە شارلی (٧٤٢-٨١٤) ناو بوو، بەڕادەیەک جێگەی شانازیی بوو، کە نازناوی شارلمانی واتە شارلی مەزنیان پێ بەخشی. شارلمان هەوڵی بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا. سەرەتا هێرشی بردە سەر عەرەبەکان و بەشێک لە خاکی ئەوانی لە باشووری (پیرنە) (مارش ئیسپانیا )ی داگیرکرد و دوای ئەوە، وڵاتی (لمباد)ی لە ئیتالیای باکور وێرانکرد و خستییە ژێردەستی خۆی و سەرئەنجام دژی (ساکسۆن)ەکان بەرەو ڕۆژهەڵات چوو و دوای شەڕێکی سەخت، ئەوانیشی خستە ژێردەستی خۆی.



**شارلمان دەبێتە ئیمپراتۆر:** ساڵی ٨٠٠ شالمان خۆی کرد بەئیمپراتۆر تا خۆی لە پەیوەندییە کۆنەکانی ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوا جیا بکاتەوە، بەڵام ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات ئەوی بەڕەسمی نەناسی. ئیمپراتۆریی فرانک کە شارلمان سەرۆکایەتی دەکرد لەو وڵاتە ناسراوانەی ئەمڕۆ پێک هاتبوو، وەک: فەرانسە، هۆڵەند، بەلجیک، بەشێک لە خاکی ئاڵمانیای ئەمڕۆ، بەشێکی مەزن لە ئیتالیا و باکوری ئیسپانیا . لە نێوان ئەو هەرێمانەدا کە پێشتر ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژئاوایان پێک هێنابوو، تەنیا ئەفریقای باشوور و بەشێکی مەزنی ئیسپانیا کە لە دەست عەرەبەکاندا بوون و برتانی ساکسون (ئینگلستانی ئەمڕۆ ) کە سەربەخۆ بوو، لە ژێردەسەڵاتی شارلماندا نەبوون. لەجیاتی، ئیمپراتۆرییەکەی بریتی بوو لەو وڵاتانەی کە هەرگیز سەر بەئیمپراتۆریی ڕۆم نەبوون.

هەرچەندە لە ئیمپراتۆریی شارلماندا ئاشتیی وەک سەردەمی ڕۆمییەکان نەبوو، بەڵام توانی تا ڕادەیەک ئیمپراتۆرییەکەی لە ئاشتییدا ڕابگرێت و چەند شارستانییەتێک پێک بێنێت. لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتووانی گۆل پەرەی دەسەند و شا خوێندنگەیەکی دانا و خەڵکی بەرەو خوێندن و پەروەردە بوون هاندا. کۆیلەیەتی لە پاشەکشەدا بوو، بەڵام بەداخەوە دوای مردنی شارلمان دەستکەوتەکانی فەوتان. تاقە کوڕەکەی بەناوی (لویی لوپیوە) یا دبونر (٧٧٨- ٨٤٠) کە ئەویش چەند کوڕی هەبوو، بەپەیڕەوی کردن لە بۆچوونە کۆنەکان، وڵاتەکەی دابەشکرد بەسەر جێنشینەکانییدا. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆیی سەری هەڵدایەوە و تا کۆتایی هاتنی حکومەتەکەی بەردەوام بوو و بەم جۆرە ئەوروپا جارێکی تریش کەوتەوە ناو زوڵم و ستەمکارییەکانەوە. ئیمپراتۆریی شارلمان لە ساڵی ٨٤٣دا و بەگوێرەی پەیمانی (وردن) لە نێوان سێ کوڕی لویی دا بەشکرا و بەهەمیشەیی بڵاوەی پێ کرا و ڕێگا بۆ دانانی یاسای بنەڕەتی دوو وڵاتی جیاواز لە یەکتر کرایەوە. هەر وڵاتەی بوو بەخاوەنی زمان و داهاتووی خۆی: وڵاتی ئاڵمانیا لە ڕۆژهەڵات و وڵاتی فەرانسە لە ڕۆژئاوادا. هۆیەکی تری لەناوچوونی ئیمپراتۆریی فرانک دەگەڕایەوە بۆ هێرشە نوێیەکان کە لەو کاتەدا بوو سکاندیناڤیا لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەپەلەی ژمارەی دانیشتووانی ڕووبەڕوو ببووەوە و چونکە دۆزی سەخت و دژواری ئاو و هەواکەی دەرەتانێکی زۆری بۆ دانیشتووانی نەبوو، ڤایکینگەکان بەزەوی و دەریادا، بەشوێن وڵاتی نوێ و دەستکەوتی نوێدا گەڕان. سویدییەکان خۆیان گەیاندە ڕوسیا و دزەکانی دەریایی نەرویج و دانمارک لە کەنارەکانی دوورگەکانی بریتانیا و ئیمپراتۆریی فرانکدا خەریکی ڕاووڕوت بوون و تەنانەت تا دەریای سپی ناوەڕاستیش چوون. لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشدا مەترسی نوێ سەری هەڵدا. (ئاڵن)ەکان ئیپمراتۆرییەکی وەک ئیمپراتۆریی شارلمانیان دامەزراند و هۆزەکانی بولگارییش ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان تاڵان کرد. لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، دزەکانی دەریایی سارازن (عەرەب)، سیسیل و ساردینیا و (بالەئەر)یان داگیر کرد. پاشاکانی ئەو ناوچانە کەسانی کارلێنەهاتوو و بێدەسەڵات بوون و خەڵکی بازاڕ و کۆڵانەکان بەهۆی مەترسییەوە پاڵیان بەو بەگزادانەوەدا کە بڕیاری بەربەرەکانییان دابوو. بەو جۆرە یەکێک لە پاشا کارلێنەهاتووەکانی فرانک بەناوی (شارلی) سێیەم (٨٧٩-٩٢٩)، کە ساڵی ٨٩٣، دەسەڵاتی بەدەست گرتبوو، بەگوێرەی پەیمانێک لەگەڵ هێرشکەرانی (نۆرماند) کە ساڵی ٩١١، لە شوێنی تێکەڵ بوونی

ئاوی ڕووباری (سن) لە دەریا، هەرێمێکی پێ بەخشین کە بەناوی (دوونۆرماندی) ناسرا. هەڵسوکەوتی لە (کنتی) پاریس بەتەواوی جیاواز بوو، لەوێ لە بەرامبەر نۆرمانەکاندا ڕاوەستا و لە ساڵی ٨٨٥دا پاشەکشەی پێ کردن.

سەیر نەبوو کە بەدوای ئەوەدا فرانکەکان کۆتایی بە(کارولنژن)ەکان بێنن. بەدوای ئەو بنەماڵەیە، لویی سێیەم (٨٩٣-٩١١) سەرۆکایەتی فرانکەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی دەکرد. دوای مەرگی لویس هیچ کەس جێگەی نەگرتەوە و جەرمانەکان ڕێبەرێکیان لە نێوان بەگزادەکانی خۆیان هەڵبژارد. لە بەشی فرانکەکانی ڕۆژئاوادا (لۆتر) دوا سەرۆکی کارولنژنەکانی فەرانسەوییەکان بوو، کە ساڵی ٩٨٦ کۆچی دوایی کرد. ئەو برازا بچوکەکەی (ئود)، واتە (هۆگ کاپە) بوو کە جێی لۆتری گرتەوە، بەڵام هیچ کام لەو دوو وڵاتە بەسەرۆکایەتی پاشا نوێیەکان، نەیانتوانی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکگرتوو دامەزرێنن.

شەڕی ناوخۆیی کارولنژنەکان و هێرشی ڤایکینگەکان دەسەڵاتی ناوەندییان بەقازانجی چینی ئەشراف لەرزۆک کرد. ئیمپراتۆریی فرانکەکان بەتایبەتی بەشی ڕۆژئاوای، واتە فەرانسە دابەشکرابوو بەسەر چەند هەرێمکدا و (پرنس)ە حاکمەکانیان بەکردەوە سەربەخۆ بوون. سەرئەنجام ئەوروپای ڕۆژئاوا پارچە پارچە کرا و شەڕ لە نێوانیاندا ڕواڵەتێکی باوی بە خۆیەوە گرت و دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بوو. تاج و تەختی ئیمپراتۆریی شارلمان کە بەمیرات بۆ کارلێنەهاتووەکان مابووەوە، تەنیا بایەخێکی ڕواڵەتییان هەبوو.

**ئاوتۆنی یەکەم لە سەرووی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمدا:** ساڵی ٩٣٦ ئەوتۆن (٩١٢- ٩٧٣) سەرۆکایەتی جەرمانی بەدەست گرت و بەدەسەڵاتترین پاشا بەدوای شارلماندا بوو و بڕیاریدا سەرلەنوێ گەورەیی بۆ ئیمپراتۆریی بگەڕێنێتەوە.

ئەوتۆن سەرەتا کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەیی لەناوبرد و دوایی هۆزی (ماژیار)ی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون شکاند و سەرئەنجام هێرشی بردە سەر ئیتالیا و لە ساڵی ٩٦٢دا تاجی ئیمپراتۆریی لەسەر خۆی دانا. ئەم ڕووداوە لە دایکبوونی سەرلەنوێی ڕۆم بوو لە ڕۆژئاوادا، دیارە ئەم ئیمپراتۆرە تەنیا ناسنامەی ڕۆمیی هەبوو، چونکە تەنیا ئاڵمان و باکوری ئیتالیای دەگرتەوە. لەبەر ئەوە، بۆ جیاکردنەوەی لە ئیمپراتۆریی کۆنی ڕۆم کە گەورەترو بۆ ماوەیەکی زۆر نا مەسیحیی بوو، ناوی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمیان لەسەر دانا. ئەوتۆنی سێیەم کە نەوەی ئەوتۆنی یەکەم بوو، ساڵی ١٠٠٠ی ز لە تەمەنی بیست و دوو ساڵییدا بەحوکم گەیشت. شازادە خانمێکی لە ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات مارەکرد و دەرگای کۆشکەکەی بەسەر شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتدا کردەوە، کە گەشەکردووتر بوو لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا. لە فەرانسە زەق بوونەوەی دەرەبەگایەتی دەسەڵاتی پاشای کە لەوکاتەدا (ڕۆبر)ی دووەم کوڕی (هۆگ گابە) بوو، بەتەواوی بەربەست کردبوو. بۆ نمونە ڕیچاردی دووەم، دوک نۆرماندیی بەهێزتر لە ڕۆنردی دووەم بوو. ئینگلیستان، ئانگلۆساکسۆن ئازارێکی زۆری بەدەست هێرشکەرانی دانمارکیی لە کەنارەکانی وەڵات چێشت، بەڵام بەرەبەرە بەهێز بوو.



لە ئینگلیستان پاشایەکی خاوەن تێبینیی بەناوی (ئالفرێد) (٨٤٩-٨٩٩) لە ساڵی ٨٧١دا دەسەڵاتی گرتە دەست. بەداخەوە جێنشینەکەی نەیتوانی ڕێگای ئەو بە دروستی بگرێتەبەر. ساڵی ١٠٠٠ی ز ئینگلیستان بەهۆی (ئاتلرێد لاندس) (مردد) کە نازناوەکەی ڕاگەیەنەری کەسایەتی ئەو بوو، سەرۆکایەتی دەکرا. لەجیاتی ئەوەی کە پاشەکشە بەدانمارکییەکان بکات، بۆ دەرچوونیان لە ئینگلیستان باجی دانێ. ساڵی هەزاری زایینیی شاهیدی دەسەڵاتی بەرز و باڵای دەرەبەگایەتی بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، بەڵام دەرەبەگایەتی لە سەدەکانی ناوەندییدا لە نەمان نزیک دەبووەوە و هێندێک جار وەک ڕابوردوو، پێشکەوتنی تێکنیک ڕۆڵی ناوبژیکەرانەی لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگادا هەبوو. دۆزینەوەکان بەڕواڵەت زۆر سادە و خاوەن گرنگایەتی تایبەت بوون و بەم جۆرە بوو کە دۆزینەوەی قایشی سەرشان و تەنگەی ئەسپ دەرەتانی بەستنی گاسن و ئاموری خۆشکرد.

گاسنی ئەوکاتە بەپێچەوانەی گاسنەکانی پێشوو، بەشێکیان بۆ هەڵگێڕانەوەی خاکی قورس و شێداری زەوییەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ دوولای دەوروبەر هەبوو کە ئەمە دەرەتانی چاندنی بۆ جوتیاران دەڕەخساند. ئەم دۆزینەوەیە بەجۆرێک لە چارەسەری بەرهەمە خۆراکییەکاندا کاریگەریی هەبوو، کە لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا، جارێکی تریش ژمارەی دانیشتووانی ئیمپراتۆریی ڕۆمی بەرزکردەوە، واتە ژمارەی دانیشتووانی لە فەرانسە گەیاندە شەش میلیۆن کەس و لە بەشەکانی‌تری ئیمپراتۆریی پیرۆزدا کردە هەشت میلیۆن کەس. پێشتر بینیمان کە هێزی بیرکردنەوەی مرۆڤ سەرەڕای گیروگرفتی زۆر و لەوانە بۆچوونی سیاسی زیانبار، دەرەتانی گەشەکردنی ڕەخساندووە. ئەوەی کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین وەک ڕاستییەک هەبوو و لە ساڵی هەزاری پێش زایینیشدا وەک خۆی مایەوە.

**ڕۆژهەڵات بەبەردەوامیی لەسەر پێیە:** ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵات لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوادا لە ساڵی ٤٧٦ وەک پێشوو درێژەی بەردەوامیی خۆیدا. پایتەختی ئیمپراتۆریی لە کۆنستانتینۆپل بوو و ئیمپراتۆر خۆی بەخاوەن هەرێمەکانی ڕۆژئاوا دەزانی. بەڵام ئیمپراتۆریی وەک هەمیشە هیچ سیستم و یاسایەکی ڕەسمیی بۆ هەڵبژاردنی ئیمپراتۆرەکان نەبوو. گفتوگۆ لەنێوان نەوەکانی ئیمپراتۆرە کۆنەکاندا و گوشاری سەربازیی، پێکهێنەری ژیانی سیاسی بوون و سەقامگیر نەبوونی ئاساییشی ناوخۆیی بەڕادەی مەترسییە دەرەکییەکان زیانیان بەئیمپراتۆریی دەگەیاند. لە ڕۆژهەڵات ئیمپراتۆریی پارت جێی خۆی دابوو بەئیمپراتۆرێکی‌تری ئێران و ئەویش بەشێوەی کۆن درێژەی بەشەڕ دژی ڕۆمییەکان دەدا. جگە لەوە، هۆزی نوێش هەبوون کە لە ڕووباری دانوب پەڕینەوە کە هێرش بکەنە سەر باڵکان. ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات سوپایەکی بەهێزی هەبوو کە دەیتوانی پاشەکشە بەهێرشکاران بکات و شوێنە ستراتیژییەکان لەوانە کۆنستانتینۆپل بەتەواویی بەهێز و خۆڕاگر بوو. پایتەخت بەدیواری بەهێز دەوری گیرابوو و دەریای دەوروبەریشی بەهێزی دەریایی چاودێریی لێ دەکرا. لەبەر ئەوە هیچ هێرشکەرێک نەیدەتوانی بە زەوی و دەریادا ئەم شارە داگیر بکات، بەڵام شەڕی بەردەوام، لە لایەک شەڕکەرەکانی لە پێخست و لە لایەکی دیکەشەوە خەزێنەی ئیمپراتۆریی بەتاڵ کرد. ساڵی

٥٢٧ ئیمپراتۆرێکی لێهاتوو بەناوی (ژۆستی نیین) (٤٨٣–٥٦٨) دەسەڵاتی گرتەدەست و ویستی سەرلەنوێ ڕۆژئاوا داگیر بکات و لەگەڵ (بلایز) کە فەرماندەیەکی بەهۆش و بلیمەت بوو، پلانەکەی جێبەجێ کرد. ساڵی ٥٣٣ بلایز بەلەشکرێکی بچوک وڵاتی (واندال)ی داگیرکرد و سەرلەنوێ ئەفریقای باکووری خستە دەست خۆی. قەرتاج، پایتەختی واندل سەدەیەک دوای وێران بوونی، سەرلەنوێ نوێکرایەوە و وەک شارێکی گرنگی ڕۆمیی لێ هاتەوە.

بلایز دوای ئەو سەرکەوتنەی هەوڵیدا ئیتالیا لە دەست ئۆستروگێتەکان دەربێنێ. ئەم هەوڵدانە دژواتر لە هەوڵدانەکەی ڕابوردوو بوو، دەبووایە بۆ بەئامانج گەیشتن بیست ساڵ خۆی ڕاگرێت و سەرئەنجام جێنشینەکەی بەناوی (نارسس) کە بەڕێوەبەر و ڕێبەرێکی لێهاتوو بوو، پلانەکەی سەرخست. تەمەنی نارسس لە سەرووی حەفتا ساڵ بوو کە ئەرکی فەرماندەیی سوپای لە ئەستۆ گرت. لە ساڵی ٥٥٤دا، هێزەکانی ڕۆمی ڕۆژهەڵات خۆیان گەیاندە بەشێکی کەنارەکانی ئیسپانیا و هەموو ئەو سەرکەوتنانە لە کاتێکدا ئەنجامیان گرت کە ئیمپراتۆریی لە ڕۆژهەڵات دژی ئێران و لە باکور دژی پەلامارەدەران لە شەڕێکی قورس و دژواردا بوو. ئەم سەرکەوتنە پاڵەوانانەیە، ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵاتی لەپێ خست، بەچەشنێک نەیتوانی پارێزگاری لەو هەرێمانە بکات کە داگیری کردبوون و دیسان کەوتنەوە دەست ویزیگێتەکان و هۆزەکانی بەربەر. ڕۆمییەکانی ڕۆژهەڵات توانییان باشور و بەشێکی بچوکی ناوەندی ئیتالیا بپارێزن و ئاکامی سەرکەیی شەڕی درێژخایەن لە نێوان ئوستروگێتەکان و ئیمپراتۆریی لە ئیتالیادا، ئەو وڵاتەی وێرانکرد و کێشایە ناو ئەو زوڵم و ستەمکارییەی کە پێشتر وڵاتی فرانکی تێدا نوقم ببوو. تەنیا ئەفریقا بۆ ماوەیەکی پترلە هەرێمەکانی تر لەژێر فەرمانی ئیمپراتۆرییدا مایەوە. (ژۆستی نیین) لە زەمینەی سیاسەتی ناوخۆییدا کەسایەتیەکی وردبین بوو. بەقوڵیی دەستی بەچاکسازیی لە ئیمپراتۆرییدا کرد و بواری بۆ ئیمپراتۆریی ڕەخساند کە پتر درێژە بەژیان بدات. هەروەها هەوڵی گەڵاڵەکردنی داب و نەریتی کۆن و پەروەردەکردن و گەشەپێدانیدا کە بنەمای دادوەریی ڕۆمی پێک دەهێنا و بەگوێرەی ئەوە دەستورێکی یاسایی نوسی کە بۆ ماوەی چەندان سەدە وەک ڕێنمای دادوەریی لە وڵاتانی ئەوروپاییدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

ژۆستی نیین، کۆنستانتینۆپلی نوێکردەوە کە لە ماوەی ڕاپەڕینەکانی یەکەم ساڵی حکوم کردنییدا زیانی پێگەیشتبوو و بڕیاری دروستکردنی کەنیسەی (سانت سوفی)دا کە لە ساڵی ٥٣٧دا گومبەزی پەنجەرەداری بۆ دروست کرا. بەهۆی ئەم پەنجەرانەوە، تیشکی خۆر بەجۆرێک لە ناو ژوری کەنیسەکەدا دەسوڕێ، کە دەڵێی گومبەزی کەنیسە لە هەوادا خەریکی مەلە کردنە. پێشبینیی ئەم مەسەلەیە بەدوای مەرگی ژۆستیدا کێشەیەکی زۆر بۆ جێنشینەکەی دروست کرد و سەرلەنوێ ئاژاوەی خستەوە ناو وڵات. ئێران ئەم هەلەی بۆ پەلاماردانێکی کتوپڕ قۆستەوە. ژمارەی دانیشتووانی ئێران ئەو کاتە شەش میلیۆن کەس و ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات چواردە میلیۆن کەس بوو، بەڵام ئێران یەکگرتووتر بوو. لە ساڵی ٦٠٦وە ئێران بەرە بەرە ناوچەکانی لە دەست ئیمپراتۆریی ڕۆم دەرهێنا. لە ساڵی ٦١٩دا ئێران ئاسیای بچوک و میسری لە دەستدا بوو و بەو هەلومەرجەی دەیتوانی وەک یانزدە سەدەی ڕابوردوو، دەسەڵاتی کۆنی



سەردەمی داریوش لە ئێران زیندوو بکاتەوە و گومان لەوەدا نەبوو کە مەرگی ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵاتی مۆر دەکرد. ویزیگێتەکان سەرلەنوێ کەنارەکانی ئیسپانیایان خستەوە دەست خۆیان و ئاوارەکان لەژێر دیوارەکانی کۆنستانتینۆپل بنکە و بارەگاکانی خۆیان دامەزراندبووەوە.

ساڵی ٦١٠ تاج و تەختی ئیمپراتۆریی بە(هیراکلیۆس) گەیشت و هەوڵی بۆ پێکهێنانی یەکێتیی لە نێوان بیزانینەکاندا (بیزانس) بێ ئاکام مایەوە. لە کاتێکدا ئێران لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر هەنگاوی دەنا، هیراکلیۆس خەریکی ڕێکخستنەوە و بەرزکردنەوەی ورەی ئەندامانی سوپاکەی بوو. لە ساڵی ٦٢٢دا بەیارمەتی هێزی دەریایی ڕۆم ویستی ئاسیای بچوک دەور بدات و هێزەکانی لە دواخاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش دابەزێنێ و بەچەشنی ئەسکەندەری مەزن، لەوێوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ زەبری خۆی لە دڵی ئێران بوەشێنێ. هیراکلیۆس بەسێ هێرش ئێرانی شکاند و لە ساڵی ٦٣٠دا سەرلەنوێ وڵاتە لە دەستچووەکانی داگیرکردەوە، بەڵام ئەم شەڕانە بیست و پێنج ساڵیان خایاند و هەردوو وڵاتی توشی چارەڕەشی و وێرانیی کرد. لە ساڵی ٦٣٤دا لەشکرێک لە عەرەبستان، ناوچەیەک کە تا ئەوکاتە نەناسراو بوو، بەرەو باکور چوو و هاوکات پەلاماری ئێران و ئیمپراتۆریی ڕۆمیدا و هەردوو وڵاتی داگیر کرد کە بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر لاواز ببوون. ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات ساڵی ٦٣٦ سوریا، ساڵی ٦٣٧ ژودە، ساڵی ٦٤٠ میسر و سەرئەنجام لە ساڵی ٦٩٨دا قەرتاجی (کارتاژ) بۆ هەمیشە لە دەستهاتەدەر. لەو کاتەدا وڵاتانی بندەستی کۆنستانتینۆپل بۆ مێژوونوسان بەئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵات نەدەژمێران و لە جیاتی، ناوی ئیمپراتۆریی بیزانتێن یان ئیمپراتۆریی یۆنانیان لێنرا. وڵاتانی بندەستی کۆنستانتینۆپل تایبەت بوو بەئاسیای بچوک و نیوەدوورگەی باڵکان، کە دانیشتووانیان بەزمانی یۆنانیی قسەیان دەکرد، بەڵام پاشاکانیان تا دواییش خۆیان بەئیمپراتۆری



دەوڵەتە گرنگەکانی ساڵی 1000 ز لە ئەوروپا و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست

ڕۆم و حاکمی ڕۆم دەزانی.

عەرەبەکان ساڵی ٦٧٣ هێرشیان کردە سەر کۆنستانتینۆپل و بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەوڵی جێگیربوونی خۆیاندا. هێزەکانی دەریایی بیزانتین توانییان بەیارمەتی وەرگرتن لە دۆزراوەیەکی نوێ بەناوی ئاگر (بە زمانی یۆنانی گرەگوا) نەهێڵن عەرەبەکان جێگیر بن. ئەم ئاگرە بریتی بوو لە قیرِ و شورە و هێندێک تێکەڵاوی تر، کە بەلەیەکتر کەوتن ئاگریان لێ دەبووەوە و قیرەکە دەسوتا. ئەم چەکە نوێیە بۆ کەشتییە لە دار دروستکراوەکانی ئەوکاتە مەرگهێنەر بوو. دیمەنی دەریا لە ئاگر و ترسی بەدیهاتوو بەتەواویی عەرەبەکانی دور دەخستەوە. عەرەبەکان جارێکی‌تریش لە ساڵی ٧١٧دا هەوڵی گرتنی کۆنستانتینۆپلیان دا، بەڵام ئەم جارەش لە لایەن ئیمپراتۆری بەهێزی (لیۆن)ی سێیەمەوە و بەیارمەتی وەرگرتن لە ئاگری گرەگوا پاشەکشەیان پێ کرا. ئەگەر عەرەبەکان کۆنستانتینۆپلیان بخستایەتە دەست خۆیان، ئیتر هیچ هێزێک نەیدەتوانی بەر بەپێشڕەوییان بەرەو ڕۆژئاوا بگرێت. ئەوان دەیانتوانی هەڕەشە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فرانک بکەن و هۆزەکانی‌تری عەرەبیی سەر بەوان لە ئیسپانیا دەرەتانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسا هاوکات بەشی باشوری فرانک پەلامار بدەن و هەموو ئەوروپا بخەنە دەست عەرەبەکانەوەو ئەوکاتە مێژوو ڕەوتێکی جیاوازی لەگەڵ ئەمەی کە ئەمڕۆ هەیە، دەگرتە بەر. کۆنستانتینۆپل لەسەر پێ مایەوە، بەڵام هەڕەشەی نوێ، واتە هێرشی بولگارەکان بۆ سەر هۆزەکانی باڵکان باڵی بەسەردا کێشابوو. بیزانتەکان ناچاربوون لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن و نەهێڵن عەرەبەکان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوریەوە بێنە پێشەوە.

بۆ ماوەی دوو سەدە ئیمپراتۆریی بیزانس بەدژی بولگاریا کە سلاڤییەکانیشیان لەگەڵ بوو لە ناوچەکانی باڵکاندا شەڕی کرد. لەو سەردەمە بەدواوە هەموو وڵاتانی باڵکان کە لە باشوری یۆنانی ئەمڕۆن، جیا لە ڕۆمانیا کە وەک ڕابوردوو بەزمانی تێکەڵاوی لاتین قسەیان دەکرد، بەزمانی سلاڤی دەدوێن. بولگارەکان هەرچەندە لە پاشماوەی نەتەوەکانی ئاسیایین، بەڵام تێکەڵاوی سلاڤییەکان بوون و زاراوەیەکیان لە زمانی سلاڤی بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. ساڵی ٩٦٣ تەختی سەڵتەنەت بە(بازیل)ی دووەم (٩٨٥-١٠٢٥) بوو. لەبەر ئەوەی ناوبراو هێشتا مناڵ بوو و نەیدەتوانی حوکم بەڕێوە بەرێت، دوو فەرماندەی لێهاتووی بەناوی (نیسە فورفوکاس) و (ژان تزیمسکیس) لەبەر دەستدا بوو.

ئەم دوو فەرماندەیە، سەرلەنوێ قوبروسیان داگیرکرد و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوکیان تا باکوری سوریا خستەوە دەست ئیمپراتۆریی. کاتێک کە بازیلی دووەم بەڕادەی پێویست گەورە بوو کە بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست، توانای خۆی لە زەمینەی شەڕدا پێشان دا و پێنج ساڵ شەڕی کرد. زۆر بەتوندیی بولگاریای شکاند و تەواوی نیوەدوورگەی باڵکانی خستەوە ژێردەستی بیزانس.

**بیزانس لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا:** لە دەوروبەری هەزارەی زایینییدا، ئیمپراتۆریی بیزانس لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو، هەرچەندە بە بەشێکی بچوک لە ئیمپراتۆریی ڕابوردوو دەژمێررا، بەڵام بێگومان گەورەترین هێزی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بوو. ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی یانزدە میلیۆن کەس بوو و لە



زۆر لایەنەوە تەنانەت لە بواری هێزی چەکدارییشەوە لە یەک یەکی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەهێزتر بوو.

کۆنستانتینۆپل بەنزیکەی یەک میلیۆن دانیشتووانەوە مەزنترین و دەوڵەمەندترین شاری ئەوروپا و تەنانەت هەموو جیهان بوو و لە بەرامبەر دابەزین و لاوازیی فەرهەنگیی ئەوروپادا، لە میراتگر و خاوەنی زانستیی یۆنان دەچوو. ئەم شارە، زانکۆی گەورە و ژمارەیەکی زۆر زانای لێ دەژیا و هیچ شارێکی ڕۆژئاوایی نەیدەتوانی لەگەڵ جوانیی سروشتی شارستانییەتی ئەو بەرامبەریی بکات.

**گشەسەندنی دەسەڵاتی مەسیحییەت:** بەسەرۆکایەتی ئەوگوست ئیمپراتۆری ڕۆم، جولەکەکانی ژودە چاوەڕوانی لە دایکبوونی عیسا بوون و بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر ڕیزیان گرتبوو. یەکێک لەوانە عیسا نازارت بوو، کە پسپۆڕان لە ئینجیلدا ئاماژەیان بۆ ژیانی کردووە. جولەکەکان چاوەڕوانی ڕێبەرێکی سیاسی و ئایینیی بوون کە لەژێر ستەمی دەسەڵاتدارانی ڕۆم ڕزگاریان بکات، لەبەرئەوە، بوونی خزمایەتی لەگەڵ داود بۆ ناسینی مەسیحیی واقیعی گرنگ بوو، چونکە ئەو مەسیحە دەبووایە سوڵتانێکی بەهێز و دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی بێت. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆمییەکان و بەشێک لە سەرۆکەکانی جولەکە لەو سەردەمەدا بەڵێن و ئومێدی مەسیحییەکانیان بەهەڕەشە بۆ سەرخۆیان دەزانی. بەنوسینی ئینجیل نفوزی عیسا (س) بەپەلە گەشەی کرد و لایەنگرێکی هێجگار زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. کاتێک لەگەڵ لایەنگرانی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەژنی پاک گەیشتە ئۆرشەلیم، هەموو لەو باوەڕەدا بوون کە دەیەوێ دژی ڕۆمییەکان شۆڕشێکی نوێ بەرپا بکات. لەبەرئەوە عیسایان دەستگیر کرد و دوای دادگاییکردنی بەتاوانی ئاژاوەگێڕیی بڕیاری لە سێدارە دانیان دا، کە لەو کاتەدا شێوە کوشتنێکی باو و ئاسایی بوو. ئەم جۆرە کوشتنە شەرمهێنەرە، وەک مەرگی ژمارەیەکی زۆری دیکەش کە خۆیان بەمەسیح ناساندبوو، دەیتوانی کۆتایی بەڕۆڵی مێژوویی عیسا بێنێت، بەڵام کەسایەتییەکی ناسراو بەناوی (شائول دووتارس) کە ساڵی ٦٥ی ز کۆچی دوایی کرد، چووە سەر ئایینی مەسیح و چوارچێوەیەکی نوێی بەفەلسەفەی عیسا بەخشی. ئەرکی شائول لە سەرەتادا بریتی بوو لە ئازار و شکەنجەدانی مەسیحییەکانی کۆن بەفەرمانی دەسەڵاتدارانی جولەکە، بەڵام لە سەفەرێکیدا بۆ دیمەشق و دیداری لەگەڵ پیاوێکی ئایینیی هاتە سەر ئایینی مەسیح. شائول بۆ ئەوەی کە پێشان بدات پەیوەندیی بەڕابوردووەوە نەماوە، ناوی خۆی کردە (پۆل) و یارمەتی قوتابییەکانی عیسای دا کە وەک لایەنێک لە لایەنەکانی‌تری جولەکە نەمێننەوە. پۆل لە ئایینە وشکەکانی باو لە ناو جولەکەکاندا وەک سنووردانان بۆ خواردن و خەتەنەکردن خۆی پاراست و بەتێکەڵ بوونی (ژانتی)یەکان بەئایینی مەسیحییەت، کە جولەکەکان ئەوانیان بەبێ دین دەناسی، ئایینی مەسیحییەت لە قاو درا.

**لەناوبردنی شۆڕشی جولەکەکان دژی ڕۆم و ڕوخانی پەرستگا:** بەشێک لە جولەکەکانیش هاتنە سەر ئایینی نوێ، بەڵام ژمارەیان کەم بوو. زۆربەی هاونیشتمانانیان وەک هەمیشە هیوایان بەدۆزینەوەی مەسیحێکی

سیاسی و سەربازیی بوو کە خۆی تەسلیمی خاچ نەکات. ساڵی ٦٦ز جولەکەکان لە کاتێکدا لە چاوەڕوانییان بەتەنگ هاتبوون وەک پاڵەوان بەرەنگاری ڕۆم بوون و ڕۆم بەهەموو توانایەوە یەک ساڵی تەواو هەوڵیدا کە دەنگیان کپ بکاتەوە، بەڵام لە ساڵی ٧٠ زدا، ئۆرشەلیم شکا و ئەم جارە پەرستگاکەی لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

**بڵاوبوونەوەی جولەکەکان:** دوا ناوەندی شۆڕش لە ساڵی ٧٣دا لەناو چوو، بەڵام یەهودییەکان چۆکیاندانەدا و ساڵی ١٣٢ سەرلەنوێ دەستیان بۆ چەک بردەوە. ئەم شۆڕشەی دووەم لە ساڵی ١٣٥دا بەدەرکردنی جولەکەکان لە ژودە کۆتایی پێ هات و لەوکاتەوە تا نزیکەی سەردەمی نوێ، نەتەوەی جولەکە لە کۆمەڵی بچوک و بڵاودا، لە نێوان نەتەوەکانی تردا دەژیا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە بە(دیاسپورا) (بە زمانی یۆنانی بەواتەی بڵاوبوونەوە) دەناسرێت و سەیرتر ئەوەیە کە جولەکەکان لە هەلومەرجێکی ئاوادا توانیان پارێزگاریی لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیی خۆیان بکەن. ئەو جولەکانەی کە چووبوونە سەر ئایینی مەسیح و لە ماوەی شۆڕشدا بێلایەن مابوونەوە، کەوتنەبەر ڕق و توڕەیی برا هاوڕەگەزەکانیان و بەرەبەرە لەناوچوون. مەسیحییەت بەگشتیی لە ژانتییەکان پێک هاتبوو و بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکانی سەر بەیۆنان دا پەرەی سەند و لە ڕۆژهەڵاتییشدا ڕیشەی داکوتا، چونکە لایەنگرانی بەشدارییان نەدەکرد لە ڕێوڕەسمی ئایینیی و نەتەوەیی خۆیاندا، لە هەر جێیەک ڕێوڕەسمی خۆی بەجێ دەهێنا، دەکەوتە بەر ئازار و شکەنجە.

لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، مەسیحییەت بەسەر لایەنی جیاوازدا دابەشببوو و لایەنەکان لەسەر بیروبۆچوونی جۆراوجۆر ناکۆکییان پێکەوە هەبوو و کێشە و پێکدادانی توندوتیژ لە نێوانیاندا ڕووی دەدا. سەرەڕای ئازار و بەربەرەکانی ناوخۆیی، مەسیحییەت بەپەلە گەشەی کرد و لە سەردەمی کۆنستانتیندا، ئایینێکی یەکگرتوو و بەهێز و ئاشکرا بوو و دە لە سەدی دانیشتووانی ڕۆمی پێک دەهێنا.

کۆنستانتین بیری لەوە دەکردەوە کە بەپشتگیریی مەسیحییەکان بتوانێت بەسەر ئەو کەسانەدا زاڵ بێت کە دەیانویست کورسی ئیمپراتۆریی بگرنەدەست. لە ساڵی ٣١٣دا کۆنستانتین ئازادیی ئایینیی ڕاگەیاند و بۆ خۆی چووە سەر ئایینی مەسیح و بەپێچەوانەی سیاسەتی (نرون) کە کۆمەڵێکی لە ژمارەنەهاتووی مەسیحیی لە (کلیزە) کوشت، مەسیحییەتی کردە ئایینی ڕەسمیی ئیمپراتۆریی. مەسیحییەکان تا ئەو کاتەی کە لە کەمایەتیدا بوون شێلگیرانە بۆ ئایینی خۆیان هەوڵیان دەدا، بەڵام هەر کە ئایینەکەیان بەڕەسمیی ناسرا، شێوەی خۆیان گۆڕی. لەو نێوەدا، جیاوازیی لەنێوان لایەنەکانی مەسیحیدا بۆ بەدەستخستنی دەسەڵات بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو و مەسیحییەکان لە یەکتر جیادەبوونەوە. لە سەرەتای ئیمپراتۆرییەتی مەسیحییدا، گروپی (ئارین)ەکان بەهێزتر لەوانی تر بوون و ڕێبەرانی ئەم گروپە، هۆزەکانی جەرمانیان کردە مەسیحی و کاتێک جەرمانەکان لە ڕۆژئاوادا وڵاتیان دامەزراند، دەرەبەگایەتی ئاری جەماوەری سەربە ئایینی مەسیحییان خستە دەست خۆیان، بەڵام ئاریاییزم سەرئەنجام



لەناوچوو. هەروەک پێشبینیی دەکرا بەربەرەکانیی دژوار لە دڵی کەنیسە گرنگەکانی دوو شاری گەورەی ڕۆمی کۆن و کۆنستانتینۆپلی نوێدا پەرەی سەند. هەر یەکێک لە (کاردینال)ی ڕۆم و قەشەی کۆنستانتینۆپل دەیانویست ڕێبەرایەتی کەنیسەی ناوەندیی بگرنەدەست. لەوە دەچوو کە قەشەی شارێکی مەزن و گەشەکردوو، بتوانێت بەسەر کاردینالی شاری ڕۆمدا سەرکەوێت، کە بەرەو نەمان هەنگاوی دەنا، بەڵام کێشەی توند لە نێوان لایەنەکانی مەسیحیی و ناوچە پان و بەرینەکانی میسر و سوریادا بەڕادەیەک قوڵ بوو کە لەسەر فەلسەفەی مەسیحییەت گرفتی بۆ کۆنستانتینۆپل دروست کرد و گومانی قبووڵکردنی قەشەی لە لایەن ئەم دوو وڵاتانەوە دژوار کردبوو. لە لایەکی ترەوە ژمارەیەک لە ئیمپراتۆرە کۆنەکانی کۆنستانتینۆپل هەوڵیان دەدا، کە قەشە لاواز بکەن و ویستی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. سەرئەنجام ئیسلام سوریا، میسر و ئەفریقای باکوریی لە کۆنستانتینۆپل جیاکردەوە.

**گرە گوا یەکەم دامەزرێنەری کەنیسەی کاتولیکی نوێ:** کاردینالی ڕۆمی ڕۆژئاوا، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هاوتای نەبوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوروپای ڕۆژئاوا ئیمپراتۆری نەبوو یا ئیمپراتۆرەکەی لاواز بوو یا لە گەشت کردنابوو. کاردینالی ڕۆم کە دوایی (پاپا)یان پێ دەگوترا، پتر هێز و دەسەڵاتی پەیداکرد. بەم جۆرە (لیۆن)ی یەکەم (٤٠٠-٤٦١) لە کاتێکدا هیچ هێزێکی نا ئایینیی نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئاتیلای (هون)دا خۆی ڕاگرێ، شکاندی. کردەوەی ئازایانەی لیۆن بەشێوەیەکی بەرچاو ئابڕووی بەکەنیسەی کاتۆلیک بەخشی. کەنیسەی کاتۆلیک بەهۆی گرەگوای یەکەم (٥٤٠-٦٠٤)، کە لە ساڵی ٥٩٠دا بەپاپا ڕاگەینرا، مانەوەی هەمیشەیی خۆی سەلماند و لە بەرامبەر پسپۆڕە نوێیەکاندا کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون خۆی ڕاگرت. لە ڕەوتی ئەودا دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیک بەچەشنی ڕێکخراوە غەیرە ئاینییەکان لە بەرزیی و نزمییدا بوو. کەنیسەی کاتۆلیک بەدوای نۆسەدەکاندا توشی لاوازیی ببوو، بەڵام کاتێک (ئوتۆن)ی یەکەم بنەمای ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمی داڕشت، سەرلەنوێ خۆی گرتەوە. مەسیحییەت کە لە ئاسیا و ئەفریقادا خاشەبڕ ببوو، بەرەو باکور گەشەی سەند. بەم جۆرەی کە ڕۆم لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەوڵەتێکی پاوانخواز بوو، مەسیحییەتیش لەسەرەتای لە دایکبوونییەوە ڕێگای لایەنگرییگرتنی گرتەبەر. بەڕێنوێنی وەرگرتن لە ئینجیل کە تێیدا یارمەتیدەرانی عیسا ڕایاندەگەیاند هەڵگری (هەواڵی خۆشن) بۆ هەموو نەتەوەکان، پاپاکان و قەشەکانیش خوازیاری کۆکردنەوەی دانیشتووان لە ئایینی مەسیحدا بوون. پاپاکان ویستیان دانیشتووانی دوورگەی برتانی و جەرمان بەشێوازی ڕۆژئاوا بکەنە مەسیحیی و قەشەکانیش بەشێوەیەکی بەرینتر هەوڵیان دەدا نەتەوەکانی باڵکان لە شێوازی ڕۆژهەڵات کەڵکوەرگرن.

هێندێک بەرلە ساڵی ٩٠٠ کۆنستانتینۆپل هۆزەکانی ڕوسیای هێنایە سەر ئایینی مەسیح. ئەم ڕووداوە، بەهۆی گرنگیی ڕۆڵی ڕوسیا لە مێژووی داهاتووی جیهاندا جێگەی سەرنج بوو. بەنزیکبوونەوەی ساڵی ١٠٠٠، مەسیحییەت کە سەرەتا لە ژودە ڕیشەی داکوتابوو و بەپەلە تەشەنەی کردبووە سوریا و میسر، بەهەمیشەیی ئەو وڵاتەی لە دەستدا و بوو بەدیاردەیەکی تایبەت بەئەوروپا.

مەسیحییەت بەدوو شێواز بەڕێوە دەچوو. شێوازی ڕۆژئاوایی کە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپای وەک ئیمپراتۆریی پیرۆز، فەرانسە و ئینگلیستانی دەگرتەوە و شێوازی یۆنانیی تایبەت بوو بەلایەنی (ئەرتۆدۆکس) لە ئاسیای بچوک و باڵکاندا، کە بەرەبەرە لە کەنارەکانی باکوری دەریای ڕەشدا بڵابووەوە، بەڵام لە چوارچێوەی جیهاندا مەسیحییەت لە کەمایەتیدا بوو و ئیسلام زۆر لەو بەهێزتر و پێداگرتر بوو. ئایینی تریش وەک هیندویزم و بودیزم لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوون کە زۆر پتر لە مەسیحییەت لایەنگرییان لێ دەکرا. لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان کە ئەم هەزارەیە، یەکەم هەزارە بوو، کە بەشێوەیەکی دروست و واقیعی ئاماژەی بۆ کراوە: لە ڕاستییدا ئەم هەزارەیە بۆ مەسیحییەکان گرنگایەتی تایبەتیی هەبوو، چونکە ڕۆڵی مێژوویی هەزارەمینساڵی لە دایکبوونی عیسای لەسەر دانرابوو. لە سەردەمی کتێبی پیرۆزدا، ژمارەی هەزار ناسێنەری بەرزترین ژمارە بوو و مرۆڤ نەیدەزانی پتر لە هەزار حساب بکات. هەرکاتێک نوسەرانی کتێبی پیرۆز ویستویانە پەنجە بۆ ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ و شتی‌تر ڕابکێشن، لە ژمارەی هەزار کەڵکیان وەرگرتووە. لەبەر ئەوەیە، کە لە کتێبی دۆزراوەکاندا، فەسڵی بیستەم، ئایەتەکانی یەکەم تا سێیەم، ڕاگەیەنەری پێشبینییەکی موچوڕک پێداهێنەرە. ئەم کتێبە ئاماژە بۆ بەزنجیرکێشانی شەیتان بۆ ماوەی هەزار ساڵ (واتە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ) و ئازادبوونی دەکات و دەڵێت لەو کاتەدا دوا بەربەرەکانیی سەرهەڵدەدات و چاکە بۆ هەمیشە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت و جیهان لەناودەچێت و ئاسمانی نوێ و زەوی تازە و هەمیشەیی جێی دەگرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، تەواوی لێکۆڵەرانی ئینجیل کە لە وشە بەوشەیان تۆێژیوەتەوە، ساڵی هەزاریان بەکۆتایی هاتنی دنیا زانیوە. لە لایەکی‌ترەوە، نزیکبوونەوە لە کۆتایی یەکەم هەزارەی لەدایکبوونی عیسا و ئاگاداربوون لێی دەیتوانی بەڕادەیەکی زۆر هەست بزوێن بێت. دواتر بەنزیکبوونەوە لە دووەم هەزارەی زایینیی، بیروبۆچوونێکی تر سەری هەڵدا کە بریتی بوو لە دابەزینی ورەی گشتیی خەڵک و لەقاودانیان بۆ ئەوەی کە هەموو ماڵ و سامانی خۆیان دابەش بکەن لە نێوان خەڵکی هەژار و بێبەشدا و بچن بۆ سەردانی ئۆرشەلیم، چونکە کەنیسە و ماڵەکان وێران دەبن و هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەیان ئەنجامی نابێت. دوای ئەوە مێژوونوسانی وەک (هیلل شوارز) نوسییان، ئەگەر ترس لە داهاتوو هەبێت، ئەو ترسە لە گومانە مەزنکراوەکانەوە بەدیهاتووە و ئێمە بەتەواویی دەزانیین کە بەتێپەڕبوونی ساڵی ٩٩٩، جیهان کۆتایی پێ نەهات و ئەوەی کۆتایی پێ هات سەردەمی کۆیلەیەتی بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، لە دورەوە سەردەمی ڕێنسانس (بوژانەوە) دەرکەوت و زەوی وەک هەمیشە بەئارامیی درێژەی بەگەڕانی خۆیدا و مرۆڤایەتی بەچەشنی ڕابوردوو گەشەی کرد، بە جۆرێک کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. پێشبینیی سەرلێشێوێنەری کتێبی دۆزراوەکان، گروپێکی تری لە باوەڕپێهێنەرانی بەرەو بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دیارییکردنی مێژووی سەرلەنوێی کۆتاییهاتنی جیهان پاڵپێوەنا. لەناو ئێمەدا کەسانێک هەن کە لایەنگریی لە بۆچوونی سەردەمی هەزارەکان دەکەن، بەڵام پێشبینییان دەربارەی کارەساتێکی سروشتیی هێشتا پێویستیی بەسەلماندنی دروست هەیە. بێگومان بەشێک لە دڵەکوتەی ئەمانەی ئەم سەردەمە لە نزیکبوونەوەی ساڵی دوو هەزار، لەبەر ئەو مەترسییەیە کە بەشێوەیەکی ناڕاست لێکیان داوەتەوە کە گوایە ساڵی ٢٠٠٠ بەواتەی کۆتاییهاتنی دنیایە.



**ئیسلام خۆی جێگیر دەکات:** لە ڕەوتی ئەم هەزارەیەدا دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە لە ئاسیای ڕۆژئاوادا ڕووداوەکان شێوازی کۆن و سوننەتیی بەخۆیانەوە دەگرن کە بریتییە لە جێگۆڕکێ لە نێوان سعودیە و لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەکاندا. پێشتر زانیمان کە ئیمپراتۆریی پارت لە ساڵی ٢٣٦دا جێگەی ئیمپراتۆریی ئێرانی گرتەوە و سەرکەوت. بەسەرۆکایەتی خەسرەوی یەکەم، ئابوری نەتەوەیی سەرلەنوێ ڕێکخرایەوە و ئایینی زەردەشت سەروسامانی پەیدا کرد و هونەر و ئەدەبیات پێیان نایە سەردەمی زێڕینەوە و ئەو ئیمپراتۆرە خاوەن دەسەڵاتە نوێیە بەرلە شکانی لە لایەن هێراکلیۆسەوە خەریکبوو ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژهەڵات لەناو بەرێت.

**لە دایکبوونی محەمەد** (د.خ)، **دامەزرێنەری ئایینی ئیسلام:** بەڵام بەزوویی هێزێکی‌تر بەگرنگایەتی جیاواز سەری بەرزکردەوە. ئایینی نوێ کە تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی جێگەی سەرنجە. بەهەمان شێوە کە ژودە مەسیحییەت پسپۆری نوێی پەروەردە کرد، عەرەبەکانیش پێکهێنەری ئیسلام بوون.

محەمەد (د.خ) پەیامهێنەری ئیسلام (٥٧٠-٦٣٢) بەپشتبەستن بەمەعنەویەت و ئیلهام وەرگرتن لە خۆی، پایەی ئیسلامی بەواتەی ( گوێڕایەڵیی) داڕشت. ئیسلام بەواتەی فەرمانبەرداریی کە بریتییە لە تەسلیم بوون لە بەرامبەر ویستی خودادا، لایەنگرانی بەموسڵمان (گوێڕایەڵ) دەناسرێن. کاتێ محەمەد لە ساڵی ٦٣٢دا کۆچی دواییکرد هەموو دانیشتووانی عەرەبستان هاتبوونە سەر ئایینی ئیسلام. بەدوای ئەوەدا ئیسلام بەرەو باکورو ڕۆژئاواو دوا خاڵەکانی سنووری عەرەبستان گەشەی کرد. لە ڕەوتی زنجیرەیەک سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەردا، لە نێوان ساڵانی ٦٣٥-٦٤٢، موسوڵمانەکان بەتوندی ئیمپراتۆریی ئێران و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیان شکاند و لە ساڵی ٦٩٨دا قەرتاجیان داگیر کرد و ساڵی ٧٥٠ لە ئەفریقای باکور تێپەڕین و خۆیان گەیاندە دەریا لوشی ئەتلەسی. دوایی بەچیای تاریقدا خۆیان گەیاندە ئیسپانیا و دەستیان بەسەردا گرت. هەروەک پێشتر بینیمان، پاوانخوازیی موسوڵمانەکان دوو زەبری وەستێنەری لێ دان. یەکەمیان لە بەرامبەر کۆنستانتینۆپل لە ساڵی ٧١٨دا و ئەویتریان لە شەڕی پواتیە لە ساڵی ٧٣٢دا بوو.

هێشتا سەدەیەک لە کۆچی دوایی محەمەد تێنەپەڕیبوو کە ئیسلام تەواوی ناوچەکانی نێوان ڕووباری سەند و دەریا لوشی ئەتلەسی خستەبووە دەست خۆی. ڕووبەری خاکی ئەو وڵاتانە تەنانەت بەرینتر بوو لە ڕوبەری خاکی ئیمپراتۆریی ڕۆم لە سەردەمی گەشەسەندییدا، بەڵام ئەو ناوچانە بەهۆی هەوای گەرم و کەمیی ئاو و لەوەڕگەوە، ژمارەی دانیشتووانی کەمتر بوو. ئیسلام بەچەشنی مەسیحییەت دابەشببوو بەسەر چەند لایەنێکدا و شەڕ لە نێوان لایەنەکانی ئیسلامی‌دا بەتوندیی بەردەوام بوو. لەبەر ئەوە، بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشێکی گەورەی هێزی خۆی لە دەستدا. یەکەم ڕێبەرانی ئیسلام سەر بە(بەنی ئومەوییە) بوون کە دیمەشقیان بە پایتەختی خۆیان دیاریی کردبوو. لە ساڵی ٧٥٠ زدا، دەسەڵات کەوتە دەست ڕەقیبەکەیان واتە عەباسییەکان کە پایتەختەکەیان لە بەغدا لە ڕۆخی دیجلە دانابوو. لە سەردەمی حوکمی عەباسییەکاندا موسوڵمانەکان گەشەیان بەخۆیاندا و بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریی بیزانسیان

داگیرکرد.

موسوڵمانەکان تەنانەت چەند جار هێرشیان کردە سەر کەنارەکانی ئیتالیا و لە ساڵی ٨٤٦دا ڕۆمیان تاڵان کرد. هارون ئەلرەشید (٧٣٦-٨٠٩) لە ساڵی ٧٨٦دا ئیمپراتۆری عەباسیی بوو کە داستانی هەزار و یەک شەو لە کەسایەتی ئەوەوە وەرگیراوە. لە سەردەمی (مەئمون)ی (٧٤٦-٨٣٣) کوڕیدا، ئیمپراتۆریی عەباسیی بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت، بەڵام زۆری نەخایاند کە لەرزۆک بوو. ساڵی ١٠٠٠، هەرچەندە عەباسییەکان تەواوی دەستکەوتەکانی پێشوویان پاراستبوو و بەڕواڵەت بەغدا ڕێبەر و بەڕێوەبەریی وڵاتەکانی بەدەست بوو، بەڵام ئیمپراتۆریی بەکردەوە دابەشببوو لە نێوان چەند بنەماڵەیەکدا و ئەندامانی ئەو بنەماڵانە بەهەمان ڕادە کە دژی وڵاتانی مەسیحیی هەوڵیاندەدا، لە نێوان خۆشیاندا دەستبەیەخە بوون. ئیسلام دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام هیچ مەترسییەکی بۆ ئەورووپا و مەسیحییەت نەمابوو.

**ڕۆژهەڵات لە نێوان دەرەبەگایەتی و یەکێتیدا:** هیندستان لە هەزارەی یەکەمدا دابەشکرابوو و هەرچەندە بەهۆی ڕێبەرانی بەهێز و خاوەن دەسەڵات لە قۆناخی جیاوازدا بەشێکی زۆری کۆکرابووەوە. (شاندراگوپتا)ی یەکەم کە لە ساڵی ٣٢٠دا واتە بەدروستیی لە کاتێکدا کە ئیمپراتۆریی ڕۆم ئایینی مەسیحییەتی قبووڵکرد، بەسەڵتەنەت گەیشت و تەواوی هیندی باکوری خستە ژێردەست خۆی و ئیمپراتۆریی لە لایەن جێنشینەکانییەوە بەردەوام بوو، بەڵام دواتر (هارشا) (٦٠٦-٦٤٧) لە کاتێکدا ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژهەڵات خەریکبوو پاشەکشەی بەئیسلام و ئێران دەکرد، دەوڵەتێکی بەهێزی لە هیندستان دامەزراند و پەیوەندیی بەوڵاتی چینەوە توند کرد، بەڵام تەمەنی ئەم یەکێتییە زۆر نەبوو. هەروەها موسوڵمانەکان دوای داگیرکردنی ئێران ڕوویان کردە باکوری هیندستان و مەحمودی غەزنەوی کە ساڵی ٩٩٧ لە ئێران دەسەڵاتی گرتەدەست، بەلایەنی کەمەوە حەڤدە جار هێرشی کردە سەر هیندستان. لە ساڵی هەزاردا، هیندستان زۆر بەتوندیی کەوتە بەرپەلاماری ئیسلام و لە ئاکامدا، قەڵشی تێکەوت و لە نێوان دوو نەتەوەی هیندیی و موسوڵماندا بەشکرا.

چین لە سەردەمی بنەماڵەی هان و هاوکات لەگەڵ سەردەمی سەرکەوتنەکانی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا، خاوەن یەکێتیی بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٢٠وە، بەچەشنی ڕۆم کەوتە بەر پەلاماری بەربەرەکانەوە. ئەو هێرشانە بۆ ماوەی چوارسەدە دەرەبەگایەتی و شەڕ و دوژمنایەتی لەنێوان هۆزەکانی چیندا بەدواوە بوو کە بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا حوکمیان دەکرد و هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بودیزم لە هێندستان و چیندا. دوایی سەرلەنوێ لە ساڵی ٦١٨دا بەسەرۆکایەتی (تانگ) یەکی گرتەوە. ئیمپراتۆری چین، (تەزونگ) (٦٢٧-٦٤٩) لە بنەماڵەی تانگ لە کاتێکدا بەحوکم گەیشت کە ئیسلام لە سەرەتای گەشەسەندا بوو. ئیمپراتۆر کۆمەڵێک چاکسازیی بەئەنجام گەیاند و پێشوازیی لە یەکەم گروپی مەسیحی لە وڵاتەکەیدا کرد. (گروپی پێشوازیی لێکراو نەستۆریی بوون و لە ڕوانگەی ڕۆم و کۆنستانتینۆپلەوە بەمورتەد دەناسران.) تەزونگ یەکەم فەرمانڕەوای چین بوو کە پەیوەندیی لەگەڵ



هیندستان دامەزراند. لە سەردەمی ئەو و جێنشینەکانیدا، هونەر و ئەدەبیات گەشەیان کرد و چین دەستی بەتێکنیکی گەشەکراو گەیشت. فەرمانڕەوایی بنەماڵەی تانگ لە ساڵی ٩٠٧دا کۆتایی پێهات و چین بۆ ماوەیەکی کورت سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی. باکوری چین کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هۆزەکانی مەنگۆلی (خەتنی) کە بەپەلە فەرهەنگی چینیان وەرگرت و بەشەکەی تری لە لایەن بنەماڵەی سۆنگەوە بەڕێوە دەچوو کە درێژەی بەگەشەپێدانی فەرهەنگ و تێکنیکی وڵاتدا.

**چین بەشەست میلیۆن لە ڕیزی یەکەمی پێشکەوتندا:** بەنزیکبوونەوەی ساڵی ١٠٠٠، چین بەسەرۆکایەتی (ختەن)ەکان و بنەماڵەی سۆنگ پتر لە شەست میلیۆن دانیشتووانی هەبوو و بێگومان لە بواری تێکنیک و فەرهەنگەوە پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان بوو. هێندێک دورتر لە چین، ژاپۆن بەفەرهەنگی دوورگەییەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز گەشەی کردبوو. ژاپۆن بەسەرۆکایەتی بنەماڵەی زۆر بەهێزی (فوجی وارا)، لاسایی چینی کردەوە. لە کاتێکدا ئێمە تەواوی سەرنجمان بەو هەرێمانەدا بوو کە شارستانییەتی گەورەیان تێدا پێک هات و لەناوچوون، بەشێکی تری جیهان واتە بەشی سەرووی ڕۆژئاوای ئەفریقا، وڵاتی (گانا) لە دەوروبەری ساڵی هەزاری زایینیدا بەپلەیەکی باڵای گەشەکردن گەیشت. گانا لە دەریا لوشی ئەتلەسییەوە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا تا سنووری (تومبوکتۆ) درێژەی هەبوو و لە لایەن وڵاتی سەحرا (بەشێک لە مەراکیشی ئەمڕۆ)، ڕێبەرایەتی ئەفریقای باکوری دەکرد. لەو سەردەمەدا، چەند شارستانییەتی تر لە ئەمریکادا ناوەندی گەشەکردن بوون. ئەمە سەردەمی (مایاها)کان بوو، کە بەهۆی زانستی ئەستێرەناسیی و دروستکردنی شار و ئەهرام دەناسرا و دانیشتووانی لەبەر هۆیەکی نادیار ئەو ناوەندەیان چۆڵکرد و ڕوویان کردە دارستانەکان و لەناوچوون. لە دەریا لوشیی ئارامی باشوور، دۆزەوەرە نەترسەکانی (پولی نزی) خۆیان گەیاندە دوورگەکانی ناوچە و تەنانەت دوورگەکانی (هاوایی) و (پاک). لە ساتەکانی نزیک بەکۆتایی هەزارەی یەکەمی زایینیی، شارستانییەت بەشی پان و بەرینی نیوەکەوانەی باکور و دەریا لوشیی ئارامی لە ڕۆژهەڵات تا دەریا لوشی ئەتلەسی لە ڕۆژئاوادا گرتبووەوە، کە بریتی بوون لە ژاپۆن، چین، هیند، جیهانی ئیسلام، ئیمپراتۆریی بیزانس و ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە دەرەوەی ئەم سنوورەدا، دوو ناوەندیی شارستانییەتی جیاواز لە ئەفریقای گەرم و سوتێنەر و ئەمریکای ناوەڕاستیش هەبوون.

**دانیشتووانی زەوی دەگەنە دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن کەس:** مرۆڤایەتی زیاتر بوونی خۆی لەسەر زەویدا چەسپاند و ژمارەی گەیشتە دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن کەس. لەو ژمارەیە، شەست میلیۆن کەس لە چین و هەشتا میلیۆن کەسیش لە هیندستان نیشتەجێ بوون. ئەم دوو وڵاتە بەگشتی پتر لە نیوەی دانیشتووانی سەر زەوییان پێک دەهێنا و بەو دەرەتانەی کە بوویان، پلەیەکی باڵای شارستانییەتیان پێک هێنابوو. لەوەدەچێ، کە فەرهەنگی چین گەشەکردووتر لە فەرهەنگی جیهانی ئەو سەردەمە بووبێت، ئیمپراتۆریی بیزانس وەک هەمیشە میراتگریی شارستانییەتی یۆنانیی- ڕۆمیی بوو و جیهانی ئیسلام خەریکی گەشەپێدانی خۆی و وەرگێڕانی بەرهەمە کۆن و کلاسیکییەکانی یۆنان بوو بۆ

سەر زمانی عەرەبیی. لەبەرئەوە تەنیا ئەورووپای ڕۆژئاوا بوو کە لە سەدەکانی ناوەندییەوە بەرەو دواوە دەگەڕایەوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ ز.دا، بەتەواویی لە دواوەی گرنگترین ناوەندی شارستانییەتی جیهاندا مابووەوە. هیچ کەس لەو کاتەدا نەیدەتوانی پێشبینیی بکات کە لە هەزارەی دواییدا نۆرەی ئەورووپای ڕۆژئاوا دێت کە پێشەنگیی خۆی بسەلمێنێت.

## ٦- کاتێک تێکنیک مێژوو ناچار بەپێشڕەویی دەکات

**بەرەو ساڵی ٢٠٠٠**: لە ساڵی ١٠٠٠ ز.دا پێشبینییکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ماوەی دە سەدەی دواییدا، ژیانی مرۆڤیان سەروژێر دەکرد، زۆر دژوار بوو.

لە هەزارەی یەکەمی زایینییدا جیهان بەرلە هەموو شتێک تێکەڵاوی خەباتی سیاسی و ناکۆکیی ئایینیی بوو. دۆزینەوەکانی تێکنیکیی، تەنانەت ئەگەر چارەسەرییەکی هەست پێکراویان بۆ مرۆڤ بەدیاریی هێنا، بەڵام لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤایەتییدا بوون. ئاگادارییەکانی مرۆڤ هێشتا بەشێوەی زانستیی شکڵیان نەگرتبوو و بەبێ زانست بوار بۆ گەشەکردنی تێکنۆلۆژیای گشتیی نەبوو، بەڵام لە دواسەدەی هەزارەی دووەمدا مرۆڤ دەستی بەگرنگترین نەدۆزراوەکان گەیشت: کارەبا، تێلێفۆن، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە، کۆمپیوتەر، چەکی ئەتۆمیی، ڕادیۆ، تێلێڤیزیۆن، گەشت بۆ ئاسمان و ئەندازیاریی جێنەتیک. گەشەکردنی تێکنیک بەچەشنی ڕابوردوو ڕێگای بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان کردەوە، بەجۆرێک کە زەوی ئەمڕۆ بەڕادەیەکی لێ دەژی کە تەنانەت تا ماوەیەک لەمەوبەر بۆ باوەڕپێکران نەدەبوو. بەشێک لەو پێشکەوتنانە لە هەزارەی ڕابوردوودا هەستیان پێ کرابوو، بەڵام ئەمە تەنیا لە چوارچێوەی هەست پێکردن و پێشبینیی کردندا بوو.

**هۆشیاریی ئەورووپای ڕۆژئاوا**: مێژووی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گومان هەڵنەگر، لە هێرش دژی موسوڵمانان، کە فەلەستین (وڵاتی پیرۆز)یان بەدەستەوە بوو، دەسپێکراوە. لە سەرەتای هەزارەی دووەمی زایینییدا بوو کە تورکەکانی سەلجوقی فەلەستینیان داگیرکرد. سەلجوقییەکان کە کەمتر لە عەرەبەکان گەشەیان کردبوو، وشکەڕەوتر لەوان بوون و ئەو مەسیحییانەی کە لە سەردانی وڵاتی پیرۆز دەگەڕانەوە، گەلێک داستانی خەمهێنەریان لەو تورکانە دەگێڕایەوە. ئیمپراتۆریی بیزانس کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تورکەکان بوو، لە هەموو لایەک داوای یارمەتی کرد.

لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی ئاڵمان و فەرانسە لە زیادبووندا بوو و دەسەڵاتداران بەبێ پسانەوە، لەسەر وڵاتە بەتەنیا ماوەکاندا کێشەیان هەبوو و ڕۆژهەڵات بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوو کە تەماحی ئەو دوو وڵاتە بەرز بکاتەوە.



**دەستپێکردنی شەڕی خاچهەڵگرەکان: ئەورووپا لە پەیوەندیی لەگەڵ فەرهەنگ و ناسینی سەرلەنوێی دەستکەوتەکانی ڕابوردوویدا:**

شەڕەکانی خاچهەڵگران کە لە بنەڕەتدا بەهاندانی ڕێنوێنیکەرێکی گەڕۆک بەناوی پییرامیت سەریان هەڵدا، لە خاچێکەوە ئیلهامیان وەردەگرت کە شەڕکەرەکان بەبەرگەکانیانەوە دەیاندوری. ئەم شەڕانە کە ساڵی ١٠٩٦ دەستی پێ کرد، ئامانجیان ئازادکردنی وڵاتی پیرۆز بوو و بەهۆی ناکۆکیی لە نێوان موسوڵمانەکاندا، ڕۆژئاواییەکان توانییان کۆمەڵێک سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراو بەدەست بێنن و لە ساڵی ١٠٩٩دا ئۆرشەلیم داگیر بکەن. دوایی موسوڵمانەکان بەخۆ هاتنەوە و لە ڕەوتی دوو سەدەی دواییدا شەڕکەرە خاچهەڵگرەکانیان لە فەلەستین دەرکرد. (ئەکر) کە دوا بنکەی بەهێز و خۆڕاگریی ئەورووپاییەکان بوو لە وڵاتی پیرۆزدا لە ساڵی ١٢٩١دا لەناوچوو. لە بواری سەربازییەوە، شەڕی خاچ شکا و گرنگترین ئاکامی ستراتیژیی هەست پێکراوی، ڕوخانی بەپەلەی ئیمپراتۆریی مەسیحیی بیزانس و خۆڕاگریی و بەهێزمانەوەی موسوڵمانەکان بەهەمیشەیی بوو.

سەرەڕای ئەوە، شەڕی خاچ لە زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵگادا زۆر بەسود بوو، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو کە دوای تێپەڕبوونی چەند سەدە، ئەورووپای ڕۆژئاوا خۆی لە بەرامبەر شارستانییەتی پێشکەوتووتردا دەبینی، کە مەبەست لە شارستانییەتی بیزانس و موسوڵمانەکانە. شەڕکەرە خاچهەڵگرەکان هێندێک لە خۆبەزلزانیی دابەزین و خۆیان لەگەڵ تێکنیکی نوێی جەنگیی ڕێکخست و کێشیان بەرەو کەلوپەلی جوانی وەک شەکر و ئاوریشم پەیدا کرد.

شەڕی خاچ بەتایبەتیی بایەخی پەروەردەکردنی بەرز نرخاند. لە ماوەی شەڕەکاندا، زانایانی ڕۆژئاوایی بەسەر بۆچوونەکانی ڕابوردوویاندا چوونەوە. ئەو کتێبە زانستیی و فەلسەفییانەی کە پێشتر عەرەبەکان لە زمانی یۆنانیی کۆنەوە کردبوویانە عەرەبیی، وەریانگێڕایەوە سەر زمانی لاتین. ئیسپانیا بۆ ئەم کارە پتر لێهاتوو بوو، چونکە عەرەبەکان باشووری ئەم وڵاتەیان لە دەستدابوو. ڕادەی فەرهەنگ و ئاوەدانکردنەوەی ئیسپانیا گەشەکراوەتر لە هەموو ئەورووپا بوو. لە ئیسپانیا دەرەتانی ئەوە هەبوو کە بەیارمەتی وەرگرتن لە زانایانی موسوڵمان، کتێبە کۆنەکانی یۆنان لە عەرەبییەوە وەرگێڕن. ئەورووپای ڕۆژئاوا بەرەبەرە میراتەکانی ڕابوردووی دەستخست و تەنانەت ئەگەر شەڕی خاچ لە سەرەتادا ئامانجێکی وای نەبوو. ئەورووپا لە بواری سەربازییەوە، بەهۆی ناکۆکییەکانی ناوخۆیی وەک ڕابوردوو لاواز مایەوە و نەیتوانی پاشەکشە بەهێرشکەرانی ڕۆژهەڵات بکات. ئەورووپا لە ساڵانی ١٢٠٦دا، لەگەڵ هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار ڕووبەڕوو بوو. لەو ساڵانەدا بوو کە هۆزەکانی ئاسیای ناوەندیی بەسەرۆکایەتی چەنگیزخانی مەنگۆل (مەغۆل)، کە لێهاتوویەکی بلیمەتی سەربازیی بوو، یەکیان گرت.

**مەنگۆلییەکان هێرش دەبەنە سەر ئەورووپا**: چەنگیزخان سوپایەکی سوارەی لە ڕادەبەدەر مەزنی پێک هێنا و لەگەڵ کوڕ و نەوەکانی کە دواتر جێیان گرتەوە، زنجیرە سەرکەوتنێکیان بەدەستهێنا. لە ساڵانی

١٢٤٠ و ١٢٤١دا، هێزەکانی مەنگۆل ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان ڕامالّی و خزانە ناو خاکی ئالّمان و خۆیان گەیاندە سنوورەکانی ئیتالیا. ئەگەر مەرگی یەکێک لە سەرکردە مەزنەکەیان واتە یەکێک لە کوڕەکانی چەنگیزخان نەبووایە، هیچ هێزێک نەیدەتوانی ڕێگای گەیشتنیان بۆ دەریالوشی ئەتلەسی پێ بگرێت. لەبەر ئەوە، مەنگۆلەکان بۆ دیارییکردنی جێنشینی کوڕی چەنگیزخان ناچاربوون بگەڕێنەوە. هێرشی مەنگۆلەکان سەرەڕای زیانی زۆر، لایەنی بەسودیشی بۆ ئەوروپاییەکان هەبوو. مەنگۆل لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزدەیەمدا بەسەرۆکایەتی (کوبیلانخان) ئیمپراتۆرییەکی مەزنی دامەزراند کە لە دانوبەوە تا دەریالوشی ئارامی دەگرتەوە. بازرگانیی و بیروڕای ئازاد لە سەرانسەری ئەم وڵاتە پان و بەرینەدا کە تەنیا بەتێگەیشتن و باوەڕهێنان لە مێژووی وڵات سەرچاوەی دەگرت، بەڕێوە دەچوو. ئەوە لەو کاتەدا بوو ئەوروپاییەکان لەگەڵ چەند دۆزراوەیەکی نوێ ئاشنا بوون. چینییەکان کە لە بواری تێکنیکدا پێشکەوتووتر لەوان بوون و پێشتر پلانی ئەم دۆزراوانەیان لە مێشکدا بوو، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە کە بۆچی هەرگیز کەڵکیان لەو دۆزراوانە وەرنەگرتبوو.

**ئەوروپاییەکان لە چینییەکانەوە فێری کەڵک وەرگرتن لە باروت و ئوستەرلاب بوون:** لە ناو دۆزراوەکاندا، گرنگترینیان بریتی بوون لە ئوستەرلاب (قوتبنما) و باروت و ئەمەش بۆ ئەوروپاییەکان کە لە کاری کەشتیرانییدا دەستی بالّایان هەبوو، ڕێگای خۆشکرد کە بەبەردەوامیی لە گۆشە و کەناری زەویدا بەشوێن نەدۆزراوەکاندا بگەڕێن و بەکەڵک وەرگرتن لە تۆپەکانیان بەسەر نەتەوەکانیتردا زاڵ بن. لەو سەردەمەدا هەستی ناسیۆنالیستیی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا پەرەی سەندبوو و هەروەها پێشبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر، کە کەنیسەی کاتۆلیک و ئیمپراتۆریی پیرۆزی لە ساڵانی ١٠٥٠ و ١١٢٠دا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرتبوو، بەقازانجی پاپاکان کە لە سەردەمی شەڕی خاچهەڵگراندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز ببوو، کۆتایی پێ هاتبوو.

کەنیسەی کاتۆلیک لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی (ئەیننوسان)ی سێیەم لە ساڵی ١١٩٨- ١٢١٦دا لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو، بەڵام پاپاکان دەسەڵاتێکی بێ سنووریان هەبوو. لە ساڵی ١٣٠٢دا، (بوونیفیس)ی هەشتەم داوای لە وڵاتانی مەسیحیی کرد کە بەبێ دانانی سنوور دەسەڵاتی بێخەوشی پاپاکان بەڕەسمیی بناسن. لەو سەردەمەدا، پاشایەکی بەدەسەڵات بەناوی (لوبل) لە بنەماڵەی فیلیپ دەسەڵاتی فەرانسەی بەدەست بوو. لوبل بوونیفیسی هەشتەمی بەدیل گرت و جێنشینەکەشی ناچار کرد، ڕۆم بەجێبهێڵێ و لە (ئاوینۆین) لە خاکی فەرانسە نیشتەجێ بێت. کەنیسەی کاتۆلیک هەرگیز لە بەرامبەر ئەم زەبرەدا خۆی نەگرتەوە و بەدوای ئەوەدا ناوەندی دەسەڵات لە کەنیسەوە بۆ دەوڵەت گواسترایەوە.

**داگیرکردنی ئینگلیستان لە لایەن گیومی یەکەمی نۆرماندییەوە:** باوەڕکردن بەبیری نەتەوەیی، ئەوروپای ڕۆژئاوای لە مەترسی شەڕ خستبوو. بۆ نمونە، لە ساڵی ١٠٦٦دا ئینگلیستانی ساکسۆن لە



لایەن گیومی یەکەم نۆرماندیی (گیومی سەرکەوتوو)وە داگیر کرا. گیوم سەرەتا نۆرماندیی و دواتر لە ساڵی ١٠٣٥وە تا ساڵی ١٠٨٧ سەرۆکایەتی ئینگلیستانی کرد. نۆرماندەکان ڕژێمێکی بەهێزی سەڵتەنەتییان لە ئینگلیستان دامەزراند و دواتر لە شەڕێکدا فەرانسەیان شکاند.

**دەستپێکردنی شەڕەکانی سەد ساڵە:** لە ساڵی ١٣٣٨دا، شەڕێک لە نێوان فەرانسە و ئینگلیزدا هەڵگیرسا کە سەدەیەکی خایاند: ئینگلیزەکان بەیارمەتی تیرهاوێژەکانیان چەند سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا کە گرنگترینیان بەسەر (ئەزینکۆر) لە ساڵی ١٤١٥دا بوو، بەڵام ئینگلیزەکان لە کاتی پێشڕەوییکردندا لەگەڵ لەمپەرێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبەڕوو بوون، کە بریتی بوو لە ژنێکی جوان بەناوی (ژاندارک) کە دەیگوت لە غەیبەوە داوای لێ دەکەن کە یارمەتی فەرانسەوییەکان بدات. لە کاتێکدا شا و بەگزادەکان هەوڵی لاوازکردنیان دەدا و کەنیسە ئەوی بەمەترسی دەزانی، خەڵک پشتیان گرت و فەرانسەوییەکان بەهەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ ئەم مەسەلەیە و کەڵک وەرگرتن لە دوا شێوەکانی پێشکەوتووی تۆپخانە، ئینگلیزەکانیان بۆ هەمیشە لە خاکی فەرانسە دورخستەوە.

**نزیکبوونەوە لە ڕینسانس لە ئیتالیادا:** لە کاتێکدا ئینگلیستان و فەرانسە سەرچاوەو هێز و دەرەتانی خۆیان لە دوژمنایەتییکردنی بەردەوامدا بەفیڕۆ دەدا، ئیتالیا ڕێگایەکیتری گرتەبەر کە ئەویش چاو پێداخشاندن بەسەر میراتە کۆنەکانی یۆنانییەکان لە وڵاتی خۆیاندا بوو. ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو و فەرهەنگی ئیتالیای سەرلەنوێ درەوشاندەوە، بەجۆرێک کە بەدوای سەردەمی (پریکس)دا نەبینرابوو. ئەم بوژانەوەیە دروستکردنی شاکاری مەزنی هونەریی و ئەدەبیی سەردەمە کۆنەکان بوو لە شارەکانی ئیتالیادا. لەگەڵ ڕینسانس (بوژانەوە)، هیومانیزم بەواتەی مرۆڤایەتی سەری هەڵدا و بیری باوەڕپێهێنان بەهەستی بەرزی مرۆڤایەتی لە بەرامبەر کەموکوڕییەکان بەرز نرخاند.

فلۆراێنس کە بەئاواتی بەرامبەرییکردن لەگەڵ ئاتن بوو، ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدانی ڕینسانسدا گێڕا و بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی بەدنیای کۆنەوە گەلی ئیتالیای بەو سەردەمە ناوەندییەی کە ئەوانی لە دنیای گەشەکردووی کۆن جیا دەکردەوە، ناوی سەدەکانی ناوەندییان لەسەر دانا. ئیتالیا لە سەردەمی ڕینسانسدا، بەچەشنی یۆنانی کۆن لە دەوڵەتی جیاواز پێک هاتبوو و بەبەردەوامی شەڕی یەکتریان دەکرد و بەم جۆرە پاروویەکی چەور بوون بۆ دراوسێ بەدەسەڵاتەکانیان. هێرشەکانی فەرانسە، ئالّمان و ئیسپانیا بۆ سەر ئیتالیا کە لە ساڵی ١٤٩٤وە دەستی پێ کردبوو، بەرەبەرە یارمەتییاندا بەکۆتایی هێنانی ڕینسانس لە ئیتالیادا، بەڵام ئیتالیا شەریک بوو لە گەشەپێدانی بیری ڕینسانس لە هەموو ئەوروپادا. سەرەڕای ئەوە، هەموو دۆزینەوەکانی ئەو سەردەمە هونەریی یا ڕۆشنبیرانە نەبوون. شازادەیەکی کەشتیرانیی پۆرتوگالیی بەناوی (هەنری) بۆ بازرگانیی لەگەڵ ڕۆژهەڵات بەکەشتی بەدەوری ئەفریقای باشوردا سوڕایەوە، کە دور بوو لە جیهانی ئیسلام و بەم جۆرە توانی بەرهەمە پێویستەکانی ئەوروپا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەدەست بێنێت. هەنری خوێندنگەیەکی دانا، کە ئامانجی لێکۆڵینەوە و

گەشەپێدانی تێکنیکی کەشتیرانیی و کەڵک وەرگرتن لە ئوستەرلاب و ئامێریتری کەشتیرانیی بوو. ئەم هەنگاوەی هەنری دەرەتانی ناردنی گروپێکی دۆزەرەوەی بۆ کەنارەکانی ئەفریقا ڕەخساند. دوای ماوەیەکی زۆر بەسەر مەرگی هەنری لە ساڵی ١٤٩٧دا، کەشتییەکانی پۆرتوگال بەدەوری ئەفریقادا سوڕانەوە بۆ گەیشتن بەهیندستان. کردەوەی پۆرتوگالەکان پێکهێنەری ئیمپراتۆرییەکی جیهانیی تایبەت بەهێزی دەریایی بوو. هێزی دەریایی پۆرتوگال ڕێگای بۆیان کردەوە کە لە نێوان کەنارەکانی ئەفریقا و ئاسیادا بنکە و بارەگا دابمەزرێنن و بەیارمەتی تۆپەکانیان و کەشتییە جەنگییەکانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا بسەپێنن کە نەیاندەزانی باروت چییە. هاوکات، پاشاکانی مەسیحیی ئیسپانیا لە ساڵی ١٤٩٢دا بەیەکجاریی عەرەبەکانیان لە ئیسپانیا دورخستەوە و لەوپەڕی خۆشحاڵییدا، پلانی (کریستۆڤەر کۆڵۆمبوس)یان بۆ گەیشتن بەئاسیا بەشێوەی ڕاستەخۆ لە ڕۆژئاواوە بەدەریالوشی ئەتلەسیدا قبووڵکرد.

**کریستۆڤەر کۆڵۆمبوس ئەمریکا دەدۆزێتەوە:** کریستۆڤـــەر کۆڵۆمبوس کە لە جوگرافیاناسانی یۆنانیی ئیلهامی وەرگرتبوو، ڕووبەری زەوی بەرتەسکتر لە ڕادەی دروستی خۆی حساب کردبوو. هەروەها لەژێر کارتێکەریی وتەکانی (مارکۆپلۆ) و گەشتەکانی بۆ وڵاتی چین لە سەردەمی کوبیلایخاندا بوو. مارکۆپلۆ ڕای وابوو کە قارەی ئاسیا بەشێوەیەکی بەرینتر بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێتە پێشەوە و کریستۆڤەر کۆڵۆمبوس بەو ئاکامە گەیشتبوو بەبڕینی پێنجسەد کیلۆمەتر دەگاتە ئاسیا، کەچی گەیشتە زەوییەکی نوێ کە ئاسیا نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە دنیای نوێ واتە هەرێمەکانی باکور و باشووری ئەمریکا.

**کۆڵۆنی کردنی ئەزتکەکان و ئەنکاکان:** ئیسپانیا لە گەشتەکانی کریستۆڤـــەر کۆڵۆمبوس بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی جیهانیی بەتایبەتیی کەڵکی لە ئەمریکا وەرگرت و لە ساڵی ١٥١٩دا ئەزتکەکانی مەکسیک و لە ساڵی ١٥٣٣شدا ئەنکاکانی تێکشکاند و هەردوو وڵاتی داگیرکرد.

ئەو قۆناخە سەردەمی زێڕپیینی دۆزینەوەکان بوو. دەسەڵاتدارانی ئەوروپایی بەقبووڵکردنی خەرجی ڕێگای گروپە دۆزەرەوەکان، ئەوانیان ڕەوانەی ناوچە لە ژمارە نەهاتووەکان دەکرد، بەڵام ئیپمراتۆرییەکان ژیانیان کورتە. وڵاتی پۆرتوگال لە ساڵی ١٥٠٠دا وڵاتێکی زۆر بچوک بوو و ژمارەی دانیشتووانی لە یەک میلیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار کەس تێنەدەپەڕی و توانای پاراستنی کۆڵۆنییەکانی نەبوو و نەیدەتوانی پێش بەتەماحکارییەکانی دەسەڵاتدارانی تر بگرێت.

ئیسپانیا گەورەتر و نزیک بەشەش میلیۆن و نیو دانیشتووی هەبوو، بەڵام بەشێک لە داهاتەکانی بەهۆی شەڕی بەردەوام لە ئەوروپادا لەناودەچوو. لە دوای ساڵی ١٦٠٠ لە کاتێکدا نەتەوەکانی دیکە خەریکبوون ترسیان لێ دەرەوی و لە هەوڵی گەشەکردنی پتری خۆیاندابوون، ئیمپراتۆرییەکانی پۆرتوگال و ئیسپانیا پتر بەرەو کزیی دەچوون. لەو کاتەدا هۆڵەندیش خۆی تێکەڵاوی کێشەکە کردبوو، بەڵام ئەویش بەو ڕادەیە مەزن نەبوو کە بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاریی لە ئیمپراتۆرییەک بکات. بۆ



بەربەرەکانیی لە زەمینەی بەدەستخستنی دەسەڵات لە جیهاندا، تەنیا فەرانسە و ئینگلیستان مابوون. لە ساڵی ١٦٠٠دا، فەرانسە نزیکەی بیست میلیۆن و ئینگلیستان شەش میلیۆن کەس بوو، بەڵام فەرانسە بەچەشنی ئیسپانیا بەبەردەوامیی لە قارەی ئەوروپادا لە شەڕدا بوو. ئینگلیستان یا بەوتەیەکی‌تر بریتانیای مەزن (ناوێکی نوێی ئینگلیز لە دوای ساڵی ١٧٠٧دا) دوورگەیەک بوو و کەمتر لە فەرانسە لە شەڕەکانی ئەوروپایی و سروشتییدا بوو، کە خەریکی بازرگانیی دەریایی و گەشەکردنی دەرەوە بێت.

ئاکامی ڕون لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا شەڕێکی حەوت ساڵە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٣٦ و ١٧٥٦دا بوو. لە کۆتایی ئەم شەڕەدا، ئینگلیستان توانی فەرانسە لە ئەمریکای باکور و هیندستان دەربکات و ببێتە یەکەم ئیمپراتۆریی لە جیهاندا، بەچەشنێک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، یەک لە چواری جیهان و دانیشتووانی لەژێر فەرماندا بوو. بەگشتیی، ڕوخانەکان کە زیان بەبەشێک لە چالاکییەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنن، کاریگـــەریی نێگاتیڤیشیان دەبێ لەسەر چالاکییەکانی‌تری مرۆڤدا و بەو جۆرەی کە دۆزینەوە گەورەکان ئاوێتەی شۆڕشی ئایینیی بوون. لە ئاڵمانیا بەهاندانی پیاوچاکێک بەناوی (مارتین لۆتەر)، بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکارانەی دژی کەنیسەی کاتۆلیکیی ڕۆم دروست کرد و کۆمەڵێکی زۆر کە لایەنگریی کەنیسە بوون، لێی دورکەوتنەوە و لکێکی نوێ و جیاوازیان دامەزراند کە ئەمرۆ بەپرۆتستانتیزم دەناسرێ. بەم هۆیەوە کەنیسەی کاتۆلیک لە درێژخایەندا باکوری ئاڵمان، سکاندیناڤیا، هۆلەند، ئینگلیستان و بۆهیمی لە دەستدا.

**گۆتنبۆرگ پیشەی چاپ دەدۆزێتەوە:** پیشەسازیی لەو گۆڕانکارییانەدا بەشداربوو. پرۆتستانتەکان بۆ ڕزگاریی خۆیان باوەڕیان بەپەرستنی قەشەکان و ئۆرگانەکانی سەربە کەنیسەی کاتۆلیک نەبوو. بۆ هۆشیار کردنەوەی دەرونیی خۆیان بەرلە هەموو شتێک باوەڕیان بەوتەکانی خودا لە ئینجیلدا هەبوو. بەدۆزینەوەی دەزگای چاپ لە ساڵی ١٤٥٠دا، نوسراوەکانی کتێبی پیرۆز بەئاسانیی کۆکرانەوە و ئینجیل یەکەم کتێب بوو کە لە گوتنبۆرگ لە چاپ درا. دووبەرەکیی لە نێوان لایەنگرانی لکە جیاوازەکانی مەسیحییەتدا خۆی لە شەڕی چەکدارانەی ئایینییدا بینییەوە و شەڕەکان لە ئاڵمانیادا بەوپەڕی گەشەی خۆیان گەیشتن و ماوەی سی ساڵ واتە لە ١٦١٨وە تا ١٦٤٨ی خایاند و ئاڵمانیایان وێران کرد.

لە کۆتایی شەڕدا کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان هەستیان بەپوچیی و بێ ناوەرۆکی شەڕەکانیان کرد و دوای ئەوە، لە هەر جێگایەک ناکۆکیی نەتەوەیی و ڕەگەزیی سەری هەڵدەدا، وەک ئیرلەندی باکور، بەچاکیان دەزانی کە بەڕێگای ئاشتییەوە چارەسەریان بکەن.

**دەستپێکردنی سەڵتەنەتی لویسی چواردەیەم:** هاوکات لەگەڵ لاوازیی دەسەڵاتی کەنیسە و لەو سەردەمە نائارامەدا، سڕ بوونێک بەسەر دەسەڵاتی سەڵتەنەتدا هات. باوەڕپێهێنان بەکەسایەتی تاکی شا و نەتەوە لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویسی چواردەیەمدا (١٦٤٣-١٧١٥) بەو پەڕی گەشەی خۆی گەیشت و بەتەمەنترین ماوەی سەڵتەنەت لە مێژووی ئەوروپادا بوو. بەڵام بەگەشەسەندنی زانست و بەرزبوونەوەی

بیری نوێ، سەڵتەنەت و کەنیسە و ڕێکخراوە کۆنەکان خۆیان لە بەرامبەر تووڕەیی خەڵکدا بینییەوە و گەل داوای سەربەخۆیی بیروبۆچوون و سیستەمی سیاسییان دەکرد کە بتوانن ئەم دەرەتانەیان بۆ بڕەخسێنێ.

ساڵی ١٦٤٢ ئینگلیستان و سکۆتلاند دژی ستەمگەرییەکانی شارلی یەکەم ڕاپەرین و لە ساڵی ١٦٤٩دا بڕیاری مەرگی شارلیان دا و ئینگلیستان بۆ ماوەی یانزدە ساڵ بەبێ پاشا مایەوە و دوای چەندان ساڵ بەربەرەکانیی ناوخۆیی سەرئەنجام کوڕی شارلی یەکەم بەناوی شارلی دووەم لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت. ئەمە خۆگرتنەوەیەکی سەرلەنوێی سەڵتەنەت بوو، بەڵام لە ساڵی ١٦٦٠دا، برا و جێنشینی شارلی دووەم کە بە(جاک)ی دووەم دەناسرا لە حوکم کەوت و ئینگلیستان ڕژێمی سەڵتەنەتی کۆنترۆڵکراوی دامەزراند.

**سنوری دەسەڵاتی سەڵتەنەت لە ئینگلیستاندا:** ئەو گۆڕانکارییە لە سیستەمی حوکمدا بەشۆڕشێکی سەرکەوتوو ناسرا، کە بنەمای ڕێکخستنێکی نوێی سیاسی داڕشت. سنوور بۆ دەسەڵاتی سەڵتەنەت دانرا و پەرلەمانێک و حوکمێک هاوبەشییان دەکرد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. بەم جۆرە ئینگلیستان سیستمێکی نوێی دامەزراند کە تێکەڵاوێک بوو لە دامەزراوەکانی کۆن (سەڵتەنەت بەواتەی دەسەڵاتی خودا) و نوێ (نوێنەرانی هەڵبژێراو بەدەنگی گەل).

**شۆڕشی فەرانسە:** لەژێر گوشاری ئاڵوگۆڕەکان لە ئینگلیستان و لە ئەمریکادا، ئەمریکا شتێکی پتری بۆ دیارییکردنی دەوڵەت دەویست. ڕژێمی سەرەڕۆی سەڵتەنەتیی لە فەرانسە توانای پارێزگارییکردنی لە خۆی نەبوو و سەرئەنجام شۆڕشی ١٧٨٩ کۆتایی بەژیانی هێنا. لەو ساڵەدا یاسای بنەڕەتیی ئەمریکاش پەسەندکرا. شۆڕشی فەرانسە بەڕاگەیاندنی ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتییان دەستی پێ کرد (ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا لە ساڵی ١٩٤٨، یاسامەندییەکانی مافی مرۆڤی جیهانیی جاڕدا) و ئازادیی، بەرامبەریی و برایەتی ڕاگەیاند. ئەوە ساتێکی مێژوویی بوو و تەنانەت بوو بەخاڵی دەستپێکردنی ڕۆژژمێرێکی نوێ، بەڵام ئەو جوڵانەوەیە دواتر بەلارییدا کەوت و لە چوارچێوەی ترس و لە سێدارەداندا خۆی بینییەوە. ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکان بەدوای شا و شاژندا کوژران و شۆڕشی فەرانسە سیاسەتی پاوانخوازانەی گرتەبەر.

ڕێبەرانی شۆڕشی فەرانسە بەناوی شۆڕشگێڕیی و شۆڕشگێڕانی سەردەمی نوێتردا، بۆ داسەپاندنی بۆچوونەکانیان پەنایان بۆ چەک برد. فەرانسە کە لە زەمینەی سیستەمی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێی (ئیجبارییی)دا وڵاتێکی پێشکەوتوو بوو، ڕای وابوو کە پارێزگارییکردن لە وڵات دەبێ لە لایەن دانیشتووانەوە بەڕێوە بچێت نەک بەهۆی سەربازانی موچەخۆرەوە. فەرانسە بەهۆی ژمارەی زۆری دانیشتووانیەوە، توانایەکی زۆری سەربازیی هەبوو و هەرئەمەش وڵاتی توشی گەلێک شەڕی جۆراوجۆر کرد.



پاشای وڵاتانیتری ئەورووپا بەنائومێدییەوە هەوڵی گەمارۆدان و لەناوبردنی شۆڕشی فەرانسەیان دەدا، بەڵام هیوا و ئومێدیان لە ساڵی ١٧٩٦دا بەهۆی چەند زنجیرە سەرکەوتنێکی فەرانسەوە کە لە توانا و لێهاتووی سەربازیی (ناپلیۆن بۆناپارت) (١٧٦٩-١٨٢١)وە سەرچاوەی وەردەگرت، لەناو چوو. ناپلیۆن لە ساڵانی ١٨٠٧-١٨١١ توانی هەموو وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بخاتە دەست خۆی و تەنیا ئینگلیز لەو بەشەی ئەورووپادا ئازاد بوو. ناپلیۆن خۆی بەئیمپراتۆر ناساند و دژی بیروبۆچوونی ئازادییخوازانەی شۆڕشی فەرانسە ڕاوەستا و پشتی هەموو ئەو کەسانەی گرت کە لە هەوڵی هێمنکردنەوە و گەورەیی وڵاتی فەرانسەدا بوون، بەڵام هەروەک زۆرجاریتریش بینیومانە، هەمیشە گەورە پیاوان کە لەوپەڕی دەسەڵاتدان توشی هەڵە دەبن و ڕوخانیان بەدوادا دێت.

**ناپلیۆن هێرش دەکاتە سەر ڕوسیا:** هەڵەی مەرگهێنەری ناپلیۆن، هێرشکردنی بوو بۆ سەر ڕوسیا لە ساڵی ١٨١٢دا. ڕوسیا ئەو کاتە وڵاتێکی دواکەوتوو بوو و نەیدەتوانی لە بەرامبەر فەرانسەدا بەرگریی لە خۆی بکات، بەڵام دوو هاوپەیمانی ئازا و نەبەزی هەبوو: یەکەمیان پانتایی خاکەکەی بوو و ئەویتریان سەرمای زستانەکانی. فەرماندەکانی ڕوسیا لە بەرامبەر فەرانسەدا نەوەستان و پاشەکشەیان کرد و هەموو ئەو شتانەی سەر ڕێگای خۆیان سوتاند و ڕوسیایان وەک وڵاتێکی سوتاو لێ کرد. ناپلیۆن خۆی گەیاندە مۆسکۆ، بەڵام لە زستاندا ناچار بوو بەجێی بهێڵێت. سەرما و برسییەتی توانای هێزی جەنگیی شەڕکەرەکانی بەڕادەیەکی زۆر دابەزاند. لە گەڕانەوەیدا بۆ فەرانسە، ناپلیۆن توانی دوو ساڵ خۆی ڕاگرێ، بەڵام ناچاریان کرد واز لە حوکم بهێنێت، کەچی دوای ساڵێک سەرلەنوێ دەسەڵاتی گرتەوە دەست، بەڵام لە شەڕی (واتەرلو)دا لە لایەن فەرماندەیەکی ئینگلیزەوە بەناوی (ولینگتۆن) شکا و بۆ دوورگەیەکی دور، دورخرایەوە و هەرلەوێش مرد. ناپلیۆن شکا و شۆڕشی فەرانسە بەهەتیویی مایەوە، بەڵام بیروبۆچوونەکانی شۆڕش بەهۆی سەربازە فەرانسەوییەکانەوە لە هەموو ئەورووپادا بڵاوببووەوە. ڕژێمە



بەهێزە سەڵتەنەتییەکان هەوڵی گەڕانەوەی سەرلەنوێی سیستەمی پێشوویان دەدا، کەچی بەهەر سەرکەوتنێکیان دە جار دەشکان. ژمارە شۆڕشێکی زۆر کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەئەنجام گەیشتبوون، بەدەستپێکردنی سەدەی بیستەم، هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایان کردە خاوەنی ڕژێمێکی تا ڕادەیەک پەرلەمانیی. دەوڵەتە ئازادیخوازەکان لەو کاتەدا لەگەڵ جوڵانەوەیەکی نوێتر دەستبەیەخە بوون، کە هەڵقوڵاو لە بەرەی ڕاست نەبوون، بەڵکو لە چەپەوە و بەسود وەرگرتن لە تیۆرییە نوێیەکانی ڕۆشنبیرانی وەک کارل مارکس سەرچاوەیان وەردەگرت. مارکس لایەنگریی بەلاوەنانی دیموکراسی بۆرژوازیی و ڕژێمی سەڵتەنەتی بوو.

**شۆڕشە نا سیاسییەکان:** شۆڕشی سیاسی، هەروەک بینیمان هەزاران ساڵە بەشێکی جیانەبووەوەن لە داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەڕادەی پێویست گۆڕانی قوڵیان پێک هێناوە. ئەوروپای ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا دوو شۆڕشی بەچاوی خۆی بینی کە بەلایەنی کەمەوە شوێنیان لەسەر گۆڕانی بنەڕەتیی سیاسی دانا. یەکێکیان شۆڕشی زانستیی و ئەوی تریان پیشەسازیی بوو. هەردوو شۆڕش پەیوەندیی نزیکیان بەسەرهەڵدانی چینی نێونجی کۆمەڵەوە هەبوو کە خاوەن بیر و کردەوەی سەربەخۆ بوون. جگە لەوە، هەر دوو شۆڕش بەیەکەوە لە پەیوەندیی نزیکدا بوون و شۆڕشی پیشەسازیی نەیدەتوانی بەبێ پشتگیریی جوڵانەوەی زانستیی سەرهەڵبدات.



**شۆڕشی کۆپەرنیک خۆر لە ناوەندی سیستەمی خۆردا دادەنێ:** تۆوی شۆڕشی زانستیی لە سەردەمی ڕینسانسدا چانرابوو، بەڵام کاتێک چرۆی کرد، کە لە ساڵی ١٥٤٣دا، ئەستێرەناسی پۆلۆنیایی (نیکۆلا کۆپەرنیک) (١٤٧٣-١٥٤٣) بەپێچەوانەی ڕای ئەستێرەناسەکانی یۆنانەوە ڕایگەیاند کە زەوی و ئەستێرەکانی تر بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە. وێنەی ئاڕاستەکراوی کۆپەرنیک سەبارەت بەجیهان، جیهانناسیی کۆن و سوننەتی هەڵگەڕاندەوە و گەلێک بیروڕای جیاوازی لە زەمینەی ڕاستییەکانی جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا دووچاری گومان کرد و تێبینییەکانی پلەیەکی بەرزتریان سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەیە ئاڕاستە کرد. کەنیسەی کاتۆلیک کە لە ئاکامی بەرینیی ئەم بیرەوە ترسی لێ نیشتبوو، گالیلیۆی (١٥٦٤-١٦٤٢) ناچار کرد کە بۆچوونەکانی کۆپەرنیک ڕەد بکاتەوە و جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر تیۆرییەکانی پێشوو کە بەگوێرەی ئەوان زەوی ناوەندی گەردونە.





**گالیلیۆ جوبیتەر و مانگەکانی دەدۆزێتەوە:** نە کەنیسە و نە هیچ کەسێکی تر نەیتوانی بەر بەتوێژینەوە زانستییەکان بگرێ. گالیلیۆ دەربارەی هێزی کێشتی زەوی (جازبەی زەوی) بەگوێرەی جوڵەی کەلوپەل لە شوێنی سەرەوژێردا کۆڵییەوە. هەروەها تەنیا کەسێک بوو کە کەڵکی لە دوربین بۆ توێژینەوەی ئەستێرەناسیی وەرگرت.

**ئیزاک نیوتۆن تیۆری جازبەی گشتی ڕێک دەخات:** لە ئاکامی ئەو دۆزینەوە زانستییانەدا، سەرەڕای شتیتر، دۆزینەوەی چوار مانگ لە مانگەکان بوو. ئیزاک نیوتۆن (١٦٤٢- ١٧٢٧) بەپشت بەستن بەهەوڵەکانی گالیلیۆ و زانایانیتر، یاسا بنەڕەتییەکانی جوڵەی کەلوپول و جازبەی گشتیی ڕێکخست.

بۆ چی کاتێک کە باس لە جوڵانەوەی زانستی دەکەین، لە شۆڕش دەدوێین؟ چونکە مەبەست لە پەیدابوونی شێوە بیرکردنەوەیەکی نوێیە کە شتێک پێک دێنێ، کە پێی دەڵێین ڕەوشی زانستیی و گرنگیی شێوازی زانستیی لە جێگەی بیر کردنەوەکان و ڕونکردنەوەکان و بۆچوونی فەیلەسوفەکانی کۆن دادەنێ. زانایانی ئەمڕۆ قبووڵیانە کە تیۆرییەکانی زانستیی پەیوەندییدار بەسروشتەوە دەبێ لە ئەزمونەوە سەرچاوە وەربگرێ و دوایی لە ڕەوتی تاقیکراوەکاندا کۆنترۆڵ بکرێن، چونکە ئەم ئەزمونە بیرێکی بێخەوش نییە، کە تەنیا پێوانەی ناسینی ڕاستییەکان بێت. لە سەدەی شانزدەیەمەوە شۆڕشی زانستیی درێژەی بەگەشەکردنی خۆیدا و لە چەند ساڵی دواییدا دەرەتانی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهاتەی (ئەتۆم) و ڕێکخستنی تیۆریی ڕێژەی (نسبیەت) و تیۆریی (کوانتا) و ناسینی یاسامەندییەکانی (تێرمۆدینامیک)ی بۆ ئێمە دەستەبەر کرد، کە پایەدارێژەری بیری چۆنیەتی پەیدابوونی جیهانە.

**دۆزینەوەی ئامێری هەڵم لە لایەن جەیمز واتەوە:** شۆڕشی پیشەسازییش بەڕادەی شۆڕشی زانستیی گرنگ بوو. بەگشتیی دەستپێکی ئەم شۆڕشە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٧٦٥ و هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی ئامێری

هەڵمی پەستراو لە لایەن ئەندازیارێکی سکۆتلاندیی بەناوی جەیمز وات (١٧٣٦- ١٨١٩). لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ و زاڵبوونی بەسەر ئاگر و کۆنترۆڵکردنیدا، ڕێگا بۆ دامەزراندنی شارستانییەت کرایەوە و ئامێری هەڵم بەکەڵک وەرگرتن لە ئاگر، بنەمای شارستانییەتی پیشەسازیی داڕشت.

**بریتانیای مەزن لە ڕیزی پێشەوە:** لە سەرەتادا، چینێکی نوێ کارگەی بچوکیان دامەزراند، کە ئامێر کاری مرۆڤیان دەکرد و یارمەتییان بەزیاترکردنی بەرهەم دەدا. دوای ئەوە، سەرچاوەی نوێی وزە وەک ئێلێکتریستە و موتۆر دۆزرانەوە.

شۆڕشی پیشەسازیی لە دەسپێکدا بەبێ پسانەوە گەشەی سەند و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، تێلیڤیزیۆن، کەشتییە ئاسمانییەکان و وزەی ئەتۆمیی پەیدابوون. لە ماوەی چەند هەزارەدا، مرۆڤ لە چەرخی سواڵەتەوە پێی نایە سەردەمی دروستکردنی کۆمپیوتەر و لە سەردەمی برۆنزەوە گەیشتە سەردەمی ئاسمانەوە (فضا).

پێشبینییکردنی قۆناخەکانی دوایی دژوارە، بەڵام ڕونە تێکنولۆجیا بەشێوەی جۆراوجۆر پتر لە هەر هێزێکی تر گەشە بەمێژوو دەدات. شۆڕشی پیشەسازیی کە لە بریتانیای مەزنەوە دەستیپێکرد، هێز و پلەیەکی بەرچاوی بەو وڵاتە بەخشی، بەجۆرێک کە بریتانیا کۆنترۆڵی دەریاکان و بازرگانیی جیهان بەدەست بگرێت. دوای ئەمە ئیمپراتۆرییەکی دامەزراند، کە بێگومان یەکەم ئیمپراتۆریی نەبوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە تێکنیک بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی کەڵکی وەردەگرت، بەڵام یەکێک لەو ئیمپراتۆرییانە بوو کە ئاسانتر بەئامانج گەیشت. شۆڕشی پیشەسازیی لە هەموو ئەوروپادا بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا کە ئەوروپا لە ڕیزی پێشەوەی جیهاندابوو، بەیارمەتی شۆڕشی پیشەسازیی بەپلەیەکی بەرزی گەشەکردن گەیشت، بەچەشنێک کە مێژووی جیهان بەهەڵە لەگەڵ مێژووی ئەوروپا وەردەگیرێت. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، هیندستان بەتەواویی لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا بوو و لە پەنجا ساڵی دوایی‌دا نۆرەی قارەی ئەفریقا گەیشت کە لە نێوان چەند وڵاتی ئەوروپاییدا بەش بکرێت. ئەوروپای کۆلۆنیالیست بەبێ پسانەوە و بەبەردەوامیی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان دەکردەوە و وڵاتی چینیش کە سەرەتا توانی خۆی ڕابگرێت، بەرەبەرە لەگەڵ دەستدرێژییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕاهات. چین کە سەردەمێک دۆزراوەکانی وەک ئوستەرلاب و باروتی بۆ دەرەوە دەگواستەوە، ئێستا لەم دۆزراوانە دژی خۆی کەڵک وەردەگیرا.

**ژاپۆن دەرگاکانی بەسەر ڕۆژئاوادا دەکاتەوە:** ساڵی ١٨٥٤، کەشتییەکانی ئەمریکا خۆیان گەیاندە ژاپۆن. دوای بەربەرەکانییەکی زۆر لەگەڵ بیر و تێکنۆلۆژیای ڕۆژئاوادا، سەرئەنجام ژاپۆنیش لەگەڵ هەلومەرج ڕاهات، تا بەزانیارییەوە لە دەستکەوتەکان سود وەرگرێت و لە تالانکردنی وڵاتی چینیشدا بەشێکی پێ بگات. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، دەوڵەتی ئیتالیا و ئالمان یەکیان گرت و هاوسەنگیی ئەوروپایان






سەرەوژێر کرد. ئالمان بوو بەهێزی سەرەکی سەربازیی لە ئەوروپادا و تەنانەت بەرلەوەی کە بەتەواویی لەگەڵ ئیتالیا یەک بگرێت، لە ساڵی ١٨٧٠دا فەرانسەی داگیرکرد. لە نێوان ساڵانی ١٨٧٠-١٩١٤، ئەوروپا کە لە ئەسڵدا خاوەنی جیهان بوو، لە چەند هێزی گەورە و بچوک پێک هاتبوو، کە لەسەر دەسەڵات دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد. ئەم دەوڵەتانە لە کەناڵی جیاوازەوە، بەشێوەیەکی ئاڵۆز یەکیان گرت و خۆیان لە داوی یەکگرتنەکەیاندا دیبیەوە. شەڕ تەواوی قارەی ئەوروپای داگرت و ئەوروپا لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرینتردا ئەو هەڵەیەی دووپات کردەوە کە یۆنانییەکانی کۆن و ڕینسانسی ئیتالیا و وڵاتانی پێکهێنەری ئەوروپا توانای سازانیان لەسەر بەرژەوەندە هاوبەشەکان نەبوو.

**شەڕە جیهانییەکان:** جێگەی خۆیەتی کە دوو شەڕی گەورەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەتەواویی بەشەڕی ناوخۆی ئەوروپا بزانین، تەنانەت ئەگەر هەموو بەشەکانی تری جیهانیشیان گرتبێتەوە. لە شەڕی

یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨) و لە شەڕی دووەمدا (١٩٣٩-١٩٤٥)، ئاڵمان بەرلەوەی کە بەشێوەیەکی شەرمهێنەر بشکێت، بەزنجیرەیەک سەرکەوتن دەستی بەشەڕ کرد. ئەو شەڕانە بوونە هۆی وێرانکردنی ئەوروپا و تەنانەت وڵاتە سەرکەوتووەکان. ترسناکترین نمونەی پێویست دەربارەی شەڕ، گرفتێک بوو کە مرۆڤایەتی بۆ چارەسەرکردنی پەنای بۆ توند و تیژیی دەبرد.

هۆی ئەو شەڕە جیهانییانە بەگشتیی هەرئەو گرفتانە بوون کە هەشت نۆ هەزار ساڵ پێش زایین هەبوون، بەڵام لەبەر گەشەکردنی تێکنۆلۆژیا، بۆ یەکەم جار، شەڕە ناوچەییەکان هەموو مرۆڤایەتی لەخۆیدا کۆکردەوە. دۆزینەوە و بەدوای ئەودا کەڵک وەرگرتن لە چەکی ئەتۆمیی لە لایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەدروستیی پێشانیدا کە هیچ کەس ناتوانێ لە ئاکامەکانی ناحەزیی شەڕێکی جیهانییدا خۆی بپارێزێت. دوای ساڵی ١٩٤٥، ئەوروپا بۆ نوێکردنەوەی سەرلەنوێی خۆی، پێویستی بەهاوکاریی ئەمریکا هەبوو، کە تەنیا هێزێک بوو کە تا ڕادەیەک لە ئارامییدا بوو و شەڕ زیانێکی زۆری پێ نەگەیاندبوو. ئەوروپا سەرلەنوێ پێی گرتەوە، بەڵام بۆ هەمیشە دەسەڵاتی بەسەر بەشەکانی جیهاندا لە دەستدا. ئیمپراتۆرییە کۆلۆنیالیستەکان لەناوچوون و کۆلۆنییەکانی ئەفریقا، ئاسیا و جێگاکانی‌تر بەدوای شەڕی دووەمدا، سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەکان لە دوو لایەنەوە جێگای سەرنجە: یەکەمیان توانەوەی (تحلیل) شارە گرنگە سەرەکییەکان و ئەویتریان شەڕە ڕزگارییخوازەکان کە بۆ ئازادیی و دیموکراسی بەرپا دەبوون و ئاکامیان بەدەستخستنی هەلی پێویست بۆ ئازادیی وڵاتە کۆلۆنییەکانە. گومان ناکرێت کە ئیمپراتۆرییەکان هەزاران ساڵە لە شکاندان و ئاکامەکەی پەندوەرگرتن لە سەردەمی ئێمەیە کە تێکنۆلۆژیا پارێزەری ئیمپراتۆرییەکان نییە و ڕوخانی دوا ئیمپراتۆری سەدەی بیستەم واتە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩١دا سەلمێنەری ئەم ڕاستییە.

بە نزیکبوونەوەی ساڵی ٢٠٠٠ی ز ئەوروپا سەرەڕای دەستکەوتەکانی کە چوار سەدە و نیو هەوڵی کۆکردنەوەی دابوون بۆ لە دەستدانیان تەنیا لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا، هێشتا دەسەڵاتی ئابوری بەهێز و سیاسەتێکی پوختە و سەرسوڕهێنەری هەبوو. لە لایەکی‌ترەوە لەوە دەچوو کە خەوی هەمیشەیی یەکگرتنی ئەوروپا لە گەشەکردندا بێت: پێکهاتنی کۆبوونەوەکان و یەکگرتنی ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەو لەمپەرانەی هەڵگرت کە نەتەوەکانی ئەوروپایان لێک جیادەکردەوە و هەڵگەڕانەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هیوای ئەوەیان پێک هێنا کە ڕۆژێک لە دەریالوشی ئەتلەسییەوە تا چیاکانی ئۆراڵ یەکتر دەگرنەوە. خاچهەڵگرەکان ئیمپراتۆرییەکی لاتینیان دامەزراند، بەڵام بیزانس ئەوی بەڕەسمیی نەناسی و لە ساڵی ١٢٦١دا، بۆ جارێکی‌تریش کۆنترۆڵی کۆنستانتینۆپلی گرتەوە دەست. بەهەرحاڵ، ئیمپراتۆریی نوێ تەنیا نیسێیەک (سایە) بوو لە ئیمپراتۆریی ڕابوردوویان. هۆزێکی‌تری تورک واتە عوسمانییەکان بوونی خۆیان لە ئاسیای بچوکدا سەلماند و لە هەمان کاتدا، بولگارەکان و سەربەکان خەریکی داگیرکردنی باڵکان بوون.



**کۆنستانتینۆپل لە لایەن تورکەکانەوە داگیر دەکرێت:** ساڵی ١٣٥٤ عوسمانییەکان خزانە ئەوروپا و لە سەرانسەی باڵکاندا بڵاوبوونەوە. ئیمپراتۆریی بیزانس تەنیا سەدەیەک تەمەنی مابوو. ساڵی ١٤٥٣ تورکەکان کۆنستانتینۆپلیان داگیرکرد و کۆتاییان بەژیان و داب و نەریتی دووهەزار و دووسەد ساڵەی ڕۆمییەکان لەو وڵاتەدا هێنا.

شێوەیەکی‌تری نەریتی بیزانس لە ڕوسیا مابووەوە و ڕوسیاش چووە سەر ئایینی مەسیحییەتی (ئۆرتۆدۆکس) و لە ساڵی ١٠٠٠دا، دەوڵەتێکی بەهێزی لە وڵاتی ئۆکراینای ئەمڕۆ پێک هێنا کە پایتەختەکەی (کییف)ە. سەرەڕای ئەوە، لە ساڵی ١٢٣٧دا، سوپای مەنگۆل لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتە ڕوسیا و بەشێکی لە کییف و بەشەکانی تری وڵاتی داگیر کرد.

بۆ ماوەی پەنجا ساڵ ڕوسیا لە بندەست مەنگۆل (تاتار)ەکاندا بوو. ئەوان بەجیاکردنەوەی ئەم وڵاتە لە ئەوروپا، نەیانهێشت بەشداریی بکات لە بووژانەوەی فەرهەنگیی ڕۆژئاوا و لە دەرەوەی ڕینسانسدا ڕایانگرت. ساڵی ١٣٨٠، (دمیتر)ی یەکەم شازادەی مەزنی مۆسکۆ لە شەڕی (کولی کور)دا بەتوندیی تاتارەکانی شکاند. بزوتنەوە درێژەی هەبوو و بەسەرۆکایەتی (ئیوان)ی سێیەم (١٤٦٢- ١٥٠٥)، سەرئەنجام تاتارەکان شکان و ڕوسیا سەربەخۆیی تەواوی بەدەستهێنا. لە ساڵی ١٤٧٢دا، ئیوانی سێیەم، (زوئە) یا (سوفە)، نەوەی کۆنستانتینی یانزدەیەم ئیمپراتۆری بیزانسی مارە کرد. ئامانجی ئیوان بەدەستخستنی میراتی نەتەوەیی ڕۆم بوو. ئەو بەناوی (تزار) (وشەی گۆڕاوی سزار)ی لەسەر خۆی دانا و مۆسکۆ کە خۆی بەڕۆمی سێیەم دەزانی، کرد بەپایتەختی ڕوسیا. کۆنستانتینۆپل بەڕۆمی دووەم دەناسرا.

**دەستپێکردنی سەڵتەنەتی ئیوان مەخۆف لە ڕوسیا:** لە سەردەمی ئیواندا کە بەمەخۆف دەناسرا ڕوسیا هەوڵیدا یەکێتی نەتەوەیی دامەزرێنێت. لە شازادە نشینەکانی ڕوسیاوە تا وڵاتانی کەم نفوزیی کەنارەکانی دەریالوشی سەهۆڵیی باکور یەکیان گرت. لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی شانزدەیەمدا، دوا دەستکەوتەکانی تاتارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ڕوسیادا کەوتە دەست ئیوان و دوای ئەوە، هەموو ڕووباری (ڤۆڵگا) تا دەریای خەزەر لە دەست مۆسکۆدا بوو. لە بواری جوگرافیاییەوە، ڕوسیا گەورەترین وڵاتی ئەوروپایی بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی لە ساڵی ١٦٠٠دا هێشتا لە سنووری دە میلیۆن کەس تێنەپەڕیبوو، واتە نیوەی دانیشتووانی فەرانسە. دوای مەرگی ئیوانی چوارەم، سەردەمی دژوارییەکان سەری هەڵدا و لە ساڵی ١٦١٣دا و لە سەردەمی دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەیەکی نوێ بەناوی (ڕۆمانۆڤ) کۆتایی پێ هات. ئەم بنەماڵەیە پاشای بەهێز و لێهاتووی پێشکەشی ڕوسیا کرد. بەتەواوی یارمەتیی وڵاتیان دا، کە لە دواکەوتوویی ڕزگاری بێت و خۆ بگەیەنێتە پلەی ئەوروپای ڕۆژئاوا و لەم بوارەشدا هێندێک پێک هەڵپڕژان لە نێوان ڕوسیا و ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا.

**پێترۆسی مەزن ڕوسیا لە ڕۆژئاوا نزیک دەکاتەوە**: لە نێوان پاشا چاکسازەکاندا دەکرێ ئاماژە بۆ (پێترۆس)ی یەکەم بکەین کە لە ساڵی ١٦٨٩دا بوو بەتزاری ڕوسیا. پێترۆسی یەکەم کە خاوەنی هێزێکی لەبن نەهاتوو بوو، بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەوڵیدا و داب و نەریت و زانست و فەرهەنگی ئەوروپای ڕۆژئاوای بۆ ڕوسیا بەدیاریی هێنا و لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکەیدا پایتەختێکی نوێی بەناوی (پێترۆس بۆرگ) دامەزراند.

هەروەها، پێترۆس سویدییەکانی لە شەڕی (پۆلتاوا) لە ئۆکراینا شکاند. ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن بوو، چونکە سویدییەکان بۆ ماوەی حەفتا ساڵ تەنیا دەسەڵاتداری گەورەی باکوری ئەوروپا بوون. دوای ئەمە، نۆرەی ڕوسیا بوو کە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بەدەستپێکردنی بیست ساڵی دوایی سەدەی شانزدەیەم، بازرگانەکانی ڕوسیا لە ئوڕال تێپەڕین و گەیشتنە سیبریا. لەگەڵ پێترۆسی مەزن تا دەریالوشی ئارام چوونە پێشەوە و مەزنترین وڵاتی گەورەی جیهانیان پێک هێنا کە تا ئەمڕۆش بەم جۆرە ماوەتەوە. گەشەکردنی ڕوسیا بەچەشنی ئەوروپا بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی (کاترین)ی دووەم (١٧٦٢-١٧٩٦) ڕوسیا کۆنترۆڵی کەنارەکانی باکوری دەریای ڕەشی لە دەست تورکەکان دەرهێنا و لەگەڵ (پروس) و (ئوتریش- نەمسا)، پۆڵۆنیا (لهستان)ی دابەشکرد و نیوەی ئەم وڵاتەی خستە دەست خۆی. ڕۆڵی ڕوسیا لە ئەوروپادا لە ساڵی ١٨١٢ و لەو سەردەمەدا کە ناپلیۆن هێرشی بۆ برد و شکستی خوارد، چارەنوسیی بوو. ساڵی دوایی، ڕوسیا کە لەگەڵ ئوتریش و پروس یەکی گرتبوو، هێزەکانی ڕەوانەی ڕۆژئاوا کرد و لە ساڵی ١٨١٤دا بەشداریی کرد لە داگیرکردنی پاریسدا. سەرکەوتنی ڕوسیا تەنیا ئاکامی پۆزەتیڤی بۆ ئەم وڵاتە نەبوو. لە ئەسڵدا، ئەو وڵاتەی کرد بەبنکەیەکی بەهێزی دیکتاتۆرییەت و سەرەڕۆیی لە ئەوروپادا و لە کاتێکدا شۆڕشەکان ئەوروپای ڕۆژئاوایان بەرەو کزیی دەبرد، ڕوسیا وەک وڵاتێکی سەرەڕۆ مایەوە.

کارتێکەریی شۆڕشی پیشەسازیی کە ڕۆژئاوای بەرەو پێشەوە دەبرد لە ڕوسیادا لاواز بوو. نەتەوەکانی ڕۆژئاوایی پتر هێزیان دەگرت و ڕوسیاش بەتوندیی بەرەو دواوە دەکشایەوە. ئەم دیاردەیە تەنیا بەهۆی لاوازیی پیشەسازیی وڵات نەبوو، بەڵکو لەبەر نەبوونی پەروەردە و بارهێنانی دانیشتووان و لێ نەهاتوویی دەوڵەتی ڕوسیا بوو. لەبەر ئەوە، سەیر نەبوو کە ڕوسیا لە لایەن بریتانیا و فەرانسەوە لە ساڵی ١٨٥٦دا لە شەڕی کەریمەدا بشکێ. ڕوسیا لە ساڵی ١٨٧٨دا تورکەکانی شکاند، بەڵام بەهۆی گوشاری دەوڵەتە زلهێزەکان ناچار بوو لە دەستکەوتەکانی چاو بپۆشێت. هەروەها ڕوسەکان لە شەڕی ١٩٠٤- ١٩٠٥دا، لە بەرامبەر ژاپۆنیەکاندا بەتوندیی شکان. ئەمە کاتێکی مێژوویی بوو کە شۆڕشی پیشەسازیی خۆی خزاندە ناو ڕوسیا و چینی خوێندەواری وڵات شێلگیرانە خوازیاری بەڕێوەبردنی دیاردەی چاکسازیی بۆ ناساندنی پتری خۆیان بوون. شکانی ڕوسیا لە بەرامبەر ژاپۆندا، زەنگی مەترسی شۆڕشێکی لێ دەدا و دەوڵەت بەدژواریی توانی بەسەریدا زاڵ بێت و کاتێک کە شەڕی یەکەمی جیهانیی سەریهەڵدا و ڕوسیا لە بواری سەربازییدا لە بەرامبەر ئاڵمانییەکاندا شکا، نارازیی بوونی گشتیی بەتەواویی لە وڵاتدا زەق کردەوە.



**شۆڕشی ڕوسیا**: ساڵی ١٩١٧ شۆڕشێک لە ڕوسیادا ڕوویدا، کە تزار نیکۆلای دووەم کە لە ساڵی ١٨٩٤وە سەرۆکی ڕوسیا بوو، ناچارکرد خۆی بکێشێتەوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورتی دیموکراتیی، توندڕەوترین شۆڕشگێڕانی ڕوسیا واتە بۆلشەڤیکەکان بەڕێبەرایەتی لینین دەسەڵاتیان گرتەدەست. دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە هەوڵی خنکاندنی شۆڕشی ڕوسیایاندا و هێزەکانیان ڕەوانەی ڕوسیا کرد تا پشتی نەیارانی بۆلشەڤیکەکان بگرن، بەڵام ڕژێمی نوێ لە چوارچێوەی دیکتاتۆریی تاکە حیزبییدا درێژەی بەژیاندا و لە هەموو ڕوسیادا پێی گرت. تەنیا بەشی ڕۆژئاوای ڕوسیا توانی دەوڵەتی سەربەخۆی پۆڵۆنیا، فینلاند، لیتوانیا، لێتلاند و ئستوانیا دامەزرێنێت. لە قۆناخی دواییدا، یەکێتیی سۆڤیەت کە لە لایەن بۆلشەڤیکەکانەوە دامەزرابوو و کۆمونیست ناسێنرا، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا گەمارۆ کرا.

**هیتلەر لە ئاڵمان بەدەسەڵات دەگات**: ئاڵمان بەدوای شکانی لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا بەسەرۆکایەتی بێ بەزەیانەی ئەدۆڵف هیتلەر، سەرلەنوێ خۆی گرتەوە. ئەدۆڵف هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا بەدەسەڵات گەیشتبوو. بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە مەترسیهێنەرەکانی، بریتانیای مەزن و فەرانسە بەتەواویی پێویستیان بەچەند هاوپەیمان هەبوو، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵیاندا لە یەکێتیی سۆڤیەت نزیک بنەوە، بەڵام سۆڤیەت کە بەشێوەیەکی بەهێز لە دەست جۆزێڤ ستالین (١٨٧٩-١٩٥٣)دا بوو، لە بۆچوونی فەرانسەوییەکان و ئینگلیزەکان بەگومان بوو. لە ساڵی ١٩٣٩دا، جیهان توشی سەرسوڕمان بوو. لەو ساڵەدا، ستالین پەیمانێکی دژ بەدەستدرێژیی کردن لەگەڵ دڕندەترین دوژمنی خۆی واتە نازییەکان مۆر کرد. ئاکامی ئەم پەیمانە لە نێوان هیتلەر و ستالین دا ئاوێتەی بێشەرمییەکی تەواو هەردوو لایان بوو و بەرژەوەندەکانی شەخسیی خۆیان لەبەرچاو دەگرت.



بەم جۆرە ئاڵمانیا دوو ساڵی کات بەدەست هێنا تا لەو بۆ هێرشێکیتر بەسەر نەیارانی کەڵک وەرگرێت و لەوە نەترسێت کە لە پشتییەوە هێرشی بۆ بکرێت.

لە لایەکیترەوە، ڕوسیا لەو دەستکەوتە بۆ ئامادەکردنی خۆی بۆ پەلاماردانی ئاڵمان کەڵکی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٤١دا، ئاڵمان بەلاساییکردنەوە لە کردەوەی ناپلیۆن لە سەدە و نیویی ڕابوردوودا، تەواوی ئەوروپای ڕۆژئاوای جگە لە بریتانیای مەزن داگیر کرد. هیتلەر کە بەشوێن سیاسەتی ناپلیۆندا دەچوو، توشی هەمان هەڵەی مەرگ هێنەر بوو. کە ئینگلیستانی داگیر نەکردبوو، هێرشی کردە سەر ڕوسیا و دوای زنجیرەیەک

سەرکەوتنی سەرەتایی، خۆی گەیاندە پشت دەرگاکانی مۆسکۆ، کەچی زستانی ڕوسیا دەستی پێ کرد و ئاڵمانیای لە پێشڕەویی وەستاند. ئاڵمانیا وەک فەرانسە ناچار بوو بەئارامیی و زۆر بەزەحمەت خۆی بکێشێتەوە و بەدوای خۆیدا بیست ملیۆن کوژراوی ڕوسیی بەجێهێڵێت. یەکێتیی سۆڤیەت بەسەرکەوتنەوە کۆتایی بەو شەڕە هێنا، بەڵام تەواوی توانا و وزەی خۆی لە دەستدا. لە دوا مانگەکانی شەڕدا ڕوسیا بەشێکی مەزنی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی خستە دەست خۆی و لە هاوپەیمانەکانی پێشووی جیابووەوە. ئەوروپای ڕۆژئاوا لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بندەستیی یەکێتیی سۆڤیەت، خۆیان لە بەرامبەر (شەڕێکی سارد)دا دییەوە کە چل ساڵی خایاند.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن سەرکەوتووانی شەڕی دووەمەوە پێک هات، ئومێدێک بوو لە ڕێگای ئاسان کردنەوەی ئەو کێشانەی کە لە ئاکامی شەڕدا سەریان هەڵدابوو، بەڵام خۆی لە هەلومەرجێکی نالەباردا دیتەوە. ڕۆژئاوا دەسەڵاتی ئابوریی بەرفراوانی هەبوو، بەڵام بوونی چەکی ئەتۆمی لە لایەن زلهێزەکانەوە، لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە بەکردەوە ڕێگای بەهەرچەشنە شەڕێکی بەرین بەست.

دوای ئەوە، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت، بەهۆی وڵاتێکی سێیەمەوە دژایەتی ئابوری و سەربازیی یەکتریان دەکرد و لە قۆناخی جیاوازدا خۆیان لە ڤێتنام یا لە ئەفگانستاندا دەرگیر کرد، بەڵام ئەم دوو زلهێزە هەرگیز لە جێگایەک لە بەرامبەر یەکتردا ڕانەوەستان.

**هەڵوەشانی بەرەی یەکێتی سۆڤیەت:** پانزدە ساڵ بەرلە کۆتاییهاتنی ئەم هەزارەیە، میخایل گۆرباچۆف، لەژێر گوشاری ئابورییدا، ئاڵوگۆڕێکی قوڵی لە یەکێتی سۆڤیەتدا پێک هێنا. سێنسوری هەڵگرت و دەرەتانی هەڵبژاردنی سیستمی فرە حیزبیی پێک هێنا و وڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی ئازاد کرد، کە بۆخۆیان چارەنوسی خۆیان دەستنیشان بکەن. دوای سەرنەکەوتنی پیلانی وشکەڕەوەکان، لە ساڵی ١٩٩١دا، کۆمارە جیاوازەکانی پێکهێنەری یەکێتیی سۆڤیەت لە یەکتر جیابوونەوە و پرێنسیپەکانی بنەڕەتیی سۆسیالیزمی سۆڤیەتیان بەلاوە نا و ڕوسیا سەرلەنوێ بەم جۆرە لە گۆڕەپانی جیهانییدا خۆی بینییەوە و شەڕی سارد بەسەرکەوتنی ڕۆژئاوا و ڕژێمە دیموکراتەکەی و ئابوری ئازادی ڕوسیا کۆتایی پێهات. بەڵام گۆڕانی بنەڕەتیی لە بنەمای ئابوری ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا بەشەو و ڕۆژێک سەروسامان پەیدا ناکات و تەنانەت بەهۆی دوژمنکارییە نەتەوەییەکانەوە کە لە ڕابوردوودا بێدەنگییان لێکرابوو، هەلومەرج نالەبارترە و هێندێک جار، دۆخەکە چەمکی بەئازاری یگۆسلاڤیای پێشوو یا قەفقاز بەخۆیەوە دەگرێت. لەبەر ئەوە، وڵاتانی بەرەی پێشووی ڕۆژهەڵات پێویستیان بەکاتێکی پترە تا هێمنایەتی خۆیـــان بەدەست بێننەوە.

**ڕۆڵی جیهانی ئیسلام:** گۆڕانکاریی جیهانی ئیسلام لەو ساڵانەی ئەم هەزارەیەدا بەتەواویی جێگای سەرنجە. بەدوای بەرزیی و نزمییەکانەوە، جیهانی ئیسلام خۆی وەک هێزێکی هەڵسوڕ لە کۆمەڵگای



جیهاندا سەلماند. لە ساڵی ١٠٠٠ ز.دا ئیمپراتۆریی عەباسیی بەرەو کزیی چووبوو، بەڵام هۆزەکانی دەوروبەری چوونە سەر ئایینی ئیسلام و هۆزەکانی تورکی ئاسیای ناوەندییان کرد بەخاوەنی ناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریی، هەروەک پێشتر لەناو جەرمانەکان و ئیمپراتۆریی ڕۆمدا بینرا. ئیمپراتۆریی سەلجوقیی لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا و دوای سەرکەوتنی بەسەر بیزانس، لە ساڵی ١٠٩٢ز.دا ڕوخا و ڕێگای بۆ خاچهەڵگرەکان کردەوە کە ئۆرشەلیم بخەنە دەست خۆیان.

جیهانی ئیسلام لە دوا بەشەکەی تری وڵاتەکەیدا بەهۆی پەلاماری مەنگۆلەکان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی سیانزدەیەمدا بەرەو کزیی هەنگاوی نا. بەو حاڵەش هاوکات لەگەڵ شکانی خاچهەڵگران و ڕوخانی ئیمپراتۆریی مەنگۆل، نۆرەی تورکەکانی عوسمانییەکان هات کە کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن.

ساڵی ١٣٩٧، تورکەکان کۆنستانتینۆپلیان گەمارۆدا و ئەگەر تەیموری لەنگ نەبووایە، شاریان داگیر دەکرد. تەیموری لەنگ، کە گوایە یەکێک لە خزمانی چەنکیزخان بوو، ئاسیای ناوەندیی خستە ژێردەست خۆی و تاتارەکانی ڕوسیای لەناو برد و سەرئەنجام تورکەکانیشی لە ساڵی ١٤٠٢، لە شەڕی (ئانگورا) واتە ئەنقەرەدا شکاند. عوسمانییەکان بەمردنی تەیموری لەنگ لەکاتی پێشڕەوییکردنی بەرەو چین ڕزگاریان بوو و لە ساڵی ١٤٥٣دا کۆنستانتینۆپلیان داگیرکرد و بوون بەیەکەم هێزی ئەوروپا. ئیسلام لە سەردەمی هێرشی عەرەبەکانەوە تا ئەوکاتە، هەرگیز بەو ڕادەیە بۆ جیهانی مەسیحییەت مەترسیی نەبوو. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی سەلیمی یەکەمدا (١٥١٢-١٥٢٠)، تورکەکان میسریان داگیرکردو خۆیان گەیاندە کەنارەکانی باکور و دەریای ڕەش[1]. لە سەردەمی حوکمی سلێمانی یەکەم (سلێمانی مەزن)دا (١٥٢٠-١٥٦٦) ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی گەیشت و خەریک بوو شاری ڤیەن داگیر بکات. دوای مەرگی سلێمان هەرچەندە ئیمپراتۆریی بەرەبەرە لاواز ببوو، بەڵام ڤیەنی پەلاماردا. لەوەودوا، ڕۆژئاواییەکان لە زەمینەی سەربازییدا لە تورکەکان بەهێزتر بوون و ئۆتریش توانی بەرەبەرە و بەبێ پسانەوە پاشەکشەیان پێ بکات. لە ساڵی ١٦٩٩دا، تورکەکان ناچار بوون مل بدەن و بەگوێرەی پەیمانێک مەجارستان بەئۆتریش بسپێرن. دوای ئەوە، تورکەکان دەستیان کرد بەزنجیرە شەڕێکی درێژخایەن دژی ڕوسیا و لەبەرامبەر دانیشتووانی وڵاتانی باڵکانیش کە زۆربەیان مەسیحی بوون بەربەرەکانیی کرد. لە ساڵی ١٩١٣دا هیچ جێگایەکی ئەوروپا جگە لە دەوروبەری شاری کۆنستانتینۆپل بەدەست تورکەکانەوە نەمابوو و تەنانەت ڕۆژئاواییەکان، ئەفریقاشیان لەدەست دەرهێنابوون.

بریتانیای مەزن میسری خستە دەست خۆی. ئیتالیا بوو بەخاوەنی لیبیا و فەرانسە، ئەلجەزایر، تونس و مەراکیشی داگیر کرد. لە ساڵی ١٩١٤دا عوسمانییەکان توشی هەڵەی یەکگرتن لەگەڵ ئاڵمانیا بوون

(١) سوڵتان سەلیم لە ساڵی ١٥١٤دا هێرشی کردە سەر سوپای شاسمایلی سەفەوی و لە شەڕێکدا کە بەشەڕی چاڵدێران دەناسرێت سێ لە چواری کوردستانی خستە دەست خۆی و یەک لە چواریشی کەوتە دەست ئێران و لەو ساڵەوە کوردستان بەداگیرکراویی ماوەتەوە- ح.

و ئەمەش هۆی شکانێکی تری بۆ پێک هێنان و ناچارکران عێراق و فەلەستین بدەنە دەست ئینگلیز و سوریا و لیبیاش بەفەرانسە بسپێرن[1] و تەنانەت هێندێک لە هەرێمەکانی ئاسیای بچوکیش کەوتە دەست یۆنان و ئیتالیا، بەڵام لە نێوان شکاوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانییدا، تەنیا تورکیا بوو کە دانی بەشکانی خۆیدا نەنا.

تورکیا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال (١٨٨١-١٩٣٨) پاشەکشەی بەیۆنانییەکان کرد و پەیمانێکی نوێی مۆر کرد کە بەگوێرەی ئەوە تورکیا تەنیا بەخاوەنی ئاسیای بچوک ناسرا. دوایی کەمال بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕێبەرانی ئایینی ئیسلام زنجیرەیەک چاکسازیی بەئەنجام گەیاند و تورکیای تێکەڵی گروپی نەتەوەکانی ئەوروپایی کرد. دوای شەڕی دووەمی جیهانی، نەتەوەکانی موسوڵمان وەک ئوردون، سوریا، لوبنان، عێراق، میسر، لیبیا، تونس، ئەلجەزایر و مەراکیش سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. جیهانی عەرەب کاتێک گرنگایەتی پەیداکرد، کە دەرکەوت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەورەترین پاشەکەوتی نەوتی جیهانی هەیە.

ئەو دۆزینەوەیە دەسەڵاتێکی سەرسوڕهێنەری بۆ عەرەبەکان دەستەبەرکرد، چونکە جیهانی پیشەسازیی مۆدێرن بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بەوزەی بەدەست هاتوو لە نەوت هەبوو. عەرەبەکان دەیانتوانی بەیەکگرتنی خۆیان پتر دەسەڵات بەدەست بێنن. پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨دا (کە پێکهێنەری سەرلەنوێی ناوەندێکی نەتەوەیی جولەکە بوو بەدوای هەژدە سەدەدا) بۆ عەرەبەکان هەلێکی بەم جۆرە بوو، بەڵام ئەوان نەیانتوانی لەو هەلە سود وەرگرن. لە ساڵی ١٩٧٩دا، موسوڵمانە توندڕەوە فونداما نتالیستەکان لە ئێراندا کە پێشتر وڵاتێکی ئیمپراتۆریی بوو، دەسەڵاتیان بەدەست گرت. ڕژێمی ئیسلامیی هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر دراوسێکانی و شەڕێکی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق دەست پێ کرد[2][3]. شەڕێکی تر، بەڵام ناوخۆیی بۆ ماوەی شانزدە ساڵ تا ساڵی ١٩٩٠ لە لوبنان دەستی پێ کرد و مەسیحییەکان، موسوڵمانەکان، فەلەستینییەکان و سورییەکان پێک هەڵپرژان. داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی کورت لە کەنداوی فارسدا، کە لە ڕەوتییدا، وڵاتە پێشکەوتووەکان پێکەوە و لەژێر ئاڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا سەربەخۆییان بۆ کوەیت گەڕاندەوە. لەبەر ئەوە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک هەرێمێکی لە ڕادە بەدەر ئاڵۆزی جیهان مایەوە و هۆیەکەشی بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ گرفتی وڵاتە عەرەبەکان و داگیرکردنی

(١) لێرە بۆ جاری دووەم کوردستان لەت کرا. بەشێکی کەوتە دەست عێراق و بەشێکیشی بۆ سوریا و دوو بەشەکەی تریشی لە دەست ئێران و تورکیادا ماوەتەوە- ح.

(٢) لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا هاتووە: لە ساڵی ١٩٧٩دا، موسوڵمانە ئازاکان لە ئێراندا کە پێشتر وڵاتێکی ئیمپراتۆریی بوو، دەسەڵاتیان گرتەدەست. ڕژێمی ئیسلامیی هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر ڕۆژئاوا و بەم هۆیەوە بەهاندانی ئەمریکا و ئەوانی تر، شەڕێکی هەشت ساڵە و نادیار لە نێوان ئێران و عێراقدا سەری هەڵدا.

(٣) کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستاش شێوەیەکی نوێیە لە ئیمپراتۆریی پارت کە بەشێوازی ئەمڕۆیی نەتەوەی کورد، ئازەری، بلوچ، تورکمان و عەرەبی لەژێر دەستییدا ڕاگرتووە و لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان بێبەشی کردوون.



بەشێکی خاکەکەیان لە لایەن ئیسرائیلەوە لە شەڕی ١٩٦٧دا.

لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٠ی ز نزیک دەبینەوە، کە چارەنوسی ئاشتیی بەتایبەت لەو هەرێمەی جیهاندا کە لانکی شارستانییەت بوو، جێگەی باوەڕپێکردن نییە. بەهەر حاڵ تا ئەوکاتەی کە ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیی بۆ شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەدۆزرێتەوە، جیهانی ئەمڕۆ ناتوانێ هێمنایەتی خۆی دەستەبەر بکات.

**پەیدا بوونی هیندستان:** بەدوای ساڵی ١٠٠٠ی ز.دا، هیندستان وەک ڕابوردوو بەدابەشکراویی مابووەوە و لە ژمارەیەک دەوڵەتی سەربەخۆ پێک هاتبوو، کە بەبەردەوامیی دژایەتی یەکتریان دەکرد. هێندێک جار کاتێک ڕێبەرێکی بەهێز لەو هەرێمە پان و بەرینەدا بەدەسەڵات دەگەیشت، تا ڕادەیەک هێمنایەتی بەدیی دەهات، بەڵام بەگشتیی ئەم هێمنایەتییە بەدوای مردنیدا، دەستبەجێ لەناو دەچوو. هەروەها هیندستان لەگەڵ نەیارییەکی ترسناکیش ڕووبەڕوو بوو، کە بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بۆ پەلاماری تەیموری لەنگ بۆ بەشی باکوری وڵات بکەین کە بەکردەوە شاری دیلهی وێرانکرد و هۆیەکەشی تەنیا دەگەڕایەوە بۆ پێخۆشبوونی تەیموری لەنگ.

**کەشتییەکانی پۆرتوگال بەدەوەی ئەفریقادا دەگەنە هیندستان:** ساڵی ١٤٩٨، دۆزەرەوەیەکی پۆرتوگالیی بەناوی (ڤاسکۆدیگاما) (١٤٦٠-١٥٢٤) گەیشتە هیندستان و لە درێژەی کەنارەکانی ئەم وڵاتەدا بنکە و بارەگای بازرگانیی دامەزراند. پۆرتوگالییەکان لە ساڵی ١٥١٠دا، (گوا)یان خستە دەست خۆیان و کردیان بەبنکەیەکی گرنگی خۆیان. بەم جۆرە، دەستێوەردانی ئەوروپاییەکان لە هیندستان دەستی پێ کرد و چەند سەدە درێژەی هەبوو.

**بابر دەسەڵاتی مەنگۆل بەسەر هیندستاندا دەسەپێنێ:** ساڵی ١٥٢٦، (بابر) کە خۆی بەنەوەی چەنکیزخان دەزانی، ئیمپراتۆریی مەگۆل (وشەی گۆڕاوی مەنگۆل)ی دامەزراند. لەژێر دەسەڵاتی ئەودا، هیند بۆ ماوەیەکی زۆر هێزی گەورەی هەرێم بوو. ئەم ئیمپراتۆرییە بەسەرۆکایەتی نەوەکەی (ئەکبەر) (١٥٤٢-١٦٠٥) کە لە ساڵی ١٥٥٦دا بەدەسەڵات گەیشت، پتر هێزی بەخۆیەوە گرت و مەنگۆلەکان توانیبوویان شازادە نەیارەکانی هیندستان بشکێنن، بەڵام توانای دەرکردنی پۆرتوگالییەکانیان نەبوو. (شاجیهان) نەوەی ئەکبەر بەدروستکردنی (تاج محەل) لە شوێنێک بەناوی (ئاگرە) لە نێوان ساڵانی ١٦٣٢ و ١٦٥٣دا ناوبانگی دەرکرد. ئەم بینایە گۆڕی هاوسەری شاجیهان بەناوی ممتاز محەل بوو. دوا پاشای گەورەی مەنگۆل، (ئورنگ زیب) بوو کە لە ساڵی ١٦٥٨-١٧٠٧ حوکمی کرد. لەو سەردەمەدا، پۆرتوگالییەکان بەتوندیی دەسەڵاتیان دابەزی بوو، بەڵام ئینگلیزەکان خەریکی ڕەگاژۆیی کردن بوون و لە ساڵی ١٦٦١دا بارەگایەکی هەمیشەییان لە بۆمبایی دانا و چونکە فەرانسەوییەکانیش دەیانویست بنکەیەک بۆخۆیان دانێن، ئینگلیزەکان بەرەبەرە بەربەرەکانییان لەگەڵ کردن. لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمی زایینییدا، بریتانیای مەزن و فەرانسە لە ئەوروپا و ئەمریکا لە ڕووبەڕووی یەکتردا ڕاوەستان

و کێشەکەیان پەرەی‌سەند و خۆی گەیاندە هیندستان. حوکمڕانی فەرانسەویی (دوپلکس) (١٦٩٧-١٧٦٣) هەوڵی دەدا لە نێوان دەسەڵاتدارانی هیندستاندا کێشە پێک بێنێ، بەڵام (ڕۆبێرت کلیو)ی ئینگلیز لەو زەمینەیەدا پێشدەستیی کرد.

ئینگلیزەکان لە (کالکوتا) نیشتەجێ بوون، بەڵام لە ساڵی ١٧٥٦دا، شار لە لایەن شازادەیەکی هیندستانییەوە داگیرکرا. بەگوێرەی مێژوو، ئەم شازادەیە لەوپەڕی گەرمادا پتر لە سەد کەسی لە هۆدەیەکی بێ هەوادا زیندانیی کرد، کە زۆربەیان مردن. کلیو لە ساڵی ١٧٥٧دا کالکوتای داگیر کردەوە و لە شەڕی (پلاسی)دا شازادەی هیندستانیی شکاند. بریتانیای مەزن (بەنگاڵ)ی خستە دەست خۆی و بەرەبەرە لە هیندستاندا ڕۆڵی داوەریی (حەکەم) گرتەبەر و ئیمپراتۆریی مەنگوڵ یا مەگویڵی مەزنی وەک هێمایەک هێشتەوە. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمی زاییندا، ئینگلیزەکان بەگەشەسەندنی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەندییدا، دەسەڵاتی خۆیان لە هیندستاندا لە مەترسییدا بینی. کێشەی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتدارە گەورەیە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەردەوام بوو. تەنانەت بەریتانیای مەزن گروپێکی ڕەوانەی ئەفگانستان کرد تا ئەو وڵاتە لە دەستی ڕوسیا بەدور ڕاگرێ. لە ساڵی ١٨٥٧دا، ئینگلیز بەهۆی شۆڕشی (سێ پایە)کان (سەربازانی هیندستانیی کە لە خزمەت دەوڵەتی ئینگلیزدا بوون)، دەسەڵاتی بەرەو کزیی چوو و کوشتاری ژنان و منداڵانی دانیشتووی شارە گرنگەکان لە لایەن شۆڕشگێرانەوە بوو بەهۆی تێکشکاندنی دڕندانەی شۆڕش لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە. ئیمپراتۆریی مەنگوڵ لەناوچوو و هیندستان بەشێوەی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر فەرمانی کۆڵۆنیالەوە. دروستکردنی کەناڵی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩دا، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی بەپەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەوروپا و هیندستاندا و بوو بەهۆی ئاوەدان بوونەوەی وڵات. بووژانەوەی ئابوری، دەسەڵاتی ئینگلیزەکانی پتر سەقامگیر دەکرد و لە ساڵی ١٨٧٧دا، شاژن ڤیکتۆریا بەشای هیند ڕاگەینرا و لە ڕیزی بنەماڵەی لەناوچووی مەگول دانرا. سەرەڕای ئەوە، هیندییەکان هەرگیز یاسای بەسەردا سەپێنراویان قبووڵ نەکرد و پتر لە ڕابوردوو هەوڵی ڕزگاربوونی خۆیان دا. بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانیان داوای سەربەخۆییان دەکرد کە گرنگترینیان (گاندی) (١٨٦٩-١٩٤٨) بوو، کە هیندییەکانی بۆ خەباتێکی هێمنی بەبێ توندوتیژیی هاندەدا و لە ساڵانی دواییدا لە هەموو جیهان و تەنانەت لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا بەشێکی زۆر لایەنگرییان لێ کرد. لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا، هیندستان بەدڵ پشتیوانی لە ئینگلیستان کرد. دەوڵەتی ئینگلیز کە تێکەڵاوی شەڕەکانی جیهان بوو لە ئەوروپادا، نەیدەتوانی وەک پێویست کۆسپی سەر ڕێگای هیندییەکان بێت بۆ ئەوەی کە ئەوان ئازادانە بۆ چارەسەرکردنی چارەنووسی خۆیان هەوڵ بدەن، بەڵام بەکۆتای یهاتنی شەڕ، ئینگلیزەکان هەوڵی کۆنترۆڵی پتری ئەو وڵاتەیاندا و لە بەرامبەر خۆڕاگریی خەڵکی ئەم هەرێمەدا زۆر بەتوندیی جوڵانەوە، بەڵام هیندییەکان لە بەرامبەریاندا لە سیاسەتی پێشنیازکراوی گاندی کەڵکیان وەرگرت.

ڕۆژی دەیەمی ئاپریلی ١٩١٩، هیندییەکان مانیان گرت و بەپێچەوانەی ڕێنوێنییەکانی گاندی لە بەرامبەر ئینگلیزەکاندا توند و تیژییان نواند. دوای سێ ڕۆژ، ئەفسەرێکی ئینگلیز لە وەڵامی ئەواندا



فەرمانیدا بەسەربازەکانی کە لە (ئامریستار) تەقە لە کۆمەڵێک خەڵکی بێ چەک بکەن. لە ئاکامدا، ٣٧٩ کوژران و ٢٠٠ کەسیش بریندار بوون. ئەم کارەی ئینگلیزەکان، ژمارەیەکی زیاتری هاندا کە لەگەڵ شۆڕگێڕانی سەربەخۆییخواز بکەون و هیوا و ئومێدی سازان لە دەست بچێ. دیاربوو کە ئینگلیزەکان دەبووایە سەربەخۆیی هیندستان بەڕەسمیی بناسن، بەڵام سی ساڵی خایاند تا ئەم سەربەخۆییە بەدەست بێت. شەڕی دووەمی جیهانیی بەشێوەیەک ئینگلیزی لاواز کرد، کە نەتوانێ پارێزگاریی لە ئیمپراتۆرییەکەی بکات، بەڵام بەنزیکبوونەوەی سەربەخۆیی، دوژمنایەتی لە نێوان هیندییەکان و موسوڵمانەکاندا پەرەی سەند و هەڕەشەیەکی تری بۆ هیندییەکان پەیداکرد.

کاتێک ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا سەربەخۆیی هیندستانیان قبووڵکرد، هیندییەکان و موسوڵمانەکان نەیانتوانی لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ ڕێک بکەون و تەنانەت گاندیش نەیتوانی قەڵشی نێوان هیندییەکان و موسوڵمانەکان پڕ بکاتەوە. تەنیا ڕێگا چارە ئەوە بوو، کە هیندستان دابەش بکرێت و دوو دەوڵەتی جیاوازی لێ پێک بێت. هیند بەتەواویی وەک خۆی مایەوەو موسوڵمانەکان دەسەڵاتی پاکستانیان (ناوی پاکستان لە وشەیەکەوە وەرگیراوە کە دامەزرێنەری پاکستانە) گرتەدەست، کە لە دوو هەرێمی جیاواز بەهەزار و حەوت سەد کیلۆمەتر لەگەڵ یەکتر هەڵکەوتوون. ئەم دوو هەرێمە بریتی بوو لە پاکستانی ڕۆژئاوا لە باکوری ڕۆژئاوای هیندستان و پاکستانی ڕۆژهەڵات لە باکوری ڕۆژهەڵاتدا.

**سەربەخۆیی و دابەشبوونی هیندستان**: بوونی دوو وڵاتی هیندستان و پاکستان لە پانزدەیەمی ئاوگۆستی ١٩٤٧ەوە ڕەسمییەتیان پەیداکرد. هەردوو وڵات ئەندامی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش بوون و شێوەیەکی نوێی ئیمپراتۆریی بوون لە دامەزراندنی پەیوەندیی لە نێوان کۆڵۆنییەکانی کۆن و نوێی ئینگلیزدا. بەڵام ژمارەیەکی زۆری هیندیی لە ناوچەکانی ژێردەستی پاکستان و موسوڵمانێکی زۆریش لە ناوچەکانی سەربە هیندستاندا دەژیان. لەبەر ئەوە، هاتوچۆی جەماوەر لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا زۆر بوو و لەگەڵ ئەوەشدا هاتوچۆکان تێکهەڵچوونیان بەدواوە بوو و ژمارەیەکی زۆر دەکوژران. لەو سەردەمەدا (جەواهیر لال نەهرۆ) (١٨٨٩- ١٩٦٤) مرید و قوتابی بەوەفا و لێهاتووی گاندی یەکەم پۆستی سەرۆک وەزیرانی لە ئەستۆ گرت. گاندی لە ساڵی ١٩٤٨دا، لە لایەن هیندییەکی توندڕەوەوە کوژرا کە دژی دابەشبوونی وڵات بوو. هیند ئەو دەوڵەتە گرنگانەی کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هیندستاندا بوون ناچار کرد لە دەوری ئەو کۆبنەوە و بەکۆکردنەوەی ئەوان لە ساڵی ١٩٥٠دا دەوڵەتی کۆماریی ڕاگەیاند.

ساڵی ١٩٦٢ هیندستان (گوا)ی کە بۆ ماوەی ٤٥٠ ساڵ بنکەیەکی بازرگانیی وڵاتی پۆرتوگال بوو، خستە سەر وڵاتی خۆی. دوای سەربەخۆیی، نیوەدوورگەی وڵاتی هیند بوو بەگۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی بەردەوام. هیند لەگەڵ پاکستان و چین شەڕی کرد و ناچاربوو لەگەڵ گیروگرفتە گرنگە ناوخۆییەکان، لەوانە کەمایەتی (سیک) ڕووبەڕوو ببێتەوە. نەهرۆ لە ساڵی ١٩٦٤دا کۆچی دوایی کرد و ساڵی دوایی کچەکەی واتە (ئیندیرا نهرۆ گاندی) (١٩١٧-١٩٨٤) لە جیاتی باوکی دەسەڵاتی بەدەست گرت.

ئیندیرا زۆر بەتوندیی دژی سیکەکان جولایەوە و لایەنگرانی پەلاماری گەورەترین پەرستگای پیرۆزی سیکەکانیاندا. بیانوویان بۆ ئەم کارە، شاردنەوەی توندڕەوەکانی حیزبی سیک بوو لەو پەرستگایەدا. لە ساڵی ١٩٨٤دا، ئیندیرا گاندی لە لایەن یەکێک لە پارێزەرانی خۆیەوە کە سیک بوو، کوژرا و ڕاجیڤ گاندی پۆستی سەرۆک وەزیرانی هیندستانی وەرگرت.

دەربارەی پاکستان، بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پێکەوە نەدەسازان. پاکستانی ڕۆژهەڵات کە خۆی بەدەرکراو لە ناوەندی دەسەڵاتدا دەبینی، لە ساڵی ١٩٧١دا ڕاپەڕی و بەیارمەتی هیندستان بەناوی وڵاتی (بەنگلادیش)، سەربەخۆیی بەدەستهێنا. بەنزیک بوونەوە لە ساڵی ٢٠٠٠، داهاتووی نیوەدوورگەی هیند، هێشتا جێی باوەڕ نییە. هیندستان وەک وڵاتێکی مۆدێرن کە شتێکی بۆ گوتن لە زەمینەی جیهانییدا هەیە، پتر لە جاران خۆی دەسەلمێنێت. پیشەسازیی سینەمای وڵات لەوپەڕی شکۆ دایە و پیشەسازیی کۆمپیوتەر بەبەباشی گەشەی کردووە. هەروەها وڵاتی هیندستان خاوەن مەزنترین دیموکراسییە لە جیهاندا، بەڵام لەگەڵ گرفتی مەترسیهێنەری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی ڕووبەڕووە و بەشێکی زۆری گوندەکانی لە برسییەتیدا دەژین.

پاکستان دوای تێپەڕ بوونی ساڵانی زۆر، سیاسەتی دیکتاتۆری سەربازی بەلاوە دەنێت و یەکێکە لە بەهێزترین وڵاتانی موسوڵمانی جیهان. بەنگلادیش کە وڵاتێکی هەرە هەژاری جیهانە، دانیشتووانێکی زۆری هەیە و بۆ مانەوەی خۆی تێدەکۆشێت. دوورگەی سیلان، لە دواخاڵی ئاوەکانی خوارووی هیندستان، لە ساڵی ١٩٤٨دا بەناوی (سریلانکا) سەربەخۆیی وەرگرت. بەشێکی گەورەی مێژووی ئەم سەردەمەی سریلانکا ڕووبەڕووی شەڕە ناوخۆییەکان و کەمایەتی (تامول) (تامیل) لە باکوری وڵاتدا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆی هەوڵ دەدات. دیارە، کە ئەم هەرێمەی جیهان دەیەوێت ڕۆڵی گرنگ لە چارەنوسی دوارۆژی جیهاندا بگێڕێت، بەڵام پێشبینی کردنی چۆنیەتی ئەم ویستە زۆر دژوارە.

**چین هەردەم یەک لە پێنجی دانیشتووانی جیهانە:** لەم هەزارەیەدا چین گەلێک بەرزیی و نزمیی خەمهێنەری هەبوو و لەوە دەچێت هێشتا بەکۆتایی ڕێگاچارەی سیاسی خۆی نەگەیشتبێت و لەبەر ئەوە ئاکامی مەسەلەکانی چین بۆ ئێمە جێگەی هەست پێ کردنە. لە سەرەتای ئەم هەزارەیەدا، گەورەترین بەشی چین لە دەست مەنگۆلەکاندا بوو. لە ساڵی ١٢١٠دا، کوبیلای خان کە بەتەواوی فەرهەنگی چینیی قبوولکردبوو، لە ناوەندی دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا لە (شانگدو) لە باکوری (پکەن)، چینی بەڕێوە دەبرد. ئیمپراتۆرییەکەی لە چینەوە تا ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی دەگرتەوە. کوبیلای خانیش وەک هەموو سەرکەوتووەکانی شەڕ توشی ناکامیی بوو: هێرشەکانی بۆ سەر ژاپۆن و ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵات و دوورگەکانی سوید هیچ ئاکامێکیان بەدواوە نەبوو.

**سەردەمی دۆزینەوەکان:** دەسەڵاتی مەنگۆل بەسەر چیندا زۆر بەردەوام نەبوو و لە ساڵی ١٣٦٨دا لە لایەن بنەماڵەی (مینگ)وە ڕوخا. بەسەرۆکایەتی ئیمپراتۆرێک لەو بنەماڵەیە بەناوی (یۆنگول)، لە چیندا



دەستکرا بەزنجیرەیەک دۆزینەوە، کە ئەوروپا لەمێژ بوو دەیویست دەستی پێیان بگات. لە ساڵی ١٤٠٣- ١٤٢٤، چینییەکان لە سەرانسەری دەریالوشی هیندییدا لە هاتوچۆدا بوون و ئەندۆنیزیا و سیلانیان داگیرکرد و تەنانەت خۆیان گەیاندە دەریای سور. ئەم هەڵسوڕانانەی چین دەیتوانی پێکهێنەری ئیمپراتۆرییەکی جیهانی لەسەر شێوازی دامەزراندنی بنکە و بارەگای بازرگانی لە درێژەی ئەم کەنارەدا بێ، بەڵام بەهۆی بەرزی و نزمی و هاوسەنگییەکان بەدوای مەرگی یۆنگولدا، چین کۆتایی بەو هەوڵەی هێنا و وازی لە گەشەپێدانی تێکنۆلۆژیا هێنا. لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەوروپاییدا، چین ئیمپراتۆرییەکی مۆدێرنی دامەزراند و بەدبەختانە لە نێوان ئامانجە پاوانخوازەکانی ئەوروپادا مایەوە. سەدەیەک دوای گەڕانەوەی لێکۆڵەرانی چینیی بۆ وڵات، چین یەکەم کەشتی ئەوروپای بینی. لە ساڵی ١٥٥٧دا، پۆرتوگالییەکان دوورگەی بازرگانییان لە (ماکاو) دامەزراند، کە هێشتا لە دەست ئەواندایە. لە کۆتایی سەدەی شانزدەیەمدا چین یارمەتی کۆریای دا کە پاشەکشە بەژاپۆنییەکان بکات، بەڵام ئەم کردەوەیە ماڵئاواییکردنی بنەماڵەی مینگی بەدواوە بوو. هۆزەکانی (منچۆ) کە لە بنەچەی مەنگۆلییەکان بوون لە ساڵی ١٦٤٤دا، دەسەڵاتیان گرتەدەست و زنجیرەی (کنگ)یان دامەزراند.

یەکەم بنەماڵەی منچۆ لە چینی پاشایەتییدا دوا کاتەکانی شانازییهێنەریان پێشکەش کرد. منچۆکان لە ساڵی ١٦٨٩دا بەگوێرەی پەیمانێک ڕوسەکانیان ناچار کرد کە بەشێک لە وڵاتی خۆیان لە ناوچە دورکەوتووەکانی چین بەجێهێڵن.

لە سەدەی هەژدەیەمدا، چین (تیبت)، (بۆرما)ی و چەند ناوچەی تری خستە دەست خۆی و هاوکات دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی لە کەنارە بەرتەسکەکانی ناوچە بازرگانییەکاندا هێشتەوە کە لە کۆنەوە بەدەستیانەوە بوو. گومان لەوەدا نەبوو کە بەتێپەڕبوونی کات، گەندەڵیی ئیداریی چین و گەشەکردنی تێکنیکی ڕۆژئاوا، قەیرانی بەدوادا دێت. ئەم قەیرانە لە ساڵی ١٨٤١دا سەریهەڵدا و هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ هەوڵی چین لە ڕاگرتنی سەودا و مامەڵەی تریاک کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ئینگلیزەکان لە بەرامبەر ئەم کردەوەیەدا، کاردانەوەیەکی توندیان پێشاندا و بنکەیەکی بازرگانییان لە (هۆنگ کۆنگ) دامەزراند. لەوەودوا، بۆ ماوەی سەدەیەک لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە سەری چین شۆڕ کرایەوە. هەرچەندە زۆربەی گیروگرفتەکانی چین ناوخۆیی بوون، بەڵام کارلێنەهاتوویی دەوڵەت ڕاپەڕینەکانی جوتیارانی بەدواوە بوو و لە ساڵانی ١٨٥٠- ١٨٦٠دا، شۆڕشی (تەپینگ) درێژەی هەبوو. دەوڵەتی ناوەندیی بەنرخێکی زۆر و ژمارەیەکی زۆری کوژرا و شۆڕشەکەی شکاند. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئینگلیستان، فەرانسە، ئاڵمانیا، ڕوسیا و ژاپۆن وڵاتی چینیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد.

لە ساڵی ١٨٩٤–١٩٨٥دا ژاپۆن بەرەنگاری چین بوو و دوورگەی (تایوان)ی داگیر کرد. چینییەکان لە ساڵی ١٩٠٠دا، دژی داگیرکەران ڕاپەڕین و ناوی (بۆکسەر)ەکانیان لەسەر ڕاپەڕینەکەیان دانا. دەسەڵاتدارانی نێونەتەوەیی لەو ڕاپەڕینە بەبیانووی دەستێوەردان لە کاروباری چین کەڵکیان وەرگرت و ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت کرد و بەم جۆرە پتر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر چیندا سەپاند و پتر کۆنترۆڵیان کرد.

دیاربوو کە دەوڵەتی پاشایەتی چین لە پەلەقاژە و شکاندایە و لە ساڵی ١٩١١دا، ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دەوڵەتی پاشایەتی منچۆکانی ڕوخاند و چین دەوڵەتی کۆماریی دامەزراند.

ڕژێمی نوێ هەڵوەشایەوە لە ئاکامی بەربەرەکانیی لە نێوان فەرماندە سەربازییەکاندا کە لەشکری تایبەتییان بۆخۆیان پێک هێنابوو و بەشێکی پان و بەرینی وڵاتیان لە دەستدا بوو. بەدوای ئەوەدا، بەربەرەکانیی لە نێوان (چانگ کای چک) (١٨٨٧-١٩٧٥) و ماوتسی تۆنگدا (١٨٩٣-١٩٧٦) سەری هەڵدا. چانگ کای چک ڕێبەری چینییە پارێزگارە ڕاستڕەوەکان بوو و ماوتسی تۆنگ کۆمونیست و خوازیاری شۆڕش بوو بەدژی دەستێوەردانی بێگانە لە چیندا. سەرئەنجام کۆمونیستەکان سەرکەوتن، بەڵام دەبوایە ڕووبەڕووی گەلێک گیروگرفتی دژوار ببنەوە. ساڵی ١٩٤٣، ماو بۆ بەرگریی و سەرخستنی بزووتنەوە، لەگەڵ لەشکرەکەی دەستیکرد بەڕێپێوانێکی درێژ و لە کەنارەکانی دەریاوە بۆ دورترین ناوچەی هەرێمی (شانگسی) لە باکوری ڕۆژئاوا چوون و بۆ ماوەی پانزدە ساڵ ئەم ناوچەیەیان کۆنترۆڵ کرد. دووبەرەکییەکان بەقازانجی ژاپۆن بوون، کە لە ساڵی ١٩٣٩دا ناوچەی مانچۆریی داگیرکرد و ڕژێمێکی دەستکردی بەناوی منچۆکوویی لێ دامەزراند. ساڵی ١٩٣٧ ژاپۆنییەکان هێرشیان کردە سەر باکوری چین و (شانگها)، (کانتۆن)، (فانکین) و (هان)یان داگیر کرد. پێشڕەویی ژاپۆنییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانییدا وەستا و دوای کۆتایی هاتنی شەڕ چین بەیەکجاریی دەسەڵاتی وڵاتی خۆی گرتەوە دەست.

**کۆمونیستەکانی چین دەسەڵاتی وڵات دەگرنە دەست:** ماو تسیتۆنگ بەهۆی لێهاتوویی لە شەڕی پارتیزانییدا توانی چانگ کای چک بشکێنێ کە بەتەواوی لە لایەن ئەمریکاوە یارمەتی دەدرا. لە ساڵی ١٩٤٩دا چانگ لەگەڵ لەشکرەکەی ڕایکردە تایوان و ماو کۆماری گەلیی چینی ڕاگەیاند. لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی کۆمونیستەکان کۆتایی بەدەسەڵاتی بێگانە لە چیندا هات، بەڵام گیروگرفتەکان وەک خۆیان مانەوە. لە ساڵی ١٩٥٠دا، چینییەکان دژی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەشداریی جەنگی کۆریای کرد.

دوو هاوتا و دژی توندڕەو سەرەڕای زیانێکی زۆر هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا. لە پەیوەندیی لەگەڵ تایوان تا ساڵانی ١٩٥٠ کێشەکان بەردەوام بوون. ئەمریکا لایەنگریی لە تایوان دەکرد و سۆڤیەت لە چین. سەرەڕای ئەوە، لە ساڵی ١٩٦٠دا، چین پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت پچڕاند تا لایەنێکی نوێ لە کۆمونیزم بەناوی ماوییزم دامەزرێنێت. سەردەمەکانی سەختگیری و ئازادی لە چیندا درێژەیان هەبوو و ڕێبەرانی چین لەسەر شێوەی حوکمکردن لەم وڵاتە پان و بەرینەدا دوو دڵ بوون.

لە پەنجاکان و بەتایبەتی لە بەشێکی زۆری شەستەکاندا، چین بەکردەوە خۆی لە دنیا دورخستەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧١دا لە جیاتی تایوان بەئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەرگیرا. لە ساڵی ١٩٧٢دا، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ چین ئاسایییکردەوە و بەدوای ئەوەدا پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی تر ئاسایی بووەوە. دوای مردنی ماوتسی تۆنگ،



ڕێبەرانی نوێی چین سیاسەتی ئابوریی ئازادیان گرتەبەر و ڕێگەیان بەکەرتی تایبەت دا و دەرگای وڵاتەکەیان بەسەر پەیوەندییەکانی بازرگانیی دنیای دەرەوەدا کردەوە. لە بەرامبەردا دەوڵەت وەک ڕابوردوو هیچ چەشنە پلانێکی نەبوو بۆ ئازادی سیاسی یا بەلاوەنانی ڕۆڵی ڕێبەرانی حیزبی. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠دا، بزوتنەوەی دیموکراتی سەریهەڵدا، کە خوێندکارانی زانکۆکان ڕۆڵی گرنگیان تێیدا هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە، کە ڕەنگدانەوەی ویستی ئازادیبیخوازانە بوو، بەگوێی گەلانی جیهان گەیشت و لە کاتێکدا هەموو دانیشتووانی جیهان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەهۆی سەتەلایتەکان و تێلێڤیزیۆنەوە تەماشای ڕووداوەکەیان دەکرد، سوپای چین لە گۆڕەپانی (تیانان مەن) بزوتنەوەکەی لە خوێندا گەوزاند. لە کۆتایی ئەم هەزارەیەدا، چین وەک بەشێکی نادیار لە هاوسەنگیی جیهاندا ماوەتەوە. بەڕێبەرایەتی کۆمونیستەکان گەلێک لە گیروگرفتەکانی چین چارەسەر کران و توانیویەتی خۆراکی دانیشتووانی لە ژمارە نەهاتووی خۆی دابین بکات، هەروەها لە ستەمی بێگانەکان ڕزگاری ببێت، بەڵام گرفتە سیاسییەکانی بەردەوامن. لەم دواییانەدا، لە پێنج میلیار کەس دانیشتووانی سەرزەوی، پتر لە یەک میلیاریان چینیین، واتە بەهەمان ڕادەی بیست لە سەد کە لە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هەیە. بەسەرکەوتنی دیموکراسیی لە بەشێک لە هەرێمەکانی جیهاندا و لایەنگرییکردنی لاوانی چین لێی، پێشبینی دەکرێت کە دیموکراسی وەک دۆزینەوەی هەڵتەکێنەری سیاسی یۆنان، لە وڵاتی چینیشدا سەرکەوێت، بەڵام هیچ شتێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ پێشبینیکردن نابێت و ڕەوت و گۆڕانکارییەکانی چین نەناسراون و لە هەزارەی داهاتوودا بەتەواویی سەربە دواڕۆژن.

**ژاپۆن لە ڕیزی پێشەوەدا:** مێژووی ژاپۆن بەچەشنی مێژووی چین باس لە وڵاتێک دەکات کە بەرەبەرە لە گۆشەگیری ڕزگاری دەبێت تا بگاتە پلەی هێزە گرنگەکانی جیهان. ژاپۆنییەکانیش وەک چینییەکان، بەرزی و نزمییەکی زۆریان بڕیوە تا گەیشتوونەتە پلەی ئێستایان.

جیاوازیی بەرچاو لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتانەدا ئەوە بوو کە بەدوای شەڕی دووەمی جیهانییدا ژاپۆن ناچارکرا، دیموکراسی و سیستەمی ئابوری ئازاد قبووڵ بکات و ئەمەش ڕێگای بۆ کردەوە کە لە زەمینەی ئابورییدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێت. ژاپۆن دوای ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە فەرهەنگی چینیی لە خۆیدا کۆ کردەوە، توشی جۆرێک گۆشەگیری بوو کە هەلومەرجی جوگرافیایی ئەم وڵاتە دوورگەییە پێکهێنەری بوو. هەوڵەکانی کوبیلای خان لە نێوان ساڵانی ١٢٧٤-١٢٨١دا، بۆ داگیرکردنی ژاپۆن ناکام مایەوە و تۆفانە توندەکان زیانێکی زۆریان بەکەشتییە جەنگییەکانیان گەیاند و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن. ژاپۆنییەکان ڕێزێکی زۆر لەو تۆفانە خوداییە (بە زمانی ژاپۆنی کامیکاز) دەگرن. لەبەر ئەوە بوو کە دوای تێپەڕبوونی بیست سەدە، فڕۆکەوانەکانی ژاپۆن کە لە جەنگی دووەمی جیهانییدا خۆیان دەتەقاندەوە بەدوژمندا، ناوی کامیکازیان لەسەر خۆیان دانا. ڕووکردنی بازرگانەکان و ڕاگەیەنەرە ئایینییە مەسیحییەکان لە پۆرتوگال و ئیسپانیاوە، سەرکەوتنی پتری بۆ ژاپۆن دەستەبەر کرد. لە ساڵی ١٥٤٩دا، ڕاگەیەنەرێک بەناوی (فرانسوا گزاویە) هاتە ژاپۆن تا دانیشتووانی ئەم وڵاتە بکات

بەمەسیحیی کە سەرنەکەوت، بەڵام هێندێک ئاکامی بەدەستهێنا. لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزدەیەمدا ژاپۆن لە ناوخۆیدا یەکی گرتەوە و کۆتایی بەشەڕی دەرەبەگایەتی هێنا کە لە لایەن فەرماندەکانەوە بەڕێوە دەچوو. لە ساڵی ١٥٨٥دا، (تویوتومی هیدیوشی) (١٥٣٧-١٥٩٨) کە لە بنەماڵەیەکی جوتیار بوو و بەهۆی لێوەشاوەیی لە کاروباری سیاسی و سەربازییدا بەو پلەیە گەیشتبوو، دەسەڵاتی ژاپۆنی گرتەدەست و پەلاماری مەسیحییەتیدا و بۆ ماوەی چل ساڵ لەو وڵاتەدا کۆتایی بەدەسەڵاتی مەسیحییەت هێنا. هەوڵی پاوانخوازانەی لە کۆریادا بەئاکام نەگەیشت، بەڵام ئەم هەوڵانە لە سەدەکانی دواییشدا بەردەوام بوون.

**پێکهاتنی حوکمی شوگونەکان لە ژاپۆن**: دوای مەرگی تویوتومی هیدیوشی، (ئیاسو)(١٥٤٣-١٦١٦) بەرەبەرە دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کردەوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٦٠٣دا، لە لایەن ئیمپراتۆرەوە بە(شوگون) واتە فەرماندەی گشتیی دیارییکرا و لە ڕاستیدا ئەوە ئیاسو بوو کە لەژێرەوە ئیمپراتۆریی بەڕێوە دەبرد. دوای ئەوە پلەی شوگون یا شوگونا بۆ ماوەی دوو سەدە و نیو لە بنەماڵەی ئیاسو واتە بنەماڵەی (توکوگاوا)دا مایەوە. ئیاسو کۆتایی بەهەوڵی بەلاوەنانی مەسیحییەت هێنا و بەگشتیی هەموو بازرگانە بێگانەکانی لە ژاپۆن دەرکرد و بەڕاشکاویی وڵاتی لە جیهان دورخستەوە و گۆشەگیری کرد. گەڕانەوە بۆ سەر بایەخە کۆن و سوننەتییەکانی (سامورا)یی تەنانەت ژاپۆنییەکانی ناچار کرد کە لە چەک کەڵک وەرنەگرن، هەرچەندە لەوانە بوو کە لە لایەن جوتیارەکانەوە کە لە سیستمی شەرافەتی بێ ئاگا بوون و لە لایەن بەگزادەکانەوە کەڵکیان لێوەرگیرێت. ئەمە یەکێک بوو لەو دیاردە هەرە تایبەتییانەی مێژووی مرۆڤایەتی کە بەزانیاریی لە تێکنیک کەڵک وەرنەگرێت و تێکنۆلۆژیا بەلاوە بنێت. هەرچەندە ئەمە دەیتوانی بەهۆی گەڕانەوەی ژاپۆن بەرەو خۆی، کە ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکی نەبوو، بەئەنجام بگات. سەرەڕای ئەوە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا قۆناخێک سەریهەڵدا، کە دەرەتانی خۆبواردن و گۆشەگیریی نەبوو. کەشتییە ڕۆژئاواییەکان دەستیان بەسەر دەریاکاندا گرتبوو و بڕیار بوو کە ژاپۆن بەرەو بنەماڵەی مرۆڤایەتی ڕێنوێنی بکەن تا لە دامەزراندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی سود وەرگرێت. لە ساڵی ١٨٥٥دا، کەشتییە ئەمریکاییەکان بەسەرۆکایەتی (ماتیۆکال نێرتپری) (١٧٩٤-١٨٥٨) گەیشتنە کەنارەکانی (توکیۆ) بۆ پەیمانێکی بازرگانی. نێرتپری ساڵی دواتریش گەڕایەوە و ژاپۆنییەکانی ناچار بەمۆرکردنی ئەم پەیمانە کرد. لەو کاتەدا دوو شێوە بۆچوون بەسەر ژاپۆندا زاڵ بوو. لایەنێک دەیویست بێگانەکان بەئاوی دەریاکاندا بدات و ئەوی تریان خوازیاری هاوکاری و وەرگرتنی دەستکەوتە تێکنیکییەکانی ڕۆژئاوا بوو. (موتسو هیتو) (١٨٥٢-١٩١٢) کە ساڵی ١٨٦٨ بەپلەی ئیمپراتۆریی گەیشت، بۆ بەلاوەنانی سیستمی شوگونییەکان و دەرەبەگایەتی، لەگەڵ چاکسازەکان یەکی گرت و چالاکانە ژاپۆنی لەگەڵ تێکنیکی ڕۆژئاوایی ئاشنا کرد.

گۆڕانی بنەڕەتیی و هەمیشەیی لە ساڵی ١٨٧٧دا بەئەنجام گەیشت. سوپای پێکهاتوو لە ساموراییەکان لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە کە چەکی مۆدێرنیان هەبوو، پارچە پارچە کران و ژاپۆن



سوپایەکی دەریایی دامەزراند و بەشوێن خەوە پاوانخوازییەکانی (هیدیوشی) کەوت کە لە سێ سەدەی ڕابوردوو بینیبووی و یەکەم ئامانج داگیرکردنی چین بوو، کە هێشتا لە دەست بێگانەکاندا دیل بوو. سەرکەوتنی ژاپۆن دەرەتانی بۆ ڕەخساند کە بەرەو وڵاتانی کۆریا و منچۆریی بچێت، کە ئەم مەسەلەیە کێشە و تێکهەڵچوونی لەگەڵ ڕوسیا بۆ پێک هێنا. لە بەرامبەر سەرسوڕمانی گشتییدا، ژاپۆن لە ساڵی ١٩٠٤دا بەهێرشێکی کتوپڕ بۆ سەر ڕوسیا و باشوری دوورگەی (ساخالین)ی لە دەست دەرهێنا و لە ساڵی ١٩١٠دا کۆریای خستە سەر خاکی خۆی. پاوانخوازییەکانی ژاپۆن دەیان ساڵ بەردەوام بوو. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بەرەبەرە ئەو پرسیارە زەق ببووەوە، کە ئایا ڕزگارکردنی ژاپۆن لە تەنیایی کارێکی دروست بوو؟ ژاپۆن لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا، لەگەڵ هاوپەیمانەکان بوو بەڵام ڕۆڵێکی زۆر چالاکی نەبینی و تەنیا چەند دوورگەی سەربە ئاڵمانیای لە باکوری هێڵی ئیستیوادا داگیر کرد. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، ژاپۆن دوژمنایەتی پەرەگرتووی خۆی دژی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوایی ئاشکرا کرد و ویستی کە لە وڵاتی چیندا مافی بەرهەمهێنانی پێ بدرێت. ساڵی ١٩٣١، ژاپۆن هێرشی کردە سەر منچۆریی و لە ساڵی ١٩٣٧یشدا لە بەرامبەر هەڵوێستی نەرمی ڕۆژئاوادا، وڵاتی چینی داگیر کرد.

شکانی فەرانسە لە ساڵی ١٩٤٠دا، هەلی بۆ ژاپۆن ڕەخساند کە هیند و چین لە دەست ئەم وڵاتە دەربێنێت و بوونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیادا سەقامگیر بکات. ئەمریکا تەنیا وڵاتێک بوو کە ژاپۆنییەکان ترسیان لێی هەبوو. لەبەر ئەوە خۆیان بۆ پەلامارێکی نوێ ئامادە دەکرد وەک ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٠٤دا بۆ سەر ڕوسیایان کرد. لە ساڵی ١٩٤١دا لە ناکاو هێرشیان کردە سەر کەنارەکانی (پیرلهاربۆر) و زیانێکی قورسیان بەکەشتییەکانی ئەمریکا گەیاند. تەنیا جێگەی بەتاڵ لەسەر تابلۆی سەرکەوتندا، نەبوونی کەشتییە فرۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکایی لەو بنکەیەدا بوو کە لەو هێرشەدا ڕزگاریان بوو. لە مانگەکانی دواییدا، ژاپۆن هێرشی کردە سەر فیلیپین، ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات و لەوانە سەنگاپور و هیندی ڕۆژهەڵاتیان لە دەست هوڵەند دەرهێنا. ژاپۆن لەو کاتەدا بەو ڕادەیەی کە لە دەریالوشی ئارامدا ترسناک بوو، ئاڵمانیش لە ئەوروپادا. سەرەڕای ئەوەش ناکامییەکان لە کاتێکەوە سەریان هەڵدا کە ئەمریکا کەشتییەکانی ژاپۆنی لە یونی ١٩٤٢دا لە بەندەری میدوەی تێکشکاند.

**یەکەم کەڵک وەرگرتن لە بۆمبی ئەتۆمی**: دوای بەندەری میدوەی، ژاپۆنییەکان پاشەکشەیان کرد. بەتەواوی وەک ئاڵمانییەکان کە لە ڕوسیا شکان. هێزەکانی ئەمریکایی دوورگە بەدوورگە پێشڕەوییان دەکرد و لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٤٥دا گەیشتنە ناوچەیەک کە پێشتر ژاپۆنی بوو. کۆتایی شەڕی دەریالوشی ئارام تێکەڵاویی کەڵک وەرگرتن لە مۆدێرنترین چەکی سەردەم واتە بۆمبی ئەتۆم بوو دوای بۆمبارانی هێروشیما و ناگازاکی، ژاپۆنییەکان بەبێ قەید و شەرت لە ڕۆژی دووەمی نۆڤێمبەری ١٩٤٥دا خۆیان بەدەستەوەدا. سەردەمی پاوانخوازیی سەربازی کۆتایی پێهاتبوو و وڵاتی ژاپۆن هەر ئەو چوار دوورگەیەی بۆ مایەوە کە لە سەردەمی کەشتیرانیی (پری)دا ژاپۆنی لەسەر بنیادنرا بوو. بەدوای شکانیدا لە لایەن ژەنەراڵ (مک ئارتۆر)ی فەرماندەی هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاوە یاسایەکی

بنەڕەتیی دیموکراسیی بەسەردا سەپا و مافی پێکهێنانی هێزی سەربازیی نەبوو و تەنیا دەیتوانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆی پشت بەئەمریکا ببەستێت.

بەم جۆرە ژاپۆن لەژێر باری خەرجیی قورس و گرانی سەربازیی ڕزگاری بوو و بەهەموو توانایەوە خۆی بۆ کاروباری بازرگانی ڕێکخستەوە. لەسەرەتای سالآنی هەشتای زایینییدا سەرکەوتنە ئابورییەکان ڕێگای بۆ کردەوە کە لە ولآتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەولەمەندتر و لە ڕووی تێکنیکیشەوە بکەوێتە پێش ئەوروپای ڕۆژئاواوە. ژاپۆنییەکان توانییان تێکنیکە نوێیەکانی ڕۆژئاوا بەبەرهەم بهێنن و بازاڕی ئەو ولآتانە پڕ لەو بەرهەمە ناسراوانە بکەن و بەنرخێکی کەمتر بەخۆیان بفرۆشنەوە.

ئەمڕۆ شێوەی بیرکردنەوە و سیاسەتی ژاپۆن وەک ڕابوردوو لە دوو بنەمای دژ بەیەکتر، گۆشەگیری و گەشەکردندا ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوانە بەقولی دەسەلآتی بەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی جیهاندا هەیە. کۆمەلگایەکی دوورگەنشینی یەکپارچەیە و لە سەرەتای سالی ٢٠٠٠وە بەشێکی زۆری سەرمایەی جیهانی بەدەستەوەیە و یەکێکە لە بەدەسەلآتترین ولآتانی جیهان. بڕیارەکانی لە دواڕۆژی جیهاندا شوێنی خۆیان هەیە و دەبێ سەرنجیان پێ بدرێت و لەوە دەچێ کە کردەوەی ئاشتییخوازانەی ئەمڕۆی بەهێندێک ئامانجی گەیاندبێت کە لە ڕابوردوودا نەیتوانیوە لە ڕێگای شەڕەوە بەدەستیان بێنێت.

**ولآتێکی نوێ لە هێلی پێشەوەی بازاڕی جیهانییدا:** لە دەوروبەری سالی ١٠٠٠ ز.دا کێ لە ئەوروپادا دەیتوانی پێشبینی بکات کە لە دوا سەدەی ئەم هەزارەیەدا، دەسەلآتی ولآتێکی نوێ لەوبەری کەنارەکانی دەریالوشی ئەتلەسیی (اقیانوس) گەشە بستێنێت؟ چۆن ئەو بیرە چووە ناو مێشکی جەماوەرێکەوە کە تەنانەت نەیاندەزانی کۆمەلێک ولآت لەوبەری دەریالوشی ئەتلەسییدا هەیە؟ ڕەنگە ڤایکینگەگان یەکەم کەسانێک بووبن کە مەترسی گەیشتنیان بۆ ئەم ولآتانە و داگیرکردنی کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەلآتی (گرینلاند)یان لێ دەکرا کە ئەمڕۆ بە(ترتور) (ولآتی نوێ) دەناسرێت. ئەوەندەی کە ئێمە ئاگادارین، ڤایکینگەکان یەکەم ئەوروپایی بوون کە خۆیان گەیاندە دوورگەکانی ولآتی نوێ، بەلآم زۆری لێ نەمانەوە و لەوە دەچێ کە زۆر بەدۆزینەوەکەی خۆیان خۆشحال نەبوون. سەرەڕای ئەوەش گەلێک ڕووداو لە دوو ئەمریکادا سەریان هەلدا کە ئەوروپاییەکانیش لێیان بەئاگا نەبوون. بۆ نمونە کۆمەلە فەرهەنگێکی ئەمریکایی بەپلەیەکی بەرزی گەشەکردن لە مەکسیک و لە سەردەمی ئیمپراتۆریی (ئەزتەک)ەکان لە بەشی باکوری زنجیرە چیای (ئەند) و شوێنی ژیانی (ئەنک)ەکان گەیشتبوو. گەشتی ئەوروپاییەکان بەشوێن نەدۆزراوەکاندا کە دوای ڤایکینگەکان ئەنجامی گرت، سودی بۆ دۆزەرەکان هەبوو، بەلآم زیانی بەهۆزە نیشتەجێکان گەیاند و لە لایەن ئەوانەوە لەناوچوون. لە سەدەی شانزدەیەمدا گەلێک نەتەوەی جیاواز بۆ نمونە ئیسپانیاییەکان، فەرانسەوییەکان، هولەندییەکان، ئینگلیزەکان و تەنانەت سویدییەکان بەرەو دنیای نوێ بەرێکەوتن و سەرئەنجام ئینگلیزەکان کەوتنە پێشەوە و هێلێکی پەیوەندیی خۆڕاگریان لە (مەن)ەوە بۆ (کارولینان)ی باشوور و (ترنەن) دانا کە دواتر بەکەنادا ناسرا. فەرانسەوییەکان بەرەو ڕۆژئاوا چوون و لە سالی ١٦٨٢دا گەیشتنە شوێنی تێکەل بوونی ڕووباری (میسیسیپی) لەگەل دەریا و هەموو بەشەکانی ناوەندیی و ولآتەیەکگرتووەکانی ئەمڕۆ و ڕۆژهەلآتی کەنادایان خستە دەست خۆیان.



**دامەزراندنی بنکەی کۆچەرانی پۆلی موت لە ولآتەیەکگرتووەکاندا:** هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لە کۆچەرانی ئینگلیز لە کەنارەکانی دەریالوشی ئەتلەسی نیشتەجێ بوون، بەلآم ئەم ژمارەیە زۆر بەپەلە زیادی کرد، لە کاتێکدا بنکەکانی فەرانسەوی ژمارەیەکی کەم و بلآویان تێدابوو. لە سالی ١٦٨٩دا ئینگلیز و فەرانسە چەند جار لە خاکی ئەمریکادا پێک هەلپڕژان و شەڕیان کرد. سەرئەنجام ئینگلیزەکان توانییان فەرانسەوییەکان دەربکەن و هەموو ڕۆژهەلآتی میسیسیپی و باکوری دوورگەی مەکسیک بخەنە دەست خۆیانەوە. لە ڕۆژهەلآت و باشووری ناوچەی ئینگلیزەکان، ئەمریکای لاتین بەدەست ئیسپانیا و پۆرتوگالییەکانەوە بوو.

**ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی:** ئینگلیستان کە قەرزێکی زۆری شەڕی کەوتبووە سەر، بۆ دانەوەی قەرزەکانی باجێکی نوێی بۆ کۆچەرانی ولآتەکەی خۆی دانا، کە بەربەرەکانی بەدواوە بوو. بەربەرەکانیی ئەم گروپانە سەربەخۆیی ئەمریکای لە سالی ١٧٧٦دا بەدواوە بوو.

**سەرکەوتنی کۆچەرە بنکەنشینەکانی ئەمریکا بەسەر ئینگلیزدا:** کۆچەرە ئەمریکاییەکان توانییان بەهاوکاریی فەرانسەوییەکان لە سالی ١٧٨٣دا ئینگلیزەکان بشکێنن و پەیمانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیانیان پێ مۆر بکەن.

**قبوولکردنی یاسای بنەڕەتیی ولآتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

**جۆرج واشنتۆن بەیەکەم سەرۆک کۆمار هەلبژێرا:** ئەرکی دەولەتی نوێ لە ڕێککەوتننامەیەکدا بەناوی (بنەماکانی کۆنفیدراسیۆن) ئامادە کرابوو و لە کۆبوونەوەیەکی سالی ١٧٨٧دا بەیاسای بنەڕەتیی قبوولکرا و سەرئەنجام دەولەتێکی بەهێزی فیدرالیی پێ دامەزرا. جۆرج واشنتۆن کە ژەنەرالێکی خەباتکار و ڕێبەری ئەمریکاییەکان بوو لە شەڕی ئازادیی و سەربەخۆیی ئەمریکادا، بەیەکەم سەرۆک کۆماری ولآت دیارییکرا و لە سالی ١٧٨٩دا بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆ گرت. لە نێوان هەموو سیستمە سیاسییە تاقیکراوەکاندا، ئەزمونی سیاسی ئەمریکا شوێنێکی جیاوازی هەیە.

گەلێک ولآتی جیهان وەک مودێک کەلکیان لە ئەزمونی سیاسی ئەمریکا وەرگرت. لەو سیستمەدا بوونی سێ ناوەندی دەسەلآت دەبێتە هۆی ئەوە کە هیچ کەس و ڕێکخراوێک دەسەلآتی تەواوی بەدەست نەبێت. هەلبژاردنی خولییش (دەوریی) دژی کۆکردنەوەی دەسەلآت لە ناو کاربەدەستانی حوکمدا. حوکمی ناوەندیی بەدوای دانانی چوارچێوەی دیارییکراوی سەرەتایی تا ڕادەیەک بەهێزی ببوو، بەلآم ڕاگەیەنراوی ماف و مەبەستە فیدرالییەکەی پێکهاتنی حوکمی سەرەڕۆی دژوار و تەنانەت مەحال کرد. سیستمی ئەمریکایی لە بیروبۆچوونی دیموکراتیی سەرچاوەی وەرگرتووە کە ویست و داخوازیی گەل بەبنەمای سەرەکیی و یاسایی دەزانێت و ئەمەش شتێکە کە بەڕاشکاویی لە یەکەم وشەکانی یاسای

بنەڕەتییدا بەرچاو دەکەوێت: (ئێمە گەل...). ئەوەی کە یاسای بنەڕەتیی ڕوون و ئاشکرا کەنیسەی لە دەوڵەت جیا کردەوە، بێگومان بیری کۆنی شەرعیەت واتە بەڕەوا زانینی بوونی پاشا وەک ئەوەی کە خودا دەسەڵاتی لەسەر زەوی پێبەخشیوە. شێوازی ئەمریکایی لە یۆنانییەکان بیری ئازاد و دیموکراسی و لە ڕۆمییەکان ڕێزگرتن لە یاسای وەرگرتووە. لەوە دەچێ کە یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا لە زۆر سیستمی سیاسی وڵاتانی تریش کەڵکی وەرگرتبێت، بەبێ ئەوەی کە بەتەواو و بێخەوش بزانرێت. کردەوەی ورد و گۆڕانکارییەکانیشی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی گرنگ بەڵام ناتەواو بوو.

هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٩دا لە ئەندازیاری ئینگلیز (سامۆیل سلاتر) بۆ دروستکردنی ئامێری نوێ و پێویست بۆ شۆڕشی پیشەسازیی کەڵکی وەرگرت. بەهێزی تێگەیشتنی ئازادی خۆی و بیرو بۆچوونەکانی تاک بەپەلە گەشەی سەند و لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا بەکەڵک وەرگرتن لە پانتایی خاک و سەرچاوەی زۆری سروشتی لە بواری تێکنیکەوە بوو بەمەزنترین نەتەوە و وڵاتی جیهان. دوای ئەوە بەکڕین یان داگیرکردنی وڵاتی تر بەرەو ڕۆژئاوا پان بووەوە. سەرۆک کۆمار (تۆماس جێفەرسۆن) بەشی (لویسیانا)ی لە نێوان میسیسیپی و چیا بەردییەکاندا بەپانزدە میلیۆن دولار و (فلوریدا)ی لە ساڵی ١٨١٩ بەپێنج میلیۆن دولار لە ئیسپانیا کڕی. لە ساڵی ١٨٤٥دا وڵاتی (تەکساس)ی لە دوای ڕاپەڕینی دانیشتووانی بەدژی مەکسیک و سەرکەوتنیان بەسەر مەکسیکدا خستە سەر خاکی خۆی. ئاکامی شەڕ بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان بەدەستخستنی مەزنترین بەشی کالیفۆرنیا و باشوری ڕۆژئاوا بوو. بەگوێرەی پەیمانێک لەگەڵ ئینگلیستان بوو بەخاوەنی بەشێک لە هەرێمەکانی باشوری ڕۆژئاوا و لە ساڵی ١٨٥٣دا سنوورەکانی هاوبەشی کەنادا و مەکسیک دیارییکران و هەتا ئەمڕۆ وەک خۆیان ماونەتەوە.

**شەڕی ١٨١٢ لە نێوان ئینگلیستان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا:** لەسەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆن بۆناپارتدا کە لە ساڵی ١٧٩٦-١٨١٥ی خایاند، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیدا بێلایەن بمێنێتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨١٢دا توشی شەڕ بوو لەگەڵ ئینگلیستان. ئینگلیزەکان شاری واشنتۆنیان سوتاند، بەڵام ئەمریکا خۆی ڕاگرت و لەسەر پێ مایەوە و لە یاری چارەنوسی دەچوو کە لە شەڕی سەخت و دژواری (ئورلان)ی نوێدا لە یانواریی ١٨١٥ و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتییدا سەرکەوت. تا ڕادەیەک بەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆی لەشکرکێشانەکانی ناپلیۆن ئەنجامیان گرت، کۆچەرەکانی ئەمریکای لاتین لە ئیسپانیا و پۆرتوگال جیابوونەوە. لە ساڵی ١٨٢٣دا ئەمریکا ڕایگەیاند کە هەموو قارەی ئەمریکا لە دەرەوەی سنوور و دەسەڵاتی ئەوروپا دان و بەڵێنیدا کە ئازادیی نەتەوەکانی ئەمریکا دەستەبەر دەکات. ئەمە بەناوی پسپۆرییەتی (مۆنرۆیە) واتە سەرۆک کۆمار مۆنرۆیە (١٧٥٨-١٨٣١) ناسرا و بەڵێنیی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئەمریکاییەکانیش نیشانەی هێزی نوێی ئەمریکا بوو لە بەرامبەر جیهاندا. لەو سەردەمەدا دیاردەی کۆیلەیەتی گرفتی زەق و بەرباس بوو. کەمایەتییەک لە هەرێمەکاندا کۆیلەیەتیان پێ ڕەوا بوو، لە کاتێکدا هەرێمەکانی تر دژی کۆیلەداریی بوون. هەرێمەکانی دژی بەکۆیلەیەتی واتە



باکورییەکان ژمارەیان پترو لە بواری پیشەسازیشدا گەشەکردووتر بوون. کۆیلەدارییان بەدیاردەیەکی دور لە ڕەوشت و دژ بەڕاگەینراوەکانی سەربەخۆیی و یاسای بنەڕەتیی دەزانی. باشوورییەکان کە باکورییەکانیان بەهەڕەشەیەک لە بەرامبەر خۆیاندا دەبینی، ئامادەنەبوون واز لە شێوازی ژیانی خۆیان بهێنن کە لەسەر بنەمای کەڵ کوەرگرتن لە کۆیلە دایاننابوو.

**شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا:** بەرفراوان بوونەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو ڕۆژئاوا، بارودۆخەکەی خراپتر کرد. هەرێمە نوێیەکان دەبووایە بۆ ئەندام بوون لەو یەکێتییەدا ڕای خۆیان لەسەر لایەنگریی یا دژایەتیکردن لەگەڵ کۆیلەداریی دەربڕن و سەرئەنجام کاتێک نەیانتوانی لەسەر ئەم گرفتە پێک بێن، شەڕ لە نێوانیاندا سەریهەڵدا و هەموو ئەمریکای گرتەوە. (ئابراهام لینکۆڵن) کە لە لایەن حیزبی تازە دامەزراوی کۆمارییەوە کرابوو بەسەرۆک کۆمار، هەوڵیدا کە لە نێوان هەرێمەکاندا یەکێتی پێک بێنێتەوە کە لە لایەن سیانزدە هەرێمی باشوورەوە بەناوی هاوپەیمان هەڵوەشابوو و ئەوان بگەڕێنێتەوە ناو کۆنفیدراسیۆنی ئەمریکا و بەهەرێمەکانی ترەوە گرێیان بداتەوە. لینکۆن لە چواری ئاپریلی ١٨٦٥دا واتە تەنیا چەند ڕۆژ دوای سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمریکا کوژرا، بەڵام ئامانجی ئەو سەرکەوت و وەک یەکێک لە گەورەترین سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا مایەوە. بەشێک لە کۆیلەکان تەنانەت بەرلە تەواوبوونی شەڕ ئازاد ببوون، بەڵام بەربەرەکانێی ڕەشپێستەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی مەدەنی دەبووایە سەدەیەکی تریش بەردەوام بێت و کێشەی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان ئێستاش یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی دژ بەئارامی لە ئەمریکادا. دوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ، وڵاتەیەکگرتووەکان هەستی بەجیابوونەوە لە دنیا کرد بەهۆی دەریالوشییەکانی ئەتڵەسی و ئارامەوە و لە دەستدرێژی بەدور و پارێزراو بوو و لە ئاکامدا دەتوانێ هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی ڕۆژئاوا بدات. زۆربەی هۆزە سورپێستەکانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئەو کۆچەر و سەربازانەدا ڕاوەستان کە چووبوونە وڵاتی باووباپیرانیان و بەربەرەکانێیان کردن. دەکرێ بڵێین کە ئەم بارودۆخە لەگەڵ پێک هەڵپرژانەکانی ڕابوردوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی شارستانە جیاوازەکانەوە زۆر جیاوا نەبوو کە لە نێوان جوتیاران و شارەکان و هۆزە ڕاوکەر و ئاژەڵدارەکاندا ڕوویدەدا. سورپێستەکان سەرەڕای ئازادبوونیان نەیانتوانی لە بەرامبەر تێکنیکی پێشکەوتووی پەلاماردەراندا بوەستن. لە ساڵی ١٨٩٠دا زۆربەی سورپێستەکان لە ناوچە تایبەتییەکاندا نیشتەجێ کرابوون. وڵاتەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٨٦٧دا (ئالاسکا)ی لە ڕوسیا بەحەوت میلیار و دووسەد میلیۆن دولار کڕی و وەک کڕینی (لویسیانا) بەتوندیی کەوتە بەر ڕەخنەوە، بەڵام ئالاسکا لە دوارۆژدا بۆ ئەمریکا سنوورێکی نوێ و گرنگ بوو. بۆ بەرزکردنەوەی بایەخی وڵاتەکەی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆر دژی بەکولۆنیی کردن بەشێوەی ئەوروپا بووە، سەرەڕای ئەوەش لە شەڕی ١٨٩٨دا لەگەڵ ئیسپانیادا، (پۆرتۆریکۆ) و (فیلیپین)ی کە تا ئەوکاتە کۆڵۆنی ئیسپانیا بوون، خستە سەر وڵاتی خۆی. بەداگیرکردنی دوورگەکانی (هاوایی) لە هەمان ساڵدا هەستی کرد لە چوارچێوەیەکی بچوکدا کەوتووەتە ڕیزی دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆریی. لە سەد ساڵی دواییدا، لە نێوان گۆشەگیریی و دەستێوەردانی جیهان لە گوماندا بوو. بێگومان توانای خۆتێهەڵقورتانی هەبوو و لە هێندێک بۆچوونی سیاسییدا دەیتوانی

پێکهێنەری ئەم مەبەستە بێت. لە بەرامبەردا ئەو کۆچەرانەی کە ڕوویان لە دنیای نوێ کردبوو، خوازیاری دووربوونەوە بوون لەو گەندەڵییانە کە لە کۆمەڵگای ئەوروپادا دەبینرا و لە پەیامی خوداحافیزیی کردنی جۆرج واشنتۆن بۆ ئەمریکاییەکان، هۆشیاری کردبوونەوە کە لە پێک هەڵپرژانەکانی دەرەوە خۆیان بپارێزن، بەڵام گۆشەگیریی نەیتوانی لە بەرامبەر یەکەم شەڕی جیهانیدا خۆی ڕاگرێت.

وڵاتەیەکگرتووەکان سەرەڕای لایەنگریی لە ژمارەنەهاتووی ئەمریکاییەکان لە ئینگلیستان و فەرانسە، توانی تا ساڵی ١٩١٧ بێلایەنی خۆی بپارێزێت. سوربوونی ئاڵمانیا لە زەمینەی کەڵک وەرگرتن لە ژێردەریاییەکانی دژی ئەو کەشتییانەی کە لە دەریالوشی ئەتلەسیدا هاتوچۆیان دەکرد، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاییش بوونایە، ئەمریکای کێشایە ناو شەڕەوە. هاتنی ئەمریکا بۆ ناو شەڕ درەنگ بەڵام گرنگ بوو، چونکە سەرکەوتنی بەسەر ئاڵماندا کە بەتەواویی لاواز ببوو مسۆگەر کرد و ئاڵمانیای لە ساڵی ١٩١٨دا ناچار کرد کە واز لە شەڕ بێنێت.

شەڕی یەکەمی جیهانیی ئەوروپای وێران کرد، زیانێکی زۆر کەمی بەئەمریکا گەیاند. لەو کاتەوە ئەمریکا بەدەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان ناسرا و یەکەم وڵات بوو کە پارەی بەقەرز دا بەئینگلیز و فەرانسە و دەیتوانی هیوادار بێت کە دەتوانێ قەرزەکانی بسەنێتەوە، بەڵام وڵاتانی ئەوروپایی توانای دانەوەی قەرزەکانیان نەبوو. ئەمریکاییەکی زۆر کە ڕایان وا بوو کە فریویان خواردووە، خوازیاری دوورڕاگرتنی ئەمریکا لە وتووێژ لەگەڵ ئەوروپا بوون. ئەم دیاردەیە بوو بەهۆی بەشداری نەکردنی وڵاتەیەکگرتووەکان لە کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە بەدوای کۆتاییهاتنی شەڕ دامەزرا و تەنانەت (ودرود ویلسۆن) (١٨٥٦-١٩٢٤) سەرۆک کۆماری ئەمریکا هاندەری بوو لە دامەزراندنیدا. بەشداریی نەکردنی ئەمریکا بوو بەهۆی ئەوە کە ئەم ڕێکخراوە نەتوانێت بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو کاریگەریی هەبێت لە پارێزگارییکردنی ئاشتی و بەر بەگەشەکردنی یەکێک لە بەهێزترین بزووتنەوەکانی دژ بەدیموکراتیی جیهان واتە فاشیزم بگرێت. دوای قەیرانی ١٩٢٩ بەهۆی هەژاری و نەبوونی ئەمنیەت بەتایبەتی لە وڵاتانی شکاوی شەڕدا وەک ئاڵمانیا، فاشیزم بەتوندی بەهێزی بوو و کۆمەڵانی خەڵک هەوڵی دۆزینەوەی ڕێبەرانێکیان دەدا کە بتوانن تەنانەت بەنرخی کەم بایەخدان بەئازادیی لەو گرفتە ڕزگاریان بکات. لە ساڵی ١٩٢٢دا لە ئیتالیا دیکتاتۆری فاشیستی لە لایەن کۆنە سۆسیالیستێکەوە بەناوی (بینتۆ مۆسۆلێنی) دامەزرا و هاوکات لە ساڵی ١٩٣٣دا (ئەدۆڵف هیتلەر) بەشێوەیەکی تەواو و یاسایی سەرۆکایەتی کۆماری (ویمار)ی کەوتە دەست. مۆسۆلێنی و هیتلەر ڕۆڵیان هەبوو لە سەرکەوتنی ژەنەراڵ (فرانکۆ) (١٨٩٢- ١٩٧٥) لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا کە دامەزراندنی ڕژێمی فاشستی لەو وڵاتەدا بەدواوە بوو. فاشیزم خۆی بەقەڵغانێک لە بەرامبەر کۆمونیزمدا ناساند. لەبەر ئەوە فاشیزم بۆ دانیشتووانی ئینگلیستان و فەرانسە و تەنانەت وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسێنەری مەترسی کەمتر لە کۆمونیزم بوو و دەیانتوانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. دیکتاتۆرەکانی ئیتالیا و ئاڵمان مامۆستایانی پروپاگەندەی چەککردنی لایەنی دژ بەسیاسەتی خۆیان بوون. مۆسۆلێنی بەڕاگەیاندنی ئەوە کە درێژەپێدەری ڕێگای ئیمپراتۆریی ڕۆمە، کۆمەڵانی خەڵکی بەرەو خۆی ڕادەکێشا، لە کاتێکدا هیتلەر



دووپاتی دەکردەوە کە هیچ چەشنە دژایەتییەکی لەگەڵ ئینگلیستان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە. دانیشتووانی وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا کە پێشتر واتە بیست ساڵ بەهۆی شەڕێکی وێرانکەر زیانی قورسیان پێ گەیشتبوو، هەوڵیان دەدا لە شەڕ بەدوور بن. ئەم شێوەیە پێی دەگوترا سیاسەتی ئارام کردنەوە کە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا لە بەرژەوەندی هیتلەر بوو.

**هێرشی ئاڵمان بۆ سەر پۆلۆنیا، شەڕی دووەمی جیهانی پێک دێنێت:** هێرشی هیتلەر بۆ سەر پۆلۆنیا لە ساڵی ١٩٣٩دا ئینگلیستان و فەرانسەی ناچار کرد دژی هیتلەر شەڕ بکەن. ئەم کردەوەیە بەگوێرەی پەیمانێک بوو کە ئەم دوو وڵاتە لەگەڵ پۆلۆنیا بوویان. لە ساڵی ١٩٤١دا هیتلەر جگە لە ئینگلیستان هەموو ئەوروپای ڕۆژئاوای داگیر کرد. لەوە دەچوو کە بەئامانجی خەوی خۆی بۆ داگیرکردنی جیهان بگات، بەڵام هیتلەر ئەم توانایەی نەبوو و ئەمە تەنیا خەوێکی کۆن بوو بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریی کە بەگشتیی کارەساتی خوڵقاند.

**ئاڵمان هێرش دەکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت:** دوارۆژی هیتلەر لەسەرەتای هێرش کردنیدا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت پێشبینی دەکرا.

**ژاپۆن لە کەناری پیرلهاربۆر پەلاماری ئەمریکا دەدات:** لە هەمان ساڵدا هێرشی ژاپۆن بۆ کەناری (پیرلهاربۆر) بوو بەهۆی تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕ و دەستەبەرکردنی دەرەتانی پێویست بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانان، تەنانەت ئەگەر ئەم سەرکەوتنە پێویستیی بەچەند ساڵیش بووایە.

**کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی:** لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانییدا، ئەوروپا لە حاڵەتی بێهۆشیدا بوو و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەلامەتی و بەبێ ئەوەی دەستی لێ بدرێت بەگەشەکراوی مایەوە و تەنیا وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمیی بوو. باس و گفتوگۆکان دەربارەی (سەدە)ی ئەمریکایی... ئاشتیی ئەمریکایی و...تد بوو. گۆشەگیریی ئەمریکا زەبری قورسی لێ بەدەست بگرێ. لەبەر ئەوە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەم وڵاتە دەیویست ڕۆڵی پۆلیسی جیهانی ببینێت. چونکە یارمەتی دۆستانی دابوو، دەیتوانی وڵامی نەیارانیان بداتەوە. یەکێتی سۆڤیەت کە بەهاوپەیمانی ئەمریکا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دەژمێرا، بوو بەنەیاری سەرەکی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا پان کردبووەوە و لەوە دەچوو کە دەیەوێت گەشە بەکۆمونیزم لە هەموو جیهاندا بدات. وڵاتەیەکگرتووەکان بەتایبەت کاتێک خۆی لە مەترسییدا بینی کە ڕوسەکانیش لە ساڵی ١٩٤٩دا دەستیان بەچەکی ئەتۆمی گەیشت و هاوسەنگی دەسەڵات بوو بەهاوسەنگی ترس و گومان. چونکە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی هەڕەشەی چەکی ئەتۆمییەوە نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ شەڕی یەکتر بکەن، لە دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا دژی یەکتر بەربەرەکانێیان دەکرد. ئەمریکا دوو جار هێزەکانی ڕەوانەی ئاسیا کرد تا کۆمونیزم سەرکوت بکات.

**شەڕی کۆریا:** ئەو شەڕە بەهۆی هێرشی کۆریای باکوور بۆ سەر کۆریای باشوور سەریهەڵدا و هیچ ئاکامێکی بەلایەنە شەڕکەرەکان نەبەخشی.

**شەڕی ڤێتنام:** لەو شەڕەدا ئەمریکا یارمەری ڤێتنامی باشووریدا کە لە بەرامبەر ڤێتنامی باکوور و خەباتگێڕانی بەرەی ئازادیخوازیی نەتەوەییدا خۆی ڕاگرێت و سەرئەنجام شەڕ بەپاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٠ و شکانی ڤێتنامی باشوور لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆتایی پێ هات. شەڕی ڤێتنام لە سیاسەتی ئەمریکاوە سەرچاوەی دەگرت بۆ پاشەکشە پێ کردن و شکاندنی کۆمونیزم کە بەڕواڵەت لە ئەوروپادا بڵاوببووەوە، بەڵام لە شوێنەکانی تری دنیا بەئاکام نەگەیشتبوو. خۆتێهەڵقورتاندنی ئەمریکا بەبێ هیچ چەشنە بەربەرەکانێیەک لە پەرەسەندندا بوو و ژمارەیەک ڕاوێژکاری سەربازی لەگەڵ لەشکرێکی هەمیشەیی کە لە نیو میلیۆن پێک هاتبوو لە ڤێتنام هەبوو و پەیتاپەیتا ئەم وڵاتەی بۆمباران دەکرد و شەڕ بەبێ هێچ ئاکامێکی هەستپێکراو بەردەوام بوو و جارێکی تریش سەلماندی کە لە دیموکراسیدا ئەگەر گەل سەبارەت بەچارەنووسی خۆی هەست بەبەرپرسایەتی نەکات، سەرکەوتن لە شەڕدا بەدەست نایەت. نیکسۆن کە (بەرنامەیەکی نهێنی) هەبوو بۆ سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ڤێتنامدا لە ساڵی ١٩٦٨دا بەسەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا هەڵبژێرا، کەچی تەنیا توانی شاهیدی پاشەکشەی هێزەکانی بێدەسەڵاتی ئەمریکا بێت لە ڤێتنام. دەست لە کارکێشانەوەی بەدوای ڕووداوی (ۆتەرگەیت)دا، هەڵبژاردنی (جیمی کارتر)ی بەدواوە بوو، کە کەمتر بیری لە دەستێوەردانی ئەمریکا لە وڵاتانی دەرەوە دەکردەوە.

لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٧٠دا، بەربەرەکانێ لە نێوان دوو زلهێز (ئەمریکا و سۆڤیەت)دا تێکەڵاوێک بوو لە هێرشی نهێنی و هەوڵدان لە زەمینەی گەشەپێدانی تێکنیکە نوێیەکان بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی پتری یەکێک لەو دووانە بەدژی ئەوی تریان.

**نەیل ئارمسترۆنگ پێی نایە سەر مانگ**: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر دەرەتانی خۆی لە زەمینەی گەشتکردن بۆ مانگ دژی یەکێتی سۆڤیەت پێشاندابوو، تەنانەت ئەگەر سۆڤیەت ئیدعای بەشداریکردن لەو پێشبڕکێی ئاسمانیدا هەبوو و بەرگریی لێ دەکرد.

بەڵام کاتێک ڕێگان بەسەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا هەڵبژێرا، وا دەرکەوت کە لە سەرەتای ئەرکی خۆیدا دەیەوێ وەڵامێکی توند و بەهێز بەشتێک بداتەوە کە بە(ئیمپراتۆری شەڕ)ی دەناساند. لەو کاتە تایبەتییەدا بوو کە لەژێر کاریگەریی گوشاری دەرەکی و بەتایبەت کارتێکەرییەکانی ناوخۆییدا یەکێتی سۆڤیەت زنجیرە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی لەخۆیدا پێک هێنا، کە سەرئەنجام بەونبوونی تەواوبوو. لەو کاتەوە نیازی سەرەکی و دروست بەدیموکراسی دنیای داگرتبوو. وەک ئەوەی کە لە ئاڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە تا مەنگۆلستان و لە مەجارستانەوە تا نیپال، لە شیلییەوە تا ئەفریقای باشور هەموو گەلانی جیهان خوازیاری هەڵبژاردنی سۆلۆن و پریکلس بوون لە بەرامبەر ئاتیلای هوندا.



**بەرەو جیهانی یەکپارچە**: لە سەرەتای توێژینەوە بەپەلەکانی خۆماندا دەربارەی ڕەوتی گەشەکردنی شارستانییەت لە سەردەمەکانی جیاوازەکاندا ئەو دەرەتانەمان هەبوو کە لە هەر هەزارەیەکدا لە هەموو دیاردەکانی جیهان بکۆڵینەوە. چونکە ژمارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەم و ڕۆڵیان کەم بوو، زانیاریی ئێمەش لەم بوارەدا سنووردار بوو. لە بەرامبەردا بەنزیکبوونەوەی ئەم هەزارەیە ناچار بووین کە توێژینەوەکانمان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر بگوازینەوە و دوای ئەوە گەلێک شارستانییەت هەبوون کە دەکرێ زۆر شتیان لەسەر بڵێین. بەرەبەرە کە لە سەردەمی ئێستا نزیک دەبووینەوە، زانیارییەکانمان بەڕادەیەک بوو کە بتوانین تەنیا بەکورتی لە مێژووی هەرێمە گەورەکان بکۆڵینەوە. سەرەڕای ئەوەش کاتێک دەڕوانینە کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٠٠، وێنەی دیاردەیەک دەبینین کە بریتییە لە گفتوگۆ کردنی سەرلەنوێ دەربارەی هەموو جیهان. هەرچەندە نەتەوە و شارستانییەتی جیاواز هەن، بەڵام مرۆڤ باش دەزانێ کە زەوی سیستمێکی تاکە و هەموو دانیشتووانی بەیەکەوە پەیوەستن.

**ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ ئاسمان**: ئەو زانیارییە قووڵە، لە چوارچێوەیەکی بەریندا قەرزداری پێشکەوتنی تێکنیکە، کە مۆتۆری گەشەپێدانی مرۆڤە لە دوا هەزارە و بەتایبەتیی لە سەد ساڵی دواییدا.

**یۆری گاگارێن یەکەم مرۆڤ لە ئاسماندا**: گەشتەکانی ئاسمانییش لەو گەشەکردنەدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان گێڕا و یەکەم وێنەی تەواوی ئەستێرەی ئێمەیان لە ساڵانی ١٩٦٠دا چەسپاند. سەتەلایتەکانی پێکهێنەری پەیوەندیی ئەم ڕەوتەیان توند کرد و دەرەتانی پەیوەندیی بەپەلەیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری زەوی بۆ ئێمە دەستەبەر کرد.

**یەکەم گەشت لە زەوییدا**: بەکۆبوونەوەی تێلێفۆن، کۆمپیوتەر، تێلێڤزیۆن، ڕادیۆ و فڕۆکە جیهان یەکپارچە بووە و بەیارمەتی ئەوانەوە مرۆڤ دەتوانێ بەزووترین کات لە شوێن و کاتی ڕووداوەکان ئاگادار بێت. خەڵک ئەو دەرەتانەی هەیە کە بزانێ ڕووداوەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەیە هەرچەندە چەند هەزار کیلۆمەتر لە یەکتر دووربن. کێشەی پەیوەندییدار بەژینگە لە ساڵانی ١٩٦٠دا سەری هەڵنەدابوو، بەڵام لە سی (٣٠) ساڵی دواییدا لە هەموو جێگەیەک سەری بەرز کردەوە و نموونەیەکی باشە لەو زانیاری و پێزانینە نوێیە. هێندێک ئاڵوگۆڕیش لە زەمینەی گۆڕینەوەی بەپەلەی بۆچوونەکان (بۆ نموونە، دیموکراسی) لە جیهاندا بەدیهات و کۆمەڵێکی لە ژمارنەهاتووی خەباتگێڕی تێوەگلاند و بەرەو کردەوە شۆڕشگێڕانەکان پاڵی پێوەنان. دوای ئەوەی کە ژەنەڕالەکان و ئیمپراتۆرەکان بۆ ماوەی دە هەزار ساڵ هەوڵیاندا بەشەڕ و توندوتیژی لە جیهاندا یەکێتی پێک بێنن، سەرئەنجام ئەم یەکێتییە بەشێوەی ئاشتییخوازانە لە گەشەکردندایە. شارستانییەت کە لە ڕابوردوودا ناوەندە زۆر بچووکەکانی لە شیوەکانی دیجلە و فورات و نیلدا دەگرتەوە، ئەمڕۆ هەموو گۆی زەوی

داگرتووە و مرۆڤایەتی کلیلی ڕەوتی گەشەپێدانی دوایی بەدەستە. دیارە کە لەمەودوا مرۆڤایەتی بەشێوە بیرکردنەوەیەکی نوێ دەگات کە تەنیا بریتی دەبێت لە داهاتووی مرۆڤ و بابەتەکانی‌تری ژیان کە تەنیا پەیوەندییان بەپێویستییەکانی تاک یا دەوڵەتی نەتەوە جیاوازەکانەوە نابێت. زانیاری لە سەرچاوە گشتییەکانی ئەستێرەی ئێمە و لەبەرچاوگرتنی هەموو سیستەمەکانی کە پارێزەری تەواو و دەرەتانی گەشەکردنن، پتر جێگەی خۆیان لە ڕیزی یەکەمدا دەکەنەوە. ڕەنگە کۆمەڵانی خەڵک بەو دەرسانەی کە لە مێژوو فێری بوون بەو مەسەلەیە بزانن کە جووڵانەوەی سیاسی و سەربازیی کەمتر سوودیان هەبووە تا یەکێک لە دەستکەوتەکانی بیری مرۆڤ. مەبەست لە دۆزینەوەی ئەلف و بێ و یا بنیادنانی فەلسەفەی نوێ، بنیادنانی سیستمێکی سیاسی باشتر یا پێکهێنانی جیهانناسییەکی نوێ. سەرئەنجام لەوانەیە بیری مرۆڤ لە هەموو سوپاکان و هێزە شەڕکەرەکانی دەریایی کە بۆ سەلماندنی ویستی ڕێبەرانیان بەسەر نەیارانیاندا شەڕیان کردووە، بەهێزتر بێت. ئەگەر شتێکی وا ڕوویدات هیچ جووڵەیەک هەست بزوێنتر لە پێشبینی گرفتەکان نییە کە شارستانییەتی ئێمە لە هەزارەی داهاتوودا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و ئەوەی کە شارستانییەتی ئێمە چۆن دەتوانێ لە بەرامبەریاندا ڕاوەستێ؟





**٠٧ هەزارەی داهاتوو**

بەجێ هێشتنی ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی: ئێمە شاهیدی تێپەڕبوونی یەک بەدوای یەکی هەزارەکان بووین و لە سەرەتای سەردەمی ساوابوونی شارستانییەتەوە تا سەردەمی ئێستا. لەبەر ئەوە بۆچی دەربارەی ئەو پێشبینییانە نەدوێین کە هەزارەی داهاتوو بۆمانی دەرەخسێنێت؟

ئێمە لەبەر دوو هۆکار دەرەتانی ئەوەمان نییە. یەکەمیان داهاتوو وەک کتێبێک کراوە نییە کە تێیدا نوسرابێت مرۆڤایەتی چی بەسەر دێت و پەیوەست بەیاسایەکی پێشتر دیاریکراو نییە. دووەمیان داهاتووی مرۆڤایەتی بەگوێرەی کردەوە یەک بەدوای یەکەکانی نەوەکانەوە خۆی ڕێک دەخات. بۆ نموونە گەلانی ئەمڕۆ دەتوانن شەڕی ئەتۆمیی بکەن و زەوی بەزەبڵ و پیسایی داپۆشن یا پلەی گەرمای زەوی بەرز و نزم بکەنەوە و بەپێچەوانەوەش پێش بەسەرهەڵدانی ئەم کارەساتانە بگرن. سەلیقەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشبینی ناکرێت. لە لایەکی‌ترەوە لە پەنای بڕیاری دروستدا مەترسی مێژوویش هەن کە بۆ پێشبینی کردن نابن. ئەگەر لە ١٤٠٠ زدا وڵاتی چین چەند ئێمپراتۆری بووایە و ئەوان بەیەک هەڵوێست هەوڵی بەرفراوانکردنەوەی وڵاتەکەیان بدایە، چی دەبوو؟ یا ئەگەر ئیمپراتۆریی ڕۆم ڕێگای عادیلانەی باج کۆکردنەوەی هەڵبژاردایە؟ یا ئەگەر چەنگیزخان لە سەردەمی لاوییەتیدا بمردایە و ئێمپراتۆریی مەنگۆل پێک نەهاتایە؟ چۆن بوو ئەوروپای ڕۆژئاوا توانی لە سەدەی سیانزدەیەمدا لەگەڵ دەزگای چاپ، ئوستەرلاب و بارووت ئاشنا بێت؟ و هاوکات لەگەڵ ئەو (ئەگەرانە) چی دەبوو ئەگەر کەشتییەکانی کریستۆڤەر کۆڵۆمبوس لە تۆفانی دەریاییدا نوقم بوونایە و کەشتیرانە ئازاکان نەیانتوانیایە قارەی نوێ بەدنیا بناسێنن؟ سەرئەنجام وەک نموونەیەکی نزیکتر، چی دەبوو کە ئەگەر مخایل گۆرباچۆف وەک ڕێبەری یەکێتی سۆڤیەت هەڵنەبژێرایە؟

بەهۆی ئەم بەشە پێشبینی نەکراوانەوەیە کە تەنانەت بۆچوونی دروست و پوختەی ئەمڕۆ بۆ کەسانێک کە دوای سەد ساڵ دەیخوێننەوە دەبێتە جێگەی گاڵتە پێ کردن. سەرەڕای ئەوە خوێندنەوەی ئێمە لەسەر ڕابوردوو هێڵە گشتییەکانی دەستنیشانکردووە کە لە داهاتوودا دەکرێ بەشوێنیاندا بچن. کاتێک ئێمە دەڕوانینە هەزارەکانی ڕابوردوو، بەگۆڕانکارییە مەزنەکان سەرمان سوڕ نایەت، بەڵکو تێبینی ئێمە لە زنجیرە بۆچوونێکی‌ترە کە بەگشتیی بەشێوەی هەمیشەیی لە ئارادان.

**بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان:** یەکێک لە ویستە هەمیشەییەکان بەرزبوونەوەی بەردەوامی ژمارەی دانیشتووانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بەشێوەیەک کە ئەم بەرزبوونەوەیە لە دوا هەزارەی زاییندا سەرنج ڕاکێشە. ئێمە دەبێ بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی ئەم بەرزبوونەوە بەپەلەیە لەبەرچاو بگرین. خوێندنەوەی ئێمە دەربارەی ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بێخەوش نییە و سەرژمێریی دیاردەیەکی نوێیە و تەنانەت ئەمڕۆش ژمارەی دانیشتووانی جیهان بەشێوەیەکی مامناوەندیی بەراورد دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش ئاکامی لێکۆڵینەوە جیدییەکان دەربارەی بەرزبوونەوەی ژمارەی

دانیشتووانی جیهان لە هەر هەزارەیەکدا بەشێوەی خوارەوە بەراورد کراوە:

| ساڵ پ.ز | بەراورد | ڕێژەی بەرزبوونەوە |
|---|---|---|
| ٨٠٠٠- | ٤ میلیۆن | |
| ٧٠٠٠- | ٤/٣ میلیۆن | ٥و٧ |
| ٦٠٠٠- | ٤/٦ میلیۆن | ٥و٦ |
| ٥٠٠٠- | ٥ میلیۆن | ٧و٨ |
| ٤٠٠٠- | ٧ میلیۆن | ٤٠ |
| ٣٠٠٠- | ١٤ میلیۆن | ١٠٠ |
| ٢٠٠٠- | ٢٧ میلیۆن | ٩٣ |
| ١٠٠٠- | ٥٠ میلیۆن | ٨٥ |
| ١+ | ١٧٠ میلیۆن | ٢٤٠ |
| ١٠٠٠+ | ٢٦٥ میلیۆن | ٥٦ |
| ٢٠٠٠+ | ٦٠٠٠ میلیۆن | ٢١٦٥ |

بەم جۆرە ڕێژەی مرۆڤ بەبەردەوامیی لەزیادبووندا بوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم زیادبوونە ئارام بوو.

لە سێ هەزار ساڵی یەکەمدا کە گەشەکردنی کشتوکاڵ بەئارامی ئەنجامی دەگرت و خۆراک بەزۆریی دەست نەدەکەوت بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی زەوی لە هەر هەزارەیەکدا کەمتر لە ١٠٪ بوو. لە ساڵی ٥٠٠٠ی پ.ز وە، بەگەشەسەندنی کشتوکاڵ ژمارەی مرۆڤ لە هەر هەزارەیەکدا بوو بەدوو هێندە، بەڵام لە دوا هەزارەدا ژمارەی مرۆڤ گەیشتە بیست و دوو هێندە کە بەرزبوونەوەیەکی لە ڕادە بەدەرە. چی ڕوویداوە؟ لە لایەکەوە ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو واتە سەردەمی دۆزینەوە مەزنەکان کە بوو بەهۆی چوونی ئەوروپاییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەمریکا، ئەفریقای باشور و ئوستورالیا و بردنی تێکنیکی کشتوکاڵ بۆ ئەو وڵاتانە کە بینیمان ئەوە یەکەم قۆناخی پێکهاتنی شارستانییەت بوو. ڕوسیاش بەرەو ڕۆژهەڵات گەشەی کرد و زەوییە پان و بەرینەکانی چاند. لێرەدا جارێکی‌تریش پەیوەندیی نێوان زیادبوونی مرۆڤ و گەشەسەندنی کشتوکاڵ دەبینین. بەرەبەرە کە شێوەکانی چاندن گەشەیان سەند و جوتیاران بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ بست بەبستی زەوی ئاشنا بوون، ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە هەرێمەکانی پڕ لە دانیشتوودا وەک چین و هیندستان بەرز بووەوە. بەرزبوونەوەی واقیعی لە زەمینەی زیادبوونی کۆمەڵ لەم هەزارەیەدا، بەشێوەیەکی یەک پارچە ئەنجامی نەگرتووە. لە نێوان ساڵی ١٠٠٠ تا ١٨٠٠ زدا، کۆمەڵ ٢١٨٪ بەرز بووەتەوە و لە ٣٢٠ میلیۆن کەسەوە گەیشتووەتە ٩٠٠ میلیۆن و ئەم بەرزبوونەوەیە توندتر لە بەرزبوونەوەی هەزارەکانی ڕابوردوو نەبوو.



**پتر لە شەش ملیار کەس لەسەر گۆی زەوی:** لە بەرامبەردا، لە نێوان ساڵانی ١٨٠٠ و ٢٠٠٠ی زدا، ڕادەی دانیشتووان لە ٩٠٠ میلیۆنەوە گەیشتە شەش ملیار، واتە ٦٦٧٪ لە دوو سەدەدا. بەم جۆرە زیادەڕۆیی نییە کە ئەگەر لە هەوڵی پێشگیریکردن لە تەقینەوەی کۆمەڵ بدوێین. ئەم دیاردەیە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە ئەنجامی گرتبوو کە لە هەزارەی ڕابوردوودا بەشۆڕشی کشتوکاڵ دەستی پێ کرابوو. گەیشتنی ئامێر بۆ گوندەکان، زیادبوونی لە ڕادەبەدەری خۆراکی بەدواوە بوو و ئەمەش بەدەوری خۆی ڕۆڵی مەوادی کیمیایی (کود)ەکانی لە سیستەمە نوێیەکانی ئاودێریدا گژ و گیایەکی زۆر و جۆراوجۆری بەرهەمهێنا و بەم جۆرە مەترسی برسییەتی بەئاشکرا پاشەکشەی کرد. بۆ ئێمەی مرۆڤ برسییەتی مەسەلەیەکی نائاسایی و کارەساتە و دەبێ لێی دووربینەوە یا کەمی بکەینەوە. چ هەوڵدانێک لەوە گرنگترە کە بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی برسییەتی لەسەر گۆی زەویدا بەئەنجام بگات؟

لە جیهانی گیانداراندا، برسییەتی هۆیەکە بۆ دابەزاندنی جۆری گیاندار و گەیاندنیان بەو ڕادەیەی کە ناوچەی ژیانیان توانای ڕاگرتنیانی هەبێت. نەخۆشی هۆیەکی‌تری لەناوچوونی مرۆڤە و مرۆڤایەتی فێر بووە کە چۆن و بەتایبەتی لە سەدەی دواییدا و لە چوارچێوەیەکی بەریندا نەخۆشییەکان کۆنتڕۆڵ بکات. ئێمە دەتوانین بەر بەزۆربەی نەخۆشییەکان بگرین و چارەسەریان بکەین و نەهێڵین هەڕەشە لە ژیانمان بکەن. هەروەها فێربووین کە چۆن گرنگی بەشێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان بدەین و تەمەن درێژ بکەین.

ڕادەی مەرگ و لەناوچوونی مرۆڤ بەهۆی نەخۆشییە کێمدارە چڵکییەکان و نەخۆشییە گیرۆیەکانەوە کە لە نەوەیەکەوە تەشەنە دەکەنە نەوەیەکی‌تر و لە بەشێکی مەزنی کۆمەڵگای لە زیادبووندا دابەزیوە. چاکبوونی دۆزی ژیان، بەرزبوونەوەی پلەی لەدایکبوونەکانی بەدواوە بوو. ئەم خاڵەش جێگەی سەرنجە کە بوونی مناڵ لەم دوایانەدا لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا پێچەوانە بووەتەوە. چونکە کشتوکاڵ بەپلەیەکی بەرین تێکەڵاوی تێکنیک بووە، پێویستیی کەمتری بەهێز و بازووی مرۆڤ هەیە و دایک و باوکەکانمان ئیتر پێویستیان بەیارمەتی وەرگرتن لە منداڵانی خۆیان لە کاتی پیریدا نییە. لە کاتێکدا ئەم شێوە یارمەتییە ئێستاش لە وڵاتانی هەژاردا برەوی هەیە. سەرەڕای ئەوەش تەندروستی گشتی، ڕادەی مەرگی منداڵانی دابەزاندووە و منداڵان دەرفەتی پتریان هەیە کە پێ بگەن و بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان ڕاگەیەنەری گەشەکردنی دەسەڵاتی ڕۆژانەی مرۆڤایەتییە بەسەر ژیان و شوێنی ژیانیدا.

سەرەڕای ئەوە، ئەو کۆنترۆڵکردنە هەمیشەیی نییە. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ ویستی لە هەردوو سەدەدا یەک جار بەڕێژەی ٦٦٧٪ ژمارەی خۆی زیاد بکات. دیارە ئەمە لە دوو سەدەی دواییدا ڕوویدا. ئەگەر ئەم ڕێژەیە لە هەزارەی داهاتوودا بەردەوام بێت ژمارەی مرۆڤ لە ساڵی ٣٠٠٠دا دەگاتە ٧٥٠٠٠ میلیار و بەڕوونی دەبینین کە زەوی جێگای پێویستی بۆ ئەم ژمارەیە نییە. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە تەنانەت بەرلە ساڵی ٣٠٠٠ مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەرەوەی گۆی زەویدا بڵاودەبێتەوە.

لەوە دەچێ کە لە داهاتوویەکی کەم دووردا ئێمە بتوانین بەرەو مانگ و مەریخ کۆچ بکەین و تەنانەت بتوانین دنیایەکی دەستکرد بۆ نیشتەجێکردنی هەزاران و تەنانەت میلیۆنان کەس دروست بکەین و لە

لایەکی‌تریشەوە بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی زەوی ئێستا ساڵانە لە نێوان ٦٠- ٧٠ میلیۆن کەس دایە. ئایا بەڕاستی بیر لەوە دەکەینەوە کە مرۆڤ دەتوانێ ساڵانە حەفتا میلیۆن کەس بۆ ئاسمان بنێرێت؟ تەنانەت لایەنگرانی بێ مەرجی کۆچکردن بۆ ئاسمان باوەڕیان بەشتێکی وا لە داهاتوویەکی پێشبینییکراودا نییە. تەنانەت بەقبوولکردنی ئەم بۆچوونەش، ئەوانەی کە پێشتر لە ئاسمان نیشتەجێ بوون منالیان دەبێت و ژمارەیان بەرز دەبێتەوە و بۆ دابینکردنی زەوی پێویست لەگەڵ تازەهاتووەکانی ساڵانە لە زەوییەوە کێشەیان لێ پەیدا دەبێت. هەروەها هەموو پێشبینییەکانی ئێمە سەبارەت بەسەدەکانی داهاتوو بەگوێرەی نیشتەجێکردنی مرۆڤ لە سیستمی خۆریی دایە کە ئەم سیستمە بەهەموو پان و بەرینییەوە هەمیشەیی نییە و تەواو دەبێت و ناتوانێ جێگەی ژمارەیەکی بێ پایانی مرۆڤ بکاتەوە. جگە لەوە هەڵسەنگاندنێکی سادە بەئێمە دەسەلمێنێت کە ئەگەر مرۆڤ بەم شێوەیەی ئێستا بچێتە پێشەوە، ڕادە و مەزنایەتی (حجم) گۆشت و خوێنی لە ساڵی ٩٠٠٠دا لەگەڵ ڕادەی مەزنایەتی گەردوون (کیهان) بەرامبەر دەبێت، واتای ئەوەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مەوادی سەرەتایی بۆ ژیان نامێنێت. لەبەر ئەوە دەبێ لە ئێستاوە ڕادەی زیادبوونی مرۆڤ لە زەویدا ڕێکوپێک بکرێت و ڕادەکەی بگاتە سفر و تەنانەت لە بەرامبەر زیادبوونیدا بگاتە ژێر سفرەوە. ئێمە تەنیا دوو هۆمان بۆ کەم و زیادکردنی ڕێژەی مرۆڤ هەیە: زیادبوونی ڕادەی مەرگ و لەناوچوونی تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێژەی لە دایکبوون ڕێکبخرێت یان بەپێچەوانەوە ڕێژەی مردووەکان لە ژمارەی بەدنیا هاتووەکان زیاتر بێت.

هەروەکوو پێشتر ئاگاداربووین سروشت بەهۆی لایەنی یەکەمەوە زیادبوونی گیاندارەکان کۆنترۆڵ دەکات. ئەگەر خۆراک زیاد بێت و گیاندارەکان نەکەونە بەر پەلاماری دوژمن، بەشێوەی سروشتی بەپەلە ڕێژەیان دەچێتە سەر، بەڵام ئەگەر خۆراک کەم بێتەوە ڕاوکەریان لێ پەیدا دەبێت و ئەمەش بەواتای بەکۆمەڵ کوشتنیانە. ئەگەر هەموو شتێکمان وەک خۆی بهێشتایەوە تا ڕەوتی سروشتی خۆیان بگرنەبەر، ئەمە شتێکە کە لە چاوەڕوانی مرۆڤدایە، بەشێوەیەک کە لە بەشێکی جیهاندا بەرچاو دەکەێ، ڕێژەی دانیشتووانی جیهان هەرگیز بە ٧٥٠٠٠ میلیار ناگات. لە هێندێک لە سەردەمەکاندا خۆراک کەم دەبێتەوە و نەخۆشیی بەهۆی کەمیی خۆراکەوە زەبر لە خەڵکی لاواز دەدات و ئەوانە بۆ بەدەستهێنانی خۆراک لەو کاتانەدا یەکتر دەکوژن و مەرگ بەپلەیەکی ترسناک دەگات.

لە ئەنجامدا جارێکی‌تریش لەگەڵ چوار کارەسات ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە کتێبی دۆزراوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە کە بریتین لە: برسییەتی، نەخۆشی، شەڕ و مردن. مەبەستی ئەم سیناریۆ و کارەسات خولقێنەرە لەناوبردنی هەموو دەستکەوتەکانی چەندان هەزار ساڵەی شارستانییەت و گەڕاندنەوەی ئێمە بۆ سەردەمی بەردە کە هیچ مرۆڤێک خوازیاری نییە. ئەگەر مرۆڤایەتی ئاشتی و خۆشبەختی ڕێژەیی دەوێت، دەبێ بەتەواوی پێش بەزۆربوونی منالْ بگرێت، بەڵام چۆن مرۆڤایەتی دەتوانێ بەو ئامانجە بگات؟ سەرەتا دەبێ لە هەموو وڵاتانی جیهاندا خەڵک منالی کەمتریان بوێت. بەدرێژایی مێژوو ویستی زیادبوونی منالْ زۆربووە. ڕێژەی مەرگی منالیش زۆر و تەمەن کورت بووە و تەنیا منالْ زۆری توانیوییەتی ڕێژەی پێویستی ئەندامی پێگەیشتووی خێزان دەستەبەر بکات تا ئەوانیش منالْ دروست



بکەن. هەروەکوو پێشتر بینیمان لە وڵاتە هەژارەکاندا کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لاوازە، تەنیا زیادبوونی منالْ دەتوانێت ژیان و مانەوەی دایک و باوکەکان لە کاتی پیری و بەساڵچوویدا دەستەبەر بکات. ئەمڕۆ پێویستییەکان بەتەواویی پێچەوانەن و بیرکردنەوە کۆنەکان بەتوندیی توشی گیروگرفت بوون. جگە لەوەی کە ژمارەیەک کاربەدستی ئایینی دژی پێشگیریکردنی منالی زۆرن و بنەماڵەکان هاندەدەن کە زۆر منالیان ببێت. بوونی منالی زۆر ژن وەک ئامێری دروستکردنی منالْ لێ دەکات و ناهێلێت بەشێوەی پێویست خۆی پەروەردە بکات و تەنانەت بەهۆی کەمیی کاتەوە پێش بەهەڵسوڕانی لە دەرەوەی مالیش دەگرێت. ئەمڕۆ لەو کۆمەڵگایانەدا کە ژنان بایەخی کەمتریان لە بەرامبەر پیاواندا هەیە، پلەی دروستکردنی منالْ بەرزە و لەو جێگایانەدا کە ژن ڕۆڵی بەرچاوی نییە، دایکایەتی تەنیا ڕێگاچارەی دیارە بۆ دەستەبەرکردنی جێگە و شوێنیانە.

هەروەها لە کۆمەڵگایەکدا کە ژن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەوە لەگەڵ پیاو یەکسانە، درووستکردنی منالْ ناتوانێت بەشێوەی سرووشتی بەرز بێتەوە. ژن کە لە زەمینەی کارکردندا سەرکەوتن بەدەست دێنێت، دەبێ هاوسەنگی لە نێوان کار و بنەماڵەکەیدا پێک بێنێت و ئەم دیاردەیە لە کاتێکدا بەدی دەکرێت کە منالی کەم هەبێت. لەبەر ئەوە، پیاو دەبێ پتر بەشداری بکات لە پەروەردە کردنی منالْدا و لە ئاکامدا کاتێکی کەمتر دەبێت بۆ کارکردن. کارێکی‌تریش بەقازانجی دابەزاندنی درووستکردنی منالْ لە کۆمەڵگای پیشەسازییدا بەرچاو دەکەوێ: لە ڕێژەی داهاتدا (تەنانەت بەدوو داهاتی بنەماڵەیەک) هەرچەندە ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە پتر بێت، توانای ئابووری بنەماڵە کەمترە. لەبەر ئەوە تەنیا لە جیهانی سێیەمدایە کە ژمارەی دانیشتووان بەرز دەبێتەوە. دابونەریت لەواندا پتر ڕیشەی هەیە و ژن لە کۆمەڵگایەکی وادا جێگە و شوێنی لە پیاو نزمترە. بەدبەختانە لە جیهانی سێیەمدا بەرزبوونەوەی کۆمەڵ پتر لە هەرشوێنێکی‌تری جیهان گیروگرفت پێک دێنێت هەروەها لە هێندێک وڵاتدا کە کەوتوونەتە بەردەم هەڕەشەی زیادبوون، ماوەیەکە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی جۆراوجۆر دەدەن کە پێش بەزیادبوونی پتر بگرن.

**بەرزبوونەوەی کۆمەڵ و گەڕان بەدوای هاوسەنگییدا:** لەبەر ئەوە دەبێ هیوادار بین کە بەدوای ساڵی ٢٠٠٠دا گەشەکردنە ئابوورییەکان لە جیهاندا هاوسەنگ بێت و ژنان دەرەتانی باڵا لە کۆمەڵگادا بەدەست بێنن. ئێمە دەبێ بەدیهاتنی شتێکی وەک ئەوە قبووڵ بکەین، ئەگەرنا شارستانییەتی ئێمە بەردەوام نابێت. ئێستا ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێت کە مرۆڤ دەیەوێت منالی کەمتری هەبێت، چۆن دەتوانێ بەکردەوە بەو ئامانجە بگات؟ پێشگیری کردن لە زەمینەی تێکەڵاویی جنسییدا بێگومان ڕێگاچارەی سەرەکییە و مرۆڤ لە قۆناخەکانی ئازادیی و پارێزگاریدا ئەم ڕێگایەی تاقیکردووەتەوە. هێندێک جار و بۆ نموونە قەشەی کاتۆلیکەکان بەدەگمەنیش باس لەم دیاردە گومانهەڵنەگرە ناکەن. لە هێندێک قۆناخدا گوشاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی دژایەتیکردنی هەبوو لەگەڵ پەیوەندییە جنسیەکاندا. لەم دواییانەدا ترس لە نەخۆشیی ئەیدز ویستی تێکەڵاویی جنسیی کەم کردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش سەیرە

ئەگەر خۆبواردن لە تێکەڵاویی جنسیی وەک تەنیا ڕێگاچارەی پێشگیری بەر بەتەقینەوەی کۆمەڵ لە هەزارەی داهاتوودا بگرێت. لە جیاتی ئەوە، ئەم ڕۆژانە پێشگیری کردن لە سکپڕی پتر لە بەرزبوونەوە دایە و هەرچەند دژایەتیشی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەم ڕێگایە بۆ پێشگیری کردن لە زیادبوونی مناڵ کەڵک وەردەگرن و دژی لەناوبردنی مناڵ لە ناو سکی دایک (سقط جنین)، لەناوچوونی مناڵ و بەرەڵاکردنی منالن. جگە لەوە پێشگیری کردن لە سکپڕی ئەو دەرتانە دەڕەخسێنێت کە لێهاتوویی تێکنیکی تایبەت بەمرۆڤ لە خزمەت ڕێگاچارەکانی تری گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندایە. لەبەر ئەوە گرنگی ئەم پێشگیرییە بەبێ هیچ گومانێک لە هەزارەی داهاتوودا پەرە دەستێنێت.

**وزە:** پێشتر ئاگادار بووین کە پلەی گەشەسەندنی شارستانییەتێک بەهۆی لێهاتوویی کۆنترۆڵ و کەڵک وەرگرتنی لە وزە هەڵدەسەنگێنرێت چ وزە بەهۆی گەرما لە سوتاندنی دار و درەخت بێت یا بەهۆی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا. گەشەسەندنی کۆمەڵ و بەرهەمهێنانی وزە بەشێوەیەکی زۆر نزیک پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە. بۆ هەر مرۆڤێک کە لە دایک دەبێ، پێویستە خۆراک، جێگا، ئەمنیەت و دەرەتانی دوورکردنەوەی ئەو پیساییەی بۆ دەستەبەر بکرێت کە بۆخۆی بەبەرهەمی دێنێت. جێگەی پێویست بۆ هەر مرۆڤێک زۆر لەوە پترە کە لەش پێکی دێنێ. جێگەی دەرەوەی بریتییە لە کێڵگەکان، کانزاکان، شار و گوندەکان و پێکهاتەکان بەبێ ئەوەی کە جارێ باس لە جادەکان، پردەکان، کەرەسەی ڕاگواستن و دەزگاکانی پەیوەندی پێکهێنەر تێکەڵاوی و... تد بکەین. تەنانەت کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش پێویستیان بەبڕینی داری دارستانەکان بۆ گەرمکردنەوە و کێڵگە بۆ چاندن هەیە. لەبەر ئەوە، چۆن دەتوانین نیاز و پێویستییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیی لەبەرچاو نەگرین؟

لەسەرەتاوە مرۆڤ بەبێ لەبەرچاو گرتنی ژیان و مانەوەی بوونەوەرەکان هەوڵی دوورکردنەوە و لەناوبردنیاندا. لەناوچوونی فیلە زۆر مەزنەکانی بەرلە مێژوو و شیردەرەکانی سەردەمی سەهۆڵبەندان لەوە دەچێ بەهۆی ڕاوکەرە سەرەتاییەکانەوە ئەنجامی گرتبێت.

ئەمڕۆ چەکی نوێ کە بەرهەمی شارستانییەتی ئێمەیە هەڕەشەی لەناوبردنی هەموو گیاندارە گەورە کێوییەکان دەکەن و لە ڕاستییدا نیازی مرۆڤایەتی بەژینگە بەشێوەیەکە کە جێگایەک بۆ بوونەوەرەکانی تر ناهێڵێتەوە. تا ئەمڕۆ لە هەموو ڕێگاچارەیەکی پێویست بۆ پارێزگاری کردن لە گیاندارەکان کەڵک وەرگیراوە، بەڵام بەرەبەرە پلەی لەناوچوونیان زۆر بەرزبووەتەوە. بەدرێژەدانی ئەم شێوەیە، ئێمە بەتوندیی زیان بەژینگەی خۆمان دەگەیەنین. هەموو بوونەوەرێک بەیەکترەوە پەیوەستن و ئێمە ناتوانین یەک بەدوای یەک لەناویان ببەین و خۆمان لە بەرامبەر مەترسی نەماندا ڕاگرین. شارستانییەت هەمیشە زیانی بۆ ژینگە هەیە: کشتوکاڵ کە بۆ مرۆڤ قازانجی هەیە، زەوی لاواز دەکات و ئاودێری لایەکانی زەوی دادەبەزێنێت و دەبێتە هۆی ڕەگاژۆیی کردنی ئاوی سوێر کە زیانی بۆ کشتوکاڵ هەیە. پەروەردەکردنی ئاژەڵ دەبێتە هۆی زۆر بوونییان و بەخواردنی گیا، ناوچە بەپیت و بەبەرهەمەکان دەکەنە بیابان. سەرەڕای ئەوەش بەرلە سەردەمی پیشەسازیی کەمتر بەهاوسەنگی سروشتی ژینگە زیان دەگەیشت. لە سەردەمی



پیشەسازیدا و هاوکات لەگەڵ کەڵک وەرگرتنی زیاتر لە وزە، شوێنەواری خراپ و دەستێوەردەرانەی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە. زبڵ و پیسایی ئاسایی وەک بەجێماوەکانی بیولۆژیکی یا پیسایی وەشک بووەوە سەرلەنوێ تێکەڵاوی سروشت دەبنەوە و گازی کاربۆنیی پەیدابوو لە گیاندار سەرلەنوێ لە لایەن گیاکانەوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و پیسایی گیاندار گژ و گیا بەهێز دەکات و دەبنە خۆراکی مێش و مەگەز و باکتریاکان. جگە لەوە تێکنیکەکانی پیشەسازییش زبڵ دروست دەکەن کە تێکەڵاوی زەوی و هەوا نابنەوە. بۆ نمونە پلاستیک و زبڵەکانی پیشەسازیی چونکە لێک نابنەوە، گۆڕانیان بەسەردا نایەت. پۆشاکی منالّی ساوا کە بۆ دایک و باوکە نەسرەوتووەکان پێویستن بۆ ژینگە زیانیان هەیە.

بەشێکی زۆری زبڵەکانی پیشەسازیی ژاراوین و زیان بەخەڵک دەگەیەنن و ئاو و هەوا و خاک پیس دەکەن و دەبنە هۆی لەناوبردنی شێوازەکانی تری ژیان. زۆر ڕێگای تێکنیکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە هەیە، بەڵام هەموویان پێویستیان بە وزە هەیە و وزەش دەبێ بەتێبینییەکی زۆرەوە بەکاربهێنرێت. دیارە کە وزە لە ڕیزی یەکەمی ئەو دیاردانەدا دەبێت و لە هەزارەی داهاتوودا بیری مرۆڤ بەرەو خۆی ڕادەکێشێ. سەرەڕای ئەوەش بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک دەبێ لە ناوەرۆکی گرفتەکە ئاگادار بیت. لە سەرەتادا مرۆڤ تەنیا لە هێز و وزەی باسکی خۆی و گیاندارە ڕامکراوەکان کەڵکی وەردەگرت، دوایی فێر بوو کە چۆن لە وزەی با و ئاو کەڵک وەرگرێت، بەڵام با بەبەردەوامی نەدەهات و هێزی ئاو یا وزەی هایدرۆلیک لە هەموو جێگایەک بەدەستەوە نەبوو. بێگومان سوتەمەنی وزە بەرهەم دێنێت، بەڵام تەنیا بەدروستکردنی ئامێری هەڵم بوو کە مرۆڤ توانی بەبێ هیچ چەشنە مەترسییەک لە سوتەمەنی لە بواری جۆراوجۆردا کەڵک وەرگرێت. هەروەها بەدەستپێکردنی سەردەمی پیشەسازیی بوو کە سەردەمی واقیعی وزە دەستیپێکرد.

بەگشتیی وزەی پێویستی کۆمەڵگای پیشەسازیی بەهۆی سوتەمەنی مەوادی کاربۆنی و هایدرۆجینەوە بەدەست دێت. سوتەمەنی لە سەرەتادا بەگشتی لە دار و ڕۆنی گیاندار و ڕۆنی ڕوەک پێک دەهات. بەشۆڕشی پیشەسازیی نۆرەی کاربۆن، نەوت و گازی سروشتی هات کە لە فۆسیلەکانی ڕووەکەکان پێک هاتبوو. کەڵک وەرگرتن لە سوتەمەنی چەند کەموکوڕیی هەیە کە یەکێکیان دووکەڵە. بەهۆی دۆکەڵکێشەوە دەکرێ دووکەڵ لە هەوادا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەی سەرچاوەکانی پێکهێنەری گاز لە سوتەمەنی بەڕادەیەکن کە هەوا بەزەحمەت بۆ هەڵمژین دەبێت. مەوادی پیس لە ڕەژی و نەوت، ئەسیدی گۆگرد و ئۆزۆت کە بۆ بەشە جیاوازەکانی سروشت مەترسییان هەیە، تێکەڵی هەوا و ئۆزۆن دەکەن. ئەم ئەسیدانە لە پێوەندی لەگەڵ شێیدا، بارانی ئەسیدیی پێک دێنن کە زیانیان بۆ دارستان و دەریاچەکان هەیە. گازی پێکهاتوو لە لوولەی ئێکسۆزی ئۆتۆمبیلە لە ژمارە نەهاتووەکان زۆر بەتوندیی هەوا پیس دەکەن. خەڵوز و نەوت پێکهێنەری ئۆکسیدی کاربۆن یا گازی کاربۆنن کە پتر لە پێویستی ڕووەکەکان هەوا پڕ دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دارستانەکان لە زەمینەی لەناوبردنی گازی کاربۆندا زۆر کارامەن، بۆخۆیان بێبەزەییانە لەناودەبردرێن. بێگومان بوونی هێندێک گازی کاربۆن لە هەوادا بۆ ڕووەک

و گیاندار پێویستە، لەبەر ئەوە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەمیلۆنان تەن گازی کاربۆن لە هەوادا تا ئەمڕۆ هیچ گرفتێکی لە زەمینەی هەڵمژینی هەوا بۆ مرۆڤ پێک نەهێناوە. گازی کاربۆن تیشکی ئاسایی پێدا دەڕوا و دەتوانێ تیشکی ژێر سووریش وەرگرێت. تیشکی خۆر بەدرێژایی ڕۆژ لە زەوی دەدات و زەوی دەبێ لە شەودا خۆی لە وزەی زیادە کە بەشێوەی تیشکی ژێر سوورەوەیە ڕزگار بکات. گازی کاربۆن ڕێگە لەو ڕزگاربوونە دەگرێت و زەوی بەرەو گەرمی دەبات و ئەمە شتێکە کە ئێمە پێی دەڵێین (کاریگەریی شوشەیی). ئەگەر گازی کاربۆنی کەم ببێتەوە هەوا زۆر سارد دەبێت، بەبوونی لە زەویدا دەبێتە هۆی پێکهاتنی گەرما و ئەمەش مەترسی گۆڕانی ئاو و هەوای بەدواوەیە. لە نێوان هەموو سوتەمەنییەکاندا گازی سروشتیی بێگەردترە و کەمترین کاریگەریی هەیە لە پیسکردنی هەوادا، بەڵام ئەم گازەش، گازی کاربۆن دروست دەکات و گاریگەریی گوڵخانەیی بەهێز دەکات. بەهەرحاڵ، تەنانەت ئەگەر دەرەتانی لەناوبردنی گازی کاربۆنییش هەبێت، سەرچاوەی سوتەمەنی لە فۆسیلەکان هەمیشەیی نین و ناتوانین بەدوای ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ ماوەیەکی زۆر کەڵک لە نەوت و گازی سرووشتیی وەرگرین. ڕەژی ڕەنگە تا ساڵی ٣٠٠٠ بمێنێت، بەڵام بێگومان ئەویش تەواو دەبێت. شتێک کە بۆ ئێمە پێویستە سەرچاوەکانی وزەیە کە هەوا پیس نەکات و بۆ هەمیشەش بمێنێت. دەستبەجێ بەدوای شەڕدا گەلێک ڕێگاچارەیان لە کۆڵین (شکافتن)ی ئەتۆم FISSION و بەرەڵڵاکردنی وزەی ئەودا دۆزیبووەوە. بەشێکی زۆری کارەبا لە هێندێک وڵاتی وەک فەرانسەدا لە ناوەندە ئەتۆمییەکان دابین دەکرێت. بەدبەختانە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو ناوەندانە لە ڕادەبەدەر گران و ترسناکن. جگە لە ڕووداوی ترسناک کە خۆشبەختانە بەکەمی ڕوو دەدەن، وەک ڕووداوی (تری مایل ئایلاند) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی (چێرنۆبڵ) لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران گرفتی زبڵی ڕادیۆئەکتیڤیشیان هەیە.

بیروڕای گشتی بەڕادەیەک لە زەمینەی مەترسییەکانی بەدیهاتوو لە بەرەڵڵا بوونی وزەی ناوەکی لە ئارا دایە، کە دەرەتانی کەڵک لێوەرگرتنی لەو وەک وزەی ئەسڵی لە هەزارەی سێیەمدا نییە، بەڵام جگە لەوە ڕێگاچارەی تریش هەن کە بەتێکەڵاو کردن (امتزاج) پێکهاتەی ئەتۆمیی FUSION بەدەست دێت و وزەیەکی زۆر بەرهەم دێنێت. بۆ تێکەڵاویی ئەتۆمیی لە هێدرۆجینی قورس و (یادوتریۆم) کەڵک وەردەگیرێ، کە بەڕادەیەک لەبەردەستدان کە تا زەوی دەمێنێت بەشی پێویستییەکانی مرۆڤ دەکەن. لە ئەسڵدا تێکەڵاویی ئەتۆمیی بەنیسبەت وزەی ئەتۆمی کەمتر تیشکی مەترسیهێنەری لێ دەبێتەوە، بەڵام تێکەڵاویی ئەتۆمیی هەمیشە کۆنترۆڵ ناکرێت و تا ئێستا نرخێکی زۆری بۆ دراوە بەبێ ئەوەی کە بتوانرێت بەشێوەیەکی بەرین کەڵکی لێ وەربگیرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تێکەڵکردنە ئەتۆمییەکان پێویستیان بەڕادەیەکی زۆر وزە و گەرما هەیە. بۆمبی هایدرۆجنیی کە لەسەر بنەمای ئەسڵیی تێکەڵکردن پێک دێت، ناتوانێ بتەقێتەوە، مەگەر بەیارمەتی وزەی بەدیهاتوو لە تەقینەوەی بۆمبی بەرەڵڵا بوو لە وزەی (ناوەکی یا FISSION) نەبێت. لەم دواییانەدا، لێکۆڵەرەکان ڕایانگەیاند کە بەسەر (تێکەڵکردنی ناوەکی سارددا) سەرکەوتوون و توانیویانە دەرەتانی گەیشتن بەشوێنەوارە تێکەڵاوییەکانی ئەتۆمی بەدەست بێنن، بەبێ ئەوەی کە وزە بەفیڕۆ بدەن کە تا ئێستا توانا و دەرەتانی ئەنجامدانی ئەم



تێکەڵکردنە نەبووە. ئەم هەواڵە سەرنجی گشتی بەرەوخۆی ڕاکێشا، بەڵام کۆمەڵگای زانستی بەزوویی دەربارەی ئاکامەکانی گومانی کرد.

بێگومان هەموو ئەوانە دەتوانن گەشە بکەن و پێشکەوتنە نوێیەکان دەتوانن لە تێکەڵاویی سارد یا لە دیاردەکانی وەک ئەو ڕێگاچارەی گرفتەکانی وزە بدۆزنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک دەرەتانی سەلماندنی ئەم مەسەلەیەی نەبووە کە تێکەڵکردنی ئەتۆمیی FUSION باشتر بێت لە بەرەڵڵاکردنی وزەی ئەتۆمیی FISSION بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی وزە. ڕێگایەکی تریش بریتییە لە وزەی تیشکی خۆر کە هەوا پیس ناکات و بەپێچەوانەی وزەی بەرەڵڵاکراوی ئەتۆمیی، زبڵی بڵاوکردنەوەی ڕادیۆئەکتیڤی لێ نابێتەوە. هەروەها بەپێچەوانەی تێکەڵاویی ئەتۆمیی FUSION دەتوانین بەشێوەیەکی کەم بەڵام تەواو لە تیشکی خۆر کەڵک وەگرین. بەدبەختانە وەرگرتن و ڕاگرتنی تیشکی خۆر پێویستیی بەکۆمەڵێک خانەی فۆتۆئەلکتریک هەیە کە گران و دەست و پێ گیرن. گەلێک پێشنیازیش بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەتەلایتەکانی دەوری (مدار) زەوی بۆ وەرگرتنی تیشکی خۆر کراوە بۆ ئەوەی کە وەک شەپۆلی ورد و بچووک بەرەو زەوییان بنێرن و لێرە دابەش بکرێن بەسەر کەڵک لێوەرگرانیدا. بێگومان کەڵک وەرگرتن لەو شەپۆلە زۆر وردانە لە کەشی زەویدا گرفت بۆ ژینگە پێک دێنن و لە لایەکی تریشەوە دەبێ خۆمان بۆ دانانی ژمارەیەکی زۆری باتری ئامادە بکەین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو سەتەلایتانەی کە بەتیشکی خۆر کار دەکەن، یەکێکن لەو دەرەتانانەی کە دەبێ سەرنجیان پێ بدرێت. سەرچاوەی تریش هەن کە دەتوانن وزە دابین بکەن: شەپۆلی ئاو و گەرمای گۆی زەوی (جیۆتێرمیک) و هەروەها تەوژمی با (وزەی ئیۆلین) و ئەمانە دەتوانن هۆیەک بن بۆ دابینکردنی نیازی ئێمە دەربارەی وزە بەبێ ئەوەی کە مەترسی پیسکردنی هەوا هەبێت.

**کەڵک وەرگرتن لە وزەی نوێ**: لە هەزارەی داهاتوودا وزە دەبێتە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانمان و ناکرێ بەبێ پێشبینیکردن، ڕێگای دروست بۆ چارەسەرکردنی بدۆزرێتەوە. ڕەنگە مرۆڤ بۆ کەڵک وەرگرتن لە وزە بیری لە سەرچاوەی جۆراوجۆری تری وزە کردبێتەوە و بتوانێ بەکەمترین زیان بۆ ژینگە، ئەوپەڕی کەڵک لێ وەرگرێت. گومان لەوەدا نییە کە لە هەزارەی داهاتوودا مرۆڤ ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرلە پیشەسازی، خێڵنیشینی و ئارەزوومەندییەکانی بۆ کەڵک وەرگرتن لە وزە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر زیاتر سەرنج دەداتە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژینگە و شوێنی ژیانی خۆی.

**شەڕ**: ئایا مرۆڤایەتی دەتوانێ هیوادار بێت کە بەبوونی شەڕ لە نێوان نەتەوەکاندا بتوانێت بەسەر کۆمەڵێک لە گرفتە مەزنەکانیدا زاڵ بێت کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی زەوی و کاریگەریی زیانهێنەری کەڵک وەرگرتن لە وزە سەر هەڵدەدەن؟ ژمارەیەک لەو باوەڕەردان کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو شەڕی کردووە و لە داهاتووشدا هەر بەم جۆرە دەبێت. خوێندنەوەی ئەم کتێبە سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. لە حەوت هەزار ساڵ پێش زایینەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ی سەردەمی ئێمە، مێژوو بەگشتی

پێشاندەری زنجیرەیەکی نەپساوەی بەربەرەکانی لە نێوان ڕێبەران و لایەنەکان دایە بۆ بەدەستخستنی دەسەڵات، بەڵام لە پەنای ئەم ڕاستییە گومان هەڵنەگرەدا بۆچوونی تریش هەن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەوڵیان بۆ دەدرێت. بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ بەدەستهێنانی پتر لەوەی کە دەرەتانی ئابووری و بیرکردنەوەکانی توانیوبیەتی بۆیان دەستەبەر بکات بەدوو شێوە هەڵسوڕاون.

شێوەی یەکەم لە زەمینەی سەودا و مامەڵەی پێویستییەکان دایە. سەودا و مامەڵە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هۆیەکی باشی گەشەکردنە، چونکە دەرەتانی پێویستییەکان و شێوەی کەڵک لێوەرگرتنیان دەستەبەردەکات. شێوەکەی تر داگیرکردن و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە و بەرهەمی خەڵکی ترە کە بەزۆر بەدەستی دێنن. ئەم شێوەیە بەبەرفراوانی لە مێژوودا بەرچاو دەکەوێت و زۆرجار گیروگرفتی سەرەکیی شەڕی نێوان بەربەرەکان و ئیمپراتۆرەکانی گەشەکردووتری بەدواوە بووە کە ئەو نەتەوەیە لەسەر سنوورەکانیاندا بووە. زۆر جار لە ڕابوردوودا لە نێوان بازرگانیی و شەڕدا، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی شەڕی وەک دیاردەیەکی باشتر هەڵبژاردووە. لەوە دەچێ کە شەڕ هۆیەکی توندتر و هێندێک جار هەرزانتر بێت بۆ بەئامانج گەیشتن.

لە ڕاستیدا سەرکەوتوو دەبێتە خاوەنی شتێک کە هەوڵی بۆ دەدات بەبێ ئەوەی کە شتێکی لە بەرامبەریدا بدات. بەشێک لە نەتەوەکانیش شەڕ بەجۆرێک لە خۆشگوزەرانیی دەزانن و لە هەوڵەکانی بازرگانیی بەنەجیبانەتری دادەنێن. سەرەڕای ئەوەش شەڕ واتەیەکی جیاوازی لەگەڵ وێرانیی نییە و سەرکەوتوویەکی شەڕ بەزۆریی تێدەگات کە توانای کەڵک لێوەرگرتنی درێژخایەنی لە دەستکەوتەکانی نییە، مەگەر بتوانێ پارێزگارییان لێ بکات. جگە لەوە زۆر جار لە مێژوودا بینراوە کە لایەنی سەرکەوتوو فەرهەنگ و شارستانییەتی لایەنی شکاوی وەرگرتووە و بەگوێرەی سروشتی دەرەبەگایەتی، بەسەر چینی جوتیاردا کە ژێردەستەیە، بەڵام یاخی، زاڵ بووە. لە لایەکیترەوە بەگەشەکردنی تێکنیک، شەڕ بەتەواوی وەک دیاردەیەکی وێرانکەری لێهاتووە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی دژوارە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا شاری پرۆس لە زنجیرە شەڕێکی کورتدا سەرکەوت و بۆ ماوەیەکی زۆر سەرۆکایەتی ئەوروپای کەوتە دەست و بوو بەهۆی نزیک کردنەوەی ئاڵمانیا لە ئەوروپا. ئاکامی هەڵسەنگاندن لە نێوان بازرگانی و شەڕدا تا ئێستا بەقازانجی شەڕ تەواو دەبێت. شەڕی دووەمی جیهانیش کە بەشێوەیەکی ترسناکی وێرانکەر بوو، وڵاتە شکاوەکانی نەخستە بوارێکەوە کە نەتوانن خۆیان بگرنەوە. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەو شەڕەدا زیانی پێ نەگەیشتبوو، یارمەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆنی دا کە سەرلەنوێ خۆیان ببووژێننەوە، هەرچەندە ژاپۆن بەبۆمبی ترسناکی ئەتۆمیی هێرشی بۆ کرابوو. هەموو دەزانین کە لە سەردەمی چەکی ئەتۆمیدا شەڕ لە چوارچێوەیەکی بەریندا شارستانییەتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕابوردوویەکی دور و ڕەنگە بۆ سەردەمی ٨٠٠٠ ساڵ پ.ز.

ئەگەر وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت کەڵکیان لە جبەخانەکانی ئەتۆمی وەربگرتایە، هەردووکیان لەناودەچوون و هەموو جیهانیشیان بەهۆی کارتێکەریی (ڕادیۆئەکتیڤ) زیانی پێ دەگەیشت و هیچ کەس لە جیهاندا نەیدەتوانی خۆی لەو زیانە دور ڕابگرێت. هەروەکوو دایناسۆرەکان



نەیانتوانی ڕزگایان بێت لە بەرامبەر کەوتنی بەرد لە ئاسمانەوە لە شەست و پێنج میلیۆن ساڵ لەمەوبەردا.

لەمەودوا ڕێگا بۆ شەڕی سەرانسەری نەماوە و زلهێزەکان بەو مەسەلەیە دەزانن. لە ساڵی ١٩٤٥دا دەوڵەتە زلهێزەکان دەستیان خستە ناو چەند شەڕێکی ناوچەییەوە، کە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا ڕوویدابوو کە چەکی ئەتۆمییان نییە. ساڵی ١٩٦٢ کە وڵاتی کوبا لەوپەڕی قەیرانی موشەکیدابوو، جیهان خۆی لە چەند هەنگاوێکی وێرانبووندا دەبینی، بەڵام دەوڵەتانی دەرگیری کێشەکە لە کاتی خۆیدا پاشەکشەیان کرد و سەرئەنجام بۆ یەکەم جار ڕاستی ئاکامی سەردەمی ئەتۆمیان قبووڵکرد. بێگومان دیسان شاهیدی پێک هەڵپرژانی نێوان دەوڵەتانی لە حاڵی گەشەکردندا و شەڕەکانی ناوخۆیی دەبین، بەڵام تەنیا شێتێک قبووڵ دەکات کە شەڕ هەرچەندە درێژخایەنیش بێت، دەتوانێ قازانج بگەیەنێت. ئەمە وانەیەکە کە شەڕی هەشت ساڵە و ماڵوێرانکەریی نێوان ئێران و عێراق فێری کردین، یا کاتێک عێراق دەبووایە لە برە بەرژەوەندێکی خۆی چاو بپۆشێت تا لە بەرامبەر ئاکامی هێرشکردن بۆ سەر کوەیت خۆی ڕاگرێت. پانزدە ساڵ شەڕی ناوخۆیی لە لوبنان کۆتایی پێ هات و هیچ کام لە لایەنە شەڕکەرەکان نەیانتوانی جگە لە وێرانی شتێک بەدەست بێنن. شەڕی نێوان پروتستانەکان و کاتۆلیکەکانی ئیرلەندی باکور جگە لە دەرد و ئازاری بێ پایان شتێک نەبوو بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە. نموونەیەکیتریشمان لە شەڕی نەتەوەکان هەیە کە هێندێک جار بەشێوەیەکی ترسناک ماڵوێرانکەر بوون. دۆزی نوێی جیهان بەئاکامی جۆراوجۆر دەگات. ئەو وڵاتانەی کە پێشبڕکێیان لە نێواندا هەیە وەک شارەکانی سپارت و ئاتن لە یۆنانی کۆندا هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەچوونە ناو شەڕەکانەوە. یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی چل ساڵی شەڕی سارددا هەرگیز بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستەویەخەی یەکتر نەبوون و هەرگیز پەیوەندیی سیاسییان لەگەڵ یەکتر نەپچڕاند.

شەڕی سارد بەچاکسازیی و دواتریش بەدەرچوونی یەکێتی سۆڤیەت لە مەیداندا کۆتایی پێهات. ڕوسیا بەدوای ئەوەدا لە نزیکەوە هاوکاری جیهان دەکات و بەتایبەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا چالاکتر لە جاران هەوڵی لەناوبردنی قەیرانەکان دەدات، بەڵام ئایا هەمیشە بەم جۆرە دەبێت؟ ئایا لەناوچوونی دوو بەرەی گەورە و سەرەکی بەواتای کۆتاییهاتنی شەڕی سەرانسەرییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەزیادبوونی سەرمایەی کۆمەڵگا، واتە بازرگانییەوە دەبەسترێتەوە. لەبەر ئەوە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا سەودا و مامەڵە ڕێگا بۆ نەتەوەکان خۆش دەکەن کە دور لە شەڕو پێکدادان بەئامانجەکانیان بگەن؟ وەڵام بەبێ هیچ چەشنە گومانێک پۆزەتیڤە. دوو نەتەوە کە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ڕەنجی پتریان کێشا، واتە ئاڵمان و ژاپۆن، هەموو تێکۆشانێکی سەربازیان لێ یاساخ کرا و تەنانەت سوپای ژاپۆن بەتەواوی چەککرا و ئاڵمان لەت بوو. ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات کە سەر بەبەرەی کۆمونیست بوو، نەیتوانی لە پێشبڕکێی ئابووری ئازاددا بەشداری بکات. لە بەرامبەردا، ژاپۆن و ئاڵمانیای فیدرال جگە لە هەڵسوڕانی بازرگانی ڕێگایەکیتریان نەبوو بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر جیهاندا. ئاکامی ئەم دیاردەیە سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە ئەم دوو وڵاتە وەک کەتەی (زەبەلاح)

ئابووریی سەرکەوتوویان لێ هات. لە لایەکی‌ترەوە بەنزیک بوونەوە لە سەدەی بیست و یەکەم بەستراوەیی (وابستگی) ئابوری مەزنتر دەبێتەوە و وڵاتانی جیاواز لە چوارچێوەیەکی بەستراوەتردا سەودا و مامەڵەی خۆیان ڕێک دەخەن. هاوکاریی کردن هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ئێمەیە. وڵاتانی بەهێزی پیشەسازیی بۆ دارشتنی سیاسەتی ئابوری خۆیان ساڵانە کۆدەبنەوە و ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٩٢دا بازاڕی هاوبەشی پێک هێنا و خەریکی دانانی پلانێکی ئابوری هاوبەش و پارەی هاوبەشە. لەبەر شکان لە شەڕدا نییە کە وڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵات پلانی ئابوری خۆیان گۆڕی و پەیڕەوییان لە سیستمی ئابوری ئازاد کرد، کە لە جیهاندا بڕەوی هەیە. ئەمە بەهۆی گوشار و دەسەڵاتی چەک نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە وڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵات بەرژەوەندی خۆیان لە گۆڕینی سیاسەتدا بینی. تا ئێرە تاوان و بەلاوە نانی شەڕ ئامانجێکی گشتی بوو کە لە لایەن کەسان و کۆمەڵگای ئارەزوومەندەوە برەوی پێ درا، بەڵام لەمەودوا قازانجی بەرژەوەندخوازیی نەتەوەکان لەوەدایە کە لە شەڕی چەکدارانە دور بکەونەوە و هەوڵی هاوکارییە ئابورییەکان بدەن کە بنەماکانی یەکێتی سیاسی بەهێز دەکات. بۆ نمونە دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر پێکهاتەی ئەوروپا لەسەر بنەمای ئابوری، بیری سیاسی هاوبەش گەشەی کرد. پەرلەمانی ئەوروپا کە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆڵی ڕەواڵەتی هەبوو، ئێستا دەسەڵاتی بەرچاوی بەسەر دیاردەکانی یەکێتی ئەوروپادا هەیە و خەریکی پیادەکردنی پلانێکی بەم جۆرەیە بۆ داهاتووی جیهان. بێگومان ئەمە بیرێکی ڕاستە کە زانیاریی لەسەر سروشتی ئەو گرفتانەی لە سەدەکانی نێوان ٢٠٠٠ و ٣٠٠٠ی زایینییدا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، کاریگەریی پۆزیتیڤیان دەبێت لەسەر کۆبوونەوەکانی سیستمە ئابورییەکان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان پتر دەبێت و دەبنە هۆی لەناوبردنی شەڕ. ویستی گشتیی لەم سەردەمەدا بەرەو هاوکاریی نزیکتر لە نێوان نەتەوەکان دایە، تەنانەت ئەگەر نەتەوەکان هێندێک جار پێ لەسەر دەسەڵاتی خۆیان و پێناسەی فەرهەنگیی خۆیان داگرن. جۆراوجۆریی فەرهەنگەکان لە جیهانی زیاتر یەکگرتوودا گەشەی کردووە و هێزی داهێنەر و دروستکەری هونەریی لەوێدا پەرەی سەندووە و ژیانی مرۆڤایەتی تێدا بەهرەمەند دەبێت.

**ئایا پاشەکشە لەشەڕ دەکەین**؟ بەڵام دەبێ واقیعبین بین و لە خۆمان بپرسین ئایا دەکرێ بەسەر ئەو هەموو ڕق و گومانانەدا زاڵ بین کە هەزاران ساڵە کۆبوونەتەوە؟ مەبەست لەو ڕق و گومانانەیە کە هێندێک جار و ئێستاش لە سەردەمی ئێمەدا بەوپەڕی تووڕەیی و دوژمنکارییەوە لە نێوان لایەنەکانی نەتەوەیی و ئایینییدا دەبینرێن. ڕێگای هەرە باش بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە پێک هاتنی ڕێکخراوێکی هاوکاریی جیهانییە.

**دۆزینەوە ئاسمانییەکان**: ئاگادارین کە ماوەیەکی زۆرە مرۆڤ خوازیاری بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەی مەزنە. میسرییەکانی پێشوو لە سەرووی ڕووباری نیل باخێکی بەشکۆیان دروست کرد و بەهێزی باسکی خۆیان ئەهرامیان دروست کرد. کریستۆڤەر کۆلۆمبوس بەسێ کەشتی بچوک لە دەریای سپی ناوەڕاست تێپەڕی و گەیشتە ئەمریکا و دوو سەدەی پێچوو تا ئەوروپای ڕۆژئاوا لە شۆڕشی پیشەسازییدا سەرکەوت و لە



سەرانسەر جیهاندا بڵاویکردەوە. سەرەڕای ئەوەش سەرنج ڕاکێشترین سەرکەوتنی مرۆڤ چوونی بۆ ئاسمان و گەیشتنی بۆ مانگ بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩ و ١٩٧٢دا ئەمریکا بەشەش گەشتی ئاسمانیی خۆی گەیاندە مانگ و دوانزدە کەس لە مانگدا دابەزین و تێیدا ڕۆیشتن و پڕۆژەی (ئەپۆلۆ)یان کە بێگومان پڕۆژەیەکی دور لە دەرەتانی نەوەکانی پێشوو بوو، لە ماوەیەکی کەمتر لە هەشت ساڵدا بەڕێوە برد.

دیارە دۆزینەوە ئاسمانییەکان چەند قۆناخی گرنگی تریشی گرتەبەر. لە سەردەمی ناردنی (سپۆتنیک) واتە یەکەم مانگی دەستکردیی زەوی بۆ ئاسمان لە لایەن ڕوسیاوە لە ١٩٥٧دا، مرۆڤ توانیویەتی بەیارمەتی وەرگرتن لە ئامێرە خۆکارکەرەکان (ئەوتۆماتیک) بەشێکی زۆر لە سیستمی خۆریی کۆبکاتەوە و بەوەرگرتن و ڕەوانەکردنی ئاگادارییی و دانانی ژمارەیەکی زۆر سەتەلایت لە دەوری زەوی، وێستگەکانی هێڵی نیشتەجێ بوون بدۆزێتەوە. ڕەنگە مرۆڤ توانای کاری لەوە مەزنتری بوبێت. لە ڕاستیدا داگیرکردنی ئاسمان تەنیا پەیوەندیی بەتێکنۆلۆژیاوە نییە، بەڵکو بەزەمینەی سیاسی و ئابوریشەوە بەستراوەتەوە. خەرجی سەفەر بۆ ئاسمان زۆر گرانە و دوو زلهێز بەشێکی بەرچاو لە دەرەتانی خۆیان بۆ ئامانجەکانی تر تەرخان دەکەن. سەرەڕای ئەوەش دەبێ قبووڵ بکەین کە بەبێ پێشبڕکێ لە نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا لەوانە بوو دەرەتانی چوون بۆ مانگ جێبەجێ نەکرێت. بەو دەرەتانەی کە مرۆڤ لە هەزارەی سێیەمدا بەبەلاوەنانی شەڕەکان و هاوکارییە نێونەتەوەییەکان بەدەستی دێنێت، لە جیاتی خەرجی پێشبینی کراو بۆ چەکوچۆڵی سەربازیی یان ئامادەکردنی شەڕەکان دەتوانێت خەرجی دۆزینەوەکان دابین بکات. ئەگەر ئەمە بکرێت مرۆڤایەتی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دێنێت. هێندێک جار دەڵێن گەشتە ئاسمانییەکان کردەوەیەکی شێتانەیە و هەر بەڕادەی بینای ئەهرامی میسر سودی بۆ مرۆڤ هەیە، کە لە ڕاستییدا ئەم هەڵسەنگاندنە هەڵەیە.

ئەهرامی میسر لە بنەڕەتدا بەکاری هیچ شتێک نایەن یا ئەوپەڕی پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە مرۆڤ تەنانەت بەتێکنیکی زۆر سەرەتایی توانیویەتی کاری مەزن بکات، لە کاتێکدا ئاکامی گەشتە ئاسمانییەکان تا ئێستا جێگەی تێبینین. کاتێک لە فەسڵی پێشوودا ئاماژەمان بۆ بیری یەکگرتوو لە نێوان مرۆڤدا کرد، ئەو ئاکامەمان وەرگرت کە تێگەیشتن لە یەکگرتن بەتایبەت بەهۆی وێنەی تەوای زەوی کە لە ئاسمانەوە گیراون، سەرنج ڕاکێشتر دەبن. لەو وێنانەدا کە لە ئاسمان و ئەستێرەکان گیراون، سنوورە دەستکردەکان لە نێوان نەتەوەکاندا بەرچاو ناکەون و بۆ بیرلێکردنەوە نابن.

هەروەها سەتەلایتەکانی دامەزرێنەری پەیوەندیی باڵیان بەسەر هەموو قاڕەکاندا کێشاوە و بەگشتی دەرەتانی پێشاندانی ڕووداوەکان لە کات و جێگەی ڕوودانیان بۆ ئێمە دەڕەخسێنن. دانیشتووانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدوای بینینی شەڕی ڤێتنام بەشێوەیەکی ئاڵۆز لە خەوی فەرامۆشیی ڕابوون.

دەوڵەتەکان چونکە لە بەرامبەر دیدو ئاگاداریی هەموو مرۆڤایەتیدان، دەسەڵاتی کەمتریان هەیە بۆ کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لە سەرچاوە گشتییەکان. سەتەلایتە ئاسمانییەکان پلانی ڕونترمان بۆ ئامادە دەکەن و یارمەتی گەشتیارە دەریاییەکان دەدەن. بەهۆی سەتەلایتە کەشناسییەکانەوە دەتوانین پێشبینیی

گێژەڵۆکەکان بکەین و لە کاتی خۆیدا گیانی سەدان و بگرە هەزاران کەس لەساڵدا ڕزگار بکەین. سەتەلایتەکانی دۆزینەوە وێنەی سەرچاوە نەدۆزراوەکانی زەویمان پێ دەگەیەنن و لە دۆزی دارستانەکان و سەرچاوەی زیادبوونی ماسییەکان ئاگادارمان دەکەن. تەنانەت سەتەلایتەکانی جاسوسییش قازانجیان هەیە، چونکە دەرەتانی کۆنترۆڵ و ڕاگرتن و جێبەجێکردنی پەیماننامەکانی چەککردنمان پێ دەگەیەنن و پێش بەمانۆرە سەربازییەکانی دەوڵەتە جیاوازەکان و خۆتەیارکردنیان بەچەک و کەرەسەی سەربازی دەگرن. تا ئەمڕۆ زۆربەی گەشتە ئاسمانییەکان بەدەزگای خۆکارکەر و بەبێ بەشدارییکردنی مرۆڤ دەکرێن.

سەرئەنجام ئەگەر ئێمە وێستگەی ئاسمانی و ئامێری هەمیشەیی دروست بکەین، دەتوانین بڵێین هەنگاوێکی چارەییمان لە ئاسماندا ناوە. ئەستێرەکانی سیستمی خۆر و پلانێتەکان (منظومە شمسی) پڕ لە بەرهەمن و بەدەستخستنیان گرنگیی بەرچاوی هەیە.

دوای دانانی وێستگەیەک لە مانگدا دەتوانین ئەو ماتێریالانەی کە هەڵگری سەتەلایتەکانی ئێمە پێک دێنن بەرێگای تواندنەوەیان جیایان بکەینەوە.

خۆڵی مانگ دەتوانێت ئۆکسیژین و چیمەنتۆ و شوشەمان بۆ دەستەبەر بکات و بەم جۆرە دەتوانین گەلێک پرۆژەی گرنگ و لەوانە کۆچکردن و نیشتەجێ بوون لە ئاسمان داڕێژین و پارێزگاریی لەو بەرهەمانە بکەین.

**مرۆڤایەتی بۆ جێگیربوون و زیادبوونی لە ئەستێرەکانی خۆرییدا ناونوسییان کردووە:** سەتەلایتەکان لە دەوری زەویدا بەبێ بەرگریی ئەتمۆسفێری (جەو) زەوی یا شەو، وزەی خۆر کۆ دەکەنەوە. کۆمەڵێک خانەی (سلول) فۆتۆئەلێکتریک شەش جار پتر لە زەوی لە ئاسماندا ئەلێکتریسیتێت بەرهەم دێنێت. تاقیگاکان (ئازمایشگا) و ئەو بنکانەی (رصدخانە) کە ئێمە لە ئاسمان بینایان دەکەین بەشێوەیەکی بەرچاو پەرە بەزانیارییەکانمان دەدەن و کارخانەکانمان لە دەرەوەی زەوی دەرەتانی کەڵک وەرگرتن لە بەشێک لەو دەستکەوتەی هەیە لە ئاسماندا پێک دێنن، وەک: بێکێشیی نەمانی (وەزن) یا (میکرۆگرۆیت)، هێزی تیشکی خۆر، پلەی گەرما و سەرمای زۆر و بۆشایی (خلا) واتە ئەو ناوچانەی کە کانزا و سەرچاوەیان لێ نییە.

دەزگا و کەرەسە پێویستە جیاوازەکان دەکرێ لە تەوەرەی (مدار) زەوی دروست بکرێن، چونکە یا دەرەتانی دروستکردنیان لە زەویدا نییە یا دروستکردنیان زۆر دژوارە. بەرهەمە مەترسیدارەکان لەو شوێنانە دروست دەکرێن کە ئۆکسیژینی هەیە. ئەم بەرهەمانە سەرەڕای ئەوەی کە بەڕادەی پێویست لە ئێمە نزیکن تا بەکەڵکمان بێن، بەو ڕادەیەش دورن لە ئێمەوە تا ئەستێرەکەمان پیس نەکەن. هەموو ئەو پرۆژانە دەکرێت لەو ناوچەیەدا جێبەجێ بکرێن کە ئێمە تا ئێستا لەگەڵیان ئاشناین. ئەم ناوچەیە بریتییە لە سیستمێک کە بەهۆی زەوی و مانگەوە پێک هاتووە. چارەسەری ناوچەی زەوی- مانگ هێندێک قازانجی بەپەلە و ئاکامی ناڕاستەوخۆی تری بۆمان هەیە، چونکە لە پلەی یەکەمدا دەبێتە هۆی



کۆکردنەوەی هەموو سەرچاوەکانی زەوی بۆ پرۆژەیەکی هاوبەش بەقازانجی ئەستێرەی ئێمە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خۆمان لە کارێکی ڕاستی هاوبەشدا هاوبەش کردووە، بەتایبەتیی کەڵک وەرگرتن لە وێستگە خۆرییەکان لە دەرەوەی زەویدا، نەتەوەکان ناچار بەپێکهاتنی دیسیپلین لە زەویدا دەکات، چونکە بۆ وێستگەکانی کارەبا گرفت پێک دێنێت و دانیشتووانی زەوی لە کەڵک وەرگرتن لە وزە بێبەش دەکات. ئەگەر هاوکاریی نێونەتەوەیی دۆزینەوەکانی ئاسمانی ئاسان بکات، ئەو دۆزینەوانە پتر نەتەوەکان بەرەو هاوکاریی هاندەدەن لە بەرامبەر کردەوەی کۆمەڵگای ئاسمانییدا و بەرە بەرە لەناو نەتەوەکاندا دڕدۆنگی و ئازارە کۆنەکان دەسڕنەوە.

لە لایەکی ترەوە گرنگیی ئاسمان بەبوونی هەمیشەیی مرۆڤ لە دەرەوەی زەوییە. لەبەر ئەوە خەریکی داڕشتنی پلانی نیشتەجێکردنی هەزاران کەس لە ئاسماندا دەبین، کە هەموو ژیانی خۆیان لەوێ تێپەڕ بکەن. ژیانی دانیشتووانی ئاسمان لەگەڵ زەوی هەر بەو ڕادەیە جیاواز دەبێت کە ژیانی جوتیاران لەگەڵ ڕاوچییەکانی سەرەتایی یان ژیانی کرێکارانی بنکە پیشەییەکان لەگەڵ شوانەکان بوویانە. دانیشتووانی ئاسمان لەگەڵ ژیان و شوێنێکی بەستراو ڕادێن، کە ئەم شوێنە هێندێک جار کەشتییەکی زۆر مەزنی ئاسمانییە لەگەڵ ژیانی ئێمە لە زەویدا جیاواز دەبێت. ئەوانە هەموو ئەزمونی ڕابوردووی کەشتییە ئاسمانییەکانیان بەشێوەیەکی تەواو لە خۆیاندا کۆکردووەتەوە و بیر لە نزیکیی و پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە دەکەنەوە، چونکە لە شوێنی بەسنووری ژیانیاندا ناچارن بەسەر ئاو و هەوا و خۆراکی خۆیان ڕابگەن. هەروەها لەگەڵ پلەی جیاوازی هێزی کێش (جازبە) ئاشنا دەبن و ئەمە شتێکە کە ئێمە ناتوانین لە زەوی تاقیی بکەینەوە.

هەروەها ئەوان لە بواری دەرونییەوە باشتر لە ئێمە ئامادەی گەشت و کەشتییە ئاسمانییەکان دەبن و ئەمە بێگومان یەکەم ئەرکی دانیشتووانی سیستمی زەوی- مانگ دەبێت و نەوەکانیان هەوڵی دۆزینەوە و بەکۆلۆنی کردنی دانیشتووانی هەرێمەکانی دورتر لە ئەستێرەکانی خۆریی دەدەن. ئەو ناوچانە بریتین لە مەریخ، جوبیتەر و مانگەکانی و زوحەل. لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوتی مێژوویی فێری کردین کە مرۆڤ بوونەوەرێکی نەسرەوتووە و خوازیاری گەشت و خۆشگوزەرانییە و ناوچە نوێیەکان بەبەردەوامیی مرۆڤیان بەرەو خۆیان ڕاکێشاوە. لەم ڕوانگەیەوە دۆزینەوە ئاسمانییەکان هەرگیز بەواتای بڕین و ماڵئاوایی کردن لە ڕابوردوو نیە. بەپێچەوانەوە هەوڵدان لەو زەمینەیەدا بۆچوونی ڕاستەوخۆ و بەردەوامیی کردەوە کۆنەکانی مرۆڤە. لەبەرئەوە هەرگیز گومان لەوە ناکرێ کە لە نزیکەی ساڵی ۳۰۰۰دا، زەوی تەنیا بەشێکی بچوک دەبێت لە شوێنی ژیانی مرۆڤ و بێگومان وەک چڕترین شوێنی دانیشتووانی دەمێنێتەوە و دەبێتە پارێزەری ئەو شانازییە کە نەتەنیا لانکی مرۆڤ بوو، بەڵکو تۆوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو سیستمی ئەستێرە و مانگەکانی خۆرییدا بڵاو کردووەتەوە و لە هەرکام لەو کۆمەڵگایانەدا هاوسەنگیی ژینگە لەگەڵ دنیای گیانداران و ڕووەکدا ڕێکخراوە. ڕاستیی ئەم پێشبینییانە کاتێک ئاسانترە و لە ڕاستییەکان نزیک دەبنەوە کە دیاردە هەمیشە بەئەنجام گەیشتووەکان لە لایەن مرۆڤەوە لەگەڵ بۆچوونە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی لە هەزارەکانی ڕابوردوودا یەک بگرنەوە. ئێمە لەم بارەیەوە

ڕێگای دەربڕینی ڕای زیاتر بەخۆمان نادەین، چونکە زۆر ڕووداوی پێشبینی نەکراو هەن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر گرنگیدانی پتری مرۆڤ بەدۆزینەوە ئاسمانییەکان. بۆ نمونە ئەگەر کۆلۆنی کردنی مانگەکانی سیستەمی خۆر ئەمڕۆ لە سنووری دەرەتانەکانی تێکنیکی ئێمە دان، لە بەرامبەردا دەرەتانێکی بەم جۆرەمان بۆ گەشت لە نێوان ئەستێرەکانی تردا نییە.

نزیکترین ئەستێرە لە ئێمەوە نزیکەی چوار ساڵی تیشکییە. واتە ئەم چوار ساڵ گەشت کردنە بەخێرایی تیشک[1] تا بگەینە ئەستێرەی ناوبراو. سەرەڕای ئەوە پێشڕەوانی گەشتە ئاسمانییەکان لە هەوڵی چوون بۆ ئەستێرەکانی تردا دەبن و ڕەنگە بەرلە ساڵی ٣٠٠٠ی ز ئەم هەوڵدانە بەئەنجام بگات. بیری گەشتکردن لە نێوان ئەستێرەکاندا بیرێکی‌ترمان بۆ زەق دەکاتەوە کە ئاکامێکی زۆر دەوڵەمەندتری بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی هەیە: ئەویش پەیوەندی کردنە بەبوونەوەرەکانی خاوەن هۆشی ئەستێرەکانی ترەوە. ئەگەر کاکێشانی ئێمە دوو سەد تا چوار سەد میلیار ئەستێرەی هەیە، گەردون بەمیلیار کاکێشانی هەیە. لەبەر ئەوە کەمیی جێگە بۆ بەدنیا هاتن و ژیانی بوونەوەری بەهۆشتر قبووڵ ناکرێت.

**ناسا بەدوای بوونەوەری خاوەن هۆش لە دەرەوەی زەوییدا دەگەڕێت:** لە ئێستاوە بەهەموو شێوەیەک بۆ دۆزینەوەی شارستانییەتە ونبووەکان لە ئاسماندا هەوڵ دەدرێت. ناسا (دەزگای نەتەوەیی و ئاسمانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بەبۆنەی ساڵڕۆژی پێنج سەد ساڵەی دۆزینەوەی قارەکانی ئەمریکاوە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢وە خەریکی بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی دە ساڵەیە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەستێرەکانی ترکە ژیانیان تێدا بێت. ناوی ئەم بەرنامەیە (سەتی)یە و لە وشەی ئینگلیزیی (گەڕان بەدوای هۆشدارەکانی دەرەوەی زەوی) وەرگیراوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ئێمە لە هەزارەکانی پێشوو، گەلێک ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو خولقاون، بەڵام هیچ کامیان دەستی بوونەوەری دەرەوەی زەوییان پێوە نەبووە. بێگومان دیتنی بوونەوەری دەرەوەی زەوی بەر لە ساڵی ٣٠٠٠ی ز دەبێتە یەکێک لە ڕووداوە سەرەکییەکانی هەزارەی داهاتوو، کە ئایا ئەو دیدارە ئەنجامی گرتووە یان نا. بەهەر حاڵ دۆزینەوە و گەشتکردن لە نێوان ئەستێرەکانی نزیک ئێمەدا کاریگەرییەکی چارەیی دەبێت لە ژیانی نەوەکانی ئێمە لە هەزارەی سێیەمدا، بەڵام ژیانیان تێکەڵاوی دیاردەی‌تریش دەبێت کە ئێستا ئاماژەی بۆ دەکەین.

**زانیاریی گەیاندن:** گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە دە هەزار ساڵ لەمەوبەردا تێکەڵاوی گەلێک کەموکوڕی بوو، کە زۆر جار ئاماژەیان بۆ ناکرێت. ئەم کەموکورییە بریتی بوو لە گۆڕانی ڕاوکەرە چالاکەکان کە بەبیر و لێکدانەوە و زیرەکیی خۆیان کەڵکیان لە گیاندارەکان وەردەگرت، بوون بەپارێزەرێکی هێمن و کەم جوڵەی ئاژەڵ و کێڵگەکان. کشتوکاڵ بەبەردەوامی مرۆڤی ناچار کردووە کە کاری سەخت و دژوار بکات و ماوەی سەرهەڵدان و کەڵک وەرگرتنی لە توانا بێ سنوورەکانی مێشک

(١) تیشک لە چرکەیەکدا سێ سەد هەزار کیلۆمەترە دەبڕێت- ح.



پێ نەداوە. لەبەر ئەوە تا سەدەی هەژدەیەم زۆربەی خەڵک خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون و تا سێ سەدەی دوایی ئەم هەزارەیە زۆربەیان بەبێ پشوودان لە هێزی باسکی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و زۆر بەکەمیی لە خانە (سلول) ڕەنگ خاکییەکانی مێشکیان سودیان وەرگرتووە، بەڵام هەر وەکوو ڕەگ و ماسولکە کە کاری پێ نەکەی هێزی کەم دەبێتەوە، مێشکیش دەتوانێت بەهۆی چالاک نەبوونی نەرم و لاواز بێت. لە سەرانسەری جیهاندا جوتیاران لە لایەن ئەو کەسانەوە کە پیشەی تریان بۆخۆیان هەڵبژاردووە، سەرکۆنە دەکرێن و دەرەبەگەکان وەک مێگەلەکانیان تەماشایان دەکەن و لەوانیان بەزیاتر نابینن.

سەرەڕای ئەوەش جوتیار خاوەنی زانستی تایبەت بەخۆیەتی کە لە پەیوەندیی لەگەڵ کاری ڕۆژانەیدا کەڵکی لێ وەردەگرێت. کار لە گوندەکاندا بەجۆرێک ورەی پسپۆڕایەتی بۆ ئەم خەڵکە پێک هێناوە کە دژوارە بتوانن لە زەمینەیەکی‌تردا کە ئاشنایەتییان لەگەڵ نییە، هەڵسوڕێن. شۆڕشی پیشەسازیی هەلی بۆ زۆربەی خەڵک ڕەخساند کە لە چالاکییە سەرەتاییەکانی بەدەنیی ڕزگار بن و زۆربەیان هەوڵی پەروەردەکردنی خۆیان بدەن. سەرەڕای ئەوەش تا نیوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم زۆربەی کارە پیشەسازییەکان دووپاتکەرەوە و ماندووکەر بوون و زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەریکی ئەم کارانە بوون دەرەتانی کەڵک وەرگرتن لە مێشکیان نەبوو. لە ئاکامدا هۆشی ئەم کەسانە لاوازیی بەسەردا هات و سیستەمی پەروەردەکردن توانای بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەم ڕەوتە نەبوو. لەبەر ئەوە، بۆچی مرۆڤ دەبێ خەریکی کاری هەڵکەندنی زەوی و خۆماندووکردن بەدوگمەی دەزگا و ئامێرەکانەوە بێت کە توانای بێ سنووری مێشک بەبێ کەڵکیی دەهێڵنەوە؟ وەڵام ئەوەیە کە تەنیا مێشکی مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەو هەوڵدانانە ڕزگار بکات کە زۆریش ئاڵۆز نین. مرۆڤ نەیتوانی ئەم ئەرکە بەگیاندار یا تەنانەت بەو ئامێرانە بسپێرێت، کە بەرلە ساڵانی ١٩٥٠ هەبوون. لەبەر ئەوە ڕێگایەکی‌تر جگە لە بەجێگەیاندنی ئەم کارانە بەهۆی خودی مرۆڤەوە نەبوو. ڕوویداوە کە لە کاتی پێویست بەسوتەمەنی تەنانەت مۆبڵە (قەنەفە) بەنرخەکانمان لە داری (ئابنوس)[1] بسوتێنین. ئەنجامی ئەم کارە خۆش نییە، بەڵام نیاز و پێویستیی ڕێگای بۆ خۆش دەکات. هەمیشە و لە هەر قۆناخێکدا کەسایەتی تایبەتیی هەبوون کە لە بوارەکانی هونەریی، ئەدەبیی، زانست و فەلسەفەدا داهێنەر بوون و شاکاریان کردووە. هەروەها کاربەدەست و ڕێبەری سیاسی مەزنیش هەبوون، بەڵام ئەم مرۆڤە ناسراوانە، ناسێنەری هەموو مرۆڤایەتی نەبوون. بەلێکۆڵینەوە لەسەر ڕابوردوو زانیمان کە دۆزینەوە تێکنیکییەکان زۆر جار گۆڕانی مەزن بەسەر کۆمەڵگادا دێنن. لە ساڵی ١٩٤٠ی ز.دا گۆڕانێکی بەم جۆرە بەهۆی دۆزینەوەی ئامێری ژمێریاری ئێلکترۆنیکیی و ترانزیستۆر ئەنجامی گرت. بەتێپەڕبوونی کات، ئەم ئامێرانە کە دواتر ناوی کۆمپیوتەری لێ نرا بەشێوەیەکی باشتر و هەرزانتر ڕێکخران و لە نیوەڕاستەکانی ساڵانی ١٩٧٠دا

(١) وشەیەکی یۆنانییە، بەدرەختێک دەگوترێ کە وەک درەختی گوێز ئەستور و بەهێزە و میوەکەی لە ترێ دەچێت و لە هیندستان و حەبەشە دەڕوێت و لە دارەکەی مۆبڵ (قەنەفە) دروست دەکەن- ح.

بەنەخشاندنی بەشە جیاوازەکانیان، بەجۆرێک بچوک کرانەوە کە لەسەر مێزی نوسینگەکاندا جێگەیان ببێتەوە و ئامێرە مەزنەکان کە پــڕ بەهۆدەیەک بوون، بەلاوەنران. ئەم کتێبەی بەردەستتان بەو کۆمپیوتەرە بچووکانە نووسراوە. نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر کۆمپیوتەر توانی بەنرخێکی زۆر کەم خۆ بگەیەنێتە ناوەندی زۆربەی کۆمپانیاکان و زۆر وردتر لە ئامێرە کۆنەکانی وەک خۆی سەرلەنوێ کاریگەریی مێشکی مرۆڤ دابڕێژێتەوە و بەدڵنیاییەوە کاری وا بکات کە پێشتر لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤدا بووە. کۆمپیوتەر لەمەودوا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئامێرانەی کە توانای کارکردنیان لە زەمینەی جۆراوجۆردا هەیە و ڕۆبۆت ROBOT یان پێ دەگوترێت. بەکورتی لە هەلومەرجی ئێستادا، لە قۆناخێکدا دەژین کە زانیاری گەیاندن و کەڵک وەرگرتن لە ڕۆبۆت مرۆڤی لە کاری دژوار کە ئەنجامدانیان شێوەیەکە لە کۆڵۆنییکردن ڕزگار دەکات. سەرەڕای ئەوەش ئەم سەدەیە خەریکە دەست پێ دەکات و لە کۆمپیوتەرەکان و ڕۆبۆتەکان چاوەڕوانییەکی پتر دەکرێت، بەتایبەتی لە زەمینەی ئامێری هەستیار و بەتواناتردا، بەڵام ئەگەر ئەنجامی زۆربەی کارەکان کە بەبێ کەڵکیان دەزانین، بەکۆمپیوتەر و ڕۆبۆتەکانیان بسپێرین ئیتر چ کارێک بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە؟

بەڕاشکاوی دەبێ بڵێین کە ئێمە ئەو کارانە بەخەڵک دەسپێرین کە دەرەتانی کەڵک وەرگرتن لە مێشکدا پێک دێنن، واتە ئەو کارانەی کە لە ڕابوردوودا بەژمارەیەکی کەم لە کەسایەتی تایبەتییەکان دەدرا، لە داهاتوودا دەدرێتە دەست هەموو کەس. لەمەودوا مرۆڤ دەتوانێ بەشێوەیەکی بەرین بەشداری بکات لە گەشەپێدانی هونەر، ئەدەبیات، زانست و تێکنیک، فەلسەفە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا و بەدیاریکردنی شێوازی کارکردن بەڕۆبۆتەکان و شێوەی کەڵک وەرگرتنی نوێ لە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتەکان پێشنیاز بکات تا سنووری زانست بەرین بکرێتەوە و زووتر لە ئاسمان نیشتەجێ ببن و لەوێ شارستانییەتی نوێ پێک بێن. بەڵام ئایا ڕەخنە لە من ناگرن و ناڵێن چۆن هەموو مرۆڤایەتی دەتوانن بەشداری بکەن لەو کارانەدا، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر کەمیان توانای بیری پێویستیان هەیە بۆ ئەنجامدانیان؟ ئەم ڕەخنەگرتنە بەدروستی قبووڵکردنی بارودۆخی ڕابوردووە کە تەنیا کەمایەتییەک توانیویانە، توانای خۆیان ئاڕاستەی بکەن و پشتیوانی لە سەرجەم مرۆڤایەتییە و بەکورتی لە هەلومەرجێکدا کە زۆربەی خەڵک تەنیا بۆ پڕکردنی سکیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان هەوڵیان داوە. بێگومان ئەم هەلومەرجە هەبووە، بۆ نموونە لە سەردەمەکانی بەرلە پیشەسازیدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کارگێڕانی نووسینگەکان، بازرگانان و کەسانی خاوەن پیشەی جیاواز ئاشناییان لەگەڵ نووسین هەبووە. ئەمە بەو واتەیە نییە کە خەڵکانی تر توانای فێربوونیان نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە ئەوانی تر پێویستیان بەنووسین و خوێندنەوە نەبووە. لەم سەردەمەدا قبووڵکردنی ئەوەی کە هونەر، ڕاگەیاندنی وتە بەوێنە و خوێندنەوە سەرلەنوێ وتە لە وێنە، پێویستی بەبیری تیژ و تایبەت هەیە کە لە توانای کەمایەتییەک دایە، بەڵام هەلومەرج بەسەرهەڵدانی پیشەی چاپ لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پانزدەیەمدا بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات. کتێب هێجگار زۆر بوون و خوێندنەوەیان قازانجی گەیاند.

دوای ئەوە شۆڕشی پیشەسازی جوتیارانی کێشایە ناو کارخانەکان و ئەو خەڵکەی کە ئەرکی



پارێزگاری و پەروەردەکردنی دەغڵ و دانیان لە ئەستۆ بوو، ئەرکی کارکردن بەئامێر و کەرەسەی بەنرخیان بەدەست گرت. کارگەرانی کارخانە دەبووایە بەهەر نرخێک بێت فێری نووسین بن تا بەلایەنی کەمەوە بەرنامـــەی کارەکەیان بخوێننەوە و ڕاپۆرتی سەرەتایی بنووسن. لەو کاتەدا بوو کە وڵاتە پیشەسازییەکان بڕیاری پەروەردەکردنی گشتی و زۆرەملێیان ڕاگەیاند و هەوڵیان دا مناڵان بەو مەرجەی کە دەرەتانی فێربوونیان هەبێت، فێری خوێندن و نووسین بن. لەبەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ ژمارەی خوێنەواران زۆر زیاتـــرە لە سەردەمی بەرلە پیشەسازی.

ڕووناکبیرانی سەردەمەکانی ڕابوردوو و تەنانەت ناوەندەکانی سەدەی هەژدەیەم دەتوانن لەوەی کە لەو دوو سەدەیەی دواییدا فێربوونی ئەلف و بێ لەناو خەڵکدا پەرەی سەندووە، دووچاری سەرسوڕمان بن. بەم جۆرە شتێک کە پێی دەڵێین داهێنەری لەگەڵ گەشەسەندنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی خەریکە لەناو مرۆڤدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئێستا کە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتمان هەیە، دەبێ بەتەواوی لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی خۆمان بکۆڵینەوە. لەم دواییانەدا مامۆستایەک ئەرکی پەروەردەکردنی ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری لە ئەستۆیە، لەبەر ئەوە ناچارە وانەیەک بۆ هەمووان دووپات بکاتەوە، بەڵام هەر خوێندکارەی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەتەنیا وانەیەک ناتوانێ یارمەتی بەپەروەردەکردنی بیر و مێشکی هەموو خوێندکارێک بدات. کاری پەروەردەکردن شیاوی زۆر کەس نییە، چونکە بۆ ژمارەیەک زۆر ئارام و ماندووکەرە و بۆ گروپێکیش زۆر توند و بێ سوود.

بەشێک ڕایان وایە کە شێوازی گوتنەوەی وانەکان باش نییە و تووڕەیان دەکات و سیستمەکەی بەجۆرێک دانراوە کە ناتوانێ بەتەواوی جێگەی ڕەزامەندی بێت. ئێستا بزانین چی دەبوو کە ئەگەر هەر ماڵەی کۆمپیوتەرێکی لێ بێت و ناوی هەموو کتێبخانەکانی جیهانی تێدا کۆکرابێتەوە. مناڵ وردبینن و هەستی بەشوێنداچوونیان زۆرە و تەنانەت گەورەساڵانیش کە مێشکیان بەهۆی کەم کەڵک لێوەرگرتن خاو نەبووەتەوە، هەستی بەشوێنداچوونیان هەیە. لە ڕاستیدا چونکە مرۆڤ ماکێکی (مادە) زۆر ئاڵۆزی بەقورسایی کیلۆ و نیوێک لە کاسەی سەر دایە سەودای فێربوونە و داهێنەری ئەو ماکە، ڕاگەیەنەری سەرەکی هۆی بوونییەتی.

هێندێک جار بیر لەوە دەکرێتەوە کە مرۆڤ هەست بەفێربوون ناکات، بەڵام ئەمە لە ئاکامی پەروەردە کـــردن بەپلەی نزم و کار و پیشەی بێ کەڵکە. ئەگـــەر بەدەستهێنانی زانست بەواتای کاری زۆرەملێیـــە، لەو حاڵەتەدا دەبێ لە جیاتی ڕاکێشانی خەڵک بەرەو خۆی، ناچاریان بکات بەدوورکەوتنەوە، بەڵام لە خۆمان دەپرسین چی دەبێت کە ئەگەر هۆیەکی نوێی پەسەندکراو جێگای فێربوون بگرێتەوە. ئەمە یەکێکە لەو پرسیارە هەست بزوێنەرانە کە دەبێ هەزارەی داهاتوو وەڵامی بداتەوە. هەروەها دەبێ بپرسین چی دەبێت کە ئەگەر لە تەنیشت خوێندنی ڕەسمیی زۆرەملێدا خوێندکار لە دڵی کۆمەڵگادا کە بریتییە لە هەڤاڵانی هاوتەمەنی و گەورە ساڵان گەشە بکات و دەرەتانی بۆ بڕەخسێت کە بەکردەوە بیر و بۆچوون و هەڵسەنگاندن و پرسیارەکانی ڕابگەیەنێت و بەیارمەتی وەرگرتن لە کۆمپیوتەرێکی ماندوویی نەناس وەڵامی خۆی وەربگرێتەوە؟ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمپیوتەری

بەرباس پوختەتر لەو کۆمپیوتەرانە بێت کە ئەمڕۆ هەن و لە مێشکیاندا کۆمەڵێک زانستیی شارستانییەتی مرۆڤایەتی کۆکرابێتەوە. خوێندکار کاتێک فێری شتێک دەبێت کە بەشێوازی خۆی حەز بەفێربوونی بکات و تێکەڵاوییەکی بەم جۆرەی زۆر بۆ سەرنجڕاکێشترە. چەند پتر باوەڕ بەلاوان بێنن پتر یارمەتیان دەدەین لە سەرکەوتنیاندا. خۆ پەروەردەکردن ڕەنگە لە پلەی سەرەتاییدا دەست پێ بکات، بەڵام سەرئەنجام ئامانجە بەرباسەکان بەرز و بڵندتر دەبنەوە.

کاتێک مناڵێک هەست بەئازادی و خۆشی بکات، هۆیەکی نییە کە دەستیان لێ هەڵگرێت. کەسێک کە وەرزشی گۆڵف یا تێنیسی پێ خۆش بێت تا ئەوکاتەی کە هێزی لە لەش دایە درێژە بەیاری دەدات، بەڵام خۆشییەکانی هەڵقوڵێو لە زانست تەنانەت پتر لە خۆشییەکانی وەرزش دەوامیان هەیە، چونکە مێشک کە لەو هەلومەرجە ڕێکەدا خەریکی ڕاهێنان دەبێت، کردەوەکانی زۆر باشتر و درێژخایەنترە لە هێزی باسکی.

**زانیاریی گەیاندن شێوەی پەروەردەکردن و زۆربەی لایەنەکانی‌تری ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت:** مناڵانی خوازیاری فێربوون وەک گەورەساڵانی خوازیاری فێربوونیان لێ دێت. ئەگەر لە دنیای پەروەردەکردندا بەشێوەیەکی دروست کەڵک لە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆت وەربگیرێت، هەزارەی سێیەم وەک جێگایەکی لێ دێ کە داهێنان زۆر پتر لە سەردەمەکانی ڕابوردوو پەرە دەستێنێت.

بەڵام ئایا ئەو هەڵسەنگاندنە ناسێنەری دوورنیمایەکی مەزنخوازیی ئارەزوومەندانە نییە دەربارەی شتێک کە ڕەنگە لە دواڕۆژدا بەئەنجام بگات یان دەرەتانێکی واقیعییە؟ پێشتر زانیمان کە بەدۆزینەوەی هەر تێکنیکێکی نوێی کاریگەر ئەوا زۆرجار بەبێ هاوتا ناوی دەبرێت و ئەمە نەک لەبەر خەوی ئارەزوومەندانەیە، بەڵکو بەهۆی کەڵک لێ وەرگرتنیەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە. لەبەر ئەوە دەرەتانی ئەوە هەیە کە کۆمپیوتەر بتوانێ لە بواری دەرخستنی داهێنەریی مرۆڤایەتیدا بەتەواوی جێگەی کەڵک لێ وەرگرتن بێت. ئەم کەڵک لێ وەرگرتنە لە خزمەت خۆشگوزەرانیدا نییە، بەڵکو وەڵامدەری ئامانجە گرنگەکانی کۆمەڵایەتییە. لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی کاتێکین کە هەر مرۆڤێک کۆمپیوتەرێکی خۆی هەبێت و بتوانێ هەموو ئەو زانیارییانەی کە لە مێشکی کۆمپیوتەر دایە، کۆیان بکاتەوە. کۆمپیوتەر تا ئێستا خۆی گەیاندووەتە ناوەندەکانی پەروەردە، بەڵام شتێک کە بۆ ئەمڕۆ گرنگە دۆزینەوەی هۆیەکە بۆ پاڵپێوەنانی ئەم پێشکەوتنانە بەرەو شۆڕشێکی بەڕاستی پەروەردەکردن. ڕەنگە هاندەری ئەم شۆڕشە لە هەزارەی دواییدا بەدنیا بێت و لەوانەشە هەر ئێستا خەریکی خوێندنەوەی ئەم کتێبە بێت. بێگومان تەنیا کەسانی پەرێشان (افسردە) لەوە دەترسێن کە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆت بتوانن جێگەی مرۆڤ بگرنەوە. ئەم ترسە کۆنەی کە ڕەنگە ئامێر بتوانێ جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە، ئاڵۆزیی مێشکی مرۆڤ بەتەواوی بەکەم دەگرێت. مێشکی مرۆڤ خاوەنی دە میلیار خانە (نەورۆن Neuron) و نەوەد میلیار خانەی هەڵواسراوە.

خانەکان بەشێوەیەکی ئاڵۆز تێکەڵاوی یەکترن و هەر خانەیەک خۆی بەژمارە خانەیەکی‌تر لە نێوان دە



تا هەزار دانە هەڵواسیوە. ئەمانە جۆرێکی سادە نین کە بەدوو کلیل ببەسترێن و بکرێنەوە، بەڵکو زنجیرەیەکی ئاڵۆز و تێکەڵاون کە لە چەندان میلیۆن مۆلێکیولی ئاڵۆز پێک هاتوون کە لەم هەلومەرجەدا زانیاریمان لە شێوەی کارکردنیان نییە. ماوەیەکی زۆری دەوێ کە کۆمپیوتەر بتوانێ خۆی بگەیەنێتە تەنیا بەشێکی زۆر کەمی مێشک و تەنانەت ئەگەر کۆمپیوتەرەکان بەم پلەیەش ئاڵۆز بن، شێوەی کارکردنیان بەتەواوی لەگەڵ کارکردنی مێشکی مرۆڤ جیاواز دەبێت. کۆمپیوتەرەکان توانای کارێکیان هەیە کە لە وزەی مرۆڤدا نییە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە. لەبەر ئەوە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر هەلێک دەڕەخسێنێت کە ئەمانە بەدوو هۆشی جیاواز و بەهاوئاهەنگیی یەکتر کارەکان بەڕێوە بەرن و پتر لەوەی کە بەتەنیا لە دەستیان دێت، پێکەوە سوودمەندن.

**داهاتوویەکی پەسەند:** لە بەشی سەرەتای ئەم کتێبەدا گوترا کە تێگەیشتنی باشتر لە هەزارەکانی ڕابوردوو یارمەتیمان دەدات کە بەدوای ساڵی ٢٠٠٠دا داهاتوویەکی پەسەند و باشتر بۆخۆمان و نەوەکانمان دەستەبەر بکەین، بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەتوانین چۆن سوودێک لە زانیاریی خۆمان لەسەر ڕابوردوو وەربگرین؟ لە سەرەتادا دەبێ پێنج بابەتی سەرەکی وەک: کۆمەڵ، وزە، شەڕ، ئاسمان و زانیاری گەیاندن لەبەرچاو بگرین کە نموونەی دیاردەکانی ڕۆژن لە هەزارەی سێیەمدا. مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم و نەوەکانی دوایی گەلێک دیاردەی‌تر دەخەنە بەرباس. بۆ نموونە هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا ئاماژەیان بۆ کراوە و سەرئەنجام بەو ئاکامە دەگەن کە ژینگە وەک ڕابوردوو دیاردەیەکی بەرچاوە. هەموو باسەکانی ئەم فەسڵە لەوانە زانیاری گەیاندن هەرچەندە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گرفتەکانمان بەکەڵک بن، دیسانیش لەسەر ژینگە کاریگەرییان دەبێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین هۆشیارانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین، کاریگەرییان دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانی ئەمڕۆ. لە ڕاستیدا هەموو پێشکەوتنە گرنگەکانی شارستانییەت لە ئاکامی ژیان- جێگە دایە. هەروەکوو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، سروشت لە هەزارەکانی ڕابوردوودا بوونی مرۆڤی لەسەر زەوی بەهێند نەگرت، بەڵام مرۆڤ بەکەڵک وەرگرتن لە مێشک و توانای خۆی بوو بەهێزی پێشڕەوی سەر زەوی و گەشەسەندنی شارستانییەت، هەرچەندە بۆ مرۆڤایەتی سوودی هەبوو، بەڵام بەنرخێکی زۆر گران لەسەر ژینگە و سروشت تەواو بوو.

بڵاوبوونەوەی مرۆڤ لە ئاسماندا نابێ وەک هۆی ڕاکردن لە گرفتەکانی ژینگە لە زەوی چاوی لێ بکرێت. مرۆڤ تا ئێستا بەڕادەیەکی بەرچاو زبڵی پیشەسازی و شتی‌تری وەک ئەوەی لە دەوری زەوی بڵاوکردووەتەوە و دەبێ ڕۆژێک ئەوانە کۆ بکاتەوە و دەبێ بەتەواوی ئومێدەوار بین کە هەڵەیەکی بەم جۆرە لە مانگ و ئەستێرەکانی خۆردا دووپات نەبێتەوە.

مەسەلەیەکی‌تر کە دەبێ سەرنجی بدەین، مەسەلەی سیاسەت و ئابوورییە. هەزارەکانی ڕابوردوو فێریان کردین کە یەکێک لە مەزنترین بەربەرەکانییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە بەربەرەکانێ لە نێوان سیستمە سیاسییەکاندا، کە یەکێکیان لەسەر کۆنترۆڵی زاڵمانە و ژیانی کۆمەڵایەتی دیکتاتۆرانە پێ دادەگرێت و ئەوی‌تریان داکۆکی لە بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی دەکات. دوای چەندان سەدە پێک

هەڵپڕژان، ئەمانە کە بەئاکامێکی ناڕوون گەیشتن، ئەمڕۆ لەوە دەچێ کە نەوەکانمان لە هەموو جیهاندا دیموکراتی هەڵبژێرن. زۆرجار ئەم دیاردەیە لە بواری ئابوورییەوە خوازیاری بازاڕی ئازادە کە لەگەڵ ڕاستیی ژیان یەک دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش شکانێکی تریش لە ئارادایە کە ڕێگا بەهەڵبژاردنی ئابووری بەقازانجی دەوڵەتی دیموکرات و بازاڕی ئازاد نادات. مەبەست، کێشەی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و دارا و نەدارە.

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی خەریکە پێ دەنێتە هەزارەی سێیەم کە لە پێک هەڵپڕژانەکانی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەئازارە و ئێمە دەبێ بەناوی داهاتوویەکی پەسەند ڕێگایەک بۆ لەناوبردنی ئەم کێشەیە بدۆزینەوە یا بەلایەنی کەمەوە ئەو نەتەوانە بەشێوەیەکی دروست بەڕێوە بەرین، بەڵام چۆن دەتوانین هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە جیاوازانە بدەین؟ بەجیا یا بەیەکەوە؟ بەوتەیەکی تر ئەم جارە هەڵبژاردنی ئێمە لە هەزارەی سێیەمدا چارەنووسییانە دەبێت: ئایا دەوڵەتێکی جیهانی پێک بێنین یا وەک ئەمڕۆ درێژە بەڕاگرتن و دابەشکردنی ئەرکی دەوڵەت لە نێوان بەشە جیاوازەکانی نەتەوەیی و هەرێمی بدەین؟ پێشنیاز بەسوود و زیانی هەردوو لا فراوانن، بەڵام پێشتر پێویستە بابەتەکە باشتر بخەینە ڕوو. ڕەنگە زانیاری لەسەر شتێک کە ئێمە دەمانەوێ ئەنجامی بدەین، گرنگیی کەمتری هەبێت لەوەی کە بەهۆی چ شتێکەوە تێکۆشانمان دیاری کرابێت. لێکۆڵینەوە لەسەر ڕابوردوو پێمان دەڵێ کە کەسایەتییە مەزنەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر مێژوو، بەڵام وەک پێویست ڕێنوێنیکەرانی مرۆڤایەتی نەبوون. فەیلەسووفەکان، مامۆستایانی ئایین، دۆزەرەوەکان و تەنانەت نووسەران زۆرجار دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکان و پاشاکان و سەرۆک کۆمارەکان پتر بووە. پێشتر گوتمان کە یەکێک لە دەستکەوتەکانی زیادبوونی کۆمەڵ لەوانەیە بەقازانجی زیادبوونی بیروبۆچوونی باش و بەکەڵک تەواو بێت. لەم دوایانەدا ئێمە پێنج میلیار مرۆڤین لەسەر گۆی زەویدا و ژمارەمان لەمەش زیاتر دەبێت. هەر کەسێک دەتوانێ بیری خۆی و بۆچوونە گشتییەکان یا دۆزراوەکان کە توانای گۆڕانی ڕەوتی مێژووییان هەیە بەجیهان ڕابگەیەنێت.

سەرەڕای ئەوەش دەرەتانی شتی وا نییە مەگەر منالانی خۆمان کە گەورەکانی هەزارەی سێیەمن، فێر بکەین کە بەقووڵی بیر بکەنەوە و بەشداری بکەن لە بۆچوونی هاوبەش لەگەڵ خەڵکی تردا. ئامادەکردنی داهاتووی پەسەند بەرلە هەموو شتێک باوەڕکردن بە دەرەتان و داهاتووە. ئەمە بەم واتەیەیە کە مرۆڤایەتی سەرەڕای هەڵەکانی لە سەرەتای شارستانییەتدا تا ئێستا دەستکەوتی مەزن و پان و بەرینی هەبووە و دیسانیش ڕێگایەکی درێژی لە پێشە. ئەگەر بزانین چۆن بەهۆشیاری و دڵفراوانییەوە لە گرفتەکانمان بکۆڵینەوە، ساڵی ٣٠٠٠ دەتوانێت جێگەی پەسەندی جیهان بێت و ئەوسا هاوسەنگی لە نێوان کۆمەڵ و ژینگەدا جێگەی ڕێزە و هەروەها لە مانگ و ئەستێرەکانی خۆردا کۆچەرەکان کە خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیانن نیشتەجێ بوون. لەو سەردەمەدا شارستانییەت خاوەن سامان و ژیانی جۆراوجۆری باشتر دەبێت و لەگەڵ سەردەمی ئێستادا بەراورد ناکرێت.

ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدات مرۆڤی ساڵی ٣٠٠٠ دەبێتە خاوەن سەرچاوەی وزەی گومان هەڵنەگر و



خاوێن و ئەم وزەیە دەتوانێ بەمیلیاران ساڵ هەر هەبێت (واتە ئەگەر خۆر وزەی بمێنێت) و مرۆڤ سەرئەنجام دەتوانێ لە ئاشتیدا بژی. کارە قورس و تاقەت بڕەکان بەهۆی ئامێرەکانەوە بەڕێوە دەچن و مرۆڤ کاتی ئەوەی دەبێت کە بەداهێنان بگات و بەتوندی لەو زەمینەیەدا هەنگاو بنێت، بەجۆرێک کە ئەمڕۆ ئێمە ناتوانین بیری لێ بکەینەوە. لەو کاتەدا بۆ مرۆڤی کۆتایی هەزارەی سێیەم، ساڵی ٢٠٠٠ زایینی کاتێکە کە مرۆڤ لە ساوا بوون ڕزگاری بووە تا پێ بنێتە قۆناغی باڵغ بوون و خۆی بۆ قۆناغی گەورە بوون ئامادە دەکات.

# ڕۆژژمێری مێژوو

٨٠٠٠ ساڵ پ. ز – ژمارەی دانیشتووانی زەوی ٤,٠٠٠,٠٠٠ .

دۆزینەوەی کشتوکاڵ.

دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربازی.

پەیدابوونی شار.

هۆشیاری شارستانییەت.

٧٠٠٠ ساڵ پ. ز، دەستپێکردنی ئاودێری.

٦٠٠٠ ساڵ پ. ز – کەڵک وەرگرتن لە سێرامیک.

چنینی قوماش.

٥٠٠٠ ساڵ پ. ز – هاتنی سۆمەرەکان بۆ میسۆپۆتامیا .

دەوڵەت – شار، شکڵی سەرەکی ڕێکخستنی سیاسی پیاوانی ئایینی – پاشاکان و ڕێبەرانی دەوڵەت– شارەکان دانیشتووانی زەوی ٥٠٠٠,٠٠٠ .

٤٠٠٠ ساڵ پ. ز– دامەزرانی شاری ئور تواندنەوەی ئاسن .

٧,٠٠٠,٠٠٠ کەس لەسەر گۆی زەوی.

٣٠٠٠ ساڵ پ. ز، سەردەمی برۆنز کەڵک وەرگرتن لە چەرخ لە ڕاگواستن و گەیاندندا سۆمەرەکان نوسین دەدۆزرنەوە.

میسری یەک دەگرێتەوە و یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنێت دانیشتووانی زەوی دەگەنە ١٤,٠٠٠,٠٠٠ .

٢٨٠٠ ساڵ پ. ز– تۆفانی نوح لە میسۆپۆتامیا .

٢٥٣٠ ساڵ پ. ز– بینای ئەهرامی گەورەی خئوپس.

٢٣٤٠پ. ز – هاتنی ئاکەدەکان بۆ میسۆپۆتامیا سارگۆن یەکەم ئیمپراتۆریی دامەزراند.

٢٠٠٠پ. ز – شارستانییەتی سەند بەئەوجی خۆی دەگات دانیشتووانی زەوی دەگەنە ٢٧,٠٠٠,٠٠٠ .

١٧٢٨پ. ز– دەوڵەتی حامورابی یەکەم حوکمی یاسایی دەنووسێت.

١٧٢٠پ. ز – گارییە جەنگییەکان هێرش دەکەنە سەر میسر.

١٥٠٠پ. ز – چین پێ دەنێتە سەردەمی برۆنزەوە ئارییەکان پەلاماری هیند دەدەن گرکانی تروا لەناو چوونی شارستانییەتی کرێت.

١٣٧٩پ. ز– دەستپێکردنی دەوڵەتی ئەختاتوون لە میسر.



١٣٠٠پ. ز– سەردەمی ئاسن سەردەمی ئاسن لە لایەن هیتییەکانەوە دەست پێدەکات.

١٢٠٠پ. ز– لە گەمارۆ کەوتنی شاری تروا.

١٠٠٠پ. ز– یۆنان و بین‌النهرین لە تاریکیدا ژمارەی دانیشتووانی چین دەگاتە ٥٠٠٠,٠٠٠.

٩٦٢پ. ز– دەستپێکردنی حکومەتی حەزرەتی سلێمان.

٧٥٣پ. ز– دامەزرانی ڕۆم.

٦٨٠پ. ز– لیدییەکان پارە دەدۆزنەوە.

٦٧٠پ. ز– لە دایکبوونی سولۆن، یەکەم یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی دیموکراسی.

٦٣٠پ. ز– دەست پێکردنی حکومەتی نەبوود خوزنەسر لە کلدە.

٦٢٨پ. ز– لە دایکبوونی زەردەشت، دامەزرێنەری ئایینی زەردەشتی.

٦٢٥ پ. ز– لە دایکبوونی تالس ملتی یەکەم فەیلەسوفی سروشتناس.

٥٨٦ پ. ز– وێران بوونی پەرستگای ئورشەلیم.

٥٨٥ پ. ز– ڕۆژی ٢٨ی مای یەکەم ڕووداوی مێژوویی کە مێژووەکەی بەتەواوی تۆمار کراوە.

٥٦٥ پ. ز– سەرهەڵدانی تائۆیزم لە چین.

٥٦٣ پ. ز– لە دایکبوونی تاگۆتاما (بودا) لە هیند.

٥٥٠ پ. ز– کورش دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی نوێی ئێران.

٥٠٩پ. ز– ڕۆمییەکان ڕژێمی پاشایەتی وتروسک دەڕوخێنن.

٤٩٠ پ. ز– یۆنانییەکان، ئێرانییەکان لە ماراتۆن دەشکێنن.

٤٦٠ پ. ز– سەردەمی زێڕین حوکمی پریکلس لە ئاتن.

٤٣١ پ. ز– هەڵگیرسانی شەڕی پلۆپۆنس.

٤٢٨ پ. ز– لە دایکبوونی ئەفلاتون.

٣٨٤ پ. ز– لە دایکبوونی ئەرەستۆ.

٣٨٤ پ. ز– دەستپێکردنی سەرکەوتنەکانی ئەسکەندەر.

٣٢٣ پ. ز– مەرگی ئەسکەندەری مەزن.

٣٢١پ. ز هیند یەک دەگرێتەوە.

٣١٢ پ. ز – سەردەمی سلوکییەکان.

٢٥٠ پ. ز– وەرگێڕانی ئینجیل بەزمانی یۆنانی.

١٤٦ پ. ز– ڕۆم قەرتاج وێران دەکات.

١٣٠ پ. ز– ڕۆم یەکەم دەسەڵاتداری دەریای سپی ناوەڕاست.

٤٤ پ. ز- کوژرانی ژول سزار .

٢٧ پ. ز- ئاوگۆست (ئوکتاو) ئیمپراتۆری ڕۆم.

٤ پ. ز- لە دایکبوونی مەسیح (مێژووی مامناوندی).

١. ز- سەد و حەفتا میلیۆن کەس لەسەر گۆی زەوی.

٩- شکانی ڕۆمییەکان لە توتوبۆرگ پێشڕەوی ئیمپراتۆریی ڕاگرت.

٧٠- سەرکوتکردنی شۆڕشی جولەکەکان دژی ڕۆم و ڕوخانی پەرستگا.

١٣٥- بڵاوبوونەوەی جولەکەکان.

٣٠٦- کۆنستانتینی یەکەم دەبێتە ئیمپراتۆری ڕۆم و ئیمپراتۆریی ڕۆم دەکاتە.

٤١٠- تاڵانکردنی ڕۆم لە لایەن ویژەیگێتەکانەوە.

٤٥١- شکانی ئاتیلا.

٤٧٦- ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا، ئەوروپا پێ دەنێتە سەدەکانی ناوەندی.

٥٤٠- گرە گوا یەکەم دامەزرێنەری کەنیسەی کاتولیکی نوێ.

٥٧٠- لە دایکبوونی حەزرەتی محەممەد دامەزرێنەری ئایینی ئیسلام.

٧٣٢- شارل مارتل عەرەبەکانی لە پواتیە شکاند.

٨٠٠- شارلمانی دەبێتە ئیمپراتۆر.

١٠٠٠- ئاوتۆنی یەکەم لە سەرووی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمدا بیزانس لەوپەڕی خۆیدا چین بەشەست میلیۆن لە ڕیزی یەکەمی پێشکەوتندا.

دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن لەسەر گۆی زەوی.

١٠٥٤- جیاوازیی لە نێوان کەنیسە کاتۆلیک و کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسدا.

١٠٦٦- داگیرکردنی ئینگلیستان لە لایەن گیومی یەکەمی نۆرماندییەوە.

١٠٩٦- دەستپێکردنی شەڕی خاچ هەڵگرەکان. ئەوروپا لە پێوەندی لەگەڵ فەرهەنگ و ناسینی سەرلەنوێی دەستکەوتەکانی ڕابوردوویدا.

١٢٠٤- کۆنستانتینۆپل لە لایەن خاچ هەڵگرەکانەوە تاڵان دەکرێ.

١٢١٠- کوبیلان خان چین دەخات دەست خۆی.

١٢٤٠- مەنگۆلییەکان هێرش دەبەنە سەر ئەوروپا.

١٣٠٠- ئەوروپاییەکان، لە چینییەکانەوە فێری کەڵک وەرگرتن لە باروت و ئوستەرلاب دەبن.

١٣٣٨- دەستپێکردنی شەڕەکانی سەد ساڵە.

١٤٠٠- ڕنسانس دەستپێکردنی ڕنسانس لە ئیتالیادا.



١٤٠٣- سەردەمی دۆزینەوەکان لە چین.

١٤٥٠- گۆتنبۆرگ دەزگای چاپ دەدۆزێتەوە.

١٤٥٣- کۆنستانتینۆپل لە لایەن تورکەکانەوە داگیر دەکرێ.

١٤٩٢- کریستۆڤەر کۆلۆمبوس ئەمریکا دەدۆزێتەوە.

١٤٩٨- کەشتییەکانی پۆرتوگال بەدەورلێدانی ئەفریقا دەگەنە هیندستان.

١٥١٩- کۆلۆنی کردنی ئەزتکەکان.

١٥٢٦- بابر دەسەڵاتی مەنگول بەسەر هیندستاندا دەسەپێنێ.

١٥٣٣- کۆلۆنی کردنی ئەنکاکان دەستپێکردنی سەڵتەنەتی ئیوان مەخۆف لە ڕوسیا.

١٥٤٣- شۆڕشی کپرنیک خۆر لە ناوەندی سیستمی خۆردا دادەنێ.

١٦٠٣- پێکهاتنی حکومەتی شوگونەکان لە ژاپۆن.

١٦٠٩- گالیلە بەیارمەتی دوربین جوبیتەر و مانگەکانی دەدۆزێتەوە.

١٦٢٠- دامەزراندنی بنکەی کۆچەرانی پۆلی موت لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا.

١٦٤٣- دەستپێکردنی سەڵتەنەتی لویی چواردەیەم.

١٦٦٦- ئیزاک نیوتۆن تیۆری جازبەی گشتی ڕێکدەخات.

١٦٨٨- سنووری دەسەڵاتی سەڵتەنەت لە ئینگلیستاندا.

١٦٨٩- پێترۆس مەزن ڕوسیا لە ڕۆژئاوا نزیک دەکاتەوە.

١٧٦٥- شۆڕشی پیشەسازیی دۆزینەوەی ئامێری هەڵم لە لایەن جەیمز واتەوە.

١٧٦٦- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا.

١٧٨٣- سەرکەوتنی کۆچەرە بنکەنیشینەکانی ئەمریکای بەسەر ئینگلیزدا.

١٧٨٩- شۆڕشی فەرانسە قبوولکردنی یاسای بنەڕەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج واشنتۆن بەیەکەم سەرۆک کۆمار هەڵبژێرا.

١٨١٢- ناپلیۆن هێرش دەکاتە سەر ڕوسیا.

١٨٥٤- ژاپۆن دەرگاکانی بەسەر ڕۆژئاوادا دەکاتەوە.

١٨٦١- دەستپکردنی شەڕەکانی ناوخۆیی ئەمریکا.

١٨٦٥- کۆتاییهاتنی شەڕەکانی ناوخۆیی ئەمریکا.

١٩١٤- دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی.

١٩١٧- شۆڕشی ڕوسیا.

١٩١٨- کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی.

١٩٣٣- هیتلەر لە ئاڵمانیادا بەدەسەڵات دەگات.

١٩٣٩- هێرشی ئاڵمانیا بۆ سەر پۆڵۆنیا، شەڕی دووەمی جیهانی پێک دێنت.

١٩٤١- ئاڵمانیا هێرش دەکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت ژاپۆن لە کەناری پیرڵهاربۆر پەلاماری ئەمریکا دەدات.

١٩٤٥- یەکەم کەڵک وەرگرتن لە بۆمبی ئەتۆمی کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی.

١٩٤٧- سەربەخۆیی و دابەشبوونی هیندستان.

١٩٤٨- دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل.

١٩٤٩- کۆمونیستەکانی چین دەسەڵاتی وڵات دەگرنە دەست خۆیان.

١٩٥٧- ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ ئاسمان.

١٩٦١- یۆری گاگارین یەکەم مرۆڤ لە ئاسماندا.

١٩٦٩- نەیل ئارمسترۆنگ پێی نایە مانگەوە.

١٩٧٠- یەکەم سەفەری زەوی.

١٩٧٥- کۆتاییهاتنی شەڕی ڤێتنام

١٩٩١- هەڵوەشانی بەرەی یەکێتی سۆڤیەت.

٢٠٠٠- ساڵێک کە بەیەکەم ساڵی هەزارەی سێیەم دەناسرێت شەش میلیار کەس لەسەر گۆی زەوی.



## پێڕست

**هەنگاوی هەزارەکان: گوێدان بەمێژوو** ..... 10
پێش گوتن
**٠١ بەرلە شارستانییەت:** ..... 14
پەیدابوونی مرۆڤ
**٠٢ هەزارەکانی بەرلە مێژوو: لە ٨٠٠٠ ساڵ تا ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز:** 20
٨٠٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی عیسا (س): بەرەو کاری کشتوکاڵ
ژمارەی دانیشتووانی زەوی دەگاتە ٤٠٠٠,٠٠٠ کەس
دۆزینەوەی کشتوکاڵ
دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربازیی
پەیدابوونی شار
هۆشیاریی شارستانییەت
٧٠٠٠ ساڵ پ. ز: مرۆڤایەتی پەرە بەتواناکانی خۆی دەدات
دەستپێکردنی ئاودێری
٦٠٠٠ ساڵ پ. ز: گەشەکردنی تێکنیک
دەستپێکردنی سێرامیک
چنینی قوماش
٥٠٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی عیسا: دەسەڵاتدارییەتی شارەکان
هاتنی سۆمەرەکان بۆ نێوان دیجلە و فوڕات
دەوڵەت- شار شکڵی سەرەکی ڕێکخستنی سیاسی
پیاوانی ئایینی - شا و ڕێبەرانی دەوڵەت- شار
دانیشتووانی زەوی ٥٠٠٠,٠٠٠ کەس
٤٠٠٠ ساڵ پ. ز: لە سەردەمی بەردەوە بۆ سەردەمی ئاسن
دامەزرانی ئور
دۆزینەوە و تواندنەوەی ئاسن
دانیشتووانی زەوی دەگاتە ٧,٠٠٠,٠٠٠ کەس
**٠٣ دەستپێکردنی مێژوو: لە ٣٠٠٠ ساڵ تا ١٠٠٠ ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسا:** ..... 32
٣٠٠٠ ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسا: شۆڕشی نووسین
سەرەتای سەردەمی برۆنز
کەڵک وەرگرتن لە چەرخ بۆ ڕاگواستن و گەیاندن

نووسین لە لایەن سۆمەرەکانەوە دەدۆزرێتەوە
میسری یەکگرتوو یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنێت
دانیشتووانی زەوی دەگاتە ١٤,٠٠٠,٠٠٠
٢٠٠٠ ساڵ پ. ز: زۆربوونی ناوەندەکانی شارستانییەت
ئەهرامی گەورەی خێوپس
تۆفانی نوح لە میسۆپۆتامیا
هاتنی ئەکەدەکان بۆ میسۆپۆتامیا
سارگۆن یەکەم ئیمپراتۆریی دامەزراند
شارستانییەتی سەند بەوپەڕی گەشەی خۆی دەگات
دانیشتووانی زەوی دەگاتە ٢٧,٠٠٠,٠٠٠
١٠٠٠ ساڵ پ. ز: گەشەکردنەکان توندتر هەنگاو هەڵدەگرن
گارییە جەنگییەکان هێرش دەکەنە سەر میسر
دەستپێکردنی دەوڵەتی ئاخناتون لە میسر
دەوڵەتی حامورابی یەکەم حوکمی یاسایی دەنوسێت
سەردەمی ئاسن لە لایەن هیتییەکانەوە دەست پێ دەکات
گەمارۆ دانی شاری تروا
گڕکانی تروا و لە ناوچوونی شارستانییەتی کرێت
یۆنان و میسۆپۆتامیا لە تاریکییدا
فینیقییەکان پیتی نووسینیان دۆزیەوە
ئارییەکان پەلاماری هیند دەدەن
چین پێدەنێتە سەردەمی برۆنزەوە
ژمارەی دانیشتووانی چین دەگاتە ٥٠٠٠,٠٠٠ کەس
**٠٤ بەرەو گۆڕانی سەردەم:** ........ 52
١٠٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا
ئاسیای ڕۆژئاوا جارێکی تریش سەر بەرز دەکاتەوە
دەستپێکردنی حکومەتی نەبود خوزنەسر لە کلدە
لیدییەکان پارە دەدۆزنەوە
یەکەم ڕووداوی مێژوویی کە مێژووەکەی بەتەواوی تۆمار کراوە
کورش ئیمپراتۆریەتی نوێی ئێران پێک دێنێ
سەردەمی سلوکییەکان
ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی خۆی هەوڵ دەدات
وێران بوونی پەرستگای ئورشەلیم



وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بەزمانی یۆنانی
لە دایکبوونی مەسیح (مێژووی مامناوندیی)
فینیقییەکان لەوپەڕی دەسەڵات و فەوتاندا
دیموکراسی لە یۆنان سەرهەڵدەداتەوە
لە دایکبوونی تالیس ملتی (میلت) یەکەم فەیلەسوفی سروشتناس
لە دایکبوونی سۆڵۆن، یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی دیموکراسی
یۆنانییەکان، ئێرانییەکان لە ماراتۆن دەشکێنن
حوکمی دۆڵت پریکلس لە ئەتینا
هەڵگیرسانی شەڕی پلۆپۆنس
لە دایکبوونی ئەفلاتون و ئەرەستۆ
دەستپێکردنی سەرکەوتنەکانی ئەسکەندەر
مەرگی ئەسکەندەری مەزن
لەژێر حوکمی ڕۆمدا
دامەزرانی ڕۆم
ڕۆمییەکان ڕژێمی پاشایەتی وتروسک دەروخێنن
ڕۆم قەرتاج وێران دەکات
ڕۆم یەکەم دەسەڵاتداری دەریای سپی ناوەڕاست
کوژرانی جۆلیوس سیزار
ئەوگوست (ئوکتاو) ئیمپراتۆری ڕۆم
هیند دەبێتە ناوەندێکی لاهوتیی
لە دایکبوونی تاگۆتاما (بودا)
یەکێتی هیند
چین ڕێگای تایبەت بەخۆی دەگرێتەبەر
سەرهەڵدانی تاوۆیزم لە چین
جیهان گەشە دەکات، سەد و حەفتا میلیۆن کەس لەسەر گۆی زەوی
**٠٥ هەزارەی یەکەم بەو جۆرەی کە تێپەڕی:** ........ 79
لە ساڵی عیسای مەسیحەوە تا ساڵی ١٠٠٠ی دوای ئەو
ڕوخانی کۆماری ڕۆم
شکانی ڕۆمییەکان لە توتوبۆرگ پێشڕەوی ئیمپراتۆریی ڕاگرت
کۆنستانتینی یەکەم دەبێتە ئیمپراتۆری ڕۆم و ئیمپراتۆریی ڕۆم دەکاتە مەسیحی
تالانکردنی ڕۆم لە لایەن ویژەیگتەکانەوە
شکانی ئاتیلا

ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا، ئەورووپا پێ دەنێتە سەدەکانی ناوەندی
لەناوچوونی شارستانییەت
شارل مارتل عەرەبەکانی لە پواتیە شکاند
شارلمان دەبێتە ئیمپراتۆر
ئاوتۆنی یەکەم لە سەرووی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمدا
ڕۆژهەڵات بەبەردەوامی لەسەر پێیە
بیزانس لەوپەڕی خۆیدا
گەشەسەندنی دەسەڵاتی مەسیحییەت
لەناوبردنی شۆڕشی جولەکەکان دژی ڕۆم و ڕوخانی پەرستگا
بڵاوبوونەوەی جولەکەکان
گرە گوا یەکەم دامەزرێنەری کەنیسەی کاتولیکی نوێ
ئیسلام خۆی جێگیر دەکات
لە دایکبوونی محەمەد (د،خ)، دامەزرێنەری ئایینی ئیسلام
ڕۆژهەڵات لە نێوان دەربەگایەتی و یەکێتیدا
چین بەشەست میلیۆن لە ڕیزی یەکەمی پێشکەوتندا
دانیشتووانی زەوی دەگەنە دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن کەس
**٠٦ کاتێک تێکنیک مێژوو ناچار بەپێشڕەویی دەکات:** ........ 99
بەرەو ساڵی ٢٠٠٠
هۆشیاریی ئەورووپای ڕۆژئاوا
دەستپێکردنی شەڕی خاچ هەڵگرەکان: ئەورووپا لە پێوەندی لەگەڵ فەرهەنگ و ناسینی سەرلەنوێی دەستکەوتەکانی ڕابوردوویدا
مەنگۆلییەکان هێرش دەبەنە سەر ئەورووپا
ئەورووپاییەکان لە چینییەکانەوە فێری کەڵک وەرگرتن لە باروت و ئوستەرلاب بوون
داگیرکردنی ئینگلیستان لە لایەن گیومی یەکەمی نۆرماندییەوە
دەستپێکردنی شەڕەکانی سەد ساڵە
نزیکبوونەوە لە ڕینسانس لە ئیتالیادا
کریستۆڤەر کۆلۆمبوس ئەمریکا دەدۆزێتەوە
کۆلۆنییکردنی ئەزتەکەکان و ئەنکاکان
گۆتنبۆرگ پیشەی چاپ دەدۆزێتەوە
دەستپێکردنی سەڵتەنەتی لویی چواردەیەم
سنوری دەسەڵاتی سەڵتەنەت لە ئینگلیستاندا
شۆڕشی فەرانسە



ناپلیۆن هێرش دەکاتە سەر ڕوسیا
شۆڕشە ناسیاسییەکان
شۆڕشی کۆپەرنیک خۆر لە ناوەندی سیستمی خۆردا دادەنێ
گالیلیۆ جوپیتەر و مانگەکانی دەدۆزێتەوە
ئیزاک نیوتۆن تیۆری جازبەی گشتی ڕێکدەخات
دۆزینەوەی ئامێری هەڵم لە لایەن جەیمز واتەوە
بریتانیای مەزن لە ڕیزی پێشەوە
ژاپۆن دەرگاکانی بەسەر ڕۆژئاوادا دەکاتەوە
شەڕە جیهانییەکان
کۆنستانتینۆپل لە لایەن تورکەکانەوە داگیر دەکرێت
دەستپێکردنی سەڵتەنەتی ئیوان مەخۆف لە ڕوسیا
پێترۆسی مەزن ڕوسیا لە ڕۆژئاوا نزیک دەکاتەوە
شۆڕشی ڕوسیا
هیتلەر لە ئاڵمان بەدەسەڵات دەگات
هەڵوەشانی بەرەی یەکێتی سۆڤیەت
ڕۆڵی جیهانی ئیسلام
پەیدا بوونی هیندستان
کەشتییەکانی پۆرتوگال بەدەوری ئەفریقادا دەگەنە هیندستان
بابر دەسەڵاتی مەنگول بەسەر هیندسەندا دەسەپێنێ
سەربەخۆیی و دابەشبوونی هیندستان
چین هەردەم یەک لە پێنجەمی دانیشتووانی جیهانە
سەردەمی دۆزینەوەکان
کۆمونیستەکانی چین دەسەڵاتی وڵات دەگرنەدەست خۆیان
ژاپۆن لە ڕیزی پێشەوەدا
پێکهاتنی حکومەتی شوگونەکان لە ژاپۆن
یەکەم کەڵک وەرگرتن لە بۆمبی ئەتۆمی
وڵاتێکی نوێ لە هێڵی پێشەوەی بازاڕی جیهانیدا
دامەزراندنی بنکەی کۆچەرانی پۆلی موت لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا
ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی
سەرکەوتنی کۆچەرە بنکەنشینەکانی ئەمریکا بەسەر ئینگلیزدا
قبووڵکردنی یاسای بنەڕەتیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا
جۆرج واشنتۆن بەیەکەم سەرۆک کۆمار هەڵبژێرا

شەڕی ١٨١٢ لە نێوان ئینگلیستان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا
شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا
هێرشی ئاڵمان بۆ سەر پۆڵۆنیا ، شەڕی دووەمی جیهانی پێک دێنت
ئاڵمان هێرش دەکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت
ژاپۆن لە کەناری پیرڵهاربۆر پەلاماری ئەمریکا دەدات
کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی
شەڕی کۆریا
شەڕی ڤێتنام
نەیل ئارمسترۆنگ پێی نایە سەر مانگ
بەرەو جیهانی یەکپارچە
یۆری گاگارێن یەکەم مرۆڤ لە ئاسماندا
یەکەم گەشت لە زەوییدا
**٠٧ هەزارەی داهاتوو**: ........ 136
بەجێهێشتنی ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی
بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان
پتر لە شەش میلیارد کەس لەسەر گۆی زەوی
بەرز بوونەوەی دانیشتووان و گەڕان بەدوای هاوسەنگییدا
وزە
کەڵک وەرگرتن لە وزەی نوێ
شەڕ
ئایا پاشەکشە لەشەڕ دەکەین؟
دۆزینەوە ئاسمانییەکان
مرۆڤایەتی بۆ جێگیربوون و زیادبوونی لە ئەستێرەکانی خۆرییدا ناونووسییان کردووە
ناسا بەدوای بوونەوەری خاوەن هۆش لە دەرەوەی زەوییدا دەگەڕێت
زانیاریی گەیاندن
زانیاریی گەیاندن شێوەی پەروەردە کردن و زۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت
داهاتووییەکی پەسەند
**ڕۆژژمێری مێژوو**: ........ 159

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەین کە بەرهەمەکانیان بۆ دەزگاکەمان دەنێرن، ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kufit

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wifie. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar



• **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:



١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیرا** (لە وێرا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١– ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. دارمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەڕین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنناینەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**